




# بەشێک لە بابەت و وتووێژەکانی هاوڕێ

## سمایل بازیار

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

- ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر سمایل بازیار.................................................. هەیاس کاردۆ ..... ٣
٢- خوێندنەوەیەکی، سەرهەڵدانی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧............................................. ٦
٣- پوختەی قسەکانی لە کۆبوونەوەیەکدا بە بۆنەی چاردەهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری میکۆنووس........................ ١٥
٤- بە رینسانس ناوزەد کردنی شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی خوێندنەوەیەکی هەڵەیە.................................... ٢٢
٥- پێویستە حیزبەکانی رۆژهەڵات هەڵوێستیان بەرامبەر بە پژاک بگۆڕن.............................................. ٢٤
٦- پەیام بۆ کوڕی رێزلێنانی کاک هاشم کەریمی لە لەندەن.......................................................... ٢٧
٧- یادی ٥٠ ساڵەی راپەڕینی ٤٦ - ٤٧ وتووێژی لەگەڵ "کوردستان"........................... ئا: عەلی بداغی ......... ٣٢
٨- باوەڕ و بنەما فیکرییەکانی دوکتور شەرەفکەندی، لە وتووێژێکدا............................ ئا: مووسا باباخانی ....... ٤٨
٩- قاسملوو، ناسیونالیزم و ئەندێشەی چەپ............................................................................ ٥٣
١٠- بەڕێوەچوونی سیمینارێک لە ژێرناوی بەشداریی ژنان لە بزاڤە سیاسییەکانی کورد.................................. ٧٠
١١- بەڕێوەچوونی سیمینارێک تایبەت بە ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو.............................................. ٧٣
١٢- پەردەلادان لە کتێبی فەرماندەرانی شەهید، لە شاری هەولێ ........................................................ ٧٦
١٣- هیچ پاساوێک نییە بۆ هەردوو حیزبی دیموکرات لەم هەل و مەرجەدا هەروا بە دوو لایەنی بمێننەوە.............. ٧٩
١٤- شۆڕشی ١٣٥٧ و ڕووحانییەتی شیعە.................................................................................. ٨٠
١٥- رۆژی گەشبینی بە داهاتووی خەباتی شوناسخوازیی کورد........................................................ ٨٥
١٦- خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک................................................................ ٩٨
١٧- وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی کوردستان.............................................. ئا: هەردی سەلیمی ........ ١١٩
١٨- تاوتوێی تێزی دوکتۆرای بەڕێز سمایل بازیار، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات................................ ١٣٠
١٩- "بازیار" ئەمرۆ دەگاتە لوتکە!.................................................................. قادر وریا ......... ١٣٢
٢٠- فەرماندەیەکی زانا............................................................................ مەجید حەقی ....... ١٣٥
٢٢- پەیڤێکی کورت لە بارەی تێکۆشانی رەحمان نەقشی(وەڵامی نامەی رەحمان نەقشی)................................ ١٣٨

# ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر سمایل بازیار




**هەیاس کاردۆ**

بۆ پێناسەی بژاردەکانی کۆمەڵ چەند شت لەبەر چاون کە: وەدوای ئامانج کەوتن یەک لەوانە. خۆشەویستی دەگەڵ سروشتی ئینسان تێکەڵە، بەڵام وێڵبوون بەدوای ئەویندا کاری هەموو کەس نیە. زۆرن ئەوانەی بیر لە کاری گەورە و گەیشتن بە ترۆپکی ئاوات دەکەنەوە، بەڵام کەمن ئەوانەی فیداکاریی بۆ دەکەن. "فەرهاد" بۆ گەیشتن بە عەشقی "شیرین"، بڕیاری کونکردنی "بێستوون"ی دا و هەر بۆیە لە بژاردەکانی کۆمەڵە. "مارکۆپۆلۆ" ئەوینی گەڕان و دۆزینەوەی نادیارەکان حەجمینی لێ هەڵگرتنبوو، بۆیە وەدوای خەونەکەی کەوت و دنیایەکی نوێی دۆزیەوە. "عیسا" لە سەر پابەند بوون بە ئەوینی مەعنەویی خۆی، بە چوار میخ کێشرا و لە پێ نەکەوت. "قازی محەممەد" لە پێناو عەشقی خزمەت بەخەڵکدا، بەرەو پیری سێدارە چوو. پێشمەرگە خەونی رزگاری دەبینێ و بۆ وەدیهێنانی ئەو خەونە بەپێشوازی مەرگەوە دەچێ. ئەگەر پێشمەرگە لە بژاردەکانی کۆمەڵ نەبێ، مانای بژاردە تێک دەچێ.

کە بیر لە پێشمەرگە دەکەمەوە، ورەم بەرز و هیوام زۆر و دوورەدیمەنی داهاتووم روونتر دەبێ. کە باسی پێشمەرگەم بۆ دەکەن، سەرتاپای وجوودم دەبێتە حورمەت و خۆشەویستی. هەر کات بمەوێ بە سەر ترسدا زاڵ بم، ناوی پێشمەرگە دووپات دەکەمەوە. بۆ ئەوەی لە رازی بەسەربەرزیی ژیان ئاگادار بم، ژیاننامەی پێشمەرگە دەخوێنمەوە. لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی خەباتدا، ناوی پێشمەرگەم وەک جوانترین و پڕماناترین وشەی نێو نووسراوەکان دێتە بەرچاو. بۆ لێکدانەوەی مانای پێشمەرگە وەدوای لۆغەتنامە ناکەوم، چونکە سەرچاوەی باوەڕپێکراوترم پێ شک دێ. کە پێشمەرگە باسی خۆی دەکا، پڕ ماناترین مانای "پێشمەرگە" بەدەستەوە دەدا. هەر بۆیە منی هەڵوەدای زانینی مانای وشەی پێشمەرگە وخولیای ئاگادار بوون لە رازی خۆ فیداکردنی، خۆ بێر و بەوێدا دەدەم بۆ ئەوەی پێشمەرگە بدۆێنم و دەرسی لێ فێر بم.



سەرچاوە Serchawe

بەوەش وا هەست دەکەم دەبمە دڵۆپێک لە نێو دەریای پڕ هەیبەتی خۆ ماندووکردندا. ئای چەند بەتینە ئەوینی پێشمەرگە. وەی چەند دڵتەزێنە خەمنامەی پێشمەرگە. تەک چەند پڕ کارەساتە ژیانی پێشمەرگە.

***

لە گەشتی ئەم جارەی مێژووی زیندوودا تێکۆشەر سمایل بازیار بە سەر دەکەمەوە. ئەو، زەمانێک لە پڕکارترین و هەڵسووڕترین چالاکانی مەیدانی بەرەنگاری و یەکێک لە بەورەترین پێشمەرگەکانی نێو سەنگەری خەبات بوو. ئێستاش روناکبیرێکی بەهەڵوێست و تێکۆشەرێکی ماندوویی‌نەناسە.

کاک سمایل لە گێڕانەوەی ژیان و رووداوە تاڵەکانی دەورانی منداڵیی خۆیدا بەجۆرێک سادە و بێ‌تەکەبور دەدوێ کە جێگای ئافەرینە. ئەو باسی خەمنامەیەک دەکا کە دڵ رێک دەگوشێ و لە کارەساتێک دەدوێ کە هەست برینداردەکا: "وەکی بۆیان گێڕاومەتەوە لە مانگی رێبەندانی ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی کە بەفرێکی ئەستوور بەڕاستی رێبەندانی پێک هێنابوو، لە گەڕەکی باغی سیسەی شاری مەهاباد لە دایک بووم. دوو ساڵ لە تەمەنم تێناپەڕێ کە دایکم بەهۆی نەخۆشی و ماوەیەکی کەم لەجێ‌داکەوتن ماڵئاوایی لە ژیان دەکا. هەر بۆیە من هەرگیز نەمزانی سیما و رەنگی دایکم چۆن بووە و دواتر کە دەمەویست لە رێگای وێنەوە بەو نیازە بگەم، بۆم نەهاتەدی چون وەکی لە ماڵەوە بۆیان باس کردم دایکم هەرگیز لە بەرانبەر دووربیندا رانەدەوەستا. پێم وایە ٨ - ٧ ساڵانە دەبووم کە وردەوردە لێم حاڵی بوو خوشکی گەورەم دایکم نیە، ئاخر ئەویش لە بوونی منداڵ بێبەش بوو. باش لە بیرمە یەکەم ساڵی خوێندنم بوو باوکم کە کارمەندی ئیدارەی "دادگستری" بوو بەنەخۆشی‌یەکی کتوپڕ بە جێی هێشتین و برا گەورەکەم کە مامۆستایەکی دڵسۆز و سەختگیر بوو شوێنی باوکمی گرتەوە، بە جۆرێک کە لە نێوان من و منداڵەکانی خۆیدا بە لای منی دادەشکاند".

کاک سمایل هێشتا منداڵە کە گوێی بە ناوی سەمبولەکانی خەبات و بەربەرەکانی ئاشنا دەبێ و ناڕاستەوخۆ داستانی نەوەستانی بۆ باس دەکرێ: "ناوی پێشمەرگەم بۆ یەکەم جار لە کاک سەعیدم بیست. ئەو هاوتەمەن و هاودەورەی کاک سولێمان موعینی، سێڕاجی و... بوو. لام وایە لە ٩ - ٨ ساڵی‌یەوە بە دەیان جار سەربوردە و چۆنیەتیی شەهید بوون و قارەمانەتیی ئەو سەمبولانەم لە کاکم دەبیست. ئەو چەند بەرێز و حیماسەتەوە باسی دەکردن. لە کاتی گێڕانەوەیدا بێدەنگی تێکەڵ بە پارێزەوە باڵی بەسەر فەزای ماڵەوەمان دا دەکێشا...".

رەوتی تێپەڕبوونی رۆژگار خەونە لە یادبراوەکانی کاک سمایل وەدی دێنێ. هەر کە کۆمەڵانی خەڵکی کورد دەرفەتی خۆنواندنیان دەست دەکەوێ، خێرا وەخۆ دێن و ریزی خۆیان یەکگرتوو دەکەن. بازیاریش یەک لەو خەڵکە بوو. خۆی گوتەنی: "لە یەکەم خۆ پێشاندان بە دژی حکوومەتی پەهلەوی لە شاری مەهاباد کە بە بۆنەی ناشتنی تەرمی عەزیزی



سەرچاوە Serchawe

یۆسفی لە جۆزەردانی ١٣٥٧ رووی دا بەشدار بووم و تا ٢٢ی رێبەندانی هەمان ساڵ، لەوانەیە بەشدار بوون لەهیچ خۆپێشاندانێکم نەبواردبێ". بەم جۆرە ئەو لاوە کوردەش وێڕای هەزارانی دیکە بڕیاری خۆی دەدا و تێکەڵ بەکاروانێک دەبێ کە پڕە لە کەند وکلۆ. کاک سمایل زۆر بوێرانە دەستی پێ کرد و ئازایانە درێژەی دا بەجۆرێک کە ئێستاش هەروا رێبواری ئەو رێگایەیە.

تەماشای ئەو هەموو تاقەتەی دەو ئینسانە دا بەدی کراوە. لەساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی‌ڕا هەتا ١٣٧٣ کە کوردستان شەو و رۆژ لە ژێر ئاگر و ئاسنی هێزی دوژمندا بوو، کاکە سمایل ئەم شوێنانە گەڕاوە و خزمەتی لێ کردوە: ناوچەی بۆکان(پێشمەرگە)، ناوچەی شنۆ(کادری لک، فەرماندەری لک)، ناوچەی دالاهۆ(فەرماندەری هێز)، ناوچەکانی ورمێ سەڵماس(فەرماندەری لک)، ناوچەی مەهاباد(فەرماندەری هێز)، ناوچەکانی پیرانشار و نەغەدە(فەرماندەری هێز). ئەو بەهەموو ئەو ناوچانەدا گەڕاوە هەتا تۆوی خەبات و کۆڵنەدانیان لێ بچێنێ و بەرگری لەخاکێک بکا کە کوردستانی ناوە.

بەهەموو ئەو گەڕان و خولانەوە و هەوڵدان بۆ سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەشەوە، تێکۆشەر بازیار تاقەتی نەچووە و هەر کەمەجالی خەباتی چەکداری کەم بۆتەوە رووی لە بەشە سیاسی‌یەکەی خەبات کردوە و هەر لە نێو ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌دا توانای فکریی خۆشی تاقی کردۆتەوە کە بەخۆشی‌یەوە تێیدا سەرکەوتوە. بەڵێ، کاک سمایل لە کۆنگرەی دەهەمی حیزبەکەیدا بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دواتریش لە کۆنگرەکانی ١١، ١٢ و ١٣دا ئەو ئەرکەی هەر پێ سپێردراوەتەوە. جگە لەوە، ئەو وێڕای راپەڕاندنی ئەرکە قورسەکانی سەرشانی، لە مەجالێکدا کە بۆی هاتوەتە پێش درێژەی بە خوێندن داوە و لەو بوارەش دا سەرکەوتنی بۆ خۆی و بۆ داهاتووی گەلەکەی وەدەست هێناوە. ناوبراو ئێستا مامۆستای بەشی مێژوو لەزانستگای کۆیەی باشووری کوردستانە.

گێرانەوەی "مێژووی زیندوو" بە قەڵەمی کاک سمایل، شتێکە لە نێوان جیهانی بوون و نەبوون(خەیاڵ و ڕاستی)دا. ئەوانەی ئەو دنیایەیان نەدیوە رەنگە بەخەیاڵ وەسفی بکەن، چونکە باوەڕ کردن بەو هەموو فیداکاری‌یە زۆر زەحمەتە. ئەوانەش کە شانازیی بەشداربوون لەو مەیدانە پڕکارەساتەیان بە نسیب بوە، بە رەگ و پێستەوە دەرکی دەکەن و دەگەڵ خوێندنەوەی هەر دێڕێکی، سەدان بیرەوەریی تاڵ و شیرینیان بۆ زیندوو دەبێتەوە. بەڵێ مێژووی خەباتکارانی رێی رزگاری مێژوویەکی پڕکارەساتە و هەر بۆیەش ناوی سازکەرانی ئەو مێژوویە نابێ لەبەر چاومان ون بێ.

لە ژمارە ٦٨٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## خوێندنەوەیەکی، سەرهەڵدانی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ١٣٤٧

ئەم وتارە لە ڕێوڕەسمی یادی چلەمین ساڵیادی جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ١٣٤٧ هەتاوی کە لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێوە چوو لە لایەن هاوڕێ ئیسماعیل بازیار پێشکەش کرا.

لەسەر جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ١٣٤٧ چ وەک ڕووداوێکی مێژوویی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چ وەک فەسڵێکی گرینگ لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئاوڕی کەمتر لێدراوەتەوە، ئەمن پێم وایە ئەو ڕووداوە پێویستی بە لێکۆڵینەوە مێژوویی و هەمە لایەنە هەیە و تەنانەت بە هۆی ئاوێتە بوونی بە چەشنێک لە ڕۆمانتیسم، واتە ڕۆمانتێسمی شۆڕشگێڕی دەتوانی هەوێنی چیرۆک و ڕۆمانیش بێ. هەڵبەت ئەمن ناڵێم هیچ نەکراوە، دەڵێم ئەوەی کراوە لە ئاستی شوێن و گرێنگیی ڕووداوەکە نەبووە.

ئەمن لەم فورستە کەمەی دا کە پێتان داوم زۆر بە پەلە و خێرا تەنیا ئاوڕێک لە زەمینە بەستێنی پەیدا بوونی ئەم جووڵانەوەیە دەدەمەوە و لەسەر کاردانەوەی و کاریگەری لە سەر هێندێک حیزب و ڕێکخراوی ئەو سەردەم و ئەو وچەیەی کە لە کوردستان دواتر پێگەیشت دەدوێم. لە حەقیقەت دا ئەوەی هەوێنی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەی لە لای من دروست کرد، دوو بۆچوون و ڕای تر لە پەیوەندی لە تەک پێک هاتن و سەرهەڵدانی ئەم ڕووداوە بوون کە من لە گەڵیان نیم و خوێندنەوەیەکی جیاواز لەم دوو تیڕوانینەم هەیە.

**ڕوانگەی یەکەم**: پێی وایە ئەم جووڵانەوەیە، جووڵانەوەیەکی داسەپاوە و لە ڕووی ناچاری بووە، واتە ڕێبەری ئەم جووڵانەوەیە بە پێچەوانەی مەیل و ئیرادەی خۆیان دەستیان داوەتە ئەم ڕاپەڕینە.

**ڕوانگەی دووهەم**: لەسەر ئەم باوەڕەیە کە ئەم جووڵانەوەیە دەسکرد و کەسانێک و ڕەوتێک لە پشتی یەوە بوون.

ئەمن بە پێچەوانەی ئەو دوو ڕوانگەیە لەمەڕ پێکهاتنی جووڵانەوەی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ بیر دەکەمەوە و زەمینە و بەستێنی پێکهاتنی ئەم جووڵانەوەیە لە هۆکار و فاکتەری تردا دەدۆزمەوە، کە بۆ تاوتوێ کردنی دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هەل و مەرجی ئەو کاتی جیهان، ئێران و کوردستان.

ئەگەر قەبووڵمان بێ کە هەر دیاردەیەک تەنیا لە زەمینە و بەستێنی مێژوویی تایبەتی خۆی دا دەکرێ بناسرێ،

واتە پەیوەندی نێوان دیاردە و ئەو بەستێنەی کە تییدا پێک دێ، مێژوویی بڕاوییە، و هەروەها ئەگەریش قەبووڵمان بێ کە هیچ ڕووداوێکی مێژوویی لە عەرزی رووت و قووت شین نابێ، واتە شتێکی (تەجریدی و ابتدا بە ساکن) نیە و بەڵکوو لە نێو قوناغەکان و ڕووداوەکان پەیوەندییەکی دیالیکتێکی هەیە. ئێستا لە بەر ڕۆشنایی ئەم لۆژیکە دا با ئەو بارودۆخە و زەمینەیەی کە جووڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ ی تێدا پێک هات و تییدا لە دایک بوو، وێنا بکەین.

## سەرەتا با لە هەل و مەرجی ئەوسا ئێران بدوێین:

**الف:** کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ی هەتاوی شکستێکی مێژوویی بوو بۆ ئەو دێموکراسیە ڕێژەیەی کە ماوەی ١٢ ساڵ کەم و زۆر لە فەزای سیاسی ئێران دا هەبوو، کە ڕێگای بۆ سەرڕۆیی و توندو تیژی خۆش کرد.

**ب:** کۆتایی هاتن بەو نیمچە فەزا سیاسییە کراوەییەی کە لە نێوان ساڵەکانی ٤٢ - ١٣٣٩ بە هۆی دژایەتی شا و عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیری جیی متمانەی ئەمریکاییەکان دا، پێک هاتبوو، کە تییدا حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی قانوونی (بەرەی میللی و جووڵانەوەی خوێندکاری) سەر لە نوێ چالاک ببوونەوە.

**ج:** تیکشانی خوێناوی راپەڕینی جەماوەری لە ساڵی ١٣٤٢ کە بۆ یەکەمجار رووحانییەت دا هێنانی و ڕێبەری جووڵانەوەی وەدەس گرت، ئەویش بە داوی مردنی ئایەتوڵڵا بروجردی دا بوو کە موافقی جیایی دین لە سیاسەت بوو.

**د:** حەمەرەزا ڕێبەری شۆڕشی سپی خۆی کردبوو کە ئەمریکاییەکان بەسەریان دا سەپاند بوو و لە پڕۆپاگەندەی خۆیدا ڕێژیم نەمانی فێئوداڵیزمی بە گوێی جیهانی ڕاگەیاند و لە درێژەی ریفورمەکانی دا ڕێگەی بۆ پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری خۆش کرد و ئەو سەرمایەدارییەی بە ئابووری دنیای سەرمایەدارییەوە گرێ دا.

## ئۆپۆزیسیۆن لە چ حاڵ و وەزعێک دا بوو:

دوو هێزی سەرەکی کە موخالیفی شا بوون، بریتیی بوون لە حیزبی توودە و جەبهەی میللی، حیزبی توودە بە دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ و ئەو زەبرەی لە لایەن ڕێژیمەوە وێیکەوت لە ڕاستی دا تا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ نەیتوانی کەمەری ڕاست بکاتەوە و لەو سەردەمە دا وەک حیزبێکی دوور خراوە کە ڕێبەرانی لە لاپیزیکی ئاڵمانی ڕۆژهەڵات بارو بنەیان خستبوو و

زۆرتر لە دوورەوە چاوە دێرو بینەری ڕووداوەکانی ئێران بوون و هەروەها گەرم بوونی پێوەندییەکانی ئێران و شۆڕەوی لە و ساڵانەی دا و پیداهەڵگوتنی ئەو حیزبە بەو پێوەندییانە، بە جارێک ئەو حیزبەی بێ ئێعتبارتر کردبوو.

جەبهە میللی کەلە ساڵی ١٣٣٩ دا خۆی ڕێکخستبوو و بە جەبهەی میللی دووەم دەناسرا و حیزبەکانی (میللەتی ئێران) و (مەردومی ئێران) و (نەهزەتی ئازادی) لە خۆیدا کۆکرد بۆوە و بە نیاز بوو لە ڕێگای فەعالییەتی قانوونی یەوە درێژە بە چالاکی خۆیان بدەن کەوتنە بەرپەلاماری دەزگا پۆلیسی و ئەمنییەتیەکانی ڕێژیم و زۆربەی ڕێبەرانی گیران و زیندانی کران یا دوور خرانەوە و بەم جۆرە شکانی گشتی ئۆپۆزیسێون عەمەلی بوو.

ئێستا دەکرێ بڵێین کە شکان و سەرکوتی خوێناوی ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٤٢ و بە دوایی دا سەرکوتی ئۆپۆزیسێونی قانوونی وەک دوایین ئەزموونی فەعالییەتی ئاشکرا و عەلەنی و دێموکراتیک کە تا ئەو کات هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی خۆپیشاندانی هێمنانە و مانگرتن و ڕێگا یاساکانی دیکەی ناڕەزایەتی دەربڕینەوە لە گەڵ ڕێژیم خەبات بکەن لە لایەک، و سەپاندنی کەش و هەوای فشار و سەرکوت و دەس ئاوەڵایی ساواک بۆ ڕاوە دوونان و گرتنی نەیارانی سیاسی لە لایەکی دیکە، نیشانەی داخرانی ڕێگاکانی خەباتی ئاشتیخوازانە و هێمنانە و شکست و سەرنەکەوتوویی ئەو شێوازانەی تازەی خەبات کرایەوە کە ئەویش خەباتی نائاسایی و نائاشتیخوازانە بوو. بە تایبەت کە کەش و هەوای جیهانیش کە تێیدا گوتاری ئینقلاب و شۆڕش زاڵ بوو، بۆ پەنا بردن بۆ شێوەی توندو تیژانە هاندەر بوو.

مهندس میهدی بازرگان کە بە تاوانی ئەندام بوون لە نەهزەتی ئازادی داگیرا بوو لە ساڵی ١٣٤٣ لەبەر دەم دادگای نیزامی دا بەڕێوەبردنی تارمایی سەردەمێکی نوێ لە خەبات ڕادەگەیەنێ و دەڵێ : (ئێمە دوایین کەسانێکین کە لە ڕێگای یاسای بنەڕەی مەشرووتەوە خەباتی سیاسی دەکەین، ئێمە چاوەڕوانیمان لە سەرۆکی دادگا ئەوەیە کە ئەم تێ بێنی یە بە کاربەدەستانی سەرەوەتر ڕابگەیەنی).

### هەل و مەرجی جیهان لە کۆتایی دەیەی ٥٠ و دەیەی ٦٠ی زایینی دا:

لەم قۆناغەی مێژوو دا گوتاری زاڵ، گوتاری جیهانی ئینقلاب و شۆڕشە، ئەو (قۆناغە) کە زەمانی شاهیدی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی لە دەرکی پێوەندییەکانی دەسەڵات و پێویستیی و زەروورەتی خەبات دژی شێوەکانی کونترۆڵ و حکوومەت بوو و لە

* لە ئەمریکا جووڵانەوەی مافی مەدەنی ڕەش پێستان کە ناوی (لۆترکینگ)ی خستە سەر زمانان و جووڵانەوەی هەقیقەت دا چەشنێک ڕۆحی خەباتگێری دنیا و بە تایبەتی جیهانی سێهەمی گرتبۆوە. لەوانەیە مەفهوومی هێگلی بۆ تەفسری مێژوو.

بۆ فەلسەفەی مێژوو واتە (ڕۆح و جەوهەری سەردەم) تەوسیفێکی گونجاو بێ بۆ ئەو سەردەمە، هەر چەند کە خۆم لە گەڵ تێڕوانینی هێگلی بۆ فەلسەفەی مێژوو دانیم.

* یەکسانیخوازی ژنان و جووڵانەوەی دژی شەڕی ڤیتنام و زۆر جووڵانەوەی دیکە لە دەیەی ٦٠ دا شکڵیان گرت.

* لە ئەووڕپا و بە تایبەتی لە فەرانسە لە ساڵی ١٩٦٨جووڵانەوەی خوێندکاری کە پاشەکشەی بە (دۆگول)ی کرد، زۆربەی پێتەختەکانی ئەرووپا گرتەوە و لە گەڵ خۆی زۆر بایەخ و نۆری نوێی هێنا. هەر لەو ساڵە دا دێموکراسیخوازانی چێکسلۆواکی بە ڕێبەری (دۆبچەک) لە بەرامبەر یەکیەتی سۆڤییەتی دا ڕاوەستان کە بە بەهاری خوێناوی (پراگ)ی لێکەوتەوە.

**بەڵام لە (جیهانی سێهەم) دا کە دڵی گوتاری شۆڕش و ئینقلاب لەوێ لێی دەدا:**

* لە پاش کۆتایی شەڕی دووهەمی جێهانی و لە ئاکامی سەرکەوتنی جووڵانەوەکانی ڕزگایخواز و شکانی مێژوویی ئیستعمار دەیان وڵات بە وەدەرنانی داگیرگەران بە سەربەخۆیی گەیشتن، لوتکەی ئەم سەرکەوتنانەی دەیەی ٦٠ بوو (قەوام نکرۆمە)لە غەنا (سکووتوە) لە گینە (پاتریس لومۆمیا) لە کونگۆ و (جەماڵ عەبدولناسر) لە میسر بە نێو بانگترین سیماکانی بەرچاوی جووڵانەوەی ڕزگایخوازی بوون لە خەڵکانی جیهانی سێهەم ستایشیان دەکردن.

ئەوەی کە هەم نەیارانی شۆڕش و هەم شۆڕشگێڕانی سەرسام کرد بوو، شێوەی ئەسڵی خەباتی شۆڕشگێڕی لە جیهانی سێهەم دا بوو، واتە شەڕی چریکی و پارتیزانی لەم سەر تا ئەو سەری جیهان. بە پێی ئامارێک کە لە ساڵەکانی دەیەی ٧٠ی زایینی، گیراوە لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی تا ئەو کات ٣٢ شەڕی گەوەری چریکی تۆمار کراوە، لە نێو ئەو شەڕە چریکی یانە دا، شۆڕشی چین، سەرکەوتنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی (ئەلجەزائیر)ی یەکان، خەباتی گەلی ڤیتنام لە دژی فەرانسەوییەکان و توووند بوونی شەڕ لە گەڵ ئەمریکاییەکان، شۆڕشی کوبا، بوون بە ئیلهام بەخشی شۆڕشگێڕان لە جیهانی سێهەم دا کە وەک و ئۆلگوویەک پەیڕەوی لێ بکەن و ئەمە لە نامەیەکی کاک سولیمان موعینی دا دەردەکەوێ کە دەنووسێ: (لەو لاشەوە چاو گێرانێک بەسەر ڕابردووی گەلانی دیل و ژێر چەپۆکە و تێبینی و بیرکردنەوە لەسەر جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بۆ قەڵاچۆ کردنی نیزامی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی، ئێمە بەسەر ئەو ڕاستییە دا دەخا کە دەست و بردمان سەرکەوتنی تێدایە).

ناو و ناوبانگی مائۆ، جیاب، کاسترۆ، چەگوارا، هۆشی مینە کە سەرکردە و ڕێبەرانی ئەو خەباتانە بوون لە هەموو شوێنێک دەبیستراو ببوونە سەمبولی سیاسی میلیۆنان لاو، (مەسعوودی بهنوود) مێژوونووس و ڕۆژنامەوانی بە نێوبانگ لەم پێوەندیە دا لە گەڵ ئەوەی گلەیی لە بەرەی لاوی ئێران ئەو سەردەم دەکا، تەسویرێک لە فەزای ئەو ساڵانەش بە دەستەوە دەدا و

دەنووسێ:

**(ئەو وچەیە لە رۆژگارێک دا بێ ئەوەی شتێک لەبارەی میرزا کوچک خانی بزانێ)، کوچە و کۆڵانەکانی (هاوانا)ی دەناسی، هەموو یارانی کاسترۆی بە ناوی بچووک بانگ دەکرد، خەبەری هەبوو کاسترۆ و چەگوارا لەسەر چی کێشەیان بووە، کۆنگۆی وەک ئاو لەبەر بوو، ئەوەندەی دوژمنی موساچومبە بوو، هی سپەهبۆد زاهیدی نەبوو، ئەوەندەی کەلومۆمبای دەناسی و عەبدولناسری خۆش هەم دیسان بهنوود دەنووسێ:**

**دەویست لە حاڵ و ئەحواڵی موسەدیقی نەدەزانی. (ئەو، واتە کاسترۆ ئۆلگووی، کۆمەڵگای بێ ئۆلگوو بوو و دواتر دەرکەوت کە ئەو کۆمەڵگایانەی کە قارەمانیشیان هەبوو، جێگا و شوێنی کاسترۆ لە تەنیشت قارەمانانی نەتەوەیی بوو. لاوەکانی میسری هیچ وێنەیەکیان لە عەبدولناسری لە لا خۆشەویست تر نەبوو، مەگەر ئەو وێنەیەی کە ناسر لە لای ئەو کوباییە باڵا بەرزە راوەستا بوو).**

**با لە زەمانی دوکتور عەلی شەریعەتی ئەم دان پێدانانە ببیسێن:**

**(ئەسلی خەباتگێر و رووناکبیری ئەو سەردەمە لە مارکسیزم و ئێگزایستانسیالیزم کردوە و لە فیدڵ کاسترۆ و لینین و چەگوارا و ویت کۆنک ئیلهامی وەرگرتووە).**

**بائەوەش بڵێم کە ئەو فەزایە و ئەو گوتار و ئاخێوە، کاردانەوەی تەنیا بە جیهانی سێهەمەوە نەبوو ئەگەر هۆشەمینە چووە ناوگورانییەکی هونەرمەندی کورد شوانپەروە، لە خۆپیشاندانەکانی مانگی مەی ١٩٦٨ی پاریس هەر ئەو هاوارە دەکرا و ئەگەر مەسعوود بهنوود لە لاوانی ئیحساساتی گازندەی هەیە بۆ (ئەرنێست هیمنگوای) براوەی خەڵاتی نۆبل لە ئەدەبییات و فیلسووف (ژان پۆل سارتر)کە ئەویش هەر خەڵاتی نۆبڵ لە ئەدەبییاتی پێ بەخشرا، دەڵێ چی؟ خۆ ئەوانیش ستایشگەری کاسترۆ بوون ئیدی (ئەریک مابسباوم) (فرانتس فانوونی)ش با لە لای بن.**

**بائەوەش لە بیرنەکەین کە هەر لەو دەیە دایە کە کێشەکانی نێوان چین و شورەوی بە بیانووی (ریوزیۆنیسمی مۆدێرن) کە خۆی لە تیژی هاوژینی ئاشتیخوازانە و رەخنە گرتن لە ستالین دا دەدۆزییەوە ماوەیەک بوو لە دوای کۆنگرە بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت، کە لە سالی ١٩٥٦ دەستی پێکرد بوو، گەیشتە لووتکە و سەرەنجام کەرتبوونی ئۆردوگای سوسیالیستی و دیاردەیەکی بە ناوی مائۆئیزمی لێکەوتەوە، کە شۆڕشی چین و ئەزموونەکانی خەباتی حیزبی کۆمۆنیستی چینی بەرێبەری مائۆی دەکرد بە ئۆلگووی خەبات، واتە بەرێوەبردنی شۆڕشی درێژخایەن و پشت بەستن بە هێزی جووتیاران و درووستکردنی پێگەی چریکی لە دێهات و هەروەها گەمارۆی شارەکان بەهۆی گوندەکان. ئۆلگوویەک کە**

ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ لە بڵاو کراوەکانی خۆیان دا پڕۆپاگەندەیان بۆ دەکرد.

بەم جۆرە لە هەل و مەرجێک دا کە گوتاری شۆڕشی جیهانی زاڵە و ڕۆح و جەوهەری زەمانە، ڕۆح و جەوهەری خەبات و شۆڕش بوو و لە ئێران دا هیچ دەرەتانێک بۆ خەباتی یاسایی و هێمنانە نەماوە و ئیستبدادێکی توند و تیژ فەرمانڕەوایە، نەسلێکی نوێ لە تێکۆشەرانی سیاسی کە خۆیان لە ڕەوتێکی چەپی نوێدا دەیتەوە،

**هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنیا ڕێگای بەربەرەکانی لە گەڵ ڕێژیمی حەمەرەزا شا خەباتی چەکدارانەیە و ئەمە لە نامەیەکی کاک سمایل شەریف زادە بە روونی دەردەکەوێ:**

(ئەمڕۆ تۆفانێکی بەتەوژمی شۆڕشگێڕانە سەرانسەی وڵاتەکەمانی داگرتوو، کۆمەڵانی خەڵک هاتوونەتە سەر ئەوەی کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری دەست دانە چەک و وەشاخ کەوتنە. بەڵکوو ڕێگای ڕزگاری هەموو نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوەکان هەر ڕێگای ڕاپەرینی کۆمەڵانی زەحمەتکێشە، واتە شەڕی پارتیزانی کەلە پێش دا دەبێ لە دێهاتەوە دەست پێ بکرێ و کۆمەڵانی هەراوی جوتیار تێکۆشەرەکان هان بدا بۆ خەباتی چەکدارانە).

ئەو نەسلە نوێیە کە لە سەرەتاکانی دەیەی ٤٠ بەو مەبەستە هاتە مەیدان و ئامادە بوو لە گەڵ نیزامی پاشایەتی شەڕ رابگەیەنێ، لە سفرەوە دەستی پێکرد، بێ ئیمکانات بوو، بێ ئەزموون بوو و تەنیا ورە و ئازایەتی شک دەبرد و لەسەر پێی خۆ ڕاوەستان، هەر بۆیە دەبێنین دەیان هەستە و گرووپی مارکسیستی و تەنانەت چەند تاقمێکی ئیسلامیش دامەزران کە بەرنامەی خەباتی چەکداری و تەبلیغ و پشتیوانی لەو خەباتەیان هەبوو. بەڵام زۆربەی ئەو گرووپ و هەستانەی تا کۆتایی دەیەی ٤٠ پێش ئەوەی کارێکی جیدی بکەن لە لایەن ساواکەوە کەوتنە بەر پەلامار و ئەندامەکانی گیران و زیندانی کران.

بەڵام لە کوردستان ڕەوتی ڕووداوەکان بە پێچەوانە بوو. ئەو نەسلە نوێ و خوێنگەرمەی کە لە جووڵانەوەی خوێندکاری ٤٢ - ١٣٣٩ هەتاوی دا بەشداریان کردبوو و لە ژێر کاریگەری گوتاری زاڵ و فەزای گشتی دا بەتایبەتی لە گەڵ گەرمبوونی شۆڕشی چەکداری کوردستانی باشوور و بەلەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیم شوێن پێیەکی ئەوتۆی لە کوردستان نیە و شۆڕشی سپی هیچ دەسکەوتێکی نەتەوەیی بۆ بە دیاری نەهێناوە بۆ پیادە کردنی ئەزموونەکانی شۆڕشەکانی چین ڕوویان لە شاخەکانی کوردستان کرد و لە گەڵ کادرە بە ئەزموونەکانی حیزبی دێموکرات کەلە باشووری کوردستان جێگیر بوون و بە نیاز بوون حیزب لەو قەیرانەی کە تووشی هاتبوو ڕزگار بکەن و گیانێکی نوێی وەبەربێنن، مەشخەڵێ ڕاپەرینێکی چەکدارانەیان هەڵاییساند.

راپەرینێک کە هاوکات بوو لە گەڵ ئەو ساڵەی کە حەمەرەزاشا پاس بیست و شەش ساڵ تێپەر بوون لە چوونە سەر تەختی، هەستی بە چەشنێک ئاسوودەیی و دڵنیایی دەکرد، هەربۆیە تاجی شایی لە سەر نا، واتە تاجگوزاریی کرد، بەڵام هەرزۆر زوو ئەو ئاسوودەیی و دڵنیاییەی لێ تێکچوو. جێی وەبیرهێنانەوەیە، کە هەر لەم ساڵە دا یەکیک لە سیمبوولەکانی خەباتی چەکداری لە شاخەکانی بۆلیڤی (چەگوارا) دەکوژری، بەڵام لە هەمان کات دا چەخماغەی خەباتێکی دیکە لە شوێنێکی ئەم جیهانە لە شاخەکانی کوردستان لێ دەدرێ، بەم جۆرە کوردستانیش تێکەڵ بە ئەو رۆحە خەباتگێریە بوو کە لە (پاریس، پراگ، لە هاوانا و هانۆی، لە ئەلجەزیرە، و غەنا) و لەو سەردەمانە دا هەڵچوون و کەف و کوڵ دابوو.

## کاردانەوەی و کاریگەری ئەو جووڵانەوەیە:

ئەو جووڵانەوەیە بە بێ شک، مۆرک و نیشانی خۆی لەسەر زۆر لایەنی کۆمەڵگای کوردستان لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و تەنانەت ئەدەبیش دا بەجێ هێشت، کە لەم مەجالە کەمەدا دەرفەتی پرژانە سەریان نیە، بەڵام پێم خۆشە ئەگەر بە خێرایی و سەرپێیش بێ لە مەڕ شوێنکار و کاریگەری ئەو جووڵانەوەیە لەسەر هێندێک حیزب و رێکخراوی ئەو سەردەم و ئەو وچەیەی کەلە کوردستان دواتر پێ گەیشتن بدوێم:

## سازمانی ئینقلابی حیزبی توودە:

ئەو رووداوە بە جۆرێک شوێنی لەسەر ئەو رێکخراوە دانا کە چەند کەس لە ئەندامانی رێبەریان بە پەلە لە ئورووپا و رۆژئاوا، هاتنەوە کوردستانی باشوور و فارس گوتەنی (بهت زدە و زوق زدە) لە نزیکەوە ئارەزوویەک کە شەوانێکی زۆر لە ئەورووپا خەونیان پێوە بینی بوو لە کوردستان بەچاوی خۆیان ببینن. (کوروش لاشایی) کە یەکێک لەو کەسانە بوو و لە راستیدا تەنیا کەسێک بوو کەلە نزیکەوە یەک دوو مانگ لە گەڵ پێشمەرگەکان لە ناوچە دا جەولەی کردبوو، لە بیرەوەرییەکانی خۆی دا دەنووسێ:

(رۆژێک کاک سمایل شەریف زادەم بینی کە کتێبی ' نان و شەراب "ی دەخوێندەوە ئەگەر هەڵە نەکەم چون ئەو کتێبەم بیست ساڵ لەمەوە بەر واتە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لە بناری قەندیل خوێندوتەوە، نان و شەرابی (ئیلبنیاتسیلۆیە) حکایەتی رووناکبیرانی سەرخوردەی ئیتالیایە بە دوای سەیتەرەی فاشیستەکان. ئایا شەریف زادە زەردەخەنەیەک نییە بە نان و شەراب و بە هەموو وێتکونگەکانی کافە نشین؟

### حیزبی توودە:

حیزبی توودەش لە ئەرووپای ڕۆژهەڵات ڕا بە فرۆکە خۆی گەیاندە بەغدا تا هەر چۆنێک بێ چاوی بە ڕێبەرانی جووڵانەوە بکەوێ، تا بەڵکوو لەو لبادەی کڵاوێکی نسیب بێ و لە فیداکاری و زەحمەتی ڕۆڵەی کورد بەهرە بەرێ، بەڵام سەری بێ کڵاو مایەوە.

### لە نێو خۆی ئێران دا:

بڵاو بوونەوەی هەواڵی وزەبەخش و وەربەخشی ئەو ڕاپەڕینە لە زانستگاکانی ئێران و گەیشتن و دەستاودەست کردنی ڕاگەیەندراو و بڵاو کراوەکانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێو هەستە سەرە تایبەکانی چریکە فیداییەکانی وەک (سەمەد بێهرەنگی)، (بهروز دهقانی) و (عەلی رەزا نابدل)ی دۆستی سەردەمی خوێندکاری کاک سمایل، بە ئیلهام بەخشی ئەو تاقمە لە چریکەکان کە پاش سێ ساڵ لە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٤٩ ئەو بەرنامەیە کە چەند ساڵ بوو لە تەداروکی دا بوون عەمەلی بکەن. ڕووداوێک کە لە هاوچەرخی ئێران دا بە (حەماسەی سیاهکل) وەک سەرەتای دەست پێکی خەباتی چەکداری، نێوی دەرکرد.

### لە کوردستان

**الف؛** ئەو بەشە لە خوێندکارانی خاوەن هەستی کورد کەلە کۆتایی چلەکانی سەرەتای پەنجاکان لە زانکوکانی ئێران دەیانخوێند دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو جووڵانەوەیە و پاش شکانی جووڵانەوە کە بەنیاز بوو شوێن پێی ئەوان هەڵگرن، بەڵام ئەو ئامانجەیان بۆ پراکتیزە نەکرا و کاتێک پاش شۆڕشی ١٣٥٧ کەوتنە خۆ کە هەل و مەرج و سەردەم تەواو جیاواز بوو و مێژوو دووپات نەدەبۆوە.

**ب؛** ئەو وەچە و نەسڵەی کە کاریگەری ئەو جووڵانەوەیەی بە سەرەوە بوو، وچەیەک بوو کەلە نێوەی دووهەمی دەیەی پەنجا دا تازە چاو و گوێی کرا بۆوە، ئەو وەچەیە کە ئەو کات تەمەنی ١٥ - ١٦ ساڵ دەبوو و پێویستی بە قارەمان و ئۆلگوو هەبوو، ئەمن بەو نەسلە تەعلوقم هەیە. ئێمە ناوی پێشمەرگەمان بەوانەوە بیست، ئێمە دەمانديتن کە چۆن خەڵک بەڕێزەوە باسیان دەکا، چۆن ڕێز لە بنەماڵەکانیان دەگرن، کام تیمی شاخەوانی ئەو سەردەمە هەیە کە کاتێک باروبنەی لەمووچەیەک یا کانییەک دەست بیرەوەرێکی پێشمەرگەکانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە زمانی جوتیارانی کورد نەبیستبێ.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوان لە " حافزەی تاریخی" خەڵک دا هەرزیندوو بوون ئەگەر چەگوارا و کاسترۆ و لومۆمبا و جەزەنی و رۆزبە و حمید ئەسرەف بۆ خەلکانی دیکە ئۆلگوو بوون بۆ ئێمە رێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی ئۆلکوو بووم.

**بەرێزان!**

ئێستا کە لە بەرزایی چل ساڵ دەڕوانینە ئەو سەردەمەی کە جووڵانەوەی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ تێیدا رووی دا دەبینێن زۆر شت گوڕاوە، ئێستا ئاخێوی جیهانی شۆڕش جێگای خۆی بە شۆڕشەکانی (پرتقالی ، مەخمەڵی) و شیوازی خەبات لە شکلی رێفورم و خەباتی مەدەنی دا خۆ دەنەێنێ، و ئەوەش تەبعەن ئوسلوبی نوێ و شێوە خەباتی نوێیان دەوێ. بۆ نەسلی ئەمڕۆ ئیدی قارەمانانی ڤێتنامی بە سیمای کز و ماتیان و خەڵکی برسی کوبا و رێبەرە نەخۆشەکەیان ئۆلگوو و سیمبوول نین بەڵام هیچکام لەم نۆرم و بایەخە تازانە بەو مانایە نیە کە جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ وەڵامێکی لۆنیکی نەبوو بۆ گوتار زاڵ بەسەر فەزای سیاسی ئەوکاتی جیهان دا.

تایپ کردنەوەی دووبارە: رەحمان نەقشی

سەرچاوە گۆڤاری تیشک ژمارە ١٩



سەرچاوە
Serchawe

## پوختەی قسەکانی سمایل بازیار لە کۆبوونەوەیەکدا بە بۆنەی چاردەهەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری میکۆنووس



تێکۆشانی سیاسی ئاشکرای کاک سەعید لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هاوکاتە لەگەڵ ئەو دەورانەی کە چەپی کلاسیک لە باری نەزەری و ئیئۆری یەوە باڵی بەسەر فەزای فکریی ئێران دا بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی کێشابوو.

تێکۆشەرانی ئەسڵی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی کە لە سێبەری قورسی ئەو فەزایە دا فەعالییەتی سیاسییان هەبووە لە یادیان ماوە کە هەموو ئەو چەمک و مەقوولانەی کە ئەو چەمک و مەقوولانەی کە ئەو کات تەوەری باسەکانی نێو جووڵانەوە بوون وەک: مەسەلەی نەتەوایەتی، سوسیالیزم، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، دێموکراسی و ئازادی و... چۆن کەوتبوونە ژێر کارتێکردنی ئەو روانگە و بۆچوونە. بەڵام کاک سەعید هەم وەک رووناکبیرێکی کورد و هەم وەک یەکێک لە دارێژەرانی ئەسڵی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی سەربەخۆ لەو فەزایە بیری دەکردەوە و خاوەنی دیدگاو هەڵوێستی خۆی بوو.

تیشک خستنە سەر روانگە و هەڵوێستەکانی کاک سەعید لەمەڕ چەمک و مەفهوومانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن دەتوانێ بەڵگەیەکی باش بێ بۆ سەلماندن و ئیسپاتی ئەو ئیددیعایە و هەروەها تەرسیمی چوارچێوەی فکریی ناوبراو. کاک سەعید لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی وەک کێشەی بنەرەتی کۆمەڵگای کوردستان و تەبعەن وەک رێبازی ئەسڵیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، نەخشی بەرچاو و دیاری لە بردنە پێش و جێگیر کردنی ئەو رێبازە دا هەبوو. ئەو رۆڵ و

دەورەی کاک سەعید بەتایبەتی لە دوو قۆناغی زەمانی دا بەرامبەر بە هەڵوێستی دوو "طیف"ی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەک بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوایەتی و داخوازەکانی گەلی کورد بە باشی دەردەکەوت. واتە لەگەڵ چەپی سوننەتی لەسەر ئیسپات و سەلماندنی مەسەلەی نەتەوایەتی وەک کێشەی بنەرەتی کۆمەڵگای کوردستان و لەگەڵ ڕاستی لیبراڵ لەسەر دیفاع لە داخوازە رەواکانی گەلی کورد. ئەو نە لە گەڵ کەمرەنگ کردنەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی بە بیانووی "عمده" بوونی کێشەکانی تری کۆمەڵگای کوردستان بوو و نە لە ژێر فشار و سانتاژی "مصلحت عمومی"ی کۆمەڵگای ئێران دا چاوپۆشی لە داخوازە رەواکانی گەلی کورد کرد.

قۆناغی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی سەردەمی شۆڕش و نیوەی یەکەمی دەیەی شێست ئەو کاتە مەسەلەی نەتەوایەتی لە لایەن "طیف"ی چەپی کلاسیکەوە کەوتبووە بەر پەلامار و نیشتمانپەروەری و کورد بوون لەگەڵ دواکەوتوویی و "ارتجاع " بەرامبەر دادەنرا. خەتی ١ و ٢ی چەپی کلاسیک بە لێکدانەوەی خۆیان "تضاد خلق و امپریالیسم"یان بە تەزاددی سەرەکیی کۆمەڵگای کوردستان دادەنا و بە پێی ئەو تێوری یە دەبوایە مەسەلەی نەتەوایەتی فیدای خەباتی بەناو دژی ئیمپریالیستیی ڕێژیم بکرێ.

خەتی ٢ی چەپی کلاسیک بە لیکدانەوەی خۆیان " تضاد کار و سرمایه "یان بە تەزاددی سەرەکیی کۆمەڵگای کوردستان دادەنا و بە پێی ئەم تێوری یە دەبوایە خەباتی چینایەتی وەپێش خەباتی نەتەوایەتی کەوتبا و مەسەلەی نەتەوایەتی لە کاناڵی خەباتی چینایەتی یەوە تێ پەڕیبا. ئەم جۆرە چەپی کلاسیک بە کەمرەنک کردنەوە و خستنە پەراوێزی مەسەلەی نەتەوایەتی لە پێش هەموو شتێک دا فەلسەفەی بوونی حیزبی دێموکڕاتیان دەخستە ژێر پرسیار. لەو قۆناغە ناسکە دا و لەوەها فەزایەک دابوو کە کاک سەعید وەک بەرپرسی دەزگای تەبلیغاتیی حیزب بە نووسین و بڵاو کردنەوەی دەیان وتار و بابەتی عیلمی و کۆمەڵناسانە لەسەر نێوەرۆکی واقیعیی ڕێژیم و کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیی کوردستان تەزادەکانی کۆمەڵگای کوردستان، پێگەی چینایەتیی حیزب و مەسەلەی نەتەوایەتی، لە ڕێگای ڕۆژنامە و رادیۆی دەنگی کوردستانەوە لە لایەک دیفاعێکی مەنتقی و قورس و قایمی لە ڕێبازی حیزبی دێموکڕات کرد و لە راستی دا هەڵوێستی حیزبی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی وەک کێشەی سەرەکیی کۆمەڵگای کوردستان تیۆریزە کرد و لە لایەکی دیکەوە لەو ڕێگایەوە یارمەتی یەکی گەورەی بە پتر ئاشنا بوونی رۆڵەکانی گەلی کورد بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان کرد. هەروەک بە کردەوش دیتمان رەوتی رووداوەکان، دروست بوونی روانگە و بۆچوونەکانی کاک سەعیدی دەرخست. چونکە کاک سەعید روانگە و بۆچوونەکانی لە واقعییەتی عەینی و تەجرەبە کراوی کۆمەڵی کوردستان هەڵێنجابوو نەک لە لاپەرەی کتێبەکان دا.

خەتی ١ و ٢ بۆ هەمیشە ماڵئاوایی یان لە مەیدانی سیاسیی کوردستان کرد و بەشێک لە خەتی ٣ش هەمان چارەنووسی

تووش هات و بەشەکەی تری زیانێکی قەرەبوو نەکراوی بە خۆی گەیاند. قۆناغە زەمانی یەکانی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی یەکانی دەیەی شێست و سەرەتای دەیەی حەفتا، ئەوکات کە مەسەلەی نەتەوایەتی و هەستی ناسیونالیستی پەرەی ئاستاندبوو و زۆر وڵاتی تازە هاتبوونە سەر نەخشەی جوغرافیا. ئەو دۆخە نوێ یە ئەگەر لە لایەک تین و گوڕێکی وەبەر هەستی نەتەوایەتیی گەلانی ژێر دەستە نابوو، لە لایەکت تر ترس و نیگەرانیی لە دڵی نەتەوەکانی باڵادەست و فەرمانڕەواش هاویشتبوو، کە یەک لەوان نەتەوەی فرمانڕەوای " فارس " بوو. هەر بۆیە کاتێک کاک سەعید لە سەفەری بێ گەڕانەوەی خۆی دا لە بەهاری ساڵی ٧١ گەیشتە دەرەوەی وڵات و ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ هەڵبژاردن و دامەزراندنی پارلمانی کورد لە کوردستانی عێراق، شووینیزمی فارس ئەوجار رووی دزێوی خۆی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی رێژیم دا دەرخست. بەرەی راست لە سەلتەنەت تەڵەبەکانەوە بگرە هەتا میللی یەکان و هێندێک عونسووری وەک عەلی کشتگر- ئێنتەرناسیونالیستی دوێنێ - لە چەند وتووێژی راستەوخۆ لەگەڵ کاک سەعید و پاشان بە نووسینی دەیان وتار و بابەت و روونکردنەوە سەبارەت بەو وتووێژانە لە "کیهان سلطنت طلبان" و ماهنامە جمهوری خواهان "و نیمروز..." دا نییەتی واقیعیی خۆیان بەرامبەر بە ویست و داخوازەکانی گەلی کورد نیشان دا. ئەگەر رێژیمی پێشوو لە ژێر ناوی "حاکمیت ملی و تمامیت ارضی" دا داخوازەکانی دێموکراتییی کانی گەلی کوردی سەرکوت دەکرد ئەو جار بەرەی راستی ئۆپۆزیسیون بە لێدانی سازێکی تازە موخالەفەتی خۆی لەگەڵ ئەو داخوازانە دەردەبڕێ: ئەسپاردنی چارەنووسی سیاسیی کوردستان بە مەجلیسی دامەزرێنەران - موسسان - و رێفراندۆمی قانوونی ئەساسی "قبووڵ کردنی چارەنووسێکی هاوبەش و یەکسانی ئەقوامی ئێرانی لە داهاتوو دا بە هۆی ڕابردووی مێژوویی هاوبەشی ئەو ئەقوامە و" داوا کردن بۆ چوونە ژێر پەرچەمی بەرەیەک کە بەشێک لە هێزەکانی، باوەڕیان بە دیاری کردنی مافی چارە نووس نیە بەڵام بە دوای دێموکراسی و ئازادی دا عەوداڵن".

**ئەمانە پوختە و کاکلی ئەو هەوا تازەیە بوون کە بەرەی راست بۆ وەپشت گوێخستنی داواکانی گەلی کورد، تێیان هەڵکرد بوو.**

بەڵام کاک سەعید بە پشت ئەستوور بوون بە حقانیەت و رەوا بوونی داخوازەکانی گەلی کورد و بەو زانیاری و مەعلووماتەی کە لەسەر تەجرەبەی شکلە جۆراوجۆرەکانی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتاندا هەیبوو و هەروەها بە حزووری زەینێکی تایبەت بە خۆی دیفاعێکی راشکاوانە و روون و "مستدل"ی لە ماف و داخوازەکانی گەلی کورد کرد. لە پێوەندی لەگەڵ ئەسپاردنی چارەنووسی سیاسیی کوردستان بە مەجلیسی دامەزرێنەران - موسسان- و رێفراندۆمی قانوونی ئەساسی دا. کاک سەعید دەڵێ: "ئەوە کە وڵاتێک سیستەمێکی فیدراڵی، پاشایەتی، کۆماری یان هەر سیستەمیکی دیکەی هەبێ، سنووری دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی چیە و سنووری دەسەڵاتی هەر کام لە ناوچە خودموختارەکان تا کوێ یە، روونە ئەمە مەسەلەیەک نیە کە ئێران ئیختراعی کردبێ. لە جیهاندا نموونەی جۆراوجۆر هەن، کەوابوو دەکرێ بڵێین لە چ مەسەلەیەک دا تەنیا دەنگی ناوچە خودموختارەکان وەبەر چاو بگیرێ. بۆ وێنە لەبارەی سیستەمی حکوومەتیی ئێرانەوە کە کۆماری بێ



سەرچاوە
Serchawe

یان نا، پێویستە دەنگی خەڵکی ئێرانی لەسەر بێ. ئیسپانیا بۆ خودموختاری و نموونەی ئەڵمان، ئەمریکا و سوئیس بۆ فیدراڵی نیشان دەدەن کە کام مەسەلە گشتی و سەرانسەری یە و کامیان تەنیا پێوەندیی بە خەڵکی ناوچەیەکەوە هەیە. بە تایبەتی ئێمە لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەوەمان پێشتر دیاری کردووە کە کام مەسەلە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی دایە و کام مەسەلەش لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکوومەتی خودموختار دا.

مەسەلەیەک کە پێوەندی بە خودی کوردستانەوە هەیە وەک خودموختاریی کوردستان، دەبێ پێشتر بیروڕای خەڵکی کوردستانی بۆ وەربگیرێ و ئەو بیرورایە لە قانوونی گشتیی وڵاتدا بێتە گۆڕێ. واتە بەر لەسەر شتێک پێوانە بۆ ئەمە، خەڵکی کوردستان بۆخۆیانن لەو پێوەندییە دا تەنانەت ئەگەر ئەو بیرورایە لە ڕێفراندۆمێکی گشتیی دا ڕەت کرایەوە روون دەبێتەوە کە ئەو بیروڕا گشتیی یە موخالیفی بیروڕای خەڵکی کوردستانە هیچ کام لە خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران نابێ خۆیان بە وەکیلی خەڵکی کوردستان بزانن. مافی بیروڕا دەربڕین لەو پیوەندی یە دا تەنیا پێوەندیی بە خەلکی کوردستانەوە هەیە. ئەگەر وای لێبێ ناوچەکانی دیکەی وەک فارس، ئیسفەهان، شیراز و تاران... لەبارەی خودموختاریی خەڵکی کوردستانەوە دەبێ بیروڕای خۆیان بڵێن. بەو هۆیەوە کە ئەوان هەست بەو مەسەلەیە ناکەن. و لە باشترین حاڵەتدا بۆیان گرینگ نیە و زۆریش وێ دەچێ موخالیفی بن".

هەروەها کاک سەعید لە وەڵامی ئەو بۆچوونە دا کە دەبێ ئەقوامی ئێرانی بەهۆی ڕابردووی مێژوویی هاوبەشەوە، بیانەوێ و نەیانەوێ لە داهاتووشدا دەبێ چارەنووسێکی هاوبەش قبوول بکەن، دەڵێ : ئەگەر لە باری مێژوویی و تیۆرییەوە بڕانینە مەسەلەکە، دەبێ بڵێین کە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکیەتیی نەتەوەی جۆراوجۆر پێک هاتووە. بەڵام هیچ شتێک تاسەر نیە. چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە ژیابن، ئێستا ناتوانن پێکەوە بژین. مەسەلەکە پێوەندیی بە هەلومەرجی ئەمڕۆوە هەیە. ئەگەر جیهان لە ئاڵوگۆر دایە، سروشتی یە کە دۆستایەتییەکان، هاوپەیمانەتی یەکان، پێکەوە ژیان و بیرو بۆچوونەکان هەموویان ئاڵوگۆریان بە سەر دادێ، جگە لەمەش هیچ ڕاستی یەکی مێژوویی ئەوە ناسەلمێنی کە نەتەوەکانی ئێران هەمیشە پێکەوە ژیاون، ئازەربایجان، ئەفغانستان، تاجیکستان هەموویان جیا بوونەوە و دنیاش نەرووخا. بۆچی ئێستا جیابوونەوە نابێ. داخوا هەر لەبەر ئەوە کە ئەم جیا بوونەوانە بە زۆرە ملی بووە؟ واتە دەبێ ئەو ئیستدلالە قبووڵ بکەین کە هەر چێ بە زۆرە ملی بێ جێگەی پەسەندە، نا وانیە. پێکەوە ژیان تەنیا لە ریگەی لە یەکتر تێگەیشتنەوەیە. و هیچ پێشینەیەکی سەد یان هەزار ساڵە ناتوانێ پاساوی بۆ بێنێتەوە. ئەمە وەک ئەوە وایە کە بە منداڵی بنەماڵەیەک بگوترێ کە چۆنکە لە تەمەنی ١٨ ساڵی دا لە ماڵی جیا نەبۆتەوە ئێستا لە تەمەنی ٢٥ ساڵی دا ئێدی مافی جیا بوونەوەی نیە. ئەمە نەبوو بە ئیسدلال".

سەرەنجام کاک سەعید بە هیچ جۆر ناچێتە ژێر باری ئەو فشار و شانتاژانەی کە دەیانەوێ حیزبی دێموکرات لە بەرەیەکدا

بەشداری بکا کە بەشێک لە هێزەکانی پێکهێنەری بۆ ئازادی و دێموکراسی هەوڵ دەدەنم بەڵام لە بنەڕەتدا باوەڕیان بە مافی دیاری کردنی چارە نووسی گەلانی ئێران نیە. هەر بۆیە کاک سەعید ئاویکی پاکیان بە دەستی دا دەکا و تێیان دەگەیەنێ کە خەیاڵیان خاوە و دەڵێ: وشەکانی ئازادی و دێموکراسی زۆر لێڵ و ناروونن. حەمە ڕەزا شاش باسی ئازادیی دەکرد. بۆ ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران باسی ئازادی و دێموکراسی بە شێوەی خۆی ناکا؟ تەنیا ئیددیعای دێموکراسی مەسەلەیەک چارەسەر ناکا. مەسەلەکە نێوەڕۆکی ئەو ئازادی و دێموکراسی یەیە. بۆ وێنە ناکرێ بە کەسێک کە حاشا لە مافی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکە دەکا بگوترێ دێموکڕات. کەوابوو هۆیەک بۆ هاوکاری لە گەڵ ئەو جۆرە هێزانەمان پێ شک نایە. بۆ ئێمە سەرنجدان بە چارەسەری عادڵانەی مەسەلەی نەتەوایەتی مەرجی سەرەکیی بەشداری لە بەرەیەکدایە".

کاک سەعید لەگەڵ ئەوەی تێکۆشەرێکی سادقی نەتەوەیی بوو لە هەمانکاتدا ڕێبوارێکی شێلگیری ڕێگای دابین کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتیش بوو. ئەو مەسەلەی فەقیری و بێ بەشی و دەست وێرانەگەیشتنی چین و توێژە هەژار و کەم داهاتەکانی بە ئیمکانات و نیعمەتەکانی ماددیی ژیان و نەبوونی فورسەتێکی بەرامبەر بۆ ئیستیعدادەکان ئەوەندە بەلاوە گرینگ و پڕ بایەخ بوو کە لە ڕاپۆرتی کۆنگرەی نۆهەمدا بەم جۆرە باسی لێ دەکا:

(ئەمڕۆ گرینگترین و لە هەمان کات دا پڕ بایەخ و دەردترین مەسەلە لە جیهاندا مەسەلەی نەبوونی هیچ پارسەنگێک لە نێوان دابەش بوونی هەژاری و دەوڵەمەندی دایە، لە حالێکدا بەشێکی کەم لە خەڵکی دونیا خاوەنی زۆربەی سەروەت و سامانی گشتیی جیهانن و بەشێکی هەرە زۆر لە رووتی و هەژاری یەکی یەکجار دڵتەزێندا دەژین. ئەو جیاوازییە کە ئەمڕۆ بە جیاوازیی شیمال و جنووب ناوی دەرکردوە (شیمال بۆ وڵاتانی تێر و جنووب بۆ وڵاتانی برسی) سەرەڕای ئەو هەموو قسە و باسەی لە سەری دەکرێ ساڵ بەساڵ پتر دەبێ). هەربۆیە کاک سەعید لە ڕەوتی دابین کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دا سوسیالیزمی هەڵبژارد.

کاک سەعید لە گەڵ ئەوەی کە ئینسانێکی سوسیالیست بوو لە بەرەی چەپدا جێی دەگرت. بەڵام ئەو کاتەی کە چەپی کلاسیک "ستالینی" ڕمێنی هەبوو و ستایشی یەکیەتیی سۆڤیەت باو بوو، سوسیالیزمی مەوجوودی وەک شتێکی بێ کەموکووڕ چاو لێ نەدەکرد و پێی وانەبوو تەجرەبەی بینای سوسیالیزم لە یەکیەتیی سۆڤیەتی دا دەبێ ببێ بە ئۆلگوو و سەرمەشق بۆ وڵاتانی تر و بە تایبەتی سوسیالیزمی وەک مەزهەب و ئایین کە شتێکی نەگۆڕن چاو لێ نەدەکرد. بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: (دەبێ ئەو ئەسڵە قبووڵ بکەین کە ڕەنگە مارکس و پاشان ئینگلس و لێنین و کەسانی دیکەش لە سەردەمێک دا بە سەرنجدان بە هەلومەرجی تایبەتی و کات و سەردەمی خۆیان شتێکیان گوتبێ کە لەگەڵ ئەمڕۆ نەگونجێ. بێگومان ئیستدلالەکانی لێنین لە بارەی کۆمەڵگای ئەو کاتی رووسیە دا کە شۆڕشی ئۆکتۆبری بەئاکام گەیاند لە گەڵ کۆمەڵگای

ئەورۆی رووسیە و لەوەش زیاتر لە گەڵ کۆمەڵگای ئێران و هەموو جیهان جیاوازە).

خاڵێکی گرینگی دیکەی روانگەی کاک سەعید سەبارەت بە سوسیالیزم، پێوەندیی سوسیالیزم و دێموکراسییە، واتە تێکەڵ کردنی ئەم دووە پێکەوەیە. کاک سەعید باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی هەبوو و لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە سوسیالیزم نابێ بە بیانووی هەموو شتێک بۆ کۆمەڵ دێموکراسی بەربەست و مەحدوود بکا و بەرژەوندیی تاک پێشێل بکا. بەڵکوو دەبێ لە کۆمەڵگای سوسیالیستی دا بەهۆی دابین کردنی دێموکراسی یەوە فەزایەک پێک بێنێ کە هەر کەسێک هەست بەوە بکا کە لە بەرە و پێش بردنی وڵاتەکەی دا بەشداریی هەیە و دەتوانی لە سەر چارەنووسی خۆی و وڵاتەکەی بیروڕای خۆی دەربڕێ بێ ئەوەی هەست بە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بکا. لەم بارەیەوە کاک سەعید دەڵێ: (ئەمڕۆ بە کردەوە سەلمێندراوە کە سەرنجدان بە ئەفراد لە کار و ژیانی رۆژانە دا و لە دیاری کردنی چارە نووسی خۆیان دا ئەسڵێکە کە لە گەڵ سروشتی ئینسانی سازگارە و هەر ستێکی دیکەی بە پێچەوانەی ئەوە چ بە ناوی دیکتاتۆریی سادە و یان دیکتاتۆریی پرۆلتاریا یان لە ژێر هەر ناوێکی دیکە دا بێ بە پێچەوانەی کەسایەتیی ئینسانی یە و رێگای پێشکەوتن و داهێنان بەربەست دەکا). هەربۆیەش کاتێک دوکتور قاسملوو (سوسیالیزمی دێموکراتیک)ی لە نێو حیزبدا هێنایە گۆڕێ، لایەنگری و تێکۆشانی کاک سەعید بۆ سەرکەوتنی ئەو فکر و ئەندیشەیە یەکێک لە هۆیەکانی چەسپاندنی ئەو رێبازە لە نێو حیزبدا بوو.

مەسەلەیەکی دیکە کە پێویستە باسی بکرێ هەڵوێستی کاک سەعید لەمەڕ لە بەریەک هەڵوەشانەوەی سوسیالیزمی مەوجوود بوو. کاتێک ئۆردووگای سوسیالیستی هەرەسی هێنا هەندێک لەو کەسانەی کە تا ئەو کات لایەنگری بێ ئەملا و ئەولای یەکیەتیی سۆڤیەتی و وڵاتانی دیکە سوسیالیستی بوون وەها تووشی سەر لێشێواوی و ناهومێدی بوون کە تەنانەت بەلای راستدا وەرسووران. بەڵام لە راستیدا ئەوە شکستی نەوعێک لە سوسیالیزم بوو و بێجگە لەوەش شکست لە رێگەی ئامانجێکی گەورە، قەت بە مانای چوونە ژێر پرسیاری ئەو ئامانجە نیە. کاک سەعید پێی وابوو دەبێ لایەنگرانی سوسیالیزمی مەوجوود بە هۆیەکانی ئەو شکستە دا بچنەوە و لەو ئەزموونە گەورەیە دەرس وەربگرن و لە گەڵ ڕابردوو سنوورێک دابنێن. کاک سەعید ئەو رووداوە گەورەیەی بە نوقتە گۆڕانێک دادەنا بۆ ئەوەی رەوتێکی چەپی سەربەخۆ، داهێنەر و نوێخواز پێک بێ و بە پێچەوانەی چەپی پێشوو (ستالینی) کەلە (حافظە)ی مێژوویی خەڵکی ئێراندا بیرەوەرییەکی تاڵ و مەنفیی بەجێ هێشتووە بتوانێ متمانەی خەڵک وەدەست بێنێ و شوێنی شیاوی خۆی پەیدا بکا.

هەربۆیە کاک سەعید لە وەڵامی ئەو پرسیارە دا سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانەی کە دوای هەرەس هێنانی سوسیالیزمی مەوجوود بەسەر چەپدا هاتووە و داهاتووی ئەو رەوتە دەڵێ: (ئەو ئاڵوگۆڕ و باسانەی کەلە جووڵانەوەی چەپەی ئەمڕۆ بە تایبەت لە نێو رێکخراوەکانی ئێراندا لە ئارا دایە بێشک جێگای سەرنجی وردی حیزبی دێموکڕاتن. بۆیە بە دیقەت و تێبینیەوە وەدوایان دەکەوێ و هەوڵ دەدا کە تێیاندا بەشدار بێ. ئەو روانگە تازەیەی چەپ لە گەڵ ئەو رێبازە کە لە ساڵی ١٣٦٢

لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا بە رەسمی پەسەند کرا یەک دەگرێتەوە کە هەمان سوسیالیزمی دێموکراتیکە. ئاشکرایە حیزب لایەنگری ئەو شتەیە کە بە نێوی رەوتی نوێخوازی لە نێو چەپی ئێراندا ناوی دەرکردوە. ئێمە سەبارەت بە داهاتووی ئەو چەپە گەش بێنین و وەک شتێکی موسبەتی دەبێنین. چەپی ئێران بە رای ئێمە کە تا ئێستا جێگای ناهومێدی بووە، وادیارە دەتوانی ببێتە جێگا هومێد).

سەرچاوە: کتێبی شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی - سمایل شەرفی -

ڕێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦

---

## بە رینسانس ناوزەد کردنی شۆڕشی وڵاتانی عەرەبی خوێندنەوەیەکی هەڵەیە



لە بەرەبەری ٣٣ ساڵەی شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ لە ئێران دا، سمایل بازیار، تێکۆشەری دێموکرات و مامۆستا زانکۆ لە سمینارێکدا بە چاوێکی رەخنەگرانەوە شۆرش و ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبی تاوتوێ کرد.

کۆمیسیونی لێکۆڵینەوەی و فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشنیوەڕۆی رۆژی شەممە، ١٥ رێبەندان بە بەشداریی ژمارەیەک لە کادرو پێشمەرگەکانی حدک کۆبوونەوەیەکی بۆ کاک سمایل بازیار، تێکۆشەری ریزەکانی حیزبی دێموکرات و مامۆستای زانکۆ پێک هێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا سمایل بازیار بە ئاوڕدانەوەیەک لە شۆرشی ساڵی ٥٧ لە ئێران، بە خوێندنەوەیەکی مێژوویی و لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە باسی لە سەرهەڵدانەکانی یەک ساڵی رابردوی وڵاتانی عەرەبی و ئاکامەکانی ئەم گۆڕانانە کرد.

بەرێزیان لە سەرەتای باسەکەی دا شۆرشی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی ئێرانی بە گرینگترین رووداویی مێژوویی لە سەدەی رابردوودا پێناسە کرد و بنەماکانی ئەم شۆرشەی بۆ سەردەمی مەشروتە گەڕاندەوە. هەر لە پێوەندی لە گەڵ چۆنایەتیی شۆرشی ٥٧ ی ئێران، بازیار پێیان وابوو لە ماوەی ئەو ٣٣ ساڵەداو دوای ئەو شۆڕشە لە هیچ کوێی جیهان هاوشێوەی وەها شۆرشێک بەو تایبەتمەندیانەوە رووی نەداوە و گوتیشی کە گۆڕانەکانی وڵاتانی عەرەبی ئەو راستیەی سەلماند کە سەردەمی شۆرشەکانی هاوشێوەی شۆرشی ٥٧ کۆتایی پێ هاتوە.

سمایل بازیار لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا پەرژایە سەر سەرهەڵدانەکانی یەکسالی رابردووی ولاتانی عەرەبی و بە سەرنجدان بە ئاکامەکانی تا ئێستای ئەم گۆرانانە رایگەیاند کە لە سەرجەم ئەم گۆڕانانەدا لاوانی پێشکەوتنخواز دینامیزمی سەرهەڵدانەکان بوون، بەڵام لە دابەشکردنی دەسەڵات و بیری بەرێوەبەریدا لاوان کەمتر خوێندراونەتەوە. بۆ وێنە لە میسر ئەوە لاوان بوون کە سەرهەڵدانەکانیان ساز کرد و هیدایەتیان دەکرد، بەڵام لە دابەشکردنی دەسەڵات دا لاوانی میسر کەمترین کورسییان وەدەست هێناوە.

بازیار بە هینانەوەی ئەم نموونانە و بە ئاوڕدانەوە لە رەوتە سیاسییەکانی ئەم ولاتانە و لە نێویاندا رەوتە ئیسلامییەکان کە لە هەڵبژاردنەکان دا زۆرترین کورسییەکانی پارلمانیان وەدەست هێناوە، بە شیکردنەوەی چەند هۆکارێکی بنەمایی و مێژوویی وڵامی ئەو پرسیارە ئەساسییەی دایەوە کە بۆچی هیزە ئیسلامییەکان توانیویانە لە هەڵبژاردنەکاندا زیاترین کورسی وەدەست بێنن.

لە پیوەندی لە گەل هۆکارەکانی سەرکەوتنی هیزە ئیسلامییەکان لەم ولاتانی وەک میسر دا سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیە رایگەیاند کە تەزادی سوننەت و مودێرنیتە، بێ عەداڵەتی ئیسلامی، ئیسلامی سیاسیی، ئینکارکردنی دین، سەرنەکەوتنی ئایدۆلۆژییەکانی پێشوو و هەروەها زێدەخوازییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل هۆکاری بردنەوەی گرەوی هەڵبژاردنەکان لە لایەن هێزە ئیسلامییەکانی ئەو ولاتانەن.

سمایل بازیار لە دوایین بەشی باسەکەیدا لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە، باسی لەو روانگەو بۆچوونانە کرد کە تا ئێستا لە پێوەندی لە گەڵ شۆرشی ولاتانی عەرەبی دا باس کراون و بە روونی رەخنەی لە دوو روانگە گرت کە ئەم سەهەڵدانانە بە رێنسانسێک لەو ولاتانەدا پێناسە دەکاو ئەو بۆچوونەشی رەت کردنەوە کە پێی وایە دەکرێ شێوە دەسەڵاتێکی ئیسلامیی هاوشێوەی تورکیە لە ولاتانی میسر و تونس دا بێتە گۆڕێ.

دوایین بەشی ئەم کۆبوونەوەیە و دوای باسەکەی بەرێز بازیار بریتی بوو لە پرسیارو و باسی بەشێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە کە دواتر لە لایەن کاک سمایلەوە وڵامیان درایەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## پێویستە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەڵوێستیان بەرامبەر بە پژاک بگۆڕن




ماوەی چەند ڕۆژێکە، سەرلەنوێ کێشەی نێوان پژاک و لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت نێوان پژاک و حیزبی دێموکرات گرژیو ئاڵۆزی تێکەوتۆتەوەو گرژییەکان تا ئاستی سەرکردایەتی پژاک گوستراونەتەوە. ئەوەش بەتایبەتی دوای تێکەڵچوونەکەی گوندی "مارەغان"ی ناوچەی سەردەشتو گیان لە دەستدانی دوو گریلای پژاک زیاتر هاتە ئاراوە دوای ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕووداوەکەدا کێشەکەی بۆ کڕینو فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان گەڕاندەوە.

سمایل بازیار مامۆستای زانکۆ و ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتە کە بە کەسایەتیەکی خاوەنڕا لە هەمبەر پرسە سیاسییەکان دێتە ئەژمار. بە مەبەستی تاوتوێ کردنی پێوەندی نێوان پژاک و حیزبەکانی دیکە، ڕۆژهەڵات تایمز بە پێویستی زانی ڕا و بۆچوونی ئەو لە بابەت ئەو گرژی و ئاڵۆزیانە و چۆنیەتی چارەسەریان بەرەوڕووی ناوبراو بکاتەوە.

**بازیار سەرچاوەی گرژتر بوونەوەی ئەم دواییەی پێوەندیەکانی نێوان حیزبی دێموکرات و پژاک بۆ ڕوانگە و هەڵوێستی ئەو لایەنانە لە سەر پژاک دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ:** "لەڕاستیدا سەرچاوەی ئەم بارگرژی و لێکدڕدۆنگ بوونانە بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە بەشێک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستیان بەرامبەر بە پژاک لە سەر بنەمای حاشاکردن لەو پارتە وەک هێزێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دارشتووە و پاساویشیان بۆ ئەم هەڵوێستە سەربەخۆ نەبوونی ئەو هێزەیە و بە کورتی و بە پوختی بە لقێکی P.K.K دادەنێن. ئەم هەڵوێستەش کاردانەوەی ئەم پارتەی بەدوادادێت کە دوایین نموونەی

لە زمانی سەرۆکی ئەم پارتە لە بەرنامەیەکی NEWROZ TV دا خۆی دەرخست."کە بەداخەوە زۆرجار دەچێتە خانەی ئەدەبیاتێکی زبر و کلێشەیی و هەڕەشە ئامێز کە هیچ ئاکامیکی پۆزێتیڤی لێ ناکەوێتەوە".

**ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی حیزبی دێموکرات بە سەرنجدان بە سەرهەڵدانەوەی ئەو گرژیانە لە سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دا دەڵێ:** "دیارە ئەم بارگرژییانەی ئێستا کە هەوێنەکەی لە ڕەوتی ئامادەکارییەکان بۆ پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەییدا بیچمی گرت، یەکەم جار نییە و لە ساڵانی رابردووش بە بۆنەی جۆراوجۆر دەرکەوتووە، بە جۆرێک کە شۆڕ بۆتەوە بۆ ناو ئەندامان و لایانگرانی ئەم هێزانە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا تەنانەت شێوەیەکی دوور لە پڕەنسیپەکانی ئەخلاقی سیاسی بەخۆیەوە گرتووە."

**سمایلی بازیار لە بابەت چۆنیەتی چارەسەریی ئەو کێشانە بە رۆژهەڵات تایمزی وت:** "من پێم وایە نەک هەر بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاتی کۆتایی بەم بارگرژییەی نێوان ئەم هێزانەی رۆژهەڵاتی کوردستان بێنین و جارێ ئاگربەستی شەڕە قسە رابگەیەنین، بەڵکوو پێویستە فۆرموڵ و چارەیەکی بنەڕەتی بۆ بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ئەم گرژی و تووڕە بوونانە کە ئەمڕۆ لە چوارچێوەی قسەدا دەردەکەون، لە شێواز و فۆڕمێکی دیکەدا بەرۆکی نەتەوەکەمان نەگرن، هەروەک چۆن ئێستا لە پارچەیەکی دیکەی وڵاتەکەمان بەرۆکی گرتووین و لاپەڕەیەکی تری تراژیک نەخرێتە سەر پەرتووکی مێژووی نەتەوەکەمان. هەربۆیە بە بڕوای من هەموو ئەم حیزب و رێکخراوانەی کە ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر بە پژاک گرتووە یەک لەوان حیزبی خۆم، بەم هەڵوێستەیاندا بچنەوە."

**بازیار پێی وایە کە "پژاک ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان حاشای لیناکرێ" و لەم بارەوە دەڵێ؛** "بەتایبەتی لەماوەی ئەم چەند ساڵەتی دواییدا کە هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەر هۆیەک حزووری راستەوخۆیان لەناوخۆی کوردستان نییە، هەل بۆ ئەم پارتە رەخساوە کە بوونی خۆی بسەلمینێ. هەڵبەت لەبیرمان نەچێ کە ئەم خۆسەلماندنە هەزینەیەکی کەمی بۆ ئەم پارتە لێنەکەوتۆتەوە، سەدان شەهید و دەیان ئێعدام و سەدان زیندانی سیاسی . هەر ئەمانەش وایکردووە کە ئەم پارتە لە هاوکێشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە ئەمری واقیع. با ئەمن نموونەیەک لە وڵاتی دەوروبەری خۆمان بێنمەوە، ئەمڕۆ ئامریکا و دەوڵەتی ئەفغانیستانیش ئامادەن لەگەڵ تالیبان وتووێژ بکەن و تەنانەت بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی لە ئەفغانستان بانگهێشتیان دەکەن. ئەمە بەومانایە کە ئەم هێزە بوونی هەیە و حاشالێکردنی خۆ گێل کردن لە ئاست راستییەکانە. لە هێنانەوەی ئەم نموونەیە "سو تعبیر" نەکرێ، نە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، پژاک وەک دوژمن سەیر دەکەن و نە پژاکیش تالیبانە. پژاک هێزێکی شۆڕشگێڕە و تالیبان هێزێکی تا سەرئێسقان دواکەوتوو و ئیرتجاعییە."

**لە بابەت پرسی شەرعیەت نەدان و بە رەسمی نەناسینی پژاک لە لایەن حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بازیار وتی:**

"شەرعییەت پێدان بە پژاک بۆ کاری حیزبەکانە؟ شەرعییەت پێدان بەهەر کەسایەتییەک، ڕەوتێک یان حیزبێک سەرچاوەکەی کۆمەڵانی خەڵکن. ئەوە سندووقەکانی دەنگدانن کە ئەو شەرعیەتە دەستەبەر دەکەن." ئەو لەم بارەوە زیاتر دوا و پێی وابوو کە "ریشەی ئەم بەرەسمی ناسین و نەناسین و شەرعییەت پێدان یان پێنەدانە لەلایەن لایەنیکی سیاسی بە ڕەوتێکی سیاسی تر، کولتووری حیزبە کۆمۆنیستەکانی سەر بە یەکیەتیی سۆڤییەت (ئەحزابی برا) دەگەڕێتەوە. ئەم حیزبانە لە وڵاتەکانی خۆیان بوونی هیچ حیزبێکی کۆمۆنیستی تریان تەحەمول نەدەکرد و تەنیا خۆیان بە نوێنەری راستەقینەی چینی کرێکاران دەزانی و ڕەوتەکانی تری کۆمۆنیستی یان بەرەسمی نەدەزانی."

**لە کۆتایی لێدوانەکەی دا بۆ ڕۆژهەڵات تایمز، سمایل بازیار هیوای خواست** کە "ئەم حیزب و ڕێکخراوانە کە ئەم هەڵوێستەیان بەرامبەر بە پژاک هەیە، واقیعبینانەتر بڕواننە ئەم کێشەیە و جۆر و ئاستی پەیوەندی پژاک و **P.K.K** با نەبێتە لەمپەر بۆ کردنەوەی یەکێک لە چەندین گرێ کوێرەی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان." وتیشی کە "لەهەمانکاتدا لەبیرمان نەچێ بەم سیاسەتەش لەلایەن پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە مانای لێدانی مۆری تەئیدی هەمووی سیاسەتەکانی پژاک نییە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## وتەکانی کەسایەتی سیاسی سمایل بازیار بۆ کوڕی ڕێزلێنانی کاک هاشم کەریمی لە لەندەن




ئامادەبووانی بەڕیزی بەشداربوو لە ڕێ و ڕەسمی ریز گرتن لە کەسایەتی سیاسی کورد کاک هاشم کەریمی لە کوردستانەوە سڵاوێکی گەرمتان لێ بێت.

ئەمن پێش ئەوێکە بچمە سەر بابەتەکەم پیمخۆشە باس لەوە بکەم چۆن یەکەم جار ناوی کاک هاشمم بێست و چۆن یەکەمجار بێنم و لە کوێ بێنیم.

٣٢ ساڵ بەر لە ئێستا لە ناوچەی خواکورک هەلکەوتوو لە ٣سنوور لە گەڵ پۆلێک لە هاوڕێیانم گوێمان لە رادیۆ دەنگی کوردستان گرتبوو، کە بەرنامەی ٢٥ی گەلاوێژی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی بڵاو دەکردەوە. لەو ڕێ ورەسمەدا شاعیری گەورەی نەتەوەکەمان شێرکۆ بێکەس بەشدار بوو. کاتیک چووە پشت تریبوون شیعرەکەی بە ناوی تاجی خویناوی پێشکەش بە کاک هاشمی کەریمی کرد، خۆی گوتەنی بۆ هاوڕێم هاشمی کەریمی. ئەمن بەم جۆرە بۆ یەکەم جار ناوی کاک هاشمم بێست. دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەر چوومە ئارشیوی رادیوو دەنگی کوردستان و داوام لە کاک مەنسوور خوسرەوی کرد کە ئەگەر بتوانی کاسێتی ئەم ڕێورەسمە بدۆزیتەوە کە من بتوانم ئەم شیعرە ڕیکورد بکەم و وەک دیاریەک بۆ ئەم ڕێ و ڕەسمە بنیرم. بە خۆشیەوە شیعرەکەمان دیتەوە و ناردمان، هیوادارم کاک هاشم بە دڵی بێت. ٣ - ٤ مانگ دواتر کاتێک بۆ مەئموورییەت لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکرات بووین لەگوندی گەورە دێی، هەڵکەوتوو لە ناوچەی شارباژێری باشووری کوردستان، ڕوژێک بۆ سەردان چوومەکتێبخانەی بنکەی دەفتەری سیاسی، کتێبخانەیەکی بچووکمان هەبوو لەم شوێنە بۆ

یەکەمجار کاک هاشمم بینی کە بەو جل وبەرگی پێشمەرگانەوە کەزۆرتر بەم تێپەی دەناسرایەوە، واتە بە جامانە و پەستەکەوە. بە خوێندنەوەی کتێبێک مەشغوول بوو، سەری بە سەر کتێبەکەی داگرتبوو و واهای تێدا ون ببوو کە ئاگای لە کەس نەبوو کە کێ دێتە ژوورە کێ دەرواتە دەرێ، زۆرم بەلاوە سەرنج ڕاکێش بوو بە ئاسپای پرسیم ئەوە کێیە؟ کوتیان کاک هاشمی کەریمی یە. لەم کاتەوە دوور و نیزیک شانازی دۆستایەتیم لە گەڵ کاک هاشمی کەریمی هەیە.

زۆر لایەنی ژیانی سیاسی کاک هاشم جێگای ڕامان و لێ وردبوونەوەیە، بەڵام ئەمن پێمخۆشە لەو ماوە کورتەدا کە بۆ من تەرخان کراوە لە سەر ڕەهەندێکی ژیانی سیاسی کاک هاشم وردبمەوە. ئەویش ئینتخابی سیاسی کاک هاشمە واتا گرینگترین ئینتخابی ژیانی سیاسی کاک هاشم،

سالی ١٣٤٦ (١٩٦٧) کاک هاشم بۆ درێژە پێدان بە خوێندن دەچێتە زانکۆی تاران، ئەو کات زانکۆی تاران یا زانکۆ بە گشتی لە ئێراندا تەنیا سەنگەرێک بوو کە رژیمی حەمە رەزا شا نەیتوانیبوو داگیری بکا. زانکۆ ئەوکات ناوەندێک، کانوونیکی گەرم و گوری چالاکیی سیاسیی بوو. هەر ئەوندە بەسە بلێم کە زۆربەی ڕێبەرانی ئەو گرووپ و سازمانانەی کە لەم ساڵاندا پێکهاتبوون و بە خەباتی چریکی رژێمییان بە چالش کیشابوو یا خوێندکاری زانکۆ بوون یا دەرچووی زانکۆکانی ئێران بوون. زانکۆ لەم هەل و مەرجەدا لەم سات و کاتانەدالە ژێر کاریگەری گوتاری ئەوساڵانەدابوو واتە ساڵەکانی دەیەی ٦٠ی زایینی ،ئەودەیە تۆفانییەی کە بەوتەی هابزباوم گوفتمانی شۆڕشگێری و ڕادیکالیزم تێدا زاڵبوو، ئەو دەیەی کە چەشنیک لە روحی خەباتگێری هەموو دنیا و بە تایبەت جیهانی سێهەمی گرتبووە، لە خەباتی ڕەشپیستەکانی ئەمریکایە، بۆ مافی مەدەنی خۆیان را بگرە تا ڕاپەرینی خوێندکاران لە پێتەختی وڵاتەئوورپایەکان و بە تایبەتی لە پاریس، و تا بە لووتکە گەیشتنی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی ژێردەستە لەچەنگی کۆلونیالیزم کە تێیدا ڕێبەران و سیمبوولەکانی وەک کاسترۆ ،چگوارا، هۆشیمینە، جیاب بوون بە سیمبوول و نمادی نەسلی ئەو کاتی خەباتگێرانی جیهانی سێهەم. مەسعوودی بیهنوود وەسفێکی جوان لە کەش و هەوای سیاسیی، ئەو سەردەمانە بە دەستەوە دەدا، لە گەڵ گلەیەک کە لە نەسلی ئەو کاتی هەیەتی، دەلێت: لەم ساڵانەدا ئەم نەسلە بێ ئەوەێ شتیک لە میژووی میرزا کوچک خان بزانێ هەموو کوچە و کولانەکانی هاوانا شارەزا بوو، هەموو یارانی کاسترۆی بە نێوی بچووک بانگ دەکرد دەیزانی کاسترۆ و چەگوارا لە سەر چی کێشەیان هەیە ،لە سەر چی ناکۆکن. کۆنگۆی وەکوو ئاو لەبەر بوو، ئەوەندەی دوژمنی مووسا چومبەبوو ئەوەندە هی سپەهبوود زاهیدی نەبوو، ئەوەندەی لومۆمبا و عەبدولناسر خۆشدەویست، ئاگای لە حاڵ و هەوای موسەدیق نەبوو. لەم کەش و هەوا سیاسییەدایە کاک هاشم هەڵبژاردنیی سیاسیی خۆی دەکات واتە گرینگترین ئینتخابی سیاسی کە چارەنووسی سیاسی ئەو بە ئاقارێکی دیکەدا دەبات. لەم ساڵاندا و لەم فەزایدایە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبژێرێ لە ساڵی ١٣٥٠ واتە ساڵی ١٩٧١. دیقەت بفەرموون ئەو دەقیقەن چەند مانگ دوای رووداوی سیاهکەل ئەم هەڵبژادنە دەکا، ئەو رووداوەی کە لە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٤٩ روویدا، ئەم رووداوە جەزابییەتی ئەم رێکخراوە

چەپانەی ئەوەندەی تر زیاد کرد کە بەرهەمی ڕەوتێکی چەپی نوێ بوون کە سنوور بەندی لەگەڵ حیزبی تودە دەکرد و تاکتیکی موبارزاتی نوێی هەڵبژارد بوو. هەر لەم کەش و هەوایەدایە کە بۆ یەکەم جار گەراکانی ڕێکخراوێکی سیاسی چەپی کورد نەک کوردی چەپ پێکدیت. کاک هاشم لەم هەل و مەرجەیی دا کە ڕێکخراوە چەپەسەراسەرێکان گێژاو و تەندوراوێکیان دروست کردبوو و لاوان و خوێندکارانی سیاسیی کوردیان لول دەدا، ئەو حیزبی دێموکراتی کوردستان هەلدەبژێری ئەم هەلبژاردنە، ئەم ئینتخابە بە چ مانایەک دیت، بەو مانا دێت کە کاک هاشم پرسی نەتەوەکەی پێ ئەساسیترین و بنەرەتیترین پرسی سیاسی کومەڵگایەکەیەتی، واتە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆ ئەو لە ئەولەوییەتدایە و چارەسەری ئەم پرسەی پێ لە سەروو هەموو پرسەکانی دیکەیە. بە پێچەوانەی ئەو بۆچونانەی ئەو کات کە باو بوو و پیان وابوو کە پرسی سەرەکی و کیشەی سەرەکی کومەلگای کوردستان تەزادی کار و سەرمایەیە یا تەزادی خەلک و ئیمپریالیزمە. کاک هاشم بەم ئینتخابەی خوّی ئەمە دەسەلمینێ کە پرسی نەتەوایەتی نە لە کاناڵی خەباتی چینایەتی وە تیناپەری و نە تابعێکە لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی. بە جورئەتەوە دەتوانم بلێم کاک هاشم تەنیا خوێندکاری سیاسیی کوردە لەم هەل و مەرجەدا کە ئاوی لە ئاشی ڕێکخراوە چەپە سەراسەرێکاندا نەکرد، ئەو ڕێکخراوانەی کە سەرەوری خاکی ئیرانیان بەلاوە پیرۆز و موقەدەس بوو.

ئێستا لە سەرلایەنیکی دیکەی ئەم هەڵبژاردنە هەڵوێستەیەک دەکەم : کاک هاشم لە چ هەل و مەرجێکی سیاسیدا لە چ بارودۆخیکدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی هەلبژارد، ئەو لە کاتیکدا بە تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیوەست دەبێ کە فەزاکە، فەزایەکی تەواو پولیسی و خەفەقانێکی سیاسی توند، لە ئارادایە، تارمایی ساواک سەر بە هەموو کەلین و قوژبنیکدا دەکیشێ و کورد گوتەنێ کەڵ بە موو بەند بوو. کاک هاشم لە هەل و مەرجیکدا ئەو ئینتخابە دەکا کە هیشتا حیزبی دیموکراتی کوردستان کەمەری لە ژیر باری شکستی قورسی جولانەوەی ٤٦ - ٤٧ دا راست نەبووە، ئیستا کاریگەریەکانی رەوانی ئەو شکستە نەرەوییوونەوە. کاک هاشم لە تەنگانەدا نەک لە فەرعانەدا بە تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیوەست دەبێ و ئەم هەڵبژاردنە هەزینە بەرداره بوو،حیزبی دیموکرات، حیزبێکە فەعالیتی قەدەغەیە، حیزبێکە دوورخراوەتەوە لە تەبعید دایە و بە راستی کاک هاشم تێچووی ئەو ئینتخابەشی دا. ئەو لە ئاکامی چالاکیی لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا شار ومالّ و کار و ژیان و هەموو شتێکی بە جێ دیلێ و ئاوارەی هەندەران دەبێ.

تایبەتمەندێکی دیکەی ئەم هەلبژاردنە: کاک هاشم بەو ئینتخابەی خوێ نەیهیشت پێوەندەی خویندکار و حیزبی دیموکرات، زانکۆ و بزووتنەوەی کورد بپچرێ. ئەو پیوەندەییەی کە لە سەرەتای دەیەی ٦٠ زایینی بە هوّی کاک سەلاحی موهتەدی و زیندوو یادان کاک سمایل شەریفزادە، کاک حەمەدمین سراجی و کاک عەلی حەسەنیانی دروست ببوو.



سەرچاوە
Serchawe

کاک هاشم دەڵێ: ئەگەر کاتیک بەرنامەی حیزبی دیموکراتم بەدەست گەیشت، بەلامەوە بەرنامەیەکی چەپ و پێشکەوتووخواز بوو یانی کاک هاشم تەنیا لە بەر ئەوەی کە کێشەی نەتەوەکەی بۆ حیزبی دیموکرات لە ئەولەویتدایە ئەو حیزبە هەڵنابژێری، راستە بە پلەی یەکەم کوردایەتی بۆ کاک هاشم گرینگە بەڵام ئەو بە نیسبەت دابین کردنی عەداڵەتی کومەڵایەتی، نیسبەت بە پرسی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکەشی بێ تەفاوەت نییە. دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەمیشە بۆ کاک هاشم دەغدەغە بووە، ئەو بەرنامەیەی کاک هاشم دەیبینێ و دەیخوێنیتەوە و بە لایەوە سەرنج راکێش و جێگای پەسەندی دەبێت لە کونفرانسی سێهەمی حیزب لە سالی ١٣٥٠پەسەندکرا و چەند مانگ دواتر دەگاتە دەست کاک هاشم. کونفرانسی ٣ لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگە چون کۆتایی بە دەست رویشتی و بالا دەستی باڵی راستی حیزبی دێموکراتدا هێنا کە نیزیک بە ١٠ ساڵ بوو بالا دەست بوو. بالی چەپ لەو کونفرانسەدا توانی بەرنامە و بۆچوونەکانی خۆێ بچەسپینێ و بۆ یەکەم جار حیزب دەبێتە خاوەن بەرنامە و پیرەوێکی موشەخەس و کۆنکرێت و لەئامانجە گشتییەکانی بەرنامەی حیزبدا سۆسیالیزمی دادپەروەر وەک ئامانجی دوارۆژ دیاری دەکرێ.

ئامادە بووانی بەرێز... لەو رۆژەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دایک بووە و تەنانەت پێش ئەو کاتیش لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافەوە هەتا ئەمرۆ، هێڵێکی سووری چالشی (ململانێی )لە نێوان چەپ و راستدا بە هەموو مێژووی ئەو حیزبدا تیدەپەری. کاک هاشمی کەریمی لەو کاتەوە کە بۆتە ئەندامی حیزبی دینوکراتی کوردستان واتە لە ساڵی ١٣٥٠ یانی نیزیک بە ٥٠ ساڵ لەوە پێش لەم ململانەیەدا لەم تەقابولەیدا هەمیشە لە بەرەی چەپ و سکولاری ئەو حیزبەدا بووە، ئەمەش بە شاهیدی کۆنگرەکانی حیزبی و نووسراوە و بەرهەمەکانی. بەڵام کاک هاشم چ جۆرە چەپێک بووە؟ ئەو چەپێک بوو کە پێ وانەبوو کە تێورییەکانی مائۆتسەدۆن و ئەزموونەکانی شۆرشی چین لە دێهات و شاخە روتەڵەکانی کوردستان پیادە دەبێ ونە دوارۆژی گەشی کوردیشی لە یەکیەتی سوڤیەتدا بەدی دەکرد. هەر بۆیە کاتێک سوسیالیزمی مەوجود لە بەر یەک هەلوەشا و یەکیەتی سوڤیەت لە سالی ١٩٩١ هەرەسی هێنا و چەپ تووشی شکست و سەرلێشێواوی بوو، کاک هاشم توشی شۆک نابێ، ئەو نە تێزەکەی فوکۆیامای بە هیند گرت کە پێی وابوو کۆتایی مێژوویە، هەر بۆ خۆشی فۆکۆیاما لەم بۆچوونەی خۆی پەشیمان بووە و نە پێی وابوو کە ئەمە سوسیالیزمێکی واقیعیە، سوسیالیزمیک راستەقینەیە کە توشی شکست و هەرەس بووە بەڵکوو ئەزموونیکی سوسیالیزمە، نەوعێک سوسیالیزمە کە تووشی شکست بووە، واتە سوسیالیزمیکی دەوڵەتییە کە لەبەرێکهەڵتەکاوە.

تایبەتمەندیکی گرینگی کاک هاشم ئەمەیە کە قەت چەپێکی دوگما و وشک و ئایدۆلوژیک نەبووە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ئیدیعایە کۆنگرەی ٦ حیزبی دێموکراتی کوردستانە لە سالی ١٣٦٢ واتە ١٩٨٣ کە تێیدا بیرۆکەی سوسیالیزمی دێموکراتیک هاتە ئاراوە. سوسیالیزمی دێموکراتیک خوێندنەوەیەکی نوێ بوو لە سوسیالیزم کە جیاواز بوو لەو خوێندنەوانەی کەلە ئێران و کوردستان باو بوون. کە تێیدا سنوور بەندی لە گەل سوسیالیزمی مەوجوود و ستالینیزم دەکا و

تێیدا سنوور بەندی لە گەل سوسیالیزمی مەوجوود و ستالینیزم دەکا، پێداگرەلە سەرپێگەی دیموکراسی و هەر چەشنە دیکتاتۆریک لە ژێر هەر ناوێکدا ڕەت دەکاتەوە. کاک هاشم لە گەڵ خاڵی سێهەمی ئەم خوێندنەوەیە کێشەی هەبوو واتە ڕەخنەگری بوو، ئەو پێی وابوو لە قوناغی تێپەرین لە ئینقلابی میللی دێموکراتیک بۆ قوناغی سوسیالیزم دەبێ تەعامولەکە لە گەل ماشینی دەولەتی سەرمایەداری تەعاموولێکی جیددی و لێبڕاوانە بێ، بەڵام کاک هاشم دواتر بەم بۆچوونەی خۆشیدا چووە، کە ئەم پێداچوونەوەیە، پێداچوونەوە بوو بە سەریەکێک لە پرنسیپەکانی لینینزم. بۆیە ئێستا ئەگەر بمهەوێ پێناسەیەک بۆ کاک هاشم بکەم دەتوانم بلێم کاک هاشم ئەو کەسایەتیە سیاسییەی کوردە کە لە پێشدا کورد بووە و دواتر چەپ، بەڵام چەپێکی دیموکرات، چەپێکی نۆیخواز.

ئەمن لێرەدا کۆتایی بە قسەکانم دینم پێمخۆشە سپاستان بکەم کە گوێتان بۆ راگرتم سپاس بۆ بەرێوەبەران و ئامادەکارانی ئەو ڕێورەسمە دەست خۆشی لە ئیبتکارەکیان دەکەم و سەرفرازی و لەش ساغی بۆ کاک هاشمی کەریمی دەخوازم.

سەرچاوە: نامیلکەی ڕێزگرتن لە کاک هاشم کەریمی



سەرچاوە
Serchawe

## یادی ٥٠ ساڵەی ڕاپەڕینی ٤٦ - ١٣٤٧ لە وتووێژی "کوردستان" لەگەڵ سمایل بازیاردا



دیمانە: عەلی بداغی

**سمایل بازیار:** ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی کوردستان‌یان تێکەڵ بەو روحی خەباتگێڕی‌یە کرد کە لە شەستەکان‌دا لەسەرتاسەری جیهان وەڕێ کەوتبوو

بانەمەڕی ئەمساڵ نیوسەدە بەسەر بڕگەیەکی گرینگی مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و ڕاپەڕینی سیاسیی کورد لە ئێران ڕادەبڕێ. لە بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی‌داو لە گەرمەی شەڕی ساردو هێمنی‌یەک کە حەمەڕەزاشای پەهلەوی بۆ خۆی‌و دەسەڵاتەکەی دانابوو، چەخماغەی ڕاپەڕینێکی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لێ‌درا کە ئەو گۆمە مەندەی شڵەقاند. جووڵانەوەیەک کە باوەڕو وەی بە ڕوحی خەباتگێڕیی کوردو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا کردەوە.

ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ ئەگەرچی تەنیا ١٨ مانگی کێشاو بەهۆی هەلومەرجی سەختی خەباتی چەکداری لەو کاتداو ناهاوسەنگیی هێز تێکشکا، بەڵام کاریگەری‌یەکانی ئەو جووڵانەوەیە تا ئێستاش لەسەر بیرو ئەندێشەی خەباتکارانی سیاسیی کورد درێژەی هەیە.

عەلی بداغی: لە وتووێژێکدا لەگەڵ سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیەو ئەندامی پێشووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات باسی لە چەند ڕەهەندێکی ئەو ڕاپەڕینە کردوە:

**سمایل بازیار:** ٥٠ ساڵ دوای ئەو ڕاپەڕینەی ساڵانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی لەلایەن تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتەوە لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی وەڕێخرا، بە ڕوانینی مێژوویی چۆن پێناسەی ئەو ڕووداوە دەکرێ؟ ئەوە ڕاپەڕین بوو؟ جووڵانەوە بوو؟ یان حەرەکەتێکی سنوورداری نیزامی؟

ئەوەی باسی دەکەی لە زۆر جێگاو سەرچاوەدا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، تەنانەت لە هەندێ جێ ناوی «شۆڕش»یشی لێنراوە. چونکی شۆڕش بریتییە لە ئاڵوگۆڕێکی قووڵو بنەڕەتی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری‌و کلتووری‌و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا. ئەمن لە نووسراوەی ئاکادمیکیش‌دا دیتوومە کە بە شۆڕشیان ناوبردوە کە ئەوە ناتوانێ دەقیق‌و لەجێی خۆی‌دا بێ. بەرامبەر بەوەش هەیە کە دەیانەوێ زۆر بچووکی بکەنەوە، یانی بە ماجەراجوویی‌و سەربزێویی ناو دەبەن. هەڵبەت وەک گوتم ڕوانگەی جۆراوجۆر هەیە لەو بارەوە. ئی واهەیە عاتفی چاوی لێدەکا و زۆری گەورە دەکاتەوە، ئی واشە دەیەوێ بچووکی بکاتەوە. بەڵام دەکرێ بڵێین ڕاپەڕین بووە، چونکی ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەزم‌و ئیرادە پێوەندیی هەیەو پشتئەستووت بە فیکرو ڕێکخستنە. ڕاپەڕین بنەماکەی بۆ ئاگاهی‌و تێفکرین دەگەڕێتەوەو لاوەکان لە ڕاپەڕیندا دەوری سەرەکی دەبینن؛ چونکە ئارمانگەراو رادیکاڵن‌و بە گژ زوڵم‌و ستەم‌و چەوسانەوەدا دەچنەوە.

ئەم تایبەتمەندی‌یانە بە تەواوی لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦-٤٧دا دەبیندرێ. بە تایبەتیش کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆری پەرە نەگرتو تەواو نەبووە جەماوەری. بۆیە بە ڕاپەڕین ناوهێنانی ئەو حەرەکەتە دەکرێ لە چەمکو زاراوەکانی دیکەی وەک شۆڕش، ڕاپەڕینو... دەقیق‌تر بێ.

**عەلی بداغی:** ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە کێ بوون؟ سەر بەکام ڕەوتی فیکریی حیزبی دێموکڕات لەو کاتەدا بوون؟

**سمایل بازیار:** ئەوانەی ڕێبەرایەتیی ئەو ڕاپەڕینەیان کرد تەرکیبێکن لە کۆمەڵێک خوێندکارو ڕووناکبیری شاری، وەک سولەیمان موعینی کە ساڵێکی لە زانکۆی تاران خوێندبوو، سمایل شەریف‌زادە کە دواساڵی خوێندنی لە بەشی ئەلەکترۆنیک زانکۆی تاران بوو، حەمەدەمینی سیراجی کە ڕشتەی «حقوق»ی لە زانکۆی تاران تەواو کردبوو، سالار حەیدەری کە خوێندکار بوو ئەویش لە سەرەتاکانی جووڵانەوەدا لەگەڵ بوو. کاک عەبدوڵڵا موعینی ڕێبەرێکی دیکەی جووڵانەوەکەیە کە دیپلۆمی بووە و بێ ئەوەی بیەوێ بچێتە زانکۆ دێتە ڕیزی جووڵانەوەکە. بە گشتی ئەوان ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینەن.

**عەلی بداغی:** ئەدی مەلائاوارە؟

**سمایل بازیار:** مەلا ئاوارەش یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینە بوو کە پێگەیەکی ئایینی هەبوو، مەلایەکی ناوچەی

سەردەشت کە لە حوجرەدا پێگەیشتووە، هەڵبەت ئەو بەو مانایە نییە کە چونکی زانکۆ نەچووە تێگەیشتنی سیاسیی نەبووبێ، پێچەوانە کەسایەتییەکی وشیاری سیاسیو مایەی بەهێزی ئەدەبیی هەبوو. شێعری «توتنەوان»ی ئەو جوانترین تەعبیرە لە مەینەتیو نەهامەتییەکانی جووتیارانی چەوساوە. بەڵام دەتوانین بڵێین کە زۆرینەی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە توێژی خوێندکارانو ڕووناکبیرانی شار بوون. بەڵام زۆرینەی هێزەکەیانو بەدەنەیان لە جوتیاران، خەڵکی ئاساییو گوندنشینەکان پێکهاتبوون.

**عەلی بداغی:** ئەو کەسانەی ناوت هێنان یەکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕات بووە لەو کاتەدا، مەبەستم کاک سولەیمان موعینییە. دەمەوێ بپرسم ئەو ڕاپەڕینە چەندە وەڵامدانەوە بە زەرووڕەتێکی تاریخی لە سەر بەستێنێکی سیاسیی گونجاو و چەندە دەراوێشتەی قەیرانێکی تەشکیلاتیی حیزبی دێموکڕات بوو؟

**سمایل بازیار:** کاتێک باس لە دیاردەیەک دەکەین ناکرێ «تەک سەبەبی» بۆی بچینو هەر فاکتەرێک بەبەڵگە بێنینەوە. بۆ خوڵقانی هەر ڕووداو و دیاردەیەک ئەوە کۆمەڵە فاکتەرێکن دەست دەدەنە دەستی یەکتر، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئێمە چۆنیان ئەولەوییەتبەندی دەکەین. ئەوە کە کامەیان فاکتەری سەرەکییە؟ هەموو ئەوانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەو ڕەوتە بووبێ؛ بەڵام بێگومان هۆکارێک قورساییو وەزنی زۆرترە لەوانی دیکە.

لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە باسی ئەو جووڵانەوەیە کراوەو کێشەکە یان جیاوازیی بۆچوونەکان لەو ئەولەوییەتبەندییەڕا سەرچاوە دەگرێ. ئی وایە دەڵێن ئەوە هەلومەرجی باشووری کوردستانو بارودۆخی شۆڕشی ئەیلوولە کە شوێنکاری لەسەر جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ داناوە. ئی واهەیە ئەو فشارانەی ڕاپەڕینی سیاسی لە باشووری کوردستان خستوویەتە سەر چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتو دەرەتانی تێکۆشانی پێنەداون، ئەوە بووەتە هۆی هەڵگیرسانی ئەو جووڵانەوەیە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هێندێکی دیکەش دەیبەستنەوە بە قەیرانی نێوخۆییو کێشە نێوخۆییەکانی نێو حیزبی دێموکڕات. تەنانەت ئی واهەیە کە دەڵێ ئەوانە لە حەیفان خۆیان بە کوشتن داوە کە ئەمە ئیدی سەرسووڕهێنەرە بۆچوونی لەم چەشنە.

**عەلی بداغی:** بەڵام ئەو کێشە و ناکۆکییانە بووە، تەنانەت لە پێش کۆنگرەی ٢ی حیزبەوە بووە، کۆمیتەی ساغکەرەوەی لێ کەوتۆتەوەو درێژەی بووە.

**سمایل بازیار:** وایە، ئەوە دەزانم، بەڵام هێندێک کەس دەڵێن ئەوەیان بەسەردا سەپاوە، کە دیارە ناکۆکیو تێبینیی من تایبەت لەسەر ئەو خاڵەیە. ڕاستە ئەوانەی ئاماژەم پێکردن کەمو زۆر کاریگەرییان لەسەر بووە. بەڵام ئەوەی دەڵێ

ئەوەیان بەسەردا سەپا ئەوە غەدرە، چونکی فاکتەڕی گرینگی باوەڕو ئیرادەیان لێ زەوت دەکا. چونکی ئێمە دەبینین هەر لەو کاتەدا بەشێکی زۆری ڕێبەریو کادرو پێشمەرگەی حیزب هەر لە باشوور ماونەتەوەو کێشەو گرفتیشیان نەبووە.

**عەلی بداغی:** ئەمەیان ئی ئەو نەبووە کە ئەو بەشە لە بنەڕەتدا کێشەیەکیان دروست نەکردوە بۆیە کێشەشیان نەبووە؟

**سمایل بازیار:** بەڵێ وایە، ئەوانەی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ یان وەرێخست ئەوانیش دەیانتوانی وەک ئەوان بێکێشە دانیشنو فارس گوتەنی « آهسته بیا، آهسته برو». بەڵام ئەوان نەیانتوانی بەو شێوەیە دابنیشنو هیچ نەکەن. دیارە ئەوانیش کێشەی خۆیان بووە بەڵام وانەبووە کە ئەوەیان بەسەردا سەپابێ. هۆکاری سەرەکیی ئەوە دەبێ لە کەشو هەوای سیاسیی ئەو کاتدا بۆی بگەڕێی. ناکرێ ئەو دیاردەیە لە دۆخی ئێستادا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەی، دەبێ بگەڕێیەوە کاتی ڕووداوەکانو بزانی لە چ هەلومەرجێکدا سەری هەڵداوە.

جارێ با لە پێشدا با سەیری ڕەوتی ڕووداوەکان لەو کاتی ئێراندا بکەین، با بزانین لە ئێران دەرەتانی چالاکییەکی ئاسایی هەیە؟ بە تایبەت دوای ئەوەی کرانەوەیەکی سیاسی لە ساڵەکانی ١٣٣٩ تا ١٣٤٢ بەهۆی فشاری ئەمریکا بۆ ناچارکردنی ئێران بە هەندێ چاکسازی دروست ببوو. عەلی ئەمینی، سەرۆک وەزیری ئەو کات هەندێ دەرەتانی سیاسی بۆ خەڵک کردبۆوە کە تێیدا بەرەی نیشتمانیو ئەوانە دەستیان بە چالاکی کردبۆوە. لە کاتی جوڵانەوەی ٤٦ - ٤٧دا ئەو قۆناغە کۆتایی هاتبوو، ئەو دەرەتانە بچووکەش نەمابوو، بەتایبەت دوای ئەوەی لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ هەرای خومەینیيان سەرکوت کرد. ئیدی دوای ئەوە مەجالێک بۆ چالاکیی سیاسی نەما. مهەندیس بازرگان قسەیەکی جوانی هەیە لەو کاتدا. ئەو کە ئەندامی ڕێبەریی نێهزەتی ئازادی بوو لە کاتی دادگاییکردنیدا بە دادستانەکەی دەڵێ: «ئێمە ئاخرین کەسانێکین کە دەمانەوێ لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتیدا خەباتو تێکۆشانمان هەبێ.» ئەو کە بۆخۆی لە نێو کۆمەڵگاو لە هەناوی ڕووداوەکاندا بووە، پێشبینیی ئەوە دەکاو دەڵێ ئێمە ئاخر نەسڵین. نەسڵەکەی دیکە دەست بۆ چەک دەباو لە ڕێگەی دیکەوە خەبات دەکا، واتە لە ڕێگەی توندوتیژییەوە.

**عەلی بداغی:** یانی دەفەرمووی دۆخی سیاسیی ئەو کات ئەو شێوازەی بەسەردا سەپاندن یان ئیلهامیان لە شتێکی دی وەردەگرت؟

**سمایل بازیار:** دەمەوێ بڵێم هەلومەرجێکی ئاسایی و یاسایی بۆ تێکۆشان لەبەردەستدا نەبووە، ئەوە یەکەم. دواتر با سەیرێکی ڕەوتی ڕووداوەکان لە ناوچەو جیهان بکەین. دەیەی ٦٠ی زایینی کە ئەو جووڵانەوەیەی تێدا کراوە دەیەیەکی زۆر تایبەتییە لە سەدەی بیستەمدا. ئێریک هابزباوم بە دەیەی ڕادیکالیزمو شۆڕش ناوی دەبا. لە دەیەی ٦٠دا لە زۆر شوێنی



سەرچاوە
Serchawe

دنیا رادیکالیسمو شۆڕشو ڕاپەڕین دەستی پێکردوە. چاو لێکە تەنانەت لە ئەمریکا لە دەیەی ٦٠ دایە کە ڕەشپێستەکان بە ڕێبەرایەتیی مارتین لوترکینگ بۆ مافە مەدەنییەکانیان ئاوا چالاکانە دێنە پێشێ. ئەوجار وەرە ئورووپا و سەیری بزاوتە خوێندکارییەکان لە پێتەختی وڵاتانی ئورووپایی بکە، بزانە چۆن لە پاریس پاشەکشە بە «دوگول» دەکا. لە جیهانی سێیەم بە تایبەت ئەوە بەرچاوترە. لە ڤیتنامڕا بگرە تا دێتە فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا دەچێتە ئەفریقاو تەنانەت ئەمریکای لاتین. بە دەیان وڵات لەو دەیەدا زنجیری کۆلۆنیالیسمو دیلیان پساندو هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیای سیاسیی وڵاتان. لەو دەیەدا خەباتی ڕزگاریخوازی دەگاتە لوتکەی خۆی. ئەوەی جالبە، ئەوەی لایەنگرانو هەروەها دژبەرانی ئەو جووڵانەوەو بزاوتانەی سەرسام کردبوو ئەوەیە کە ئەوەندەی تۆمار کراوەو ئامارەی دراوەتێ نیزیک بە٣٢ حاڵەتو جووڵانەوەو بزاوتی چەکداری هەیە لە دنیادا. مەسەلەن ڤیتنامییەکان کە پێشتر فەڕانسەوییەکانیان تێکشاندبوو، لەو دەیەدا ئەمریکایان بە تەواوی بە «چالش» کێشابوو. فەلەستینییەکان هەروەها. سەیر کە بزانە چۆن ئەلجەزایرییەکان هەر لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە فەڕانسەوییەکانیان لە وڵاتانی خۆیان دەرکرد، سەرکەوتنی شۆڕشی کوبا، شۆڕشی چین هەر لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە بوو، گۆڕانکارییەکان لە ئەمریکای لاتین. ئەو رادیکالیسمەو ئەو پەنا بۆ چەکبردنە کاریگەریی زۆری لە سەر ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ بووە. هەر لە کوردستانی خۆشمان، لە باشووری کوردستان ئەوکات خەباتێکی چەکدارانەی بەهێز هەیەو هەموو ئەوانە کاریگەریی لەسەر ئەوان بووە. جا کە سەیر دەکەی دەبینی زۆربەی ڕێبەرانی جووڵانەوەکە کەسانێکی لاون، پێشینەیان لە خەباتو بزاوتی خوێندکاریی ئێران لەو ساڵانەدا هەیە، ئەوانە هەموو کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەو بڕیارەکانی ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیەدا هەبووە.

**عەلی بداغی:** بەشی هەرە زۆری ئەو بزاوتانەی جەنابت باست کرد لەچین، لە ئەلجەزایر، لە ڤیتنامو لە ئەمریکاش سەرکەوتن بە تایبەت لە کوبا؛ بەڵام لە کوردستان نا. هۆکارەکەی چییە؟ ئایا ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ لە لێکدانەوەکانیاندا بەهەڵەچوبوون؟ ئایا ئیحساسی بڕیاریان دابوو؟

**سمایل بازیار:** ئێمە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو بابەتە دەبێ بگەڕێینەوە کەشوهەوای سیاسیی دەیەی ٦٠ کە جۆرێک لە ڕوحی خەباتگێڕی هەموو جیهانی گرتبۆوە، لە ئورووپا، لە جیهانی سێیەم بە ئەمریکاشەوە. ئەو ڕوحە خەباتگێڕییە کاریگەریی خۆی لە هەموو جێیەک داناوە. لە ڕاستیدا سەرکەوتنی کوباییەکان لە کوبا لە ڕێگای خەباتی چەکدارییەوە بوو. ئەو سەرکەوتنە بوو ئولگوو، بوو بە ئیلهامدەری زۆر لە شۆڕشگێڕەکان، لە لاوە ڕادیکاڵەکان لە زۆر وڵاتان جا لە ئاسیا، لە ئەفریقاو لە ئەمریکای لاتینو شوێنەکانی دیکەش.

هەلومەرجی کوبا جۆرێک بوو زۆر ڕاحەت بە دەستیانەوە هات. ئەوان ١٩٥٧ لە چیاکانی «سیرا مائێسترا» دەستیان پێ کردو لە ١٩٥٩ سەرکەوتن. ئەو سەرکەوتنەوە و بەدەستەوەهاتنەوە بووە ئیلهامدەری زۆر ڕاپەڕینەکانی دیکە کەچی لە زۆر

جۆیان ئەمە سەرکەوتنی وەدەست نەهێنا. هەر یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەی کوبا کە بەناوبانگەو هەموومان دەیناسین، چێگوارا. ئەو ویستی عەینی ئەو شێوازە لە بۆلیوی کۆپی بکا بەڵام نەیتوانی، بۆ خۆیشی لەوێ کوژرا.

جا بێ ئەملاوئەولا ئەوە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر بیرکردنەوەی ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧. تەنانەت لە ئێرانێشدا ئەم کۆپیکردنە لە شۆڕشی کوبا کرا، ئەوەی سازمانی چریکەکان لە سیاهکەل لە ساڵی ١٣٤٩ کردیان، دیارە ئەوانیش تێیدا سەرکەوتوو نەبوون. بۆیە ئەمن ناڵێم ئەوان ئیحساسی جووڵاونەتەوە، بەڵام لە لێکدانەوەکانیاندا ئەو وردبینییە پێویستەیان نەکردبوو. دەمەوێ بڵێم عونسوری ئیحساس لە وەرێخستنی ئەو جووڵانەوەیەدا زۆر لاوازەو ئەوەی پتر تۆخو دیارە باوەڕبەخۆبوونو ئیرادەخوازیی ئەوانە.

**عەلی بداغی: دەکرێ وەک نموونە بەڵگەیەک لەو پێوەندییەدا باس بکەی؟**

**سمایل بازیار:** بەڵگە زۆرن. تۆ کە نامەیەکی کاک سولەیمان موعینی دەخوێنییەوە کە دێکۆمێنتەو هەیە، بۆت دەردەکەوێ کە لە لێکدانەوەی هەلومەرجی کوردستاندا دیققەتی تەواویان نەکردوە. چونکی لە نامەکەدا وا باس دەکا کە هەلومەرج لەبارە، خەڵک پێیان پێوەست دەبێ و ئەوان تێیدا سەردەکەون. ئەوە ئیحساسی بوون نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین لێکدانەوەکانیان ورد نەبووە، لە سەر بارودۆخی کوردستان.

لەگەڵتم بۆ ئەوەیان. چونکی دەبینی ئەو جووڵانەوەیە لە بەشی گوندنشینەکانی کوردستاندا دەکرێ، لە شوێنێک کە چەند ساڵێکە ئیسلاحاتی ئەرزی بە فەرمانی شا کراوەو خەڵکی گوندی بوونەتە خاوەنی مەزراو مووچە. سروشتییە لەو هەلومەرجەدا کار بۆ ئەو شۆڕشگێڕانە سەختو دژوار دەبێ.

**ڕاست وایە. ئەگەر باس لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بکەین، یەکێک لە هۆکارەکانی دەتوانێ ئەوە بێ.**

دوایە وردتر دێینە سەر باسی هۆکارەکانی تێکشکانی ڕاپەڕینەکە، لێرە پرسیارێک دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕاپەڕینە هەڵگری چ گوتار و گوفتومانێک بوو؟ لە بنەڕەتدا ئەو جووڵانەوەیە تیوریزە کرابوو، گوتاری تایبەت بە خۆی هەبوو؟

لە ڕاستیدا ئەوان گوفتومانێکی تایبەتییان نەبوو. ئەوان زۆر بە خێراو بەپەلە کەوتنە ڕێکخستنی ڕاپەڕینەکە. تۆ سەیر بکە ئەو ساڵەی کە ئەوان دەستیان بە ڕاپەڕینەکە کرد، ئەو ساڵە بوو کە حەمەڕەزا شا تاجی پاشایەتیی لەسەر دانا.



سەرچاوە Serchawe

حەمەڕەشا لە ساڵی ١٣٢٠ دەبێتە شای ئێرانیو لەسەر تەخت دادەنیشێ بەڵام دوای ٢٦ ساڵو لە ساڵی ١٣٤٦دا تاجگوزاریی کرد. کاتێک کە هەست بە سەقامگیری دەکا. ئەو کات ئیدی ژاندارمی ناوچەکە بوو. ئەمریکا ئەو نەخشەی پێدابوو، یانی نەک خۆی هەستی تەواوی بە ئەمنیەتی خۆیو وڵاتەکەی دەکرد، بەڵکوو لە پێناو ئامانجی بەرەی ڕۆژاوادا خۆی بە پارێزەری ئەمنیەتی ناوچەکەش دەزانی. ئێمە دەبێ بیر لەوەش بکەینەوە کە جووڵانەوەکە لە چ کاتێکدایە، لە کاتی شەڕی ساردا. مەبەستم ئەوەیە کە تۆ بتەوێ بە گژی ڕێژیمێکی ئاوا بەو ئیمکاناتەو بەو جێگەو پێگەیە ڕاچی، دەبێ بە ئیمکاناتی زیاتر، بە وردبینیی زۆرترو بە دووربینیی باشترەوە دەست پێ بکەی. خۆئامادەکردنی زیاتری دەویست هەم لەباری فیکرییەوە، هەم لەبواری ماددیو لۆجستیکییەوە کارەکەیان زۆر کتوپڕ بوو، ئەوە رەخنەیەکە لەو ڕاپەڕینە دەگیرێ، جا ڕەنگبێ هەلومەرجی باشووری کوردستانیش وای لێکردبن کە پەلە بکەنو دەست ببزوێن.

با یەک شتی دیکەش لە سەر رێبەریی جووڵانەوەکە بڵێم. تۆ کە چاو لە نامەکانیان دەکەی، بەشی زۆریان کاریگەریی بیری چەپیان بەسەرەوە بوو، ئەویش چ جۆرە چەپێک، چەپی مائوییستی. ئەوان سەرسامن بە شۆڕشی چینو ئیلهاموەرگرتن لە ئەزموونەکانی شۆڕشی چینو بە تیۆرییەکانی مائۆ کە پێی لەسەر نەخشو دەوری گوندەکانو جوتیاران دادەگرت. ئەوەی کە دەیگوت ئاوردووی شۆڕش لە گوندەکان باشتر دەسووتێو گەمارۆدانی شارەکان لە رێگای دێهاتەکانەوە. شۆڕشی چین بە رێبەرایەتیی مائۆ لەو رێگایەوە سەرکەوت، پێگەی سەرەکییان گوندەکان بوون، ئەرتەشی سووری مائۆ زۆرینەی هەرە زۆری جوتیارەکان بوون، ئەوە کاریگەریی زۆری بەسەر بیرکردنەوەی زۆربەی رێبەرانی ٤٦ - ٤٧ەوە هەبوو، هەڵبەت حاشاش لەوە ناکرێ کە کاریگەریی بیری نەتەوایەتیش ئاوێتەی ڕاپەڕینەکەیان بووە.

**عەلی بداغی:** باشە بۆ ئەوان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بیری چەپ ئەویش لەو جۆرەی؟ بەڵگەی بۆ ئەوە چییە؟

**سمایل بازیار:** جیا لە تایبەتمەندیی رێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە کە باسمان کرد بەشێکی دیکەی هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێوەندییەی لە نێوان ئەوانو سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەدا هەبوو. سازمانی ئیقلابیی حیزبی توودە ئەم رێکخراوەیە بوو کە ساڵی ١٣٤٣ لە ئورووپا بەشێک لە جوانەکانی ئەو حیزبە پێکیان هێنابوو. دیارە هەندێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودەش وەک فرووتن و قاسمیو سەغایی لەگەڵیان کەوتبوون، بەڵام زیاتر کەسانی وەک موحسین ڕیزوانی، مێهدی خانبابا تێهرانیو کورش لاشاییو ئەو تیپە کەسانە لە حیزبی توودە جیابوونەوەو سازمانی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەیان پێکهێنا. ئەوانیش تەواو لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی مائۆدا بوون، ئەو کاتەی بەرەی سۆسیالیستی لە دنیادا ئینشعابی تێکەوت، یانی یەکیەتیی سۆڤییەتو چین ڕیزی خۆیان لە یەکتر جیاکردەوە، لە ژێر کاریگەریی ئەم ئینشعابە لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا لە نێو حیزبە کۆمۆنیستییەکاندا ئەو جیابوونەوەیە ڕوویان دا. ئەم رێکخراوەیەی ئینقلابیی حیزبی توودەش لەو چوارچێوەیەدا دروست بوو. ئەوان یەکیەتیی سۆڤیەتیان بە ریویزیونیسیت تاوانبار دەکردو

دەیانگوت ئەوان پێداچوونەوەیان بە بنەماکانی مارکسیزمو لینینیسمدا کردوە. جا ئەو ڕێکخراوانە باوەڕیان بە خەباتی چەکداری هەبوو و کاریگەریی مائۆییسمیان بەسەرەوە بوو. ڕێبەرانی جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧و ئەوانە پێکەوە پێوەندییان هەبوو.

بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی زۆربەی ڕێبەرانی خەباتکاری جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ چەپی مائۆییستی بوون بیرەوەرییەکانی یەکێک لە ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە کورش لاشاییە. کورش لاشایی لە ئورووپارا گەڕاوە، هاتەوە باشووری کوردستانو تەقریبەن دوو مانگیان لەگەڵ بووە. لەگەڵ کاک سمایل شەریفزادەو کاک حەمەدەمین سیراجیو ئەوان زیاتر لە دوو مانگ لە ناوچەدا جەولەی کردوە.

دوایە دەڕواتەوە ئورووپا کە دێتەوە ئی دیکەش لەگەڵ خۆی دێنێ، بەڵام ئیدی ڕاپەڕینەکە کۆتایی پێهاتوە، تەواو بووەو بەشێک لە ڕێبەرەکانی شەهید بوون. لە لابەلای بیرەوەرییەکانی کورش لاشاییدا تێڕوانینی چەپی مائۆئیستیی ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ دەبینریو بە تایبەتی لە نامەکانیاندا کە بۆ د. قاسملوو و کەریم حیسامییان نووسیوە کە تێیدا پێداگری لەسەر پێویستیی خەباتی چەکداریو دەوری جوتیارانو گوندەکان لە بەرپاکردنی شۆڕشدا دەبینین.

با ئەوەش بڵێم چەند ساڵ پێشتریش سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە ویستی لە نێو ئێلی قەشقایی لە باشووری ئێران لە خانو دەرەبەگەکان بە ڕیفۆرمەکانی شا لە بابەت زەویو زار ناڕازی بوون کار بکەنو ئاراستەی پێبدەن کە سەرکەوتوو نەبوون. دیارە ئەوەی قەشقاییەکان ملبادانو سەربزێویی خانو دەرەبەگەکان بوو بە ڕیفۆرمەکانی شا و ناچێتە چوارچێوەی ڕاپەڕین، چون فیکرو ڕێکخستنو ئیرادەی تێدا نەدەبینرا.

**عەلی بداغی:** باشە پێوەندیی نێوان سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودەو خەباتکارانی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ چۆن دروست بووە؟ ئەوان لە وڵاتانی ئورووپایی، ئەمان لە باشووری کوردستانو چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**سمایل بازیار:** ئەو پێوەندییە لە ڕێگای «مام جەلال»ەوە دروست بووە. دوای دروستبوونی کێشەو ناکۆکی لە نێوان ڕێبەری شۆڕشی ئەیلوول کە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی جیابوونەوە ، مام جەلال یەکەم کەس لە ڕێبەرانی کوردە کە کاریگەریی ئەندێشەکانی مائۆی لەسەر بوو. یانی دەتوانم بڵێم مام جەلال زووتر لەو کاتو لە نیوەی پەنجاکانی زایینییەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریی بیرو ئەندێشەکانی مائۆ. ئەو بۆ خۆی ئەو کات بۆ بەشداری لە فستیڤاڵێکی خوێندکارانی جیهان سەردانی چین دەکاو ئەوێ دەبینێو بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بیرو ئەندێشەکانی مائۆ. ئەمانە، واتە باڵی مەکتەبی سیاسی لە دەرەوەی وڵات، لە بێرلین نەفەریان هەیەو لەگەڵ ڕێبەرانی سازمانی ئینقلابی یەکتر دەبینێنو بەو جۆرە

پێوەندییەکان لەگەڵ خەباتکارانی ڕۆژهەڵات دروست دەکەنو کەسانێکی وەک کورش لاشایی دێنەوە بەکرەجۆ و لەوێ لەگەڵ سمایل شەریفزادەو ئەوان یەکتر دەگرنو دێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. واتە لە ڕێگای مام جەلالەوە ئەم پێوەندیە دروست بوو.

**عەلی بداغی: بە هەموو ئەو سەرنجو تێبینییانە ئەگەر بمانەوێ باس لە گرینگیی ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ بکەین دەبێ قامک لەسەر چی دابنێین؟ ئێوە گرینگیی ئەو جوولانەوەیە لە چیدا دەبینن؟**

**سمایل بازیار:** با لە پێشدا و سەرەتا بزانین ئەو ڕاپەڕینە لەبەرچی بۆ حیزبی دێموکرات گرینگە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان ئەگەرچی تێکۆشانی بووەو خەباتەکەی هەورازو نشیوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە. بەڵام هەتا ئاشکرابوونەوەی تێکۆشانی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ لە ١١ی ڕەشەمەدا و لە میتینگەکەی مەهابادا؛ جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ دیارترینو بەرجەستەترین قۆناغی چالاکیو فەعالیەتێتی.

دیارە لەو ماوەیەدا خەبات بووە، چالاکی بووە، ئەندامانی ئەو حیزبە کەوتوونەتە زیندانەوە، بەڵام ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ گرینگترینی ئەو مێژووەیە. واتە لە دوای کۆماری کوردستانەوە هەتا شۆڕشی ١٣٥٧ ئەمە لوتکەی چالاکیو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەگەر دەبینی لە میتینگی ١١ی ڕەشەممەدا پێشوازی‌یەکی بەرین لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرا بەشێکی کاریگەریی ئەم ڕاپەڕینەیە. ڕاستە بیرەوەری‌یەکانی کۆمار، نۆستالیژیای کۆمار ئێستاش لە بیری بەشێکی خەڵکدا هەر مابوو، بەڵام کۆمەڵانی خەڵک کە ڕوو لە حیزب دەکەن، حیزبێک کە ساڵەهایە دوورە لە خەڵکو چالاکیی ئاشکرای نەبووە، خەباتەکەی کز بووە، ئەدی چۆنە پێشوازی‌یەکی ئاوای لێدەکرێ؟ ڕاستە بەرنامەو شوعارەکانی حیزب گرینگن، بەڵام بەبێ ئەملاوئەولا یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەو پێشوازی‌یە لە ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ و ئاکامەکانیەتی. چونکی هەر دە ساڵ بوو ئەو ڕاپەڕینە تێکشکابوو. کەسایەتی‌یەکانی ئەو جووڵانەوەیە لە یادەوەریی خەڵکدا هەر مابوون. کەوابوو ئەمە خاڵێکی گرینگە. دواتر لە ئێراندا ئەمە یەکەمجارە کە ڕێکخراوێک بە کردەوە ڕوو لە خەباتی چەکداری دەکاو ئەو شێوازە بۆ خەبات لە دژی حکومەت هەڵدەبژێرێ. ڕەنگە وەک فیکر هەبووبێ، بەڵام بە عەمەلی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ یەکەم ڕێکخراوە کە پەنا بۆ ئەو شێوازە لە خەبات دەبا. بە ڕوویەکی دیکەدا ئەو جووڵانەوەیە کاریگەریی بووە لەسەر ڕێکخراوەکانی دیکە لە ئێران کە ئەو شێوازە لە خەبات بگرنە بەر. دیارە ئەوەی مهەندیس بازرگان کە باسم کرد، لە دوای ساڵی ١٣٤٣ یەکەم بیر و گەراکانی خەباتی چەکداری بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا دروست دەبێ بەهۆی «بیژەنی جەزەنی»، ئەمیر پەرویزی پوویانو مەسعوودی ئەحمەدزادەو ئەوانەوە کە دوایە لە ساڵی ١٣٤٩ ڕێکخراوی فیداییانی لێکەوتەوە، ساڵی دواتر سازمانی مجاهیدنی خەلق کە ئەوانیش لە بیری خەباتی چەکداریدا بوون؛ لە کاتێکدا کە ئەو ڕێکخراوانە هەر لە فیکری ئامادەکاری دابوون ئەو لە کوردستانە کە چەخماغەی ئەم شێوازە لە خەبات

لێ‌دەردێ. ئەمن گوتم کە یەکەم هەستەکانی چریکە فیدایییەکان لە ساڵی ١٣٤٣ دروست دەبێ، بەڵام یەکەم کاری بەکردەوەیان ڕووداوەکەی سیاهکەل لە ساڵی ١٣٤٩ بوو. بەبێ ئەملاوئەولا جووڵانەوەی ٤٦ - ٤٧ کاریگەریی لەسەر ئەو ڕێکخراوانە بووە. تەنانەت کاک سمایلی شەریفزادە لە سەردەمی خوێندکاریشدا لەگەڵ هێندێک لە خوێندکاران کە دواتر لەگەڵ چریکەکان کەوتن پێوەندیی بووە، نامەو نامەگۆڕینەوەیان لە نێواندا بووە، وەک عەلیرەزا نابدل، بێهرووز دێهقانی، برای ئەشرەف دێهقانی کە دواتر هەردووکیان کوژران. ئەوەمان لەبیر نەچێ کە چۆن ئەو ڕاپەڕینە هێمنیی‌و ئارامیی ئێرانی شلەژاند. شا کە ئێرانی بە جەزیرەی ئارام لە دەریای تۆفانیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەشوبهاند، ئەو گۆمە مەندەیان لێ شلەقاند. ئەوانە گرینگن.

**عەلی بداغی: باشە هەر گرینگە یان دەسکەوتیشی بووە؟**

**سمایل بازیار:** ئەو گرینگی‌یانە هەموو دەسکەوتی مەعنەوین. یەکێک لە دەسکەوتە مەعنەوی‌یەکان درێژەدانی خەباتەو کاریگەریی لە سەر بەردەوامیی تێکۆشان داناوە. نەسڵی پاش ئەوانو نەسڵی دواتر کە من یەکێک لەوانم کاریگەریی ئەوانی بەسەرەوە بووە. بەڵام ئەو نەسلەی کە بەدوای ئەواندا کاریگەریی ئەوانی بەسەرەوەبوو کۆمەڵێک لاو بوون کە لە زانکۆکانی ئێراندا دەیانخوێندو دواتر ئەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان دروست کرد، ئەوە بەرهەمی کاریگەریی ئەوان بوو. یانی ئەو نەسڵەی دوایە بوونە ڕێبەرانی کۆمەڵە، کاریگەریی ئەوانیان بەسەرەوە بوو. نەسڵی دواتر کە ئەمن بۆ خۆم یەک لەوانم، لە ساڵەکانی ١٣٥٥ - ١٣٥٦ کە دەچووینە شاخەوانی لە ناوچەی مەهابادو شارەکانی پیرانشارو سەردەشت، لەهەر مووچەیەک، لەهەر کانیاوێک کە لامان دەدا، خاوەن مووچەکە باسی کاک سولەیمانی موعینی کە بە کاک فایق دەناسرا، باسی ئەوانیان بۆ دەکردین، ئێمەش کاریگەریی ئەوانمان بەسەرەوە بوو. لام وایە لە کەم حوجرەی فەقێیان باسی مەلا ئاوارە نەکرابێ، زۆر کەس ناوی منداڵەکانی بە ناوی ئەوان دەکرد. هەروەها مینەشەم لە ناوچەی ڕەبەتو سەردەشت ناوو ناوبانگی هەبوو. دیسان تۆ چاو لە مەهابادی ئەو کات بکە کە شارێکی بچووک بوو. لەو شارەدا کە چەند کەسی جوان ئەویش لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی ئەو شارەی لێ بکوژرێ، بزانە چ کاریگەری‌یەکی بووە. بۆ خۆت دەزانی کە باوکی کاک سولەیمان موعینی وەزیر بووە لە کۆماری کوردستاندا، بنەماڵەی شەریفزادە کە بازرگانێکی گەورەی شارەکە بوون، لەو شارە بچووکەدا کە دوو برای وەک کاک عەبدوڵلا و کاک سولەیمان موعینی، کاک سمایل شەریفزادە، کاک سەید فەتاح نیزامی شەهید دەبن چ کاریگەریی سایکۆلۆژیی قووڵی بەسەر شارەکەوە دەبێ. ئەو کاریگەرییە کاتی شۆڕشی ١٣٥٧یش هەر مابوو، وەک گوتم ئێمە نەسڵی دووهەمی دوای ئەوان بووین. ئەم شەهیدانە بۆ ئێمە ئیلهامبەخشو ئۆلگوو بوون؛ چۆن «خوسرەو ڕەزبە»و «بیژەن جەزەن»ی‌و «حەمید ئەشرەف» بۆ لاوانی ئێران سەمبوولو ئۆلگووی موبارزاتی بوون، ئەوانیش بۆ ئێمەی لاوی کورد وابوون.

**عەلی بداغی:** ئەدی چ شوێنکارێکی لەسەر ڕەفتاری حکومەتی ناوەندی دانا. حکومەتی پاشایەتیی تووشی چ کاردانەوەیەک کرد؟

**سمایل بازیار:** ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ حکومەتی پاشایەتیی تووشی شۆکو ڕاچڵەکانێکی گەورە کرد. ڕێژیمی پاشایەتی قەت چاوەڕوانیی ئەوەی نەدەکرد، باوەڕی نەبوو کە ڕووداوێکی لەو چەشنە ئەو دوڕگە ئارامەی! لێ تێکبدا، ساڵێک پێش ئەم ڕاپەڕینە شا لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی بیانیدا کە لەسەر پرسی کورد پرسیاری لێدەکا، دەڵێ ئێمە کێشەیەکمان بە ناوی کێشەی کورد نییە، هەموو لە نیژادی ئارییاییزو باسێک بەو ناوە نییە. بۆیە لەگەڵ دەسپێکی جووڵانەوەکە کاردانەوەی زۆر خێرایان هەبوو. ئەوان دەسبەجێ ئەفسەرێکی بەناوبانگی ئەرتەشی شاهەنشاهی، «ئەرتەشبود ئۆوەیسی»ی ڕاسپارد کە ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکا. ئەو هات لە جەڵدیان ستادێکی فەرماندەیی پێکهێنا. ئەوان زۆریان گرینگی بەوەدا کە نەهێلن ڕاپەڕینەکە بۆ ناوچەکانی دیکە پەرەبستێنێ. با ئەوەش بڵێم کە حکومەتی ناوەندی لە ئێران لەو ڕووداوەدا بوو کە یەکەمجار چەکداری کوردی بەشێوەی ڕێکخراو بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینی کوردی بەکارهێنا. بۆیە سەرکوتی ئەو ڕاپەڕینیە گرینگیی یەکجار زۆری پێدرا. ئەگەر چاو لە کتێبی «چپ به روایت اسناد ساواک» دەکەی، ئەو کات دەزانی کە ئەو جووڵانەوەیە چەندەی هەراسان کردوونو چەندە نیگەرانن لە نفووزی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە نێو خەڵکدا. تەنانەت لە یەکێک لە بەڵگەکاندا هاتووە کە خەڵک بۆ چارەسەری کێشەکانیان ڕوو ناکەنە ئیدارەو شوێنە دەوڵەتیو حکومەییەکان، بەڵکوو ڕوو دەکەنە ئەوان هەتا بۆیان چارەسەر بکەن. یانی کاتێک کە چاو لە بەڵگەنامەکانی ساواک دەکەی ئەو کات بۆت دەردەکەوێ کە چەندە ئەو جووڵانەوەیەو سەرکوتکردنەکەی بەلای حکومەتی پاشایەتیەوە گرینگ بووە، بۆیە بە هەموو تواناوە سەرکوتی کرد. ئەوان جیا لە کوکو پۆشتەی سەربازی هێزی ئاسمانیو هێلیکۆپتێریان بەکار هێنا. لە دوای تێکشکانی ڕاپەڕینەکەش خەڵکێکی یەکجار زۆریان گرتو ژمارەیەکیان ئێعدام کرد.

**عەلی بداغی:** جوغرافیای تێکۆشانی ئەو ڕاپەڕینە بۆ هەر لەو بەشە لە موکریاندا مایەوە کە باسمان کرد؟

**سمایل بازیار:** وەک گوتم جووڵانەوەکە کتوپڕ بوو، دوایە مەوداو دەرەتانیان نەدرایە. دیارە ئەوەش بڵێم ئەم ڕاپەڕینە تیمێکی لە ناوچەی ورمێش بووە، بەڵام زور زوو تیمەکەیان بەداخەوە لەنێو دەچێ، ئەو تیمەی نحۆ، ناسراوی بە باپیر شکاک فەرماندەیی دەکردن. بۆیە بەرنامەش بۆ پەرەپێدان بە جوغرافیای چالاکیەکان هەبوو ئەگەر مەجالیان درابایە. هەروەها بەهۆی پێگەی سوننەتی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی موکریان کە دیارە ئەم کەمایسیە دواتر لە بەرگریی چەکدارانەی گەلەکەمان لە دژی کۆماری ئیسلامی چارەسەر کراو جوغرافیای تێکۆشانی سیاسی لە کرماشانەوە تا ورمێو سەڵماسی گرتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**عەلی بداغی:** بەر لەوەی وردتر باس لە هۆکارەکانی تێکشکانی ئەم جووڵانەوەیە بکەین، دەپرسم بۆ کەمایەتی‌یەکی زۆر کەم لە ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشداری جووڵانەوەکە بوون؟

**سمایل بازیار:** نا، ئەمن پێم وانییە کە بەشی زۆرینەی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیە نەبووبێ. ئەی ئەوە نییە لە هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی تەنیا یەک کەس، ئەویش کاک سولەیمان موعینی لە ڕێبەریی جووڵانەوەکەدا بووە.

ناتوانم بڵێم بەشی زۆری حیزب لەگەڵ نەکەوتوە، لانیکەم نیوەی ئەندامانی حیزبی دێموکڕات لەگەڵ جووڵانەوەکە بووە. دیارە ئەمن ئاماری وردم لەسەر ئەو ئەندامانەی حیزب نییە کە لە باشووری کوردستان مانەوە، بەڵام وایە هەندێ سیمای ناسراوی حیزب هەبوون کە لەگەڵ نەکەوتن. ڕەنگبێ هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە ئەو بڕیارە ڕیسکێکی گەورە بوو. ئەتۆ دەست بۆ کارێک دەبەی کە ئیحتمالی ئەوەی تێدابچی یەکجار زۆرە، ئەمن هۆکاری سەرەکیی ئەمە بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێنمەوە. بۆ بەشدارییان نەکرد، ڕەنگبێ ئەگەر بەپێی هەلومەرجو تێگەیشتنی ئێستا لێکدانەوەی مەنتیقیی بۆ بکەن، مەسەلەن بڵێن هەلومەرجەکە گونجاو نەبووە. تەنانەت یەکێک لەوان لە بیرەوەرییەکانیدا بە «ماجەراجوویی» ناو دەبا، بۆ خۆی چونکی تێیدا بەشدار نەبووە دەڵێ ماجەراجوویی بووە. دەتوانم بڵێم چونکی زەربیی ڕیسکی ڕاپەڕینەکە یەکجار لەسەرێ بووە، بۆیە خۆیان لێ نەداوە. ئەوانەی لەم ڕاپەڕینەدا بەشدارییان کرد دەستیان لە گیانی خۆیان شوشتبووە. لە ژیاندا مانی تەنیا یەکێک لە ڕێبەرانی ئەم ڕاپەڕینە (حەمەدەمین سیراجی) سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەیە.

**عەلی بداغی:** پشتیوانەکانی ئەو جووڵانەوەیە کێ بوون؟ دژبەرانی کێ بوون؟

**سمایل بازیار:** زۆر لەمێژە دەگوترێ، دەڵێن کوردەکان جیا لە شاخەکان دۆستی دیکەیان نییە، ئەو قسەیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو قۆناغە لە تێکۆشانی خەباتگێڕانی کورددا قەت ئەوەندە ڕاست نەبووە. بەڕاستی پڕ بە پێستی ئەو ڕاپەڕینە بووە. شاخەکانیان بووەو چوار - پێنج کلاشینکۆفو دوو تیربارو چەند تفەنگی کۆنی بڕنوو. کەس یارمەتیی نەداون، تەنانەت پشتی جیبهەشیان نەبووە، ئەویش لە کاتێکدا کە بۆ خەباتی چەکداری بوونی پشتی جیبهە ئەسڵێکی ستراتیژیو بنەڕەتی‌یە. ئەوان ئەوەشیان نەبوو.

با ئەوەمان لە بیرنەچێ لە دیوی کوردستانی عێراقدا حیزبی شیوعی لە ڕادەی توانایی‌و دەسەڵاتی خۆیدا زۆر جار فریایان کەوتوە.

**عەلی بداغی:** هەر ئەوە دەفەرمووی کە جیا لە کۆمەڵێک چەکی سووکو نیوەسووک ئیمکاناتی لۆجستیکیی دیکەیان نەبوە،



سەرچاوە Serchawe

**ئایا ئەوە خاڵی لاوازی ڕاپەڕینەکە نییە کە بە کەیفییەتەوە بەرەنگاری ڕێژیمێکی زەبەلاح بۆتەوە؟**

**سمایل بازیار:** پێشتر ئاماژەم پێکرد کە ئەوان بە خێراییو پەلە دەستیان دایە کارێکی گەورە. لە ڕاستیدا ئەوان لە سفرەوە دەستیان پێکردو بێجگە لە ئیمانو ورە هیچیان شک نەدەبرد.

**عەلی بداغی: گوتت کە جیا لە شاخەکان پشتیوانیان نەبووە، ئەدی دژبەرانیان؟**

**سمایل بازیار:** دژبەرانی دیارە کە بەپلەی یەکەم ڕێژیمی پاشایەتی بوو، وەک پێشتریش باسم کرد بۆ یەکەمجار بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حکومەتی ناوەندی هێزی چەکداری کورد بەشێوەیەکی ڕێکخراو بە گژی جووڵانەوەی کورددا بکا. ئەوە زیانێکی گەورە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە ئاغاوەتو دەرەبەگەکانیی کوردیش بە تایبەت لە ناوچەی بانە دەوری خراپیان گێڕا. ئەو هێزە ٤٠٠ - ٥٠٠ کەسەی وەدووی تێکۆشەرانی ئەم جووڵانەوەیە کەوتووە دەبینی بە چاوساغیی ئاغاوەتەکانی ئەو ناوچەیە بووە.

**عەلی بداغی: ئەدی لە ئاستی ئێراندا دەنگدانەوەی چۆن بوو، توانی پشتیوانێک بۆ خۆی ببینێتەوە؟**

**سمایل بازیار:** ئەوکاتە تاکی حیزبی سەرتاسەری لە ئێران حیزبی توودە بوو، بەڵام حیزبی توودە چۆن هاتە نێو ئەو مەوزووعەوە. حیزبی توودە کە زانی ڕێکخراوی ئینقلابیی حیزبی توودە پێوەندییان لەگەڵ ڕاپەڕینەکە گرتوە، بۆ ئەوەی ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە بە لای ڕێکخراوی ئینقلابیدا نەکەونو بۆ خۆیان جڵەوی ڕاپەڕینەکە لە دەست نەدەن، چونکی ئەو کات ڕێکخراوی ئینقلابی‌یان وەکوو دوژمنی خۆیان سەیر دەکرد، ئەوانیش بە پەلەپەل وەخۆ کەوتن. هەڵبەت لەو نێوەدا دوکتور قاسملوو و کەریم حیسامی بۆ ئەوەیان زۆر هاندەر بوون کە حیزبی توودە پشتیان بگریو پاڵپشتیان بن. بۆیە دەبینین ساڵی ١٣٤٦ لە بەغدا، ڕەزا رادمەنش، سکرتێری حیزبی توودە؛ لەگەڵ کەریم حیسامی کە لە بوڵغارستان لە ڕادیۆ پەیکدا کاری دەکرد، لەگەڵ دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو کە لە پڕاگ بوو دێنەوە بەغدا. ئەوان لەوێ لەگەڵ کاک سولەیمان موعینیو کاک حەمەدەمین سیراجی دادەنیشن. ئەوە دەریدەخا کە دوکتور قاسملوو لە بەرامبەر ئەو حەرەکەتەدا بێتەفاوت نەبووە. کاک سمایل شەریفزادەو کاک سولەیمان موعینی بەردەوام لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە پێوەندیدا بوون، لەگەڵ کاک کەریم حیسامیش. نامەکان ماون. ئەوان بەردەوام ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەگەڵ یەکتر بووە. ئەو نامانە هەنو بە ئێمە دەڵێن کە کەریم حیسامیو دوکتور قاسملوو بەردەوام پێوەندییان بە جووڵانەوەکە بووە. هەر ئەوانیش حیزبی توودە هان دەدەنو فشاریان بۆ دێننو حیزبی توودەش لە ترسی ئەوەی ڕاپەڕینەکە نەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕیی حیزبی توودەوە، بۆیە دانیشتنێکیان لەگەڵ ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە بووە. لەوێ حیزبی توودە هیندێک بەڵێنیی یارمەتیو شتی

دیکەیان پێ‌دەدا؛ بەڵام هیچ شتێک لەو وادەو بەڵێنو قسانە شین نەبوو. هیچ شتێکیان نەکرد، تەنانەت هەندێک شەرتیشیان بۆ دادەنان، کە دەبێ ئەو ڕاپەڕینە چەپەکان، واتە باڵی چەپو پێشکەوتنخواز ڕێبەریی بکاو ئەوان باڵادەست بن تێیدا.

**عەلی بداغی:** بە تۆخی باسی ڕۆڵی دوکتور قاسملوو دەکەی، دەتەوێ بڵێی دوکتور قاسملووش یەکێک لە ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە بوو؟

**سمایل بازیار:** دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حیسامی بەردەوام لەگەڵ ڕێبەرانی ڕاپەڕینەکە لە پێوەندی‌دا بوون. لە دانیشتنێکی دیکە کە کاک سولەیمان موعینی‌و کاک سمایل شەریفزادە بە مەبەستی بەرینکردنەوەی کادری ڕێبەریی ڕاپەڕینەکە دەیکەن، دوکتور قاسملوو و کاک کەریم حیسامی کاندید دەکەن. قەرار دەدەن دوکتور قاسملوو بگەڕێتەوە کوردستانو لە بواری فیکری‌و پەروەردەیی‌و فێرکاری‌دا یارمەتی‌یان بدا بۆ ڕێبەریی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی.

**عەلی بداغی:** ڕاپەڕینێک کە دەیەوێ پەلو پۆ باوێ، ڕاپەڕینێک کە دەیەوێ ڕێبەرییەکەی بەرینتر بکاتەوە؛ ئەدی بۆ تێکشکا؟ بۆ شکستی خوارد؟

**سمایل بازیار:** لە ڕاستیدا زۆر هۆکارن دەستیان داوەتە دەستی یەکتر هەتا ئەو جووڵانەوەیە تێکبشکێ. هەلومەرجی عەینی بەهیچ جۆر ئامادە نەبوو، وە تەنانەت هەلومەرجە زێهنی‌یەکەش. بەڵام هەلومەرجی عەینی بۆ ئامادە نەبوو؟ پێگەو چەقی تێکۆشانی خەباتگێڕانی ئەو ڕاپەڕینە گوندەکان بوو، ڕاستە دەبینین لە زۆر جێگادا خەڵکانێک بوون کە پێیان پێوەست بوون. هەر لە بیرەوەری‌یەکانی کورش لاشایی‌دا دەردەکەوێ کە خەڵک بە ڕووی خۆشەوە وەری گرتوون، عەتفیان بۆ نیشان داون، یارمەتی‌یان کردوون، پەنایان داون؛ بەڵام ئەمە هەموو شتێک نییە. ڕێفۆرمەکانی زەوی‌و زار بە جۆرێک جوتیارەکانی بێ‌تفاوت کردوە، شار هیچ دەورێکی نییەو بە کورتی‌و پوختی هەلومەرجی شۆڕش‌و ڕاپەڕین لەبارو ئامادە نییە. هەلومەرجەکەش سەخت بووە. ئەوەی وای‌کردبوو کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر فشاریان بخرێتە سەرو بازنە تێکۆشانو چالاکی‌یەکانیان تەنگەبەرتر بێتەوە. هەروەها لە ژمارەی هێزەکانیان کەم دەبۆوە، بۆیە دەبینین کە کاک سمایل شەریفزادە شەهید دەبێ خۆی‌و چوار کەس لەگەڵی مابوونەوە کە تەنیا یەک لەوان لەو شەڕەدا بە برینداری ڕزگاری بوو و ئێستاش بە خۆشی‌یەوە لە ژیاندا ماوە.

دەمەوێ بڵێم هەلومەرجە عەینی‌یەکە ئامادە نییە، بارودۆخەکە سەختە؛ لە باری زێهنی‌شەوە دروشمی ڕاپەڕینەکە دیار نییە کە چی‌یە، ستراتیژی‌یەکی ڕوونی نییە، ڕێکخستنەکانیان لاوازن، لەوە بترازێ حیزب بۆ خۆی لەو کاتەدا لاوازە، تەنانەت

دیار نییە کە بە ڕەسمی کێ کەسی یەکەمی ڕاپەڕینەکەیە. مەعلوومە کە کاک سولەیمانی موعینی دەبێ کەسی یەکەمی بەرپرسایەتییەکان بووبێ، چونکی ئەو تەنیا ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە، بەڵام بە رەسمی لە هیچ کوێ ئەوە نەگوتراوە. یان وتەبێژەکەی کێ بووە. دەڵێن کاک حەمەدەمین سیراجی بووە، بەڵام دەبینی لە نێو خۆیاندا ئەو شتانەیان ساغ نەکردۆتەوە. وەک گوتم زۆر بەپەلە ڕاپەڕینەکەیان وەڕێ خستوە. سەرباقی ئەوە پێشتریش باسمان کرد، لەباری چەکو تەقەمەنیشەوە لە تەنگانەدا بوون. ئەوەشمان گوت کە پشتی جیبهەشیان نەبوو، دواتر یەک ڕادیۆ و چاپەمەنی نییە کە باسیان بکا، دەمەوێ بڵێم نە دەستیان بە ڕادیۆیەک ڕادەگا قسەی تێدا بکەن، نە ڕۆژنامەیەک هەیە هەواڵی چالاکییەکانیان بڵاو بکاتەوە. دوای شەهیدبوونیانە کە هێندێک لە ڕۆژنامەکانی حیزبە کۆمۆنیستییەکانو مەسەلەن ڕادیۆ پەیک، ئەویش بە هیممەتی کاک کەریم حیسامی باسیان دەکەن، ئەویش دوای شکانو تەواوبوونی.

ئەوانە هەموو هۆکارن بۆ تێکشکانی ئەم ڕاپەڕینە. دیارە وەک گوتم ڕێژیمیش زۆری پێ حەسساس بوو، بۆیە فشارێکی یەکجار زۆریان لەسەر بوو.

**عەلی بداغی:** دوای نیوسەدە لەو ڕووداوە مێژووییە، ئەگەر بە کورتی هەستی خۆت، خوێندنەوەو ڕامانی خۆت لە ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ باس بکەی دەڵێی چی؟

**سمایل بازیار:** دەڵێم ئەوان نەسڵێکی لەخوبووردووی عەمەلگەرا بوون، ئەوە پێناسەی منە بۆ ئەو خەباتکارانە، بۆ ئەوان کە ئارمانخوازو بەبیرو باوەڕ بوون. ئەوان ئێستاش ئیلهامدەرن بۆ زۆر کەس بە تایبەت خوێندکارانی ئارمانگەرا و ڕادیکاڵ، ئەوان ئێستاش هەر وەک ئولگوو سەیریان دەکرێ.

ئەگەر کەسێکی وەک چێگوارا دەبێتە ئەو کەسایەتییە، دەبێتە ئولگویەک بۆ زۆربەی زۆری گەنجەکانی ئارمانخوازەکانی دنیا، ئەو پزیشکێکی ئارژانتینییە کە لە چیاکانی بۆلیوی دەکوژرێ؛ کاک سمایل شەریفزادەش مهەندیسێکی جەوانە کە ساڵێک دوای وی شەهید دەبێ. ئەو لە دارستانەکانی بۆلیەوی شەهید دەبێ، ئەمیش لە شاخەکانی کوردستان، دەبینین کە خاڵی هاوبەشیان زۆرە، ئارمانەکەیان هەر یەکە، هەر دووکیان دەست لە پێشەکانیانو ژیانی ئاساییان هەڵدەگرنو وەدووی ئارمانەکانیان دەکەون. چێگوارا دەیتوانی وەک پزیشکێک ژیانی ئاسایی خۆی لە ئارژانتین بکا، کاک سمایل شەریفزادەش وەک مهەندیسێک درێژە بە ژیانی خۆی بدا. شتێکی لەوە گرینگتر، ئەو پۆلە لە خەباتکارانی کورد کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕوحی خەباتگێڕییە کرد کە ئەو کات لە دەیەی ٦٠ی دا لەسەرتاسەری جیهان لە کەفو کوڵدا بوو. لە هانۆی لە ویتنام، لە هاوانا لە کوبا، لە ئەلجەزایر، لە غەنا، لە پاریس، ئەوان کوردستانیان تێکەڵ بەو ڕوحە

خەباتگێڕیە کرد، یانی کوردستان لەو ڕەوتە بەجێ نەما. یانی کە باس لە دەیەی ٦٠ دەکەین، کوردستان غایب نییە، ون نییەو جێگەی خۆی لەم قۆناغە تاریخسازەی سەدەی بیستەمدا هەیە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٣.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٧

## باوەڕ و بنەما فیکرییەکانی دوکتور شەرەفکەندی، لە وتووێژێکدا لەگەڵ سمایل بازیار



**سمایل بازیار: ئەو کاتەی چەپی کورد خۆی بە نەقدی پۆپۆلیزم و مارکسیزمی شۆڕشگێرەوە سەرقاڵ کردبوو، د. شەرەفکەندی مێژووی جووڵانەوەکانی کوردی دەنووسی**

**[ڕەهەندە فیکرییەکانی د. سادق شەرەفکەندی چی بوون؟ ڕوانگەی دوکتور شەرەفکەندی بۆ پرسی نەتەوایەتی و سۆسیالیزم و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی چ بوو؟ کامیان بۆ ئەو لە پێش بوون؟ ئەو فاکتانەی د. شەرەفکەندی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئیدیعای چەپ و ڕاستەکانی دژبەری چارەسەری پرسی نەتەوەیی دەیهێنانەوە چ بوون؟ ئەوانە چەند تەوەرێکی وتووێژێکی «کوردکاناڵ» لەگەڵ کاک سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی ڕێبەریی پێشووی حیزبی دێموکراتە کە «کوردستان» پۆختەیەکی لێ بڵاو کردۆتەوە]**

**موسا باباخانی**: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبێکی نەتەوەییە دەکرێ پێناسەی «چەپ بوون» بۆ سەرکردەکانی و یەک لەوان د. شەرەفکەندی بەکار بهێندرێ؟

**سمایل بازیار**: لە ڕاستیدا هەر کەس کە دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێشدا بەرنامە و ئەساسنامەی ئەو حیزبە دەخوێنێتەوە و دوایە هەڵیدەبژێرێ. نەک هەر کاک دوکتور سەعید بەڵکوو هەر کەسێک هەوڵ بدا بۆ پیادەکردنی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کورستان، ئەوە ئینسانێکی میللییە بە پلەی یەکەم و لە دواتردا ئیسانێکی چەپێشە، چونکی بەرنامەی حیزب لەسەر دوو کۆڵەکە ڕاوەستاوە، کۆلەکەیەکیان بۆ چارەسەری مەسئەلەی نەتەوایەتییە کە ئەوە لە ئەولەویەت دایە و پاش چارەسەری پرسی نەتەوایەتی جا بە هەرکام لە فۆرمۆڵەکانی - خودموختاری، فدرالیزم یان

سەربەخۆیی - ئینجا نۆرەی پیادەکردنی بەرنامەیەکی دی دێ کە دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە؛ کە بۆ چارەسەری ئەم پرسەش بەرنامەی حیزبی دێموکرات فۆرمۆلی کۆنکرێت و موشەخەسی هەیە: «سۆسیالیزمی دێموکراتیک».

کەوابوو هەرکەس ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ ئوتوماتیک هەم ئینسانێکی نەتەوییە، چونکی بۆ حیزبی دێموکرات پرسی نەتەوەیی پرسی سەرەکی و بنەڕەتییە و لە بنەڕەتدا فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات لەسەر ئەوە دامەزراوە. پاشان حیزبەکان چۆن درووست دەبن ئەوە ئەم کەلەبەرانەن لە نێو کۆمەڵگەدا کە حیزبیان لەسەر درووست دەبێ، وەک کەلەبەری چینایەتی، کەلەبەری کولتووی، کەلەبەری دینی، کەلەبەری نەتەوایەتی. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ساڵی ١٣٢٤ لەسەر کەلەبەری نەتەویی دروست بووە، بەڵام پاش چارەسەری ئەو پرسە خۆ حیزبەکە لەبەر یەک هەڵناوەشی، ئەوجار حیزب بەرنامەی هەیە بۆ مەسائیلی کۆمەڵایەتی، بۆ دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی. ئەگەر تۆ دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بوو بە دەغدەغەی تۆ و بەرنامەت بۆی هەبوو، کە ناعەدالەتی و چەوسانەوە لە کۆمەڵگەدا نەمێنێ و فورسەت بۆ ئێستێعدادەکان یەکسان بێ، بێ گومان تۆ و حیزبەکەت لە خانەی چەپدا جێدەگرن. لە پێوەندی لەگەڵ دروشمی ستراتیژیکیی حیزبدا، ئایا سووسیالیزمی دێموکراتیک دژایەتیی نییە مەسەلەن لەگەڵ هەڵگرتنی شوعاری خودموختاری یان فدرالیزم؟

بەرنامەی حیزب ئاماژەی دەقیقی بەو مەوزووعە کردووە و دەڵێ ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سوسیالیستی دێموکراتیکە. خۆ نەمانگوتووە لە ئێران، مەعلوومە ئەوە بۆ دوارۆژی کوردە ئەوە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆیە خۆ ناکرێ لە تاران سیستەمی ئابووریی بازاڕی ئازاد پێڕەو بکرێ و ئەتۆش لە کوردستان سیستەمی ئابووریی سوسیالیست پیادە بکەی.

**موسا باباخانی**: هۆی چییە کە چەپی کورد لە کوردستان لە مێژووی خۆیدا پرسی نەتەوەیی بەلاوە گرینگ نەبووە؟

**سمایل بازیار**: دەبێ بۆ ئەو مەوزووعەی بگەڕێینەوە بۆ ساڵەکانی سەرەتای دەیەی شێست و کۆتایی دەیەی پەنجای هەتاوی. لەو کاتدا گوفتمانی سیاسیی زاڵ لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان گوفتومانی چەپ بوو و هەموو ئەو دیاردە و چەمک و مەقوولانەی ئەو کات باو بوون وەک مەسەلەی دێموکراسی و مەسەلەی نەتەوایەتی هەمووی کەتبوونە ژێر کاریگەریی تێڕوانین و تێفکرینی چەپەوە.

چەپی کورد ئەو کات مەسەلەی نەتەوایەتیی پێ پرسی بنەڕەتیی کوردستان نەبوو، بەڵکوو پێی وابوو مەسئەلەی نەتەوایەتی دەرەجە دوو و دەرەجە سێیە. ئەوانیش چەند تەیفێکیان هەبوو ئەو کات ڕەوتێک کە لە خەتی یەک و دووی



سەرچاوە Serchawe

جێگەیان دەگرت، وەک حیزبی توودە و ڕێکخراوی چریکە فیدائییەکان پێیان وابوو تەزادی سەرەکیی کۆمەڵگەی کوردستان تەزادی خەڵک و ئیمپریالیزمە، کەوابوو دەبوو پرسی کۆمەڵایەتی تابعێک بێ لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی. خەتی سێهەمیش کە زۆرتر ئەو گرووپانە بوون کە زۆرتر تێڕوانین و بیر و باوەڕی مائوییستیان هەبوو - وەک کۆمەڵە و پەیکار و...- ئەوانە پێیان وابوو تەزادی ئەسڵی کۆمەڵگای ئەو کات کار و سەرمایەیە و دەبێ کێشەی نەتەوایەتی لە کاناڵی چینایەتییەوە تێپەڕ ببێ. یانی چەپی کلاسیک دەیەویست مەسەلەی نەتەوایەتی بباتە پەراوێزەوە. بنەمای هەموو ئەو سیاسەتانەی چەپی کورد بۆ پەراوێزخستنی پرسی نەتەوایەتی بۆ «متافیزیکی کۆمۆنیسم» دەگەڕێتەوە کە هەموو لێکدانەوە و تەحلیلێکی لەسەر ئەساسی چینایەتی بوو. بۆیە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگە، وەک پرسی ژنان، کولتوری و نەتەوایەتیی دەخستە پەراوێزەوە و تا خۆیان لە میتافیزیکی کۆمۆنیسم ڕزگار نەکەن هەر بەمجۆرە دەڕواننە کێشەی نەتەوایەتی. ئەو دەمی بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزب بوو بۆیە ئەرکی قورسی لەسەر شان بوو. ئەو بە نووسینی دەیان وتاری زانستی و موستەنەد و موستەدەل باسی ئەوەی کرد کە تەزادەکانی کۆمەڵگەی کوردستان چین؟ چین و توێژەکانی کوردستان کامانەن؟ چۆنن؟ یانی هەوڵی دا بیسەلمێنێ ئەوە پرسە نەتەوایەتییەکەیە کە سەرەکییە و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری کوردستان دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە و بە پرسی خۆیانی دەزانن.

**موسا باباخانی**: کاک سمایل کە دەگوترێ دوکتور سەعید یەکێک لە داڕێژەرانی سەرەکیی سیاسەتی حیزبی دێموکرات بووە، دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونەی دیار بکەن و بڵێن ئەو سیاسەتە یان ئەو بیرۆکەیە بەرهەمی فکریی دوکتور سەعیدە بووە؟

کاری حیزبی کارێکی بە کۆمەڵ و «خرد جمعی»یە، بەڵام بێگومان کەسانێک دیارترن و دەوری بەرچاوتر دەگێڕن. د.شەرەفکەندی لە دوای دوکتور قاسملوو و لەو ساڵانەدا یەکێک لە داڕێژەرانی سەرەکیی سیاسەتی حیزب بوو بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتیدا کە پرسی سەرەکی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پێشتر ئاماژەم بە نووسینەکانی دوکتور سەعید کرد کە لە وڵامی چەپی کلاسیکدا دەینوسین. ئێستا با نموونەیەکی دیکەت بۆ بێنمەوە، ساڵی ١٣٥٩ و ١٣٦٠ چەپی کورد بە چییەوە مەشغوڵ بوو بە نەقدی پۆپۆلیزم و بە شیکردنەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ کە پرسی کۆمەڵگەی کوردستان نەبوون، بەڵام کاک سەعید بە چی مەشغووڵە؟ ئەو کات لە ساڵی ١٣٦٠ کتێبەکەی چاپ کرد کە باس لە مێژووی ڕاپەڕین و جووڵانەوەکانی کورد دەکا. ئەو کتێبەی ئێستاش لەبەردەستمان دایە و زۆربەمان دیتوومانە و وەختی خۆی لە کوڵەپشتیی پێشمەرگەکاندا شاخ و کێو و دۆڵی کوردستانی زۆر دەکرد. سەیر کەن چەپی کورد بە چییەوە سەرقاڵە و د. شەرەفکەندی بە چییەوە ماندووە. ئەو دەیهەوێ لاوانی کورد ئەزموون وەرگرن لە خەبات و لە ڕاپەڕینەکانی پێشوو، ئاشنا بن بە مێژووی نەتەوەکەی خۆیان. ئاخر ئەو دەیزانی لاوی کورد ئەگەر زانیاریی لەسەر مێژووی نەتەوەکەی خۆی نەبێ چۆن لە مێژووی نەتەوکانی دیکە تێ دەگا؟ ئەو هەروەها ئاشنایان دەکا بە سیمبولەکانی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان وەک شێخ عوبەیدوڵلا، شێخ سەعیدی پیران، سەید ڕەزای دەرسیم، سمایل ئاغای سمکۆ، قازی محەممەد و مستەفا بارزانی.

چەپی کوردیش باسی چێگوارا، کاسترۆ، هوشیمینە، ئەنوەر خۆجە و.... دەکرد و ئەوانی بە لاوانی کورد دەناساند. جیاوازییەکان یەکجار زۆرن.

د. شەرەفکەندی بە کورتی و پوختی هەوڵی دەدا بۆ شوناسسازی، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە ئێمە «کورد» جیاوازین لە ئەو «فارس، عەرەب و تورک» و هۆڤییەتێکی سەربەخۆمان هەیە و نووسینەکانی زۆرتر لە چوارچێوەی ئەو بابەتە دان

**موسا باباخانی**: دەگوترێ دوکتور سەعید لە سەر پرسی کورد کێشەی فکریی لەگەڵ بەرەی ڕاستیش لە ئۆپۆزۆسیۆندا هەبوو، هۆکاری ئەمە چی بوو؟ ئەوان وەک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەڵگری چ جۆر بیرکردنەوەیەک بوون؟

**سمایل بازیار**: د. شەرەفکەندی ساڵی ١٣٧١ کە سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد و بە داخەوە سەفەری بێگەڕانەوەی بوو، ئەم سەفەرە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە باشووری کوردستان، دامەزراندنی پارڵمان و تەسویبی فدرالیزم. ئەوە دەنگدانەوەیەکی یەکجار زۆری بوو لە نێو ئۆپۆزیسیونی ئێرانی بە تایبەت لە نێو بەرەی ڕاستدا، هەمدیسان ئەوە دووبارە دەبینین کە ئۆپۆزیسیوونی ئێرانی بە چەپ و ڕاستەوە بە مەسەلەی ڕیفراندۆم زۆر تەنگەتاون و بە هەر جۆرێک و لە ژێر ناوی جۆراوجۆر دژایەتیی دەکەن. ئەو کاتیش کە بۆ یەکەمجار کورد دەبێتە خاوەن پارلمان و مەسەلەی فدرالیزم پەسند دەکرێ، کاک سەعید لە دەرەوەی وڵات بوو. ئەمجار شوینیزمی فارس نەک لە دەسەڵاتدا، بەڵکوو لە نێو ئۆپۆزیسیوونی ئێرانیدا سیمای خۆی دەرخست، لە سەڵتەنەت تەڵەبەکان ڕا بگرە هەتا مىللییەکان و هێندێک ئینترناسیونالیستی دۆینێ و ئینترناسیونالیستی تازەی ئەو کاتی فارس کە خۆیان پێ لیبراڵ بوو. ئەوانە لە وتووێژەکانیاندا لە گەڵ دوکتور سەعید سەیر تەنگەتاو بوون و زۆرتر لە کاک سەعید دەپرسن و لەسەر ئەوە پێداگرن کە دوارۆژی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ دەبێ؟ ئەوان دەیانگوت کە لە ڕێگای مەجلیسی مونەسیسانەوە دەبێ چارەسەر بکرێ و قانوونی ئەساسی دەبێ بە ڕەئی گشتیی خەڵکی ئێران دابنرێ. هەروەها بەهۆی ئەوەی ڕابردوویەکی هاوبەشی هەزار و چەند ساڵەمان پێکەوە هەیە ، ئەوە مەجبوورین ئێمە ئەو هاوبەشییە ڕابگرین، یانی ئێوە بۆتان نییە جودا ببنەوە لە ئێران چونکی ڕابردوویەکی هاوبەشمان هەیە پێکەوە و دواتر دەیانگووت دەبێ بێن لە بەرەیەکدا بن کە هێندێک لەو هێز و کەسایەتییانەی لەو بەرەیەدا بوون هەر باوەڕیان بە مەسئەلەی میللی نەبوو، و تەنیا پرسی ئازادییان بۆ گرینگە.

لێرەدا د. شەرەفکەندی زۆر دەقیق وڵامی ئەوانە دەداتەوە و بە بەڵگە و ئیستدلالی بەهێز بەرگری لە ماف و داواکانی خەڵکی کورد دەکا. بۆ نموونە کاک سەعید پێیان دەڵی خەڵکی ئیسفەهان و شیراز و تەورێز بۆیان نییە بریار لەسەر چارەنووسی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن و ئێمە بۆخۆمان دەبێ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆمان بدەین و پرسی نەتەوایەتی نابەینە مەجلیسی دامەزرینەران کە لەوێدا کورد کەمایەتییە و زۆرینەی غەیری کوردە، ئێمە بۆخۆمان

بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆمان دەدەین و هیچ کات پرسی میللی و چارەسەری ئەو پرسە ناسپێرین بە مەجلیسی موئەسیسان. لە بارەی ئیدیعای مێژووی هاوبەش کاک سەعید دەڵی دۆستایەتییەکان، هاوپەیمانییەکان هیچ کات ئەزەلی و ئەبەدی نین. ئەمجارەیان لەو یەکە جوغرافیایەی پێی دەگوترێ ئێران لە ڕابردوودا کەم وڵات و ناوچەی لێ جودا بۆتەوە؟ بەوە هیچ دنیاش خراپ نەبووە بۆ مەگەر ئازەربایجان، گورجستان، ئەرمەنستان، بەحرین، ئەفغانستان و ئەوانە هەموویان ڕۆژێک بەشێک لەو یەکە جوغرافیایە نەبوون کە پێی دەگوترێ ئێران؟ بۆیە ئەوە کورد تەنیا خۆی بڕیار دەدا کە دەیەوێ لەو چوارچێوەیەدا بمێنێتەوە یان نا. لەبارە مەسەلەی بەرە دەڵێ ئێمە ناچینە هیچ بەرەیەکەوە ئەگەر لە پێشدا ئەو بەرەیە گەرەنتیی چارەسەری پرسی نەتەوایەتیی نەدابێ، یانی ئاوێکی پاک بە دەستیاندا دەکا و دەڵێ ئێمە ناچین لە هیچ بەرەیەکەوە با ئەو بەرەیە ئازادیخوازیش بێ، یان سیکولار و کۆماریخواز بێ، ئەگەر پرسی نەتەوەیی بەلاوە گرینگ نەبی و لە بەرنامەی خۆیدا نەیگونجێنی؛ چونکی بۆ ئێمەی کورد مەسەلەی نەتەوەیی لە ئەولەویەت دایە. کە وابوو دەبی ئەو بەرەیە لە پێشدا ئەو گەرەنتی و تەزمینە لە بەرنامەکەیدا بگونجێنێ و چارەسەری پرسی نەتەوایەتی یەکلا کردبێتەوە. ڕوانگە و بۆچوونەکانی دوکتور شەرەفکەندی لەمەڕ پرسی نەتەوەیی و چارەنووسی نەتەوەکەمان کە لە وتووێژ لە گەڵ «عەلی کیشتگەر»دا خستوویەتە بەرباس، ئەوە دەتوانی وەک مانیفیستێک و وەک سەنەدێکی موعتەبەر و مێژوویی هەمیشە لە کارنامەی د. شەرەفکەندیدا وەک لاپەڕەیەکی درەوشاوە بمێنێتەوە.

(لە ژمارەی ٧١١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## قاسملوو، ناسیونالیزم و ئەندێشەی چەپ



### قاسملوو لە چەپێکی کوردەوە بۆ کوردێکی چەپ

١

٧٠ سال پێش ئێستا لە فرۆکەخانەی مێهراباد لە تاران عەبدولڕەحمانی قاسملوو کە ئەو کات تازەلاوێکی ١٨ ساڵە بوو، سواری فرۆکە دەبێ و بەرەو پاریس وەڕێ دەکەوێ. ئەمە سەرەتای سەفەرێکە کە ٤١ ساڵی خایاند. ئەو سەفەرە سیاسییە لە ١٣ی ژوئییەی ساڵی ١٩٨٩ بە گیان لەدەستدانی لە ڤیەن لە پایتەختی ئوتریش کۆتایی پێهات.

ئەو کات کە ئەو سواری فرۆکە بوو و بەرەو پاریس کەوتەڕێ، بۆ یەکەم جار بوو سەفەری دەرەوەی وڵاتی دەکرد و بۆ یەکەم جاریش بوو پاریسی دەبینی و هەرگیز نە بەفکری ئەودا دەهات و نە بە فکری کەسی دیکەدا کە ٤١ ساڵی دی لەو شارە ئەو بە خاک دەسپێردرێ و ئەوێ دەبێتە مەزارگەی ئەو.

ئەو ٤١ ساڵە سەفەرێکی دوور و درێژە و چەند ڕەهەندێکی گرینگ لە ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی دوکتور قاسملوو دەگرێتە خۆ کە ئەمن لێرەدا تەنیا باس لە ڕەهەندێکی ژیانی سیاسی - فیکری دوکتور قاسملوو دەکەم.

ئەگەر بمانەوێ سیمای سیاسیی دوکتور قاسملوو وێنا بکەین، دوو هێلی سەرەکی سیمای سیاسی و فکریی ئەو تەرسیم دەکەن. ئەو دوو هێڵەش نەتەوەیی بوون و عەداڵەتخواز بوونە، واتە چەپ بوونە و دەمەوێ بەو پرسیارە بچمە نێو باسەکە کە ئایا

ئەو دوو هێڵە سەرەکییەش لەو ٤١ ساڵەدا وەک خۆیان مانەوە؟ یان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و گۆڕان، هەروەها ئامانج لەو باسە چییە؟ مەبەست ئەوەیە کە بڵێم ئینسان دەتوانی و دەبێ بگۆڕدرێ، ناکرێ هەر وا بە هێندێک شتی چەقبەستوو و دۆگم بنووسێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەیە. ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم ئەو دوو گۆڕانکارییە گرینگەن لە ژیانی سیاسی و فکری دووکتور قاسملوودا.

یەکەم قۆناغی ژیانی سیاسیی دوکتور قاسملوو ( ١٩٤٧ - ١٩٧٠) بۆ ماوەی ٢٣ ساڵە. ئەو قۆناغە چۆنی پێناسە بکەین دوکتور قاسملو لەودا لە ڕووی فیکری و سیاسییەوە هەم چەپێکی کوردە و هەم چەپێکی ڕادیکاڵە، بەڵام دواتر ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و لە چەپێکی کوردەوە دەبێتە کوردێکی چەپ و لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە دەبێتە چەپێکی میانەڕەو.

چالاکیی سیاسیی د.قاسملوو بە حیزبی تودەی ئێران دەست پێدەکا بە ڕەسمی، هەرچەند پاشخانی چالاکیی لە سازمانی جەوانانی ئەو حیزبەدا هەبوو، بەڵام پێناچێ زۆر جیددی بووبێ. چالاکیی ئەو لە حیزبی تودەدا بە گەیشتنی بە فەڕانسە و لەم وڵاتە دەست پێدەکا، دیارە براکەی «ئەحمەد قاسملوو» پێشتر لە فەڕانسە بووە و ئەندامی حیزبی تودە بوو.

دیارە چەپبوونی دوکتور قاسملوو پاشخانێکی دوورتری هەیە و ئەو کات کە لە تارانیش قۆناغی دواناوەندیی دەخوێند، سیمپاتیی بۆ چەپ هەبوو، ئەو هەم بە کردەوە چەوسانەوە و ڕەنج و کوێرەوەری جوتیارانی گوندەکەی خۆی دەبینی کاتێک کە بۆ پشووی هاوین دەچووە گوندی قاسملوو و هەم لە دواناوەندیدا لە تاران بەهۆی مامۆستایەکی قوتابخانەی ئاشنا ببوو بە کتێب و نووسراوەی ڕێبەرانی چەپ وەکوو لێنین.

د.قاسملوو بۆ چەپ بوو؟ لەو کاتەوە کە مرۆڤ خۆی ناسیوە هەمیشە دەغدەغەی یەکسانی و عەداڵەتی بووە. مرۆڤ هەموو کاتێ عەوداڵی عەداڵەت بووە. هەر ئایدۆلۆژییەک بانگەوازی یەکسانیخوازیی کردبێ و خۆی بەوە باسەوە خەریک کردبێ، لای خەڵک سەرنجڕاکێش بووە و خەڵک وەدووی کەوتوون. چەپیش یەکێک لەو ئایدۆلۆژیانەیە کە نە تەنیا خۆی بە مەسەلەی یەکسانی و عەداڵەتەوە خەریک کردوە، بەڵکوو بانگەشەی عەداڵەت و بانگەشەی یەکسانی و بەرابەری دەکا، هەر بۆیە جەزابییەتی زۆرە بەتایبەت بۆ ڕوناکبیران و بە تایبەتیتر بۆ کورد. چونکی کورد هەمیشە و بە درێژایی سەدان ساڵە زوڵمی لێکراوە و کەوتۆتە بەر تیغی غەدر، بۆیە هەمیشە عەوداڵی ئایدۆلۆژیایەک بووە کە بتوانێ ئەو یەکسانییە و ئەو بەرابەرییەی بۆ دابین بکا و ئەو زوڵمەی لێی دەکرێ، ئەوەی لەسەر بڕەوێنێتەوە.

ئێستا با بپرسین کە لە بنەڕەتدا فەزای سیاسیی ئەوکات چۆن بوو؟ فەزای ئەو کات و ئەو سەردەمە و گوتاری سیاسیی ئەوکات موتەئەسیرە لە ئەندێشەی چەپ. واتە گوفتومانی چەپ بەسەر کەش و هەوای فیکریی ئەو سەردەمەدا زاڵە و

تەنانەت کاریگەریی کردووەتە سەر هێزە ئیسلامییەکانیش، با نموونەیەک بێنینەوە لە ڕیکخراوێکی کوردی، لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.

کۆمەڵەی ژ - کاف ڕێکخراوێک بوو نەتەوەیی - ئیسلامی. یەک لە چوار کۆڵەکەکان کە ژ - کاف لەسەری ڕاوەستاوە ئیسلامێتییە، بەڵام دەبینین ئەندێشەکانی چەپ لەو ڕیکخراوەیەشدا ڕەنگی داوەتەوە و لە نۆ ژمارەی گۆڤاری نیشتماندا کە هەر نۆ ژمارەی بەرگی یەکەمی بە ئایەتەکی قورئان چاپ بووە، لە سێ ژمارەیدا لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٧ وتاری تێدایە و، عەکسێکی لینینی تێدا بڵاو بۆتەوە کە تەواوی لاپەڕەیەکی گۆڤاری نیشتمانی گرتووە و هەروەها شێعرێکی تێدایە کە بە لینینیدا هەڵکوتووە.

با نموونەیەکی دیکە بە ئێران بێنمەوە. «نهضت خداپرستان سوسیالیست» یەکەم ڕێکخراوی ئیسلامی بوو لە ساڵی ١٩٤٤ لە ئێران پێکهات، ئەو ڕێکخراوەیەی دواتر بوو بە نیهزەتی ئازادی؛ دەبینی ناوەکەی بەخۆوەیەتی و بۆ خۆیان دەڵێن بزووتنەوەیەکی خوداپەرستن بەڵام لە عەینی کاتیشدا سوسیالیستن.

سازمانی موجاهدینی خەلق ئەو ڕێکخراوەیەی لە ساڵەکانی ١٣٤٣ - ١٣٤٤دا پێکهات. سازمانی موجاهدین ڕێکخراوێکی ئیسلامییە، بەڵام ئەندێشەکانی مارکسیستی بەتایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە لەو سازمانەدا قەبووڵ کراوە.

یەکێک لە ڕێبەرەکانیان بەناوی مەحموود عەسکەریزادە کتێبێکی هەبوو بە ناوی «اقتصاد به زبان ساده» ئەوە لە شانەکانی سازمانەکانی چەپ وەک دەرس دەگوترایەوە و دەخوێندرا. یان دوکتور عەلی شەریعەتی، ئیدئۆلۆگی بە ناوبانگی شۆڕشی ئیسلامی، ئەو کەسەی سوخەنڕانییەکانی لە حوسەینییەی ئێرشاد بە ناوبانگن و بوون بە کتێب؛ بەڵام ئەندیشەکانی شەریعەتی هەم کاریگەریی مارکسیزمی بەسەرەوەیە و هەم کاریگەریی ئیگزستانسیالیزمی بەسەرەوەیە؛ یانی شەریعەتی هاتووە ئەندیشەکانی مارکس و ژان پۆل سارتری لەگەڵ دین تێکەڵ کردوە، کەوابوو ئێمە چاو لە ژینگەکە و چاو لە دۆخەکە دەکەین.

فەزاکە ئەوەیە، ئەگەر سەیری گۆڕانکارییەکانی دەیەکانی ٤٠ و ٥٠ و ٦٠ لە پاش دووهەم شەڕی جیهانی دەکەین، ئەو سێ دەیە لوتکەی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلانی ژێردەستەیە. بە دەیان وڵاتی تازە لەو ماوەیەدا هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیا و لەو خەباتە ڕزگاریخوازانەیەدا مارکسیستەکان و چەپەکان دەوری سەرەکی دەبینن. دەبینین ژینگەکە و هەلومەرجەکە ئەوەیە و کەوابوو ئاساییە بۆ تازەلاوێکی تەمەن ١٧ - ١٨ ساڵ کە ئەندێشەی چەپ بۆ ئەو جەزابیەتی هەبێ. وەبیر قسەیەک لە (ڕۆمێن ڕۆلان) کەوتمەوە کە دەڵێ:

## ئەو کەسەی لاو بێ و ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ نەبێ، دڵی نییە.

دوکتور قاسملوو ئەودەم کە ئیران بەجێ دێڵێ و دەچێتە ئورووپا، لە ئورووپایەش هەر بەسەر فەزایەک و بەسەر ژینگەیەکی وادا دەکەوێ. ئەو کاتەی د.قاسملوو دەگاتە پاریسە، ئورووپا ئێستا لە ژێر خۆڵەمێشی شەڕ سەری وەدەر نەناوە و وەخۆ نەهاتۆتەوە. لەوێ لە یەکەم هەڵبژاردنەکانی پاش شەڕدا کە دەکرێ، ژێنەڕاڵ دوگول کە سەمبولی مقاومتی فەڕانسەوییەکانە، - چونکی فەڕانسە تەسلیمی ئاڵمان بوو دوگول خۆی بە دەستەوە نەدا و سەرۆکایەتیی نەهزەتی مقاومەتی میللیی کرد- کەچی ئەو لە یەکەم هەڵبژاردن کە لە دوای شەڕ کرا بە هاوپەیمانیی چەپەکانی دۆڕاند، دوکتور قاسملوو پێی نابووە وەها ژینگەیەک.

لە بریتانیا چی؟ لە بریتانیاش چێرچیل کە سەرۆکایەتیی ئینگلستانی دەکرد لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا، بەڵام ئەویش لە پاش شەڕ کایەکە دەدۆڕێنێ و هەڵبژاردنەکان بە زیانی وی و لە قازانجی چەپەکان دەشکێتەوە. دوکتور قاسملوو ساڵێک لە فەڕانسە دەمێنێتەوە و دوایە بۆ درێژەپێدانی خوێندن بە ناچاری فەڕانسە جێ دەهێڵێ و دەچێتە چێکۆسلۆاکی. دەچێتە وڵاتێک کە سوسیالیستییە و دەچێتە زانکۆ و لەوێ ئابووریی سوسیالیستی دەخوێنێ و لە ڕاستیدا لەوێ بە چەمک و مەقولەکانی مارکسیستی ئاشنا دەبێ. سرووشتییە کە هەموو ئەوانە کاریگەریی زۆریان لەسەر ئەو هەبوو تا کەسایەتییەکی چەپی لێ دەربچێ.

## ئێستا پرسیاری دووهەم، ئەدی بۆ حیزبی توودەی هەڵبژارد؟

ئەو کات حیزبی توودە تەنیا حیزبی پێشکەوتوو و بە نفووزی چەپی سەراسەری لە ئێران بوو، ئەو کات حیزبی دیکە نەبوو کە ئیدعای چەپ بوون بکا و پێشکەوتنخواز بێ. دوکتور قاسملوو هەر بۆخۆی لە «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا» دەڵێ حیزبی توودە بە نفووزترین حیزبی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو لەو کاتدا زۆربەی نووسەران، ڕووناکبیران، هونەرمەندان، خوێندەواران یا ئەندامی حیزبی توودە یا لانیکەم سەمپاتی ئەو حیزبە بوون، بە تایبەت سەرکەوتنی یەکیەتیی سۆڤیەت لە شەڕ بە دژی فاشیزمدا ئیعتباری ئەو حیزبانەی زۆر سەیر بردبووە سەرێ.

ئێرنێست همینگوای، نووسەری بەناوبانگی ئەمریکایی بە دوای سەرکەوتنی سۆڤییەت بەسەر ئاڵمانی هیتلێریدا دەڵێ: هەر مرۆڤێک ئازادیی خۆش بوێ زۆر پتر لە تەمەنی خۆی قەرزداری یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەرتەشی سوورە، چوون فاشیزمی شکەست داوە.

فاشیزم هەیولایەک و ئەژدیهایەک بوو دنیای قووت دەدا. ئەم نەخش و دەورەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە تێکشکانی فاشیزمدا ئیعتباری ئەو حیزبە کۆمۆنیستانەی یەکجار زۆر بەتایبەت لە جیهانی سێهەمدا و تەنانەت لە ئورووپایەش بردە سەرێ.

«هابز باوم» دەڵێ شتێکی زۆر سەیر نییە ئەگەر ئەو حیزبانە لە پاش شەڕ پێشوازییەکی زۆریان لێکرا. چوون ئەو فیداکارییە و ئەو دەور و نەخشەی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە تێکشکاندنی فاشیزمدا ئیعتباری کۆمۆنیستەکانی لە جیهانی سێهەم و لە ئورووپاش زۆر بردە سەرێ.

ئەم قۆناغە لە ژیانی سیاسیی د. قاسملوو(١٩٤٧ - ١٩٧١)، ئەو لە پێشدا چەپە و دوایە کوردە، واتە پرسی نەتەوەیی بۆ ئەو لە ئەولەوییەتی یەکەمدا نییە و پرسە چینایەتییەکان بۆ ئەو لە پێشەوەن.

-------

## قاسملوو لە بۆتەی گۆڕانی فیکریدا

٢

لە ساڵی ١٩٧٠ دا دوکتور قاسملوو بە ڕەسمی حیزبی توودەی ئێران بەجێ دێڵێ و دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە کۆنفرانسی سێی حیزب و دواتر لە کۆنگرەی سێهەمدا دەبێ بە سکرتێری ئەو حیزبە. سرووشتییە ئەتۆ ببی بە سکرتێری حیزبێکی نەتەوەیی یانی لەوە بەدواوە مەسەلەی کورد بۆ تۆ مەسەلەی ئەساسییە و چارەسەری پرسی کورد بۆ تۆ لە سەرەووی هەموو پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگەیە. هەر لە ئەساسدا پێویستیی دروستبوونی حیزبی دێموکرات چییە؟ فەلسەفەی وجوودییەکەی چییە؟ هەموو حیزبێک لە ئاکامی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست نابن، جا ئەو کەلێنانە یا چینایەتییە یا مەزهەبییە یان نەتەوەییە.

حیزبی دێموکراتیش زەروورەتی پێکهاتنەکەی لە سەر ئەو ئەساسە درووست بووە کە کەلێنی نەتەوەیی هەبوو لە ئێراندا و چارەسەری مەسەلەی میللی زەروورەتی دروستبوونی حیزبی دێموکراتی پێک هێناوە. ئێستا ئەو پرسیارەش لە جێی خۆی دایە کە ئایا دوکتور قاسملوو ئەو ئاڵوگۆڕە کە دوای ٢٣ساڵ لەودا دروست دەبێ کتوپڕە؟ نا ئەمە شتێکی مێژووکردە و بە زەمان هاتووە و وردە وردە ئەو گۆڕانکارییەی تێدا دروست کردوە. بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر چییەتی ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ئەندێشەی سیاسیی د. قاسملوودا دروست بووە و هۆکارەکانی، با باسێک لەوە بکەین کە ئایا دوکتور قاسملوو کەسێکی



سەرچاوە Serchawe

نەتەوەیی بووە یا نەتەوەیی نەبووە؟ بەشێک لە وەڵامی ئەو پرسیارە لەو باسەدا دراوەتەوە، بەڵام زۆر کەس دەڵێن چونکی قاسملوو خودموختاری ویستووە کەوابوو نەتەوەیی نەبووە. ئەم باسە هەیە و ئێستا هەندێ ئینترناسیونالیستی دوێنێ و ناسیونالیستی ئەمڕۆ ئەو قسانە دەکەن، دیارە خۆ ئەوە باشە و ئێمەش پێشوازی دەکەین لەو گۆڕانەی لەواندا دروست بووە و لە ئینترناسیونالیستەوە بوون بوونە ناسیونالیست، دیارە لە بنەڕەتدا هەر باسەکە ئەوەیە و پێشوازی لە گۆڕان دەکەین و دەڵێین کە ئینسان دەبێ بگۆڕدرێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، بەڵام ئەوان دەڵێن لەبەر ئەوەی لە بەرنامە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و لە یەکەم بەرنامەدا لە ساڵی ١٩٧١ حیزب باسی لە خودموختاری کردووە نەتەوەیی نەبووە، یا لەو وتووێژەی کە چەند ساڵ لەوە پێش لە تەلەڤیزیۆنی بی بی سی بڵاو بۆوە - دیارە ئەو وتووێژە ٢٥ ساڵ لەوە پێش «عینایەت فانی» لەگەڵ دوکتور قاسملوو کردبووی و لەوێدا باس لە ئێرانی بوون دەکا و لەسەر ئەوە زۆر باس کرا کە ئەوەتا خۆی پێ ئێرانییە. ئەمن دەمەوێ وەڵامی ئەوانە بدەمەوە و لەسەر ئەو باسانە تۆزێک ڕاوەستم.

**یەکەم**: لە ستراتژیی دوکتور قاسملوودا لە ئاسۆی دووری ئەودا، هەمیشە کوردستانی سەربەخۆ بوونی هەبووە. بۆ ئەوە بەڵگە زۆرە کە دەیانهێنمەوە. با بچن بەرهەمەکانی بخوێننەوە و وتوێژەکانی ببینن تا بزانن کە لە ئاسۆی دووری ئەودا هەمیشە کوردستانی سەربەخۆ و کوردستانی یەکپارچە هەیە و هەمیشەش بووە.

با باس لە چەند نموونەیەک بکەین. لە پێشدا با بە ئیرەجی کەشکوولی دەست پێبکەین، ئیرەج کەشکوڵی ئەندامێکی سازمانی ئینقلابی حیزبی توودە بوو کە ساڵەکانی ١٣٤٧ - ١٣٤٨دا لە باشووری کوردستان بوون و دەیانویست لە ڕێگای باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرنامەکانیان و چالاکیی خۆیان لە ئێراندا پەرە پێبدەن. ئەو دەڵێ: ئەو کات کە دوکتور قاسملوو چاوی بە ئێمە کەوت لە بوونی ئێمە لە کوردستانی عێراقدا ڕازی نەبو. ئەو پێی خۆش نەبوو کە مارکسیستەکانی ئێرانی لە کوردستان لاوانی کورد بۆ لای کۆمۆنیزم ڕاکێشن. کەشکوڵی دەڵێ دوکتور قاسملوو لە بوونی چەپی سەراسەری لە کوردستان ناڕازییە و نەیدەویست لاوی کورد بۆ لای ڕێکخراوێکی چەپی سەراسەری بڕوا.

بەڵگەی دیکە با بێنینەوە، بەرنامەی حیزبی دێمکرات کوردستان کە سەرەتا لە کۆنفرانسی سێ و دواتر لە کۆنگرەی سێ دا پەسند کرا، لە فەسڵی یەکەم و لە ئامانجە گشتییەکاندا، لە خاڵی دووهەمدا دڵێ: ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستیی دادپەروەرانەیە. لە کوێ ئەو کۆمەڵگەیە پێکدێ، خۆ ناڵێ لە ئێرانێ. نا ڕوونە ئەوە بۆ کوردستانە، ئەوەیە کە دەڵێین لە ئاسۆی دووروی ئەودا، کوردستانی سەربەخۆ هەیە. سەرنج بدەنە ئەوە کە هەر لە خودی برنامەکەدا وا دەڵێ. ئەو پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستیی بۆ ئێران ناوێ ئەوەی بۆ کوردستان دەوێ. خۆ ناکرێ لە کوردستان ئابووریی سۆسیالیستی پیادە بکرێ و لە شوێنەکانی دیکەی ئێران ئابووریی بازاڕی ئازاد (سەرمایەداری) بەڕێوەبچێ. دوکتور قاسملوو دواتر لە ساڵی ١٣٦٢دا ڕاشکاوانەتر لە «کورتەباس»دا، باس لەوە دەکا کە



سەرچاوە
Serchawe

ئەو کۆمەڵگەیە و ئەو سۆسیالیزمەی بۆ کوێ دەوێ. لەوێ بە ڕوونی دەڵێ کە ئەو ئامانجەی بۆ کوردستان دەوێ. هەر لەوێ دوکتور قاسملوو پرسیارێک دەکا و بۆخۆیشی وڵام دەداتەوە. دەپرسێ ئەو سووسیالیزمەێ دمانەوێ دابیمەزرێنین چ جۆرە سووسیالیزمێکە و ئایا بە تەواوی عەینی ئەوە دەبێ کە لە وڵاتە سۆسیالیستییەکان دامەزراوە؟ دوایە لە وەڵامدا دەڵێ نا، «سۆسیالیزمێک کە لەگەڵ وەزعی وڵاتەکەمان بێتەوە، چوونکی ڕاستە کۆمەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری بەڵام هێشتا خۆی بە تەواوی لە پێوندییەکانی سەردەمی درەبەگایەتی ڕزگار نەکردووە.» دیقەت بکەن دەڵێ کۆمەڵی کوردەواری، واتە وڵاتەکەمان، یانی کۆمەڵی کوردەواری نەک ئێران.

لەسەر یک پارچەیی کوردستان و لە سەر ئەوێ هەر چوارپارچەی کوردستان لە داهاتوودا دەبێ یەک بگرێتەوە. دوکتور قاسملوو لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: «کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سرووشتێکی تایبەت کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نییە، بۆ کورد تەنیا ئەوە نییە جیابێتەوە لە ئێران، لە عێراق یا لە تورکیە؛ بەڵکوو پێش هەموو شتێک یکگرتنەوەیە، یانی پێش جیابوونەوە بۆ کورد پرسێکی سەرەکی یەکگرتنەوەی ئەو چوار پارچەیەی کوردستانە.»

د. قاسملوو ئەو کات کە مارکسیستیشە و دەبێ بەپێی بیردۆزەکانی ئەو مەکتەبە پرسی نەتەوەیی ببەسرێتەوە بە سەرکەوتنی چینی کرێکار، بەڵام ئەو سەربەخۆیی کوردستان نابەستێتەوە بەو ڕۆژەی کە چینی کرێکار بێتە سەر دەسەڵات و جا ئەو پرسە بێتە گۆڕێ. ئاخر کۆمۆنیستەکان و جەپی ڕادیکاڵ دەڵێن هەتا چینی کرێکار نەیەتە سەر دەسەڵات، نابی ئەتۆ گرینگی بە پرسی نەتەوەیی، بە پرسی ژنان و پرسی کولتوری و هیچ کام لەو شتانە بدەی؛ کەچی دەڵێ نا ئەوە پێوەندی بەوەوە نییە و تەنانەت ئەگەر نیزامەکە سەرمایەداریش بێ، وڵاتێک دەتوانێ بەخۆی جیا بێتەوە و نابی ڕابوەستێ لەسەر ئەوەی کە کەی و چ کاتێک چینێ کرێکار دێتە سەر
دەسەڵات.

ئەوە کە سەربەخۆیی نەتەوەیەک لە سێبەری ڕێژیمی سەرمایەداریدا جێبەجێ دەبێ یا تەنیا لە ڕێژیمی سووسیالیستیدا، دوکتور قاسملوو دەڵێ: هیچ کام لەوانە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە حاشا لەوە بکرێ کە هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی، خۆی هەیە. مافی یەکگرتنەوە تەنانەت لە مافی جودابوونەوە زیاترە، کە وابوو ئێمە ئەو مافەمان هەیە، چوونکە دابەشبوونی کوردستان لە ڕاستیدا دابەشبوونێکی دەستکردە. ئاخۆ ئەمانە ناتوانن بەڵگە بن بۆ نەتەوەیی بوونی ئەو؟

لە وتووێژ لەگەڵ «عینایەتی فانی» لە «بی بی سی»دا دەڵێ چی؟ باسی ئەوەی کردوە کە ئێمە ئێرانین. لێرەدا

پرسیارێک دێتە گۆڕێ. ئەرێ ئەو باسی ئەوەی کردوە و گوتویەتی «نەتەوەی ئێران»؟ با بڕۆن هەموو وتووێژەکە ببینن و ئەگەر گوتبێتی نەتەوی ئێران قەبوولمانە. کێشەی ئیمە لەگەڵ ناسیونالیستەکانی ئێرانی لەسەر «نەتەوەی ئێران»ە، لەبەر ئەوەیە کە ئێمە باوڕمان بە نەتەوەی ئێران نییە و پێمانوایە نەتەوەی ئێران شتێکی دەستکردە و هەر بوونی نییە. دوکتور قاسملووش قەت باسی نەتەوەی ئێرانی لە هیچ جێیەک و لەو وتووێژەشدا نەکردوە. دوای ئەوە ئێران وەک چی؟ ڕوونە ئێران وک یەکەیەکی جوغرافی هەیە و حاشای لێ ناکرێ، بەڵام ئەگە لە هەموو وتارکان، نووسراوەکان و وتووێژەکانی دوکتور قاسملوودا لە شوێنێک باسی لە نەتەوەی ئێران کردبێ، ئێمە قسەمان نامێنێ، کە دەشزانین قەتی نەکردوە.

با نموونەیەکی دیکە بێنینەوە لە سەر خودموختاری، ئەوەی کە دەڵێن چونکی خودموختاریی ویستوە نەتەوەیی نەبووە. باشە مەلا مستەفای بارزانی مەگەر یەکێک لە سیمبولەکانی کوردایەتی نییە؟ کێ شکی لەوەیە کە مەلا مستەفای بارزانی نوێنگەی هەرە ڕوونی کوردایەتی نەبووە، بەڵام ئاخۆ مەلا مستەفا لە تەواوی سەردەمی ژیانی سیاسیی خۆیدا شتێک زیاتر لە خودموختاریی ویستوە ،ئەوەی بۆخۆیان پێی دەڵێن حوکمی زاتی؟

با نموونەیەکی دی لە ئێستادا بێنینەوە، خۆ ئیدی ئێستا گومان لەوەدا نییە کە ڕێبەرانی باشووری کوردستان نەتەوەیین و ئێستا هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە دۆڵەتێکی سەربەخۆی کوردی پێکبێنن و هیوادارین بەم ئاوات و ئارەزوویەش بگەن؛ بەڵام دەبینین کە لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا، باشووری کوردستان نیزیک بە چل و حەوت ساڵ خودموختاریی ویستووە، بیست ساڵیش داوای فێدراڵی کردوە، خۆ ئەگەر وابێ دەبێ بگوترێ ئەوان لە ڕابردوودا نەتەوەیی نەبوون و هەر ئەو سێ - چوار ساڵە نەتەوەیی کە داوای سەربەخۆیی دەکەن؟ ئەم ئیستدلال و بەڵگانەی ئەوان دەیهێننەوە بە قەولی مەولەوی «پایەکەیان چووبین»ە و، زۆر زەعیفە.

ئێستا با باس لەوە بکەین کە ئەم ئاڵوگۆڕە فیکرییە چۆن لە د.قاسملوودا پێک هات، واتە لە چەپێکی کوردەوە بوو بە کوردێکی چەپ؟ باکگراوەندی ئەم گۆڕانکارییانە چین و لە کوێوە کاریگەرییان کردە سەری و لە کامە بەستێندا دروست بوون؟

دوکتور قاسملوو کتێبەکەی (کوردستان و کورد) لە ساڵی دا ١٩٦٢ تەواو دەکا. ئەو لە ساڵی ١٩٥٨ەوە دەستی بە نووسینی ئەو کتێبە کردوە کە تێزی دوکتوراکەیەتی، بەڵام سەرنج بدەنە عینوانی کتێبەکەی. ئەوکات کە ئەو مارکسیست_لێنینیستە، ئەوکات کە ئەو ئەندامێکی حیزبی تودەیە، «کوردستان و کورد» دەنووسێ. یانی بۆ یەکەم جار کوردێک بە شێوازی ئاکادمیک لە سەر پرسی کورد و لەسەر هەر چوار پارچەی کوردستان دەنووسێ.



سەرچاوە Serchawe

خۆ ئەگەر شوێنپێی ئەنگیزەی ئەو کتێبەی هەڵبگری، بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەش - حەوت ساڵ پێش لە دەسپێکی نووسینی ئەو کتێبە، ئەو کاتەی دوای کودیتاکەی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بەنەهێنی و بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵی پێشوا قازی محەممەد ماوەتەوە. وەک بۆ خۆی دەڵێ لەو ماوەیەدا دەڵێ ئیستفادەیەکی زۆری لە کتێبخانەکەی پێشوا کردوە و هەر لەوێ هەست بەوەی دەکا کە کەلێنێک هەیە لە کتێبخانەی کوردیدا و دەبێ کتێبێک بەشێوەی ئاکادمیک لە سەر کوردستان و کورد، واتە هەر چوارپارچەی کوردستان بنووسرێ.

خراپ نییە هەر لەو پێوەندییەدا باس لە فاکتێرێکی دیکەش بکەین. ئەو گۆڕانکارییەی دەکرێ لە هەموو ئەوانەی دیکە شوێنکاری زیاتری لەسەر دوکتور قاسملوو دانابێ و وایکردووە لە باری فیکرییە ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵەی بەسەردا بێ. ئەویش ئەو ماوەیە و ئەو کاتانەی کە ئەو لە نێو حیزبی توودەدا بەجیدی لەگەڵ شوینیزمی فارس بەرەڕوو دەبێ. ئەو کاتەی د. قاسملوو لە ئورووپایە و لە دەیەی ٦٠ دا بە هەموو وجوودەوە هەست بە شوینیزمی فارس لە نێو حیزبێکی کۆمۆنیست(توودە)دا دەکا ئەویش لە ڕێکخراوێکی چەپدا کە ئوسوولەن نابێ ڕێکخراوێکی چەپ تێڕوانینی شوینیستیی هەبێ. بەڵام ئەو زۆر بە باشی هەستی پێدەکا و بە بڕوای ئەمن ئەمە فاکتێریکی سەرەکییە بۆ بیچمگرتنی ئەو گۆڕانکارییە لە دوکتور قاسملوودا، لەوەی کە لە چەپێکی کورد ڕا بۆ کوردێکی چەپ بگۆڕدرێ. بۆ ئەوەش بەڵگەمان زۆرن کە ئاماژە بە هیندێکیان دەکەین.

سەرەتا با بزانین دوکتور سارمەددین سادق وەزیری لەسەر دوکتور قاسملوو دەڵێ چی؟ ئەوکات کە دوکتور قاسملوو کادری حیزبی توودەیە بەڵام پرسی کوردی نەخستۆتە پراوێزەوە و هەموو کاتێ دەغدەغەی ئەو بووە. ئەو دەڵێ قاسملوو بە درێژایی ئەو ساڵانەی ئەندامی حیزبی توودە بوو، هەمیشە هۆگرییەکی زۆری بۆ کورد و خوێندنەوە لەسەر ئەو بابەتە هەبوو. یانی کاتێک کە ئەو کومۆنیستێکە و بۆ کۆمۆنیستەکان پرسی نەتەواییەتی پلە دوو و پلە سێیە، بەڵام ئەو قەت پرسی کوردی نەخستە پەراوێزەوە. با نموونە لەو ململانێیانە بێنینەوە کە دوکتور قاسملوو لە ئورووپای شەرقی لەگەڵ شوینیستە فارسەکانی نێو حیزبی توودە بوویەتی.

دوکتور قاسملوو ئەو کات کە بە خۆی کادری حیزبی تودەیە لە نامەیەکدا کە بۆ کاک کەریمی حیسامی نوسیویەتی و ئەو نامانە ئێستا هەن؛ دەڵێ: «بە نەزەری من بۆ ئەوانە - یانی بۆ ڕێبەڕانی حیزبی توودە - پرسی کورد و هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان وەک شتێکی دەرەجە چوار و دەرەجە پێنجە و لە هەموو لایەکیش بە ناسیۆنالیست و مونحەریفمان دەزانن؛ بە تایبەتی ئەمن.

وەک دەبینین دوکتور قاسملوو لەو نامەیەدا گلەیی دەکا و بۆ کاک کەریمی حیسامیی نووسیوە و دەڵێ»

«ئەوانە بە ناسیۆنالیست و مونحەریفمان دەزانن و کورد و ڕۆژنامەی کوردستان بۆ ئەوانە بایەخی نییە و ئاخریش ڕۆژنامەی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستانی لە دەستیان دەرهێنا. وەک دەزانین دەوری دووهەمی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵانی 1964 تا 1966 لە ئورووپای شەرقی دەرچوو و بیست و پێنج ژمارەی لێ چاپ و بڵاو بۆوە. کێشەکە لێرەدا دابوو کە ڕێبەڕانی حیزبی توودە دەیانگووت دەبێ ناوی ڕۆژنامەکە بنێن «نامەی مردم» و دەبێ ئۆرگانی حیزبی توودەش بێ و گرینگ نییە ئەگەر بە کوردی وتاری تێدا بنووسن. دوکتور قاسملووش کێشەی ئەوەیان لەگەڵ دەکا کە دەبێ ناوی کوردستان و ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بێ. کوردستان، هەر ئەو کوردستانەی میراتی سەردەمی کۆمار و هەمان ناو و دوایەش لە بن دەستی دەرهێنان.

## ئێحسان تەبەری لە کتێبی «کژ راهە»دا دەڵێ:

دوکتور قاسملوو بە «لطایف الحیل» ڕۆژنامەی کوردستانی لە دەست ئێمە دەرهێنا. بەڵێ لە دەستی دەرهێنان و بە ناوی کوردستان بڵاوی کردەوە. لە نامەیەکی دیکەدا دوکتور قاسملوو دەنووسێ کە چۆن کێشە و ململانێی هەیە لەگەڵ شوینیستە فارسەکانی نێو حیزبی توودە. ئەو دەڵێ: «چاوم بە ڕام کەوت (ڕەزا ڕادمەنێش، سکرتێری ئەوکاتی حیزبی توودەی ئێران) و پێی گوتم ئێوە هەمووتان ناسیۆنالیستن و دەبێ خۆتان یەکلا بکەنەوە و دەست لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵگرن.

هەر لە ڕاستیدا هەموو هەوڵی حیزبی توودە ئەوە بوو. حیزبی توودە لە ساڵی ١٣٢٤ بەولاوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتیش بە فیرقە بکا؛ یانی وەکوو فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ببێتە لقێکی ئەیالەتیی ئەو حیزبە. واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبێ، بەڵام لقی ئەیالەتی و لقی کوردستانیی حیزبی توودە بێ. بەڵام لە ڕاستیدا دوکتور قاسملوو نەیهێشت. با بۆ مێژوو بیڵێم کە دوو کەس نەیانهێشت حیزبی دێموکراتی کوردستان ببێ بە لقی ئەیالەتیی حیزبی توودەی ئێران. یەکەمیان ئەحمەد تەوفیق و پاشان دوکتور قاسملوو، هەڵبەت هەر کامەیان بە مێتۆدی خۆیان.

ئەحمەد تەوفیق بە پێداگرییەکی توند لە سەر ناسیۆنالیسم، بەڵام دوکتور قاسملوو بە خوێندنەوەیەکی دیکە لە سۆسیالیسم، بە خۆیندنەوەیەکی جیا لە خوێندنەوەی حیزبی توودە بۆ سۆسیالیسم و بۆ چەپ. ئەوان هەر کام بە مێتۆدی خۆیان نەیانهێشت حیزبی توودە حیزبی دێموکراتی کوردستان قووت بدا.

ئەو دەرگیری و ئەو کۆنتاکتەی دوکتور قاسملوو لە گەڵ ڕێبەڕانی حیزبی توودە لە ساڵانی دەیەی ٦٠ دا هەیەتی، دەگاتە ئەو جێیەی کە چیدی ئیعتماد بە دوکتور قاسملوو ناکەن، با بزانین لەو پێوەندییەدا کاک کەریمی حیسامی دەڵێ چی؟

## کەریم حیسامی خۆی یەکێک لە ڕەخنەگرانی دوکتور قاسملوویە، بەڵام ئەوە باشە کە بەڵگەکان لەوی بێنینەوە. کەریم حیسامی دەڵێ:

کاتێک ڕێبەرانی حیزبی توودە ئیجازەیان پێداین سەردانی عێراق بکەین، ئەو کاتەی ڕاپەڕینی چەکدارانەی 46 – ١٣٤٧ درووست دەبێ؛ حیزبی توودەی ئێران بۆ ئەوەی کایەکە بە سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە نەدۆڕێنێ کە ڕەقیبی بوو، دواجار لەسەر هاندان و پێداگریی کاک کەریمی حیسامی و دوکتور قاسملوو سەردانێکیان دەکەین. ئەوان (کەریم حیسامی و ڕادمەنش) دێن لە بەغدا چاویان بە کاک سولەیمانی مۆعینی و کاک حەمەدەمینی سیڕاجی دەکەوێ. بۆ ئەو سەفەرە ڕادمەنیش بە کەریمی حیسامی گوتوە کە نابێ قاسملوو بزانێ کە ئێمە ئەو سەفەرەی دەکەین بو بەغدا. کەریم حیسامی دەڵێ لەبەرچی؟ بۆ نابێ دوکتور قاسملوو بزانێ؟ ئەویش دەڵێ : لە سەر قاسملوو ئەزموونمان هەیە، ئەو ئەندامی حیزبی توودە بوو و ئێمە ناردمانەوە کوردستان، کەچی بوو بە هۆی بنەڕەتیی لێکپچڕانی حیزبی توودە و حیزبی دێموکراتی کوردستان. ڕادمەنیش و حیزبی تودە ئیدی چیدی متمانەیان بە د. قاسملوو نامێنێ.

-------

## قاسملوو، ناسیونالیزم و ئەندێشەی چەپ قاسملوو، تیتۆی کورد

٣

ئێستا باس لە قۆناغی دووهەمی ژیانی سیاسیی د.قاسملوو دەکەین دەکەین کە دوکتور قاسملوو چۆن لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە دەبێتە چەپێکی میانە؟ ئێستا ئیدی لە چەپێکی کوردەوە بۆتە کوردێکی چەپ، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە، (لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە بۆ چەپێکی میانە) چۆن دروست دەبێ؟ ئەو گۆڕانکارییە ساڵی ١٩٨٣ بە نووسین و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی «کورتە باسێک لە سەر سوسیالیسم» خۆی دەرخست. لەوێ ئیدی دوکتور قاسملوو بە تەواوی مەرزبەندیی خۆی لە گەڵ چەپی ڕادیکاڵ ئاشکرا دەکا. لەوە بە دوا ئیدی ئەو کۆمۆنیست نییە و کۆمۆنیست نەماوە، بەڵکوو سۆسیالیستە. دەقیقتر بڵێم ئیدی بەرەو سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەڕوا و بە دەرکردنی ئەو نامیلکەیەماڵئاوایی لە متافیزیکی کۆمۆنیزم دەکا.

مێتافیزیکی کۆمۆنیسم مەسەلەی چینایەتی وەک پرسی بنەڕەتیی هەموو لێکدانەوەیەکی سیاسی بەکار دەهێنێ و کێشەکانی دیکە وەک کێشەی نەتەوەیی، کێشەی ژنان، کێشەی کولتوری؛ ئەوانە بەلایەوە مەوزووع نین. ئەو هەموو تەحلیلێکی سیاسی و هەموو لێکدانەوەیەک لە سەر بنەمای چیینایەتیە و دوکتور ماڵئاوایی لە ئەمە.

دوکتور قاسملوو ساڵی١٩٧٠ هاتەوە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بوو بە ڕێبەری ئەو حیزبە. کە چاو لە بەرنامەکانی ئەو کاتی حیزب دەکەین، دەبنین بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی ٣ دا گوزارشت لە چەپێکی ڕادیکاڵ دەکا و بۆ یەکەم جار سوسیالیسم بەڕەسمی دێتە نێو بەرنامەی حیزبەوە وەک ئامانجی دوارۆژ.



سەرچاوە
Serchawe

لە ئەساسنامەی حیزبدا نووسراوە: «حیزبی دێموکراتی کوردستان پێڕەوی لە تێئۆریی گەشەسەندنی کۆمەڵ دەکا.» ئەمە بێ ئەملا و ئەولا ماتریالیزمی تاریخیی مارکسە. بەپێی ئەو ئیدەیە (تاریخ گەرایی یا هیزتوریزم) مێژووی مرۆڤایەتی سەرەتایەک، مەبدەئێک و مەقسەدێکی دیاریکراوی هەیە و هەموو ئەو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا «مانادارن» و هەر قۆناغێک لە مێژوو پێشکەوتووترە لە قۆناغی پێش خۆی و بمانەوێ و نەمانەوێ؛ واتە بەدەر لە ئیرادەی مرۆڤ دەگەینە قۆناغی کۆتایی و هەرە پێشکەوتوو، واتە قۆناغی (کۆمۆنیزم).

ئەگەر چاو لە ئەدەبیاتی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب بکەن لە کۆنگرەی ٣ دا، دەبینین کە پڕە لە ئەدەبیاتی مارکسیستیی ڕادیکاڵ، ئیستعماری کۆن، ئیمپریالیزم، بورژوازی، چین، فیئۆداڵ، دەرەبەگ، زەرووڕەتی تاریخی، پڕە لە ئەو دەستەواژانە. یانی کە وابوو لە سەرەتادا بەرنامەی حیزب لە کۆنگرەی ٣ دا گوزارشت لە چەپێکی ڕادیکاڵ دەکا بەڵام ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە کەی ڕوو دەدا؟ لە ساڵی ١٩٨٣ دا. بە چی ڕوو دەدا؟ بە نووسینی «کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم. کورتە باس چ بوو؟ کورتەباس پێناسەی سوسیالیزمی دێموکراتیکە. سۆسیالیزمی دێموکراتیکی پێناسەکراو لە کورتە باسدا چییە و چیی دەوێ؟

مرۆڤی موتەمەدین مرۆڤی هەمیشە عەوداڵ و تامەزرۆی ئازادی و عەداڵەتە، بەڵام کامیان دەبێ پێش ئەوی دیکەیان کەوێ؟ ئازادی یان عەداڵەت؟ کێشەکە لێرەدایە کە کامیان لە پێشترن؟ هەر کۆمەڵگەیەک هەر کام لەم دوو چەمکەی وەپاش گۆی دابێ و پەراوێزی خستبێ زەرەری کردوە. سوسیالیزمی مەوجوود، ئازادییەکەی لە بەر چاو نەگرت، دیتمان چیی لێ بەسەرهات. ئێستاش لە ئۆورووپای سەرمایەداریدا عەداڵەتەکە ئەو جۆرەی کە دەبێ بێ لە بەرچاو ناگیرێ. کە وابوو مەوزووع چیە و کورتەباس دەیهەوێ بڵێ چی؟ هەموو مەبەستەکە ئەوەیە کە کورتەباس دەیهەوێ ئەو دووانە پێکەوە کۆ بکاتەوە. دیارە ئەوە کارێکی دشوارە و هەروا سادە نییە هەوڵە کە بۆ ئەوەیە.

دوکتور قاسملوو لە «کورتەباس»دا باس لە دێموکراسیی کۆمەڵایەتی، دێموکراسیی سیاسی و دێموکراسیی ئابووری دەکا، هەر سێکیان پێکەوە باس دەکا. «کورتە باس» چیی دیکە دەڵێ؟ کورتەباس هێندێک مەرزبەندی و پەیامێکیشە. پەیامەکە چییە؟ دوکتور قاسملوو دەڵێ دەمانهەوێ سوسیالیزمێک دابمەرزێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێتەوە، ئەمە یانی چی؟ یانی چیدیکە چەپی لۆکاڵی و چەپی کورد نەبێتە پاشکۆی چەپی سەراسەری. لە هەموو مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەمیشە چەپی ناوچەیی چەپی کورد ویستوویەتی پاشکۆی چەپی سەراسەری بێ و، چەپی سەراسەریش کاریگەری ناسیونالیزمی ئێرانیی بە سەرەوەیە، وەک ئەو نموونانەی باسمان کرد کە چۆن ڕێبەرانی حیزبی تودە دوکتور قاسملوو و کوردەکان بە ناسیونالیست و بە مونحەرێف دەزانن. هەمیشەش چەپی سەراسەری بە گوێی چەپی مەنتەقەیی هەڵێناوە و بە چەپی کوردی گوتوە کە بۆ لای کوردایەتیی نەچن، کوردایەتیی پرسی دەرەجە سێ و دەرەجە چوارە و بۆ ئێمە مەسەلەی

ئەساسی مەسەلەی چینایەتییە.

هەر ئەم بەقسەکردنانە بوو کە چەپی سەراسەری چیی بە سەر چارەنووسی ڕێکخراوی چەپی ناوچەیی هێنا. دیتمان ڕێکخراوی «سەهەند» چیی بە سەر کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هێنا. ئەوانی هەر لە کوردایەتیی شوشتەوە و بەتاڵی کردن و ئەو پرسەی بۆ کردن بە دەرەجە سێ و چوار. ئا لێرەدایە کە دوکتور قاسملوو دەیهەوێ ئەمە بسەلمێنێ و سنووری خۆی لەگەڵ ئەو تێفکرین و مێتۆدە جیا کاتەوە، دواتر لە هێژموونیی چەپی جیهانیش یانی ئینترناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریش ڕزگارمان بکا. ئاخر دەبوو هەمیشە لە ژێر ئالای پاراستنی بەرژەوەندیی ئینترناسیۆنالیزمیی پرۆلیتاریا بەرژەوەندییەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت بپارێزرێ. دیارە نەک چەپ هەموو، بەڵکوو ئەو چەپانەی کە سەر بە ئۆردوگای سۆسیالیستیی بوون؛ بەلام دوکتور قاسملوو بەوەش دەیهەوێ خۆی لە ژێر هێژموونیی ئینتێرناسیونالیزم پرۆلیتاریاش بێنێتە دەرێ. دیارە خۆ دوکتور قاسملوو دژایەتیی یەکیەتیی سۆڤییەتیی نەکردووە و هەر لەو «کورتە باسە»ی‌دا دەڵێ سۆڤییەت دۆستی ئێمەیە، بەلام ئێمە سەربەخۆین و سەربەخۆبوون لەگەڵ کلکایەتی فەرقی هەیە و ئەوەی حیزبی توودە دەیکرد کلکایەتیی بوو. دوکتور قاسملوو لە کورتە باس‌دا دەڵێ: یەکیەتیی سۆڤییەتی دۆستی ئێستراتژیکیی ئێمەیە، بەلام ئێمە لە سیاسەت و بەڕێوەبەریی خۆماندا سەربەخۆین. ڕاست وەک ئەوەی تیتۆ کردی. دوکتور قاسملوو ئا لێرەدا تیتۆی کوردانە. «تیتۆ»ش لە یوگوسلاڤیا خۆی لە ژێر هێژموونیی یەکیەتیی سۆڤیەت هێنایە دەرێ. ئەویش دەیگوت دۆستایەتیت دەکەم بەلام خۆم بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆم دەدەم.

دوکتور قاسملوو لە «کورتەباس»دا دەڵێ چی و مەرزبەندیەکان چی بوون؟ مەرزبەندییەکان ئەوە بوون کە سنووری نێوان خۆی و حیزبی توودە بکێشێ، مەرزبەندی لەگەڵ ستالینیزم بکا و سنوورێک لە نێوان خۆی و ئەو جۆرە بیرکردنەوە دوگم و ویشکەی دابنێ کە ساڵانێک بوو بەسەر فەزای فیکریی ئەو حیزبانەدا حاکم بوو و مەجالی ڕەخنەگرتنیان نەدەدا. دواتر پێداگری لە سەر پێگە و شوێنی دێموکراسیی و هەموو ئەمانە نیوەڕۆکی مەسەلەی سوسیالیزمی دیموکراتیک، پێناسە کراو لە «کورتە باس» دا بوو. لێرە پرسیار ئەمەیە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکی چۆن لە نێو حیزبەکەی خۆیدا جێ خست؟

لە کۆنگرەی شەش‌دا کاتێک دوکتور قاسملوو ئەو بیرۆکەیە دێنێ بۆ جاری یەکەم وەرناگیرێ و پەسند ناکرێ، ئەوە نیشاندانی قووڵایی سەمپاتییە بۆ چەپی ڕادیکاڵ لە نێو حیزبی دێموکراتدا کە ئەوەندە بەهێزە «کورتەباس» دەنگ ناهێنێتەوە. دوایەش کە پەسند کرا دەبینین ڕێکخراوەکانی وەک کۆمەڵە و «راه کارگر» و ڕێکخراوە چەپییەکانی دیکە هەموو هەڵوێست دەگرن لە بەرامبەر ئەم نامیلکە و گوتارە نوێیەی دوکتور قاسملوودا. کۆمەڵە دەڵێ: «ئەوە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری بۆ ئێمە بەدیاری دێنی»، ڕایکارگەر دەڵێ: «ئەم سۆسیالیزمە بۆ ڕۆژی قیامەتە». دوکتور قاسملوو لەو بارودۆخەدا بە هێنانەگۆڕێی ئەو بابەتە وەک ئەوەی بوو کە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ڕووبار مەلە بکا، بەلام ئەو لەو

بارودۆخەدا قسەی خۆی کرد و باسەکەی خۆی هێنایە پێشێ و لەسەری پێداگر بوو. چەند ساڵ دواتر و بە ڕووخانی دیواری بێرلین و لە بەریەک هەڵوەشانی سوسیالیزمی مەوجوود دەرکەوت کە بووچوونەکانی دوکتور قاسملوو درووست بوون، بەڵام بە داخەوە چوار مانگ پێش ئەوەی ئەو ڕووداوانە ڕوو بدەن و دوکتور قاسملوو دروستبوون و دەقیقبوونی بووچوونەکانی لە سەر ئەو بابەتانە بە چاوی خۆی ببینێ شەهید بوو.

ئەم تەحەولە فیکرییەش لە د. قاسملوودا زەمینە و بەکگراوندی هەیە و بەرهەمی وردبوونەوە و بە چاوی کراوە ڕوانین لە ڕووداوەکان بوو؛ وەک: ژیانی تاراوگەیی لە وڵاتانی سۆسیالیستی و لە نیزیکەوە هەستکردن بە کەموکوڕییەکان، نارەساییەکانی سۆسیالیزمی مەوجوود بە تایبەتی لە بواری نەبوونی دێموکراسی و ئازادی و بوونی دەوڵەتانی توتالیتێ لەم وڵاتانە؛ هەروەها ڕووداوەکانی لەهێستان و ڕاپەڕینی مەجارستان لە دەیەی ٥٠ی زایینی بە تایبەت ڕووداوی «بەهاری پراگ» لە ساڵی ١٩٦٨؛ دەرکەوتنی قوتابخانەی «فرانکفۆرت»، «چەپی نوێ» و «ئۆرۆکۆمۆنیزم» کە هەر کامەیان بە شێوازێک لەگەڵ چەپی کلاسیک و ئۆرتۆدۆکس سنووربەندییان دەکرد. ئەوانە هەموو لە چاوی وردبینی ئەو بەدوور نەمانەوە و شوێنەواری قوڵیان لەسەر دانا.

-------

## دوا مەنزڵگەی فیکریی دوکتور قاسملوو

٤

دوامەنزڵگەی فکریی دوکتور قاسملوو لە ڕاستیدا وەکوو بەڵگە و وەکوو دیکۆمێنت هیچمان نییە. زۆر کەس دەڵێن سوسیال دێموکرات بوو، بەڵام بەڵگەمان نییە بۆ ئەوە. هەم ئەوانەی لایەنگر و هەم ئەوانەی دژی «کورتەباس»ن، دەڵێن کورتە باس تەعبیر لە سۆسیال دێموکراسی دەکا. هێندێک کەس کە سیمپاتی سۆسیال دێموکراسین دەڵێن کورتە باس گوزارشت لە سۆسیال دێموکراسی دەکا و ئەوانەش کە چەپی ڕادیکاڵن دەڵێن بەڵێ تەواو سۆسیال دێموکراسییە. بەڵام هیچیان وا نین، چونکی لە کورتەباسدا بۆ خۆی بە ڕوونی مەرزبەندی لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی دەکا، بەڵام لە کردەوەدا دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٣٦٥ بەو لاوە بە چوونی بۆ نێو ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیت بەرەو سۆسیال دێموکراسی هەنگاو دەنێ. لەوێڕا نامیلکەیەک لەگەڵ خۆی دێنێتەوە، کە میشێل ڕۆکار، سەرۆکی ئەو کاتی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست نووسیبووی. ئەو نامیلکەیە لە نێو حیزبدا دەکرێتە کوردی و بڵاو دەکرێتەوە و نیشانەکان هەموو ئاماژە بۆ ئەوەن کە بەرەو چی و بەرەو کوێ



سەرچاوە Serchawe

دەڕۆین، واتە بەرەو سوسیال دێموکراسی. دوکتور قاسملوو بە کردەوە هەنگاوەکانی بەرەو سۆسیال دێموکراسی بوو، بەڵام مەرگ مەجالی ئەوەی پێ نەدا کە بە بەڵگە یا بە نووسراوە ئەو بەشە لە ژیان و تێفکرینەکانی بە دیکۆمێنت بکا.

**دەرەنجام**:

ئەمن باسم لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕ کرد. با قسەیەک لە نیچە بێنینەوە، نیچە دەڵی مار ئەگەر هەموو ساڵێک پێستی فڕێ نەدا دەمرێ، ئەدی ئینسان چۆن نابێ بگۆڕدرێ؟ بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕانە لە دوکتور قاسملوودا لە چەپی کوردەوە بۆ کوردیکی چەپ و لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە بۆچەپێکی میانە و دێموکرات بەرهەمی شناختی ئەو لە کۆمەڵگاکەی و بارودۆخی جیهان و ناوچە بوو. ئەمە جیاوازیی هەیە لەگەڵ تێکەوتن لە تەنگەژە و وەرتەی ئۆپۆرتۆنیزمی سیاسی. ئەوەمان لێ تێک نەچێ ئەم ئاڵۆگۆڕ و گۆڕانکارییانە بەرهەمی شناخت بوون و لەگەڵ فورسەتتەڵەبیی سیاسیی فەرقیان زۆرە. دواتر لەو سەفەرە سیاسییەی کە دوکتور دەستی پێکرد لە ساڵی ١٣٢٦ کە ٤١ ساڵی خایاند و لەم قۆناغەدا هیندیک شت قەت لە بیری نەچوون و قەت گۆڕان و ئاڵوگۆڕ نەیگرتنەوە، واتە دوکتور قاسملوو هەر وەک پرەنسیپ هەمیشە پێیان وەفادار مایەوە. یانی لە ویستگە جۆراوجۆرەکانی ژیانی دوکتور قاسملوودا هێندێک پرەنسیب ئاڵۆگۆڕیان بە سەردا نەهات. ئەمانە خەتی سوور بوون. یەکەمیان چارەنووسی میللەتەکەی. دەبینین ئەو کات کە توودەیی‌یە هەمیشە پرسی کوردی بۆ گرینگە و قەت وەلای نانی. سارمەددین سادق وەزیری لەو بارەوە نایشارێتەوە و دەڵێ ئەو کات کە ئەندامی حیزبی توودەیە بەڵام هەمیشە عەتفی بۆ مەسەلەی کورد هەیە و هەمیشە بەو پرسەوە خەریکە و وەلای نانێ و لەگەڵی دەڕوا.

دوای پرسی کورد پرەنسیپێکی دیکە کە قەت لای ئەو نەگۆڕا، ئەویش دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە. هەمیشە بۆ دوکتور قاسملوو فیکری یەکسانی و بەرابەری و فیکری عداڵەت و دادپەروەری وەکوو ئەستێرەیەکی قووتبی بوو کە هیدایەتی دەکرد و ڕێنوێنیی دەدایە. دوکتور قاسملوو لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا ئیدی کۆمۆنیست نەمابوو، بەڵام هەر سۆسیالیست بوو. یان ئەگەر بڵێم دەقیقتر بیڵێم سۆسیال دێموکرات بوو.

پرەنسیپی سێهەم یان خەتی سووری سێهەم لای دوکتور قاسملوو چارەنووسی حیزبەکەی بوو کە هەمیشە بۆی گرینگ بوو. با بە ئاوڕیک لە ویستگەکانی ژیانی دوکتور قاسملوو چەند نموونەیەک بێنینەوە و بزانین حیزبی دێموکراتی چەندە بە لای ئەو گرینگ بووە.

دوکتور قاسملوو ساڵی ١٣٢٦ دەچێ بۆ خوێندن و ساڵی ١٣٣١ دەگەڕێتەوە و ئۆڕووپا و خێزانەکەی بە جێ دێڵێ. ئەو لیسانسی وەرگرتووە و دێتەوە کوردستان و دەست بە چالاکییە سیاسییەکانی دەکاتەوە. ماوەیک پێناچێ کوودێتای ٢٨ی

گەلاوێژی بەسەردا دێ و ژیانی حیزب دەچێتە خانەی چالاکیی نهێنی و ژێر زەمینییەوە و هەتا ساڵی ١٣٣٦ - ١٣٣٧ دوکتور قاسملوو لە چالاکیی نەهێنی بەردەوامە و لە نێوان خانە تیمییەکان لە تاران و شاخەکانی کوردستان لە هاتوچۆ دایە.

دوکتور قاسملوو ساڵی ١٣٣٧ کوردستان بە جێ دێڵێ و دەڕاتەوە بۆ ئوڕووپا، بەڵام ساڵێک دواتر دەگەڕێتەوە، کەی؟ کاتێک دەبینێ لە عێراق کوودێتاکەی عەبدۆلکەریم قاسم لە دژی سیستمی پاشایەتی و لە دژی مەلێک فەیسەل سەرکەوتووە. دوکتور قاسملوو ئەمە بە هەل دەزانێ، ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخاوە، مەلا مستەفای بارزانی گەڕاوەتەوە، ڕیژمی پاشایەتی نەماوە و لە عیراقێ مەجال هەیە و هەڵ بۆ کورد ڕەخساوە و قاسملوو گەڕاوەتەوە.

پاش ماوەیەک دوکتور قاسملوو لە ململانێی حیزبیدا تووشی کێشە دەبێ و دەری دەکەن. هەم لە حیزبی دێموکرات و هەم لە عیراقیشی دەر دەکەن، ئەو کە لە دەرگا دەردەکرێ پاش ماوەیەک دیسان بە پەنجەرەدا دێتەوە ژوورێ. سێ ساڵ دواتر ڕاپەڕینی چەکداریی ٤٦ - ٤٧ سەر هەڵدەدا و سەر لە نوێ دێتەوە مەیدان. دێتەوە و دانیشتنیان لەگەڵ دەکا و تەنانەت لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕیدا کاندیدی دەکەن بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی ڕێبەری و بەرپرساتیەتیشی پێ دەدەن و وەک وتەبێژیان لە دەرەوەی وڵات دیاریی دەکەن. هەروەها ئەرکی بارهێنان و پەروەردەکردنی کادرەکان لە کوردستانی پێ دەسپێرن، بەڵام بە داخەوە تەمەنی ڕاپەڕینەکە زۆر کورت بوو و مەجالی ئەوە نەڕەخسا زیاتر لەوەندە دەوری هەبێ.

دوکتور قاسملوو سێ ساڵ دواتر و لە ساڵی ١٩٧٠ دا دیسان دەگەڕێتەوە کوردستان، ئەو کاتەی کورد لە عێراق لەگەڵ حکوومەتی ناوەند پێک دێ و دیسان هەلێک بۆ کورد دەڕەخسێ و دوکتو قاسملوو گەڕاوەتەوە و دەیەوێ ئەم هەلە بقۆزێتەوە. لەو ساڵەدا دەبێتە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێککەوتنی عێراق ئێران و پەیماننامەی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر چیدی ئەو مەجالە بە ڕێبەریی حیزب نادا لە عێراق و باشووری کوردستان بە ئازادی تێکۆشانیان هەبێ، تەنانەت ناچار دەبن پلینۆمی حیزب لە دەرەوەی وڵات بگرن، بۆیە ئەو دەرفەتە بۆ دوکتور قاسملوو نامێنێ لێرە بمێنی و جارێکی دیکەش دەچێتەوە دەرەوەی وڵات، بەڵام دوو ساڵ دواتر کە خۆپیشاندانەکان لە ئێران دەستیان پێکرد دەسبەجێ دەگەڕێتەوە کوردستان.

دەبینین کە هێشتا حکومەتی پاشایەتی نەڕووخاوە، ڕێبەریی حیزب چەند مانگ پێش ڕووخانی ڕێژیم کۆمیتەی زاگرۆس پێکدێنن و دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و لە تاران و مەهاباد بە شێوەی نهێنی دەست بە تێکۆشان دەکاتەوە و بە ناوی کاک شەریف ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و مودیرییەتی ئاڵوگۆڕەکان دەکا.

مەبەستم ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو هەتا هەلی بۆ هەڵکەوتووە هەموو جارێ گەڕاوەتەوە کوردستان و ئەمە ئێدی ئاخر

جار بوو و هەتا ئەو کاتەی کە شەهید بوو.

نموونەیەکی دیکە ئاماژەپێکردنی پێویستە. زۆر جار دوکتور قاسملوو لە پێناو حیزبەکەیدا کەوتۆتە سەر دووڕییانیش، بەڵام دەبینین کە واز ناهێنێ و هەمیشە حیزبەکەی و چارەنووسی حیزبەکەی بەلاوە گرینگتر بووە.

ساڵی ١٩٥٨ کە کودیتای ١٤ی تەمووز رووی داوە و ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراق نەما، بە تەمایە لەگەڵ خێزانەکەی نەسرین خانم بگەڕێنەوە. لێرە لەگەڵ خێزانەکەی کێشەیەکی بۆ ساز دەبێ. با لە زمان نەسرین خانم و وەک خۆی باسی بکەین. نەسرین خانم دەڵێ: دوکتور قاسملوو گوتی ئەمن دەڕۆمەوە و ئێوەش دەبی بێنەوە، کچەکانیش دەبێ بێنەوە و هەڵێک هەڵکەوتووە وئەمن دەڕۆمەوە و هەتا ڕزگاریی کوردستانیش ناشگەڕێمەوە. ئێوەش دەبێ بێنەوە لەگەڵم. نەسرین خانم دەڵی کچەکانی من ناتوانن لەو ژینگەیەدا بژین و ئەوێ لەمبارەوە گونجاو نییە و ئەوان بە کولتورێکی دی گەورە بوون. بەڵام دوکتور قاسملوو دەڵێ نا، ئەگەر بێنەوە دەبنە کورد و زمانی کوردی فێر دەبن، فێری زمانی عەرەبیش دەبن و ئەتۆش زمانی چێکییان پێبڵێ. نەسرین خانم دەڵێ کەوتینە سەر دووڕییانییەکی حەسساس. دوکتور قاسملوو دەڵێ بەڵام ئەوە بزانە کە ئەمن چیدیکە ناگەڕێمەوە بۆ ئێرە و هەتا ڕزگاریی کوردستان لەوێ دەمێنمەوە. نەسرین خانم کەوتبووە سەر دووڕییانێک کە یان دەبوا لەگەڵ منداڵەکانی بە دوای عەبدوڕەحمان بکەوێ یا لێی جودا بێتەوە. دیارە دواتر منداڵەکان لەوێ بەجێ دێڵن و دوکتور قاسملوو و نەسرین خانم بۆ خۆیان دێنەوە. مەبەست لە گێڕانەوەی ئەمە بۆ ئەوە بوو کە بە ڕوونی بڵێین سێ شت لە دنیای فیکری دوکتور قاسملوودا قەت نەگۆڕان و قەت شموولی ئاڵوگۆڕ نەبوون، ئەویش چارەنووسی میللەتەکەی، دابینکردنی عداڵەتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری لەگەڵ چارەنووسی حیزبەکەی.

(لە ژمارەی: ٧٠٧، ٧١٠،٧٠٩،٧٠٨ی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی سیمینارێک لە ژێرناوی بەشداریی ژنان لە بزاڤە سیاسییەکانی کورد



لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێــژی ئەمســاڵ، کە هاوکــاتە لەگەڵ ٧٢مـین ســاڵیادی دامەزرانــی حیزبــی دێمـوکراتی کوردســتان سیمینارێک لە ژێرناوی بەشداریی ژنـان لە بـزاڤە سیاسییەکانی کـورد، لە یەکێـک لە سـاڵۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک بەڕێوەچوو.

پێشنیـوەڕۆی ڕۆژی ١٩ی گەلاوێـژ بەشـی تەشکیلاتی ئاشکرای حیـزب سیمینارێکی تـایبەت بە جێگەوپێگەی ژنـان لە بـزاڤە سیاسییەکانی کورد بۆ سمایل بـازیار کادری لێهاتووی حدک و مامۆستا مێژوو، پێک هێنا.

لەو سیمینارە کە بەشێکی بەرچاو لە ژنانی خۆڕاگری نێوسەنگەری دێموکرات تێدا بەشدار بـوون، سـەرەتا مامۆسـتا عسمەت نستانی یەکێک لە ژنانی تێکۆشەری نێـو ڕیزەکـانی حیزبـی دێمـوکرات مەبەست لەو کۆبـوونەوەی بۆ ئامادەبووان بـاس کردو پاشان ڕێزدار بـازیار باسەکەی خۆی دەسپێکرد.

ناوبراو سەرەتا لە سۆنگەی خەسارناسییەوە باسی لە کەمڕەنگی و زۆرجـار غـایەببوونی ژنـانی کـرد لە بـزوتنەوە سیاسی و مافخوازانەی کورد بە گشتی و بەتـایبەتی بزاڤەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستەبەر سەرەنج و، بە پشت بەسـتن بە بەڵگە مێژووییەکان چەند نموونەیەکی لەو بارەوە باس کرد.

سمایل بـازیـار بە هەڵسـەنگاندنی قونـاخە جیاجیاکـانی بزاڤەکـانی ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان بەتـایبەتی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان هۆکاری چۆنیەتی و چلۆنایەتی بەشداریی کردنی ژنانی کورد لەو بزووتنەوەکانی بۆ بەشداربووان شیکردەوە.

ناوبراو لە درێژەی وتەکانیدا یەکەم جموجۆڵە سیاسی و ڕێکخراوەیی ژنانی خستەبەرباس و لەو بارەوە وتی: یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانی کورد لە ساڵی ١٩١٩لە ئەستەمبۆڵ بنیات نرا، کە ئەو ڕیکخراوەیە زۆری نەخایاند.

بەڵام لە سەردەمی کۆماری کوردستان یەکێک لە بەرھەمەکانی بیرتیژی و وردبینی پێشەوا قازی محەممەد ھاندانی ژنان بوو کە بێنە مەیدان خەبات و چالاکیی سیاسییەوە. ئاکامەکەشی بۆ بە دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان یان"یایاکان"

ناوبراو بە شێوەی زانستی باسی لەوە کرد کە دەبێ ھەر ڕووداوێکی مێژووی بە پێی ھەلومەرجی ئەوکات ھەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ، نەک بە پێی پێوەرەکانی ئەمرۆ ! بۆ نموونە ئاماژەی بە "شانۆی دایکی نیشتمان" کرد، شانۆیەک کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان ساز کرا و نواندرا، بەڵام لە ھەموو کوردستان نە ئاکتەری ژن ھەبوو نە ھیچ ژنێک ئامادە بوو یان ڕێگەی پێدرا ! کە لەو شانۆیە ڕۆڵی "دایک" بگیرێ.

کەواتە لەوەھا قوناخێکدا بە ڕێکخراوەیی کردنی چالاکیی ژنان کارێکی گەورەیە و دەبێ زیاتر سەرەنج بدرێ.

ھەربۆیە پێشەوا قازی محەممەد بۆ جێخستنی ئەو خاڵە گرینگە لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێکردو خێزان و کچەکەی لە یەکەم دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان بوون لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا.

سمایل بازیار لە بەشێکی دیکەی باسەکەی بە خوێندنەوەی مێژوویی لەسەر دۆخی سیاسیی کۆماری کوردستان و مافی دەنگدانی ژنان گوتی: بە پێی بەڵگە مێژووییەکان لە کۆماری ئازەربایجان کە تێدا ھەڵبژاردنێک بەڕێوەچوو بۆ یەکەمجار ژنان لە ئێران مافی دەنگدانیان پێدرا بێ گومان ئەگەر تەمەنی کۆماری کوردستان ومەجالی ھاوشێوە بڕەخسا ژنانی کوردیش وەکوو پێشەنگ لەو سەردەمە ئەو مافەیان بەدەست دەھێنا ئەمە.

لە کاتێکدایە چەندین ساڵ دوای ڕووخانی ھەردوو کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان ژنان لە ساڵی ١٣٤٢ی ھەتاوی مافی دەنگدانیان پێدراو، نارەزایەتی کەسانێک وەکوو خومەینی لە ١٥ی جۆزەردانی لێکەوتەوە.

ناوبراو لە بەشی کۆتایی سیمینارەکەی بە ئاوردانەوەیەکی خێرا لە ڕێژەی بەشداریی کردنی ژنان لە بزاڤە سیاسییەکانی کورد وێڕای ڕەخنەگرتن لە زۆربەی لایەنە سیاسییەکان کە ئەو مەجالە لەبارەیان نە ڕەخساندوە بۆ بەشداریی زیاترو چالاکانەتری ژنان لە خەباتی سیاسیی کورد، بەڵام ئەرک وەخۆ گرتن و ھاتنەمەیدان و ھیممەت کردنی خۆدی ژنانی لە ھەموو ڕەھەندێک بە پێویست و بە خاڵێکی پۆزتیڤ زانی و گوتی: مێژووی بەشداریی ژنانی کورد لە خەبات و تێکۆشان



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەرچی بە هۆکارگەلێکی کۆمەڵایەتی و"نەریتی باو" کەمڕەنگ دیارە، بەڵام لە قوناخە هەستیارەکانی مێژووی خەبات وبەرەنگاریی کورد، بە تایبەتی لە سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە ئارای شەڕی کوردستان تا حەماسەی ژنانی کورد لە کۆبانێ، سەلمێنەری ئەوەیە کە ژنان بە هیممەتی خۆیان ئەو کارانەی کە زۆر جار بە پیاوان ناکرێ بە ژنان و ئیرادە و ویستی ئەوان بەڕێوەچووە.

لە بەشی کۆتایی ئەو سیمینارە چەند کەس لە ژنانی بەشداربوو، لە گفتوگۆیەکی کراوەدا، ڕاو بۆچوونی خۆیانیان باس کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# بەڕێوەچوونی سیمینارێک تایبەت بە ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو



لە بەرەبەری ساڵیادی شەهیدبوونی ڕێبەری ناوازەی کورد، دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە قەڵای دێموکرات سیمینارێک تایبەت بە قوناخە فکریی و ئەندیشەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە بەڕێوەچوو.

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو ئاموزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ساڵیادی تیرۆری دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی سیمینارێکی بۆ سمایل بازیار، کادری لێهاتووی حیزب و، مامۆستای زانکۆ پێکهێنا.

ئەو سیمینارە پێشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕی ٩٦ی هەتاوی لە یەکێک لە سالۆنەکانی دەفتەری سیاسیی حدک بەڕێوەچوو، دوای ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ یادوناوی سەرجەم شەهیدانی کورد وکوردستان، مامۆستا سمایل بازیار باسەکەی لە ژێرناوی "دکتور قاسملوو ناسیونالیزم و، ئەندیشەی چەپ" دەسپێکرد.

ناوبراو سەرەتا بە ئاوردانەوەیەک لە ژیانی سیاسیی قاسملووی کوردان، قوناخە جیاجیا و ڕەهەندە فیکرییەکانی دکتور قاسملووی بۆ ئامادەبووان شیکردەوە.

کورگێڕ ڕوانگە وفکرییەتی دوکتور قاسملووی لە ژێرناوی قوناخی یەکەم بە "دوو ڕەهەندی نەتەوەییبوون و عەداڵەتخوازی" پولێنبەندی کرد و، لەسەر هەرکام لەوانە هەڵوەستەی لەسەر کرد و لایەنە شاراوەکانی بۆ بەشداربووان خستەڕوو.

سمایل بازیار لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا، باسی لە هۆکاری چەپبوونی دکتور قاسملوو کرد و، لەو بارەوە چەندین هۆکاری مێژوویی باس کرد.

"وەکوو کاریگەریی فەزای سیاسیی تاران، ئەوکات کە لەوێ خوێندکار بوو ،دوویەم زاڵبوونی وێژمانی چەپ لەو سەردەمەدا کە قاسملوو لە کاتی گەشە کردن وخوێندکارێک بو لە پاریس و، دەتوانین بڵێین بیرۆکەی چەپ کەشێکی زاڵبوو بەسەر جیهان و بێ گومان لەسەر قاسملووی لاو کاریگەریی دانابوو، بەڵام هەموو کات وەکوو چەپێکی ڕەخنەگر دەیڕوانیە چەمکەکان و، چەمکی نەتەوەخوازیی لە ئەندیشەی قاسملوو جێگەی تایبەتی هەبوو".

سمایل بازیار مامۆستای زانکۆ، لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە ئاڵوگۆری فیکری و ڕوانگەیی کرد کە بەسەر دوکتورقاسملوو دا هات و، کە بە وردی لە بەرهەمەکان و هەڵسوکەوتی سیاسی ئەو ڕێبەرە بە دی دەکرێ.

وەرچەرخانی فیکری واتە لە چەپێکی کورد بۆ کوردێکی چەپ، قوناخێکی گرینگی فیکری وهزرییە لە دوکتور قاسملوو کە کورگێڕ لە سەر ئەو باوەڕەبوو، لە دوای ساڵی ١٩٧٠ی زایینی کاتێک دکتور قاسملوو بۆ بە سکرتێری حیزبی دێموکرات ،نەتەوەخوازیی دەبێتە چەمێکی زاڵ لە بیرکردنەوەکانی دکتور قاسملوو و، هەتا کاتی شەهیدبوونی لەو بارەوە باوەڕمەند مایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو سیمینارە سمایل بازیار بە پشتبەستن بە فاکت و بەڵگە مێژووییەکان و نموونە هێنانەوە لە بەرهەمە نووسراوەکانی دوکتورقاسملوو و هەروەها لێدوانەکانی وەڵامی هێندێک رەخنە و تێبینی لەسەر بۆچوونی دوکتور قاسملوو بۆ پرسی نەتەوەخوازیی و سەربەخۆیی کوردستان دایەوە و، لەو بارەوە گوتی؛ لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو بە سەرەنجدان دەردەکەوێ کە ئاسۆی دووری ئەندیشەی دوکتور قاسملوو سەربەخۆیی کورد و تەنانەت کوردستانی گەورە بووە.

سمایل بازیار بە خستنەبەرباسی قوناخێکی دیکە لە ڕوانگە وئەندیشەکانی دکتور قاسملوو، هەنگاونان لە چەپێکی ڕادیکاڵ بۆ چەپێکی میانەڕەو بە قوناخی دوویەم لە ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو لە قەڵەم دا.

لە بەشی کۆتایی ئەو سیمینارە مامۆستا سمایل بازیار باسی لە سێ باوەڕی دکتور قاسملوو کرد کە هەتا دوایین هەناسەی ژیانی گۆڕانی بەسەردا نەهات و وەکوو سێ کوچکەیەکی قورس وقایم لە ئەندیشەکانیدا مانە کە بریتین لە؛ چارەنووسی میللەتەکەی، عەداڵەتخوازی، چارەنووسی حیزبی دێموکرات.



سەرچاوە
Serchawe

شایانی باسە بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب لەو سیمینارەدا بەشدار بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١١ی جووڵای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## پەردەلادان لە کتێبی فەرماندەرانی شەهید، لە شاری هەولێر



لەو ڕێورەسمەدا بە ئامادەبوونی چەندین کەس لە سیما ناسراوەکانی لایەنە سیاسییەکان و، هەروەها بە بەشداریی بەشێک لە کادر وپێشمەرگە و ئەندامان و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هەوڵ وماندووبوونی کۆمیتەی ئەندامانی حیزب نیشتەجێی لە دەڤەری هەولێر، کتێبی فەرماندەرانی شەهید کە هەڵگری بەشێکە لە گیانبازی و فیداکاریی فەرماندەرانی شەهیدی حیزبی دیموکرات پەردەی لەسەر لادرا.

سەرەتا ڕێورەسمەکە بە ڕاوەستان وڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی حیزب وگەل دەستی پێکرد.

### وتەکانی سمایل بازیار

دواتر هاوڕێ سمایل بازیار هاوسەنگەری نووسەری کتێبی فەرماندەرانی شەهید و، مامۆستای زانکۆ لەسەر دوایین بەرهەمی برایم چووکەڵی چەند وتەیەکی پێشەکەش بە ئامادە بووان کرد.

هاوڕێ سمایل بازیار لەسەر ئامانج و گرینگی کتێبی فەرماندەرانی شەهید بە باس کردن لە ناوەڕۆکی ئەو کتێبەدا

گوتی: سەرەتا ئەم کتێبە وەفایەکە بۆ یادکردن لەو رۆڵە فیداکارانە، کە لە پێناوی ئازادی وسەربەستی نیشتمانەکەیان، گیانیان بەختکردوو و ڕێچکەی رزگاری نەتەوەی کوردییان بە خوێن نەخشاندوە.

سمایل بازیار لە درێژەی وتەکانی دا گوتی: باس کردن لە مێژووی هاوچەرخی کورد بە بێ لەبەرچاوکردنی جێگەوپێگەی حیزبی دیموکرات و خەباتی ئەو حیزبە مێژوویەکی ناتەواو و نوقسانە.

ناوبراو لەسەر تایبەتمەندیی ئەو بەرهەمە چەند خاڵی دەسنیشان کردو گوتی: یەکەم خاڵی بەرچاو ئەوەیە کە نووسەری ئەو کتێبە، لە هەموو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان نموونەی هێناوەتەوە، هەر لە فەرماندەرانی شەهید خەڵکی داڵاهۆی کرماشانەوە هەتا مۆکریان،لە سنە هەتا شنۆ، لە مەریوان تا ماکۆ، ئەمەش کارێکی گرینگە و جێی بایەخە.

سمایل بازیار لە درێژەی قسەکانی دا گوتی:خاڵی تراژدیا وتاڵی ئەو کتێبە ئەمەیە کە بەداخەوە بەشێک لەو فەرماندەرانە لە شەڕی نگریسی براکوژی بونەتە قوربانی و، هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە هۆی ئەوەی کە بۆ هەمیشە شەڕی کورد لەگەڵ کورد حەرام بکرێ.

ناوبرا بە خستنە بەرباسی هیوای سەرەکیی چەک هەڵگرتنی گەلی کورد ورۆڵەئازاکانی ئەو گەڵە، لەوبارەوە گوتی: بە شاهیدی
هەموو ئەوهاوسەنگەرانم و، ئەوانەی وا شەهید کراون ، شۆڕشگێڕانی کورد هیچکات نەیانویستووە کەس بکوژن یان بکوژرێن، بەڵام ئیدی هەلومەرجی نەخوازراو، کاروانی شەهیدانی ئێمەی تا ئێستا درێژ کردووتەوە.

پاشان بەرێز رەزا کەعبی جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵگەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کورتەیەکی پێشکەش کردو، وێڕای رێز لێنان لە زەحمەتی هاوڕێ برایم چووکەلی بە ئاماژەدان بە گرینگی ئەدەب و بەرهەمی بەرگریی هەوڵ وماندووبوونی ناوبراوی لەوبارەوە بەرز نرخاند.

دواتر پەیامی هاوڕێ هەیاس کاردۆ وەکوو نووسەری پێشەکیی ئەو کتێبە و، هاوکاری هەرەنزیکی نووسەری کتێبەکە لە ژێر ناوی "پەیامێک کورت بۆ کارێکی گەورە"، خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا تابلۆی نەخشراو بە دیزاینی رووبەرگی کتێبی فەرماندەرانی شەهید لە لایەن سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرێز مستەفا مەولوودی ئیمزا کرا.

لە کۆتایی رێورەسمەکەدا خاوەنی بەرهەمی فەرماندەرانی شەهید هاوڕێ برایم چووکەڵی لەسەر چۆنیەتی ئامادەکردن ونووسینی کتێبەکانی کە ٧ بەرگ کتێبە، بەتایبەتی تازەترین بەرهەرمەکەی چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد

و بە رێز لێنان لە هەموو هاوکاران ویارمەتیدەرانی بۆ ئامادەکردن و، لە چاپدانی کتێبی فەرماندەرانی شەهید، دەسخۆشی لێیان کرد.

شایانی باسە کتێبی فەرماندەرانی شەهید لە زنجیرە بەرنامەیەک هەر بەو ناوە لە تلویزیۆنی کوردکاناڵ بڵاوکراوەتە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی ئەپریلی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## هیچ پاساوێک نییە بۆ هەردوو حیزبی دیموکرات لەم هەل و مەرجەدا هەروا بە دوو لایەنی بمێننەوە



لەگەڵ ئەوەشدا کە هەوڵەکان بەردەوامن بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) بەڵام هێشتا پێناچێت هەنگاوێکی کۆنکریتی بەو ئاڕاستەیەدا نرابێت.

سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیە دەڵێت هەر لە جیابوونەکەوە تا ئێستاش حدک و حدکا بە یەکگرتنەوە مەحکومن، لەو ڕوانگەیەوەی حدک لە مێژووی پێشووی حیزب خۆ بێ بەری نەکرد و بێ لەوەش لە دروشمە ستراتیژیەکانیشدا هەردوو حیزب جیاوازیەکی ئەوتۆیان نەبوو وە دەشڵێت ئێستاشی لەگەڵدا بێت خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان زیاترن وەک لە جیاوازیەکان.

بەڕێز بازیار دەشڵێت زۆر ئاساییە حدک و حدکا بەرنامە و پرۆژەیان هەبێت بۆ یەکگرتنەوە و سازش بۆ یەکتری بکەن، وەک دەڵێت سازش کردن بە مانای خۆبەدەستەوەدان نییە بەڵکو بەو مانایەیە کە هەردوو لا لە هەندێک لە دۆسێکانی خۆیان پاشەکشە بکەن و دەشڵێت پێویستە هەردوو لایەن (حدک - حدکا) لە پێناو بەرژەوەندیە گشتیەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا ئەم هەنگاوە بنێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگی کوردی ئەمریکا - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٤

# شۆڕشی ١٣٥٧ و ڕووحانییەتی شیعە



چەندین هۆکاری جۆراجۆر بۆ بەرپابوونی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ لەلایەن لێکۆڵەران و خاوەن ڕایان هاتۆتە بەرباس، وەک: پەرەسەندنی نارێک، ئیستبدادی نەفتی، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یان بە بۆچوونی سەڵتەنەت تەڵەبەکان پیلانی دەرەکی (کۆنفرانسی گواد لۆپ) بە هۆی گرتنەبەری سیاسەتی سەربەخۆخوازانەی حەمەڕەزا شا، کە ئەمەیان بە بڕوای من کەمتر لە عەقڵدا دەگونجێ. بێگومان شۆڕشێکی لەم چەشنە بەربەرین و جەماوەری وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی مێژوویی ناتوانێ «تەک سەبەبی» بێ و هەموو هۆکارەکانی کە ئاماژەیان پێ کرا کەم و زۆر ڕۆڵیان هەبووە لە هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشەدا.

لە نێو ئە فاکتەرانەدا، فاکتەری تەزادی سوننەت و مودێرنە لە کۆمەڵگەی ئێراندا یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانە، بەم چەشنە کە پرۆژەی مودێرنیزاسیونی شا بە خێرایی دەرگای بە تەواوی بەڕووی والاکرا، ئەوەش بەبێ دیقەت و زەرافەت لەگەڵ ستراکتۆرە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیی (ئیسلامی - شیعە) کە پێککەوتن و ئەمە کێشەی گەورەی نایەوە. ڕووحانییەتی شیعە لەم تەزادە گەورەترین کەڵکی وەرگرت و بە شێوەیەکی لێزانانە ئەم پێکدادانەی قۆستەوە و لە هەستی ئایینیی خەڵک کەڵکی خراپی وەرگرت بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی، ئەگەر لە بیرمان بێ لە ڕەوتی شۆڕشدا خۆپیشاندەران پێش هەموو شوێنێک هێرشیان دەبردە سەر سینەماکان، مەشروب فرۆشی و بارِ و کابارەکان، وەک شوێن گەلێک کە هەڕەشە بوون بۆ کولتوور و فەرهەنگی ئیسلامی. لە ڕاستیدا ئێستاشی لە گەڵ بێ تەزادی سەرەکیی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئیسلامی هەر ئەمەیە و «ئیسلامی سیاسیش» بەرهەمی ئەم تەزادەیە. «ئیسلامی سیاسی» دژکردەوەیەکە بە هاتنی کولتوورو فەرهەنگی ڕۆژئاوا وڕووحانییەتی شیعەش دروشمی پاراستنی کولتووری ئیسلامیی کە کەوتوتە بەر هێرش

کولتووری بێگانە و کافرانی بەرز کردوە، هەروەک ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی دیکە کە ئەمە بە ئەرکی خۆیان دەزانن.

ڕووحانیەتی شیعە لە مێژووی سیاسی - کۆمەڵایەتی ئێراندا پاشخانێکی چەندسەد ساڵەی هەبوو. لە ساڵی ١٥٠١ی زایینییەوە کە مەزهەبی شیعە بە هۆی بنەماڵەی سەفەوییەوە بە زەبری شمشیر بوو بە مەزهەبی ڕەسمی، لەو کاتەوە کولتووری سیاسیی ئێران لە سەر دوو کۆڵەکەی مەزهەب و دەوڵەت ڕاوەستاوە. ڕووحانییەتی شیعە کە نوێنەرایەتیی مەزهەبی دەکرد لەوکاتەوە لەگەڵ دەوڵەت هاوتەریبی یەکتر خاوەن نفووز و پێگە و دەسەلات بوون. پەیوەندیی ئەم دوو دامەزراوەیە، واتە دەوڵەت(شایەکان) و ڕووحانییەتی شیعە هەندێک جار دۆستانە و هەندێک جار دوژمنانە بووە و لە مەترسی کەوتنی بەرژەوەندییەکانیان یا پاراستنیان شێوازی ئەم پەیوەندییەی دیاری کردوە. شایەکانی ئێران ئەگەر مەشرووعیەتی مەزهەبییان نەبا وەک قاجارەکان، دەبوو دەستەوداوێنی ڕووحانییەت بن و باجیان پێ دابان. سەفەوییەکان کە شەجەرەی خۆیان بردبۆوە سەر ئیمام موسا کازم پێویستییان بە شەرعیەت وەرگرتن لە ڕووحانییەت نەبوو - هەڵبەت ئەم شەجەرەسازییەش ئەسڵ و ئەساسی نەبووە - بەڵام قاجارەکان لەم مەشروعییەتە بێبەش بوون و بە ناچار پەنایان بۆ ڕووحانییەت بردوە. ڕووحانییەت لەسەردەمی قاجارەکان بە نیسبەت ڕابردوو هێزێکە، کە بەتەواوی شان لە شانی شا دەدا. ڕووحانییەت بۆتە چینێکی خاوەن زەویی گەورە کە لە سەردەمی سەفەوییەوە زەوییەکانی «وەقف» پێ بڕاوە و هەم شەرعیەتی بە شا داوە بۆ حوکمرانی. ئەم ئۆتوریتە و هێزی ڕووحانییەت بەدەسپێکی شەڕەکانی قاجارەکان لە گەڵ ڕووسیە (١٨٠٣ - ١٨١٣) و (١٨٢٦ - ١٨٢٨) ئەوەندەی دیکە پەرەی ستاند، چونکە شا بۆ هاندان و بەسیجی خەڵک بۆ بەرەکانی شەڕ پەنایان بۆ ڕاگەیاندنی جیهادی ڕووحانیەت لە دژی «ڕووسە کافرەکان» برد! و ئەمە ئەوەندەی دیکەی وەسەرخستن و مەیدانیان درایە.

بزاڤی تووتن یا ڕووداوی «ڕژی» (١٨٨٠ ز) یەکەم بزاڤی سیاسی بوو لە ئێراندا. ڕووحانیەتی شیعە لەم کاتەوە تا ساڵی ١٣٥٧(١٩٧٩ز) لە هیچ ڕووداوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نەبووە کەم و زۆر ڕۆڵی نەبێ و ئەم ڕۆڵ بینە زۆرجار دواکەوتووانە و لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بووە، بەڵام مۆرک و نیشانی خۆیان لە ڕووداوەکە داوە.

لێرەدا مەجالی ئەوە نیە بە وردی ئاماژە بە هەمووان بکەم، بەڵام وەک نمونە: هەر لە بزاڤی تووتندا ڕووحانییەک بە ناوی میرزای شیرازی بە حەرام ڕاگەیاندنی بەکارهێنانی تووتن و تەنباکۆ دەوڵەتی ناچاربە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای تالبۆتی بەریتانیا کرد. ڕووحانییەت لە بزاڤی مەشرووتەشدا ڕۆڵی بەرچاویان بینی، وەک ئەوەی شیخ فەزلۆڵڵای نوری بە هێنانە ئارای «مەشرووتەی - مەشرووعە« هاتە گۆڕەپانەکە. ڕووحانییەت ئەوکات مەبەستیان بوو کە یاساکانی شەرع لە کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکرێ کە بەهۆی وشیاریی ڕووناکبیرانی ئەوسەردەم سەری نەگرت. بە ڕێکەوت نەبوو خومەینی



سەرچاوە
Serchawe

دەیگوت «شۆڕش عولەما کردیان و ڕووناکبیران لێیان دزین»! لە ساڵی ١٣٠٣ ئێران لە یەک هەنگاویی گۆڕینی سیستمی پادشایی بۆ کۆماری بوو، بەڵام دژایەتیی ڕووحانییەتی شیعە لەگەڵ سیستمی کۆماری - چونکە لە تورکیە ڕووحانیەت لە سیستمی کۆماری زەرەرمەند ببوون - ڕەزاخانی نەخوێندەوار بەڵام زیرەکی لە هەڵگرتنی ئەم دروشمە پاشگەزکردەوە. ڕووحانییەتی شیعە لە قۆناغی ١٣٢٠ - ١٣٢٢ لە پشتی «ڕێکخراوی فیدائیانی ئیسلام» بوون، ئەو گرووپەی کە تیرۆرە سیاسیەکانیان دەکرد. لە بزاڤی خۆماڵی کردنی نەوتیشدا، حەمەڕەزاشا لە ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەممەی ١٣٣١ئێرانی بەجێ دەهێشت، چونکی موسەدیق قەناعەتی پێ هێنابوو کە بۆ ماوەیەک ئێران بەجێ بێڵێ؛ بەڵام ئایەتوڵڵا بێهبەهانی و کاشانی نەیانهێشت. لە ڕاستیدا لەو قۆناغەدا ١٣٢٠ - ١٣٣٢ پەیوەندیی ڕووحانییەت و سەڵتەنەت کەمتر گرژیی تێکەوتووە، چونکی مەترسیی کۆمۆنیزم، ئەوانی هان دەدا بۆ پاڵوێکدان. هاندانی خەڵک بۆ ڕاپەرینی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٣١ و پشتیوانی لە کودەتای حەمەڕەزاشا لە دژی موسەدیق و دواجار ڕاپەڕینی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ کە ئیتر بۆخۆیان بەتەنیا ڕێبەرایەتییان کرد و دیاردەی خومەینیی لێ کەوتەوە و بە دوای مردنی بروجێردیدا - کە بە پێچەوانەی «مودەڕیس»و «کاشانی» سیاسەت پیشە نەبوو - مەرجەعی گەورەی شیعەکان ئەستێرەی بەختی درەوشایەوە. لە ڕاستیدا وەک چۆن ڕووداوی «ڕژی» تەمرینێک بوو بۆ بزاڤی مەشرووتە، ئەم ڕاپەرینەش خۆ ئامادە کردنی ڕووحانیەت بوو بۆ شۆڕشی ١٣٥٧.

## ڕووحانیەتی شیعە چۆن توانیان لە یەک ساڵەی شۆڕشدا جڵەوی خۆپیشاندانەکان و شۆڕش بەدەستەوە بگرن؟

ڕووحانییەت بە لەبەرچاو گرتنی ئەو پاشخانە سیاسی - کۆمەڵایەتییەی کە هەیان بوو و دووجار هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، لە بزاڤی مەشرووتەدا هەوڵیان دا بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی شەرع لە کۆمەڵگەدا و لە ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢دا قەڵەمبازێکی جیددیان هاویشت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات. ڕووحانیەت هەر لە سەرەتاوە بەرنامە و ئامانجی دیاریکراویان هەبوو بۆدامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە سەر بنەمای «ویلایەتی فەقیهـ ». لە سەردەمی فەتحعەلیشای قاجارەوە، واتە لە ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەردا ئەحمەد نەراقی باسی لە «ویلایەتی فەقیهـ» کردبوو. خومەینی لە نەجەف و لە کۆتایی چلەکاندا تێزەکەی خۆی لەم بارەوە نووسی و لە چەندین شوێندا ئاماژەی بە قسەکانی ئەحمەد نەراقی دەکا؛ بەڵام ئەمەیان زیرەکانە بە پەیڕەوی لە »تەقیە«ی شیعەکان ئاشکرا نەدەکرد. دروشمەکانیان دیار بوون: «ئیستقلال، ئازادی؛ حکومەتی ئیسلامی»، «نهضت ما حسینی، رهبر ما خمینی». پەیڕەوییان لە ڕێبەرێکی تاقانە و لێبڕاو دەکرد. خومەینی بە هیچ جۆر لەگەڵ شا سازشی نەکرد. ئیمکاناتی ماڵیی بەرفراوانیان لە بەر دەستدا بوو. ڕووحانیەتی شیعە بە هۆی کەڵکوەرگرتن لە داهاتی وەک «سهم امام» یا «وجوهاتی شەرعی»هەمیشە بێ نیاز بوو لە دەوڵەت و هیچ حەوجێییەکی پێی نەبووە. تۆڕێکی پەیوەندیی بەربڵایان لە بەردەستدا بوو و قسە و گوتاریان بە هۆی مزگەوتەکان و مەلاکان کە دەگەیشتە هەموو شوێنێک تەنانەت کوێرە گوندەکانیش، بە سەرتاسەری ئێراندا بڵاو دەبۆوە. لە شوێنە یاساییەکان وەک مزگەوت، حوسێنییە و دامەزراوە خێرخوازەکان بۆ ڕێکخستن و کۆبوونەوەکانیان کەڵکیان وەردەگرت.

کەڵکوەرگرتن لە بۆنە جۆراجۆرەکانی ئایینی و هەروەها ئۆستووره و سیمبولەکانی ئایینی شیعە فاکتەرێکی دیکەی بەهێزبوونی ئەوان بوو. لە بەرامبەردا گرووپەکانی دیکەش پرش و بڵاو و بە دروشمی جیاواز و تەنانەت دژ بە یەک بوون.

### ئێستا پرسیارێکی بە جێ دێتە گۆڕێ، لەم ڕووداوەدا «چەپ» لە کوێ بوو؟

لە ڕاستیدا لە خەبات بەدژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشادا هێزەکانی چەپ لە خاکریزی هەرەپێشەوەدا بوون، تەلەفاتی هێزەکانی چەپ بە بەراورد بە هێزە ئیسلامییەکان یەک بە دەیە، تەنانەت دەکرێ بڵێین پتریش. ئەگەر لە ساڵی ١٣٣٢ «وارتان»ەکان لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لە دەست دەدا و دەبوونە ئیلهامی شێعری «نازلی» بۆ ئەحمەد شاملوو، لەلایەن ڕووحانییەتەوە بارانی برووسکەی پیرۆزبایی بۆ گەڕانەوەی شای شیعە بۆ سەر تەخت و تاج دەچوو. وەچەی دووهەمی چەپ لە دەیەی چلدا خۆی بە ئاو و ئاگردا دەکرد و گاڵتەی بە مردن دەهات و هاوڕێ لەگەڵ ئارمانخوازەکانی کوردی ٤٧ - ٤٦ دوڕگەی ئارامی شایان شڵەژاند. بەڵام تا ساڵی ١٣٥٥ شا بەهۆی دەزگای ساواک و پۆلیسەوە تەفروتونای کردبوون. ڕێبەرانیان یا کوژرابوون، یا گیرابوون. حیزبی توودەش کە ڕێبەرەکانی لە پەنا دیواری بێرلێن و لایپزیک پاڵ کەوتبوون، دووراودوور سەیری ڕووداوەکانیان دەکرد. پێگەی سەرەکیی چەپ لە نێو خوێندەوار و زانکۆییدا بوو و ئەمانەش مەگەر سەتا چەندی پێکهاتەی دانیشتووانی ئێرانیان پێک دەهێنا؟ لە بیرمان نەچێ لە ساڵی ١٣٥٧دا هێشتا پتر لە نیوەی دانیشتووانی ئێران لە گوندەکاندا دەژیان.

کەس زانی کە ڕێبەری بە ڕابردووترین حیزبی چەپی ئێرانی بە کوێدا و کەی گەڕاوە بۆ وڵات؟ دواتر زانیمان لە پاش سەرکەوتنی شۆڕش و لە مانگی ڕەشەممەدا گەڕابۆوە ئێران و بینیشمان کە خومەینی لە ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧دا لە نێو ئەفیانووسێکدا کە بە دروشمی «دیو چو بیرون رود فرشته در آید» چوبوونە پێشوازی، گەڕایەوە. فریشتەیەک! کە ئەو پێشوازییە مەزنەش هەستی نەجووڵاند و گوتی: «هیچ احساسی ندارم» و ماڵم حەقە زۆر زووش چەنگاڵەکانی ئەو دێوەزمەیە لە ژێر باڵی فریشتەدا دەرکەوتن. لێرەدا «بیژەنی جەزنی»مان دێتەوە یاد، کەسایەتیی ناسراوی سەر بە وەچەی دووهەمی چەپ و دامەزرێنەری ڕێکخراوی چریکە فیداییەکان کە ساڵی ٤٦ گیرا و ساڵی ٥٤ لە زینداندا کوژرا. ئەو لە کتێبی «تاریخی سی ساله»دا کە هەر لە زینداندا نووسی، دەڵێ: «خومەینی لە نێو جەماوەردا بە تایبەتی لەنێو توێژەکانی کاسبکاری وردەبۆرژوازیدا خۆشەویستییەکی کەم وێنەی هەیە و لە ئەگەری چالاکیی سیاسیی تا ڕادەیەک کراوەدا، پێشوازی و سەرکەوتنێکی گەورە وەدەست دێنێ.»

ڕووحانییەتی شیعە توانی بە هۆی «عەلی شەریعەتی» بۆشایی نفووز لەنێو لاوەکان و زانکۆکانیشدا پڕ بکاتەوە. شەریعەتی بێ ئەوەی خۆی بیهەوێ ئاوی لە ئاشی ڕووحانییەت کرد، لەبەر ئەوەی خۆیشی ڕووحانییەتی پێ دواکەوتوو بوو.

شەریعەتی بە خوێندنەوەیەکی شۆڕشگێرانە لە ئیسلام و بونیاتنانەوەی ڕادیکالانە لە ئیسلام توانی سەرنجی لاوەکان و خوێندکاران ڕابکێشێ. ئەو بە قەرزوەرگرتن لە مارکسیزم، ئێگزیستانسیالیزمی سارتەر و لەژێرکاریگەریی «فرانس فانۆن» لە داهێنانێکی وشیارانەدا خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ ئیسلام کرد، واتە »تشیع علوی و تشیع سەفەوی». مێهدی فەتاپوور، یەکێک لە ڕێبەرانی فداییان دەڵێ: «ساڵی ١٣٥٠ کە گیرام کەش و هەوای زانکۆ لە ژێر گۆتاری چەپدا بوو، بەڵام ساڵی ١٣٥٥ کە ئازاد بووم ئەو هاوسەنگییە وەک خۆی نەمابوو و ئیسلامییەکانیش حزووری بەرچاویان هەبوو». ئەم تێکچوونی هاوسەنگییە بێ ئەملاوئەولا بۆ کاریگەریی شەریعەتی دەگەڕێتەوە.

ئیستا کە ٣٩ ساڵ لەم ڕووداوە ڕادەبرێ، وەبیر وتەیەکی بە نرخی «ئەحمەد کەسرەوی» دەکەومەوە کە خۆیشی بوو بە قوربانیی دەمارگرژیی ڕووحانییەتی شیعە و ساڵی ١٣٢٤ لەلایەن فیداییانی ئیسلامەوە تیرورکرا. کەسرەوی دەڵێ: «دەبێ ڕووحانییەت لە ئێراندا بە دەسەڵات بگەن هەتا خەڵک نێوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەوانی بۆ دەرکەوێ». ئەمن ئەو وتەیە گشتگیرتر دەکەم و دەڵێم؛ ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئیسلامی هەتا تاقی نەکرێتەوە، لەو کۆمەڵگەیانەدا بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینیی کۆمەڵانی خەڵک و دروشمی پۆپۆلیستی و ئیسلامخوازانە و شکستی مۆدیلەکانی پێشوو، ژمارەی دەنگەکانی لە سەرووی هەموو هێزەکانی دیکە دەبێ. ئەوە لەتاقیکاریی دەستەڵات دایە کە ئیسلامی سیاسی فەشەل دێنێ، ئەوە نیە لە ئێراندا و لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا دەبینین کە خەڵک چۆن سەرەکیترین بنەماکانی دەسەڵاتی ئیسلامی تور هەڵ دەدەن و چیتر بە دروشمەکانی ڕێفورمخوازەکان هەڵناخەڵەتێن.

ئەم واقعییەتە لە زمانی خۆشیان دەبیسترێ کە دەڵێن ٧٥ لەسەدی خەڵک ناڕازییە. ئەم ئەزموونکردنەش تێچووی زۆری هەیە لە ئێراندا کە پێشەنگی هاتنەسەر دەسەڵاتی «ئیسلامی سیاسی» بوو. لە ڕاستیدا شۆڕشی ساڵی ٥٧ شۆڕشی ئیسلامی بوو و ڕووحانییەتی شیعە مودیرییەت و ڕێبەریی کرد و تائێستا بە نرخی تەمەنی دوو وەچە تەواو بووە.

چی لەگەڵ دەکرێ کە ئەمە واقعییەتێکی تاڵ و ڕەقی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئیسلامییە.

(لە ژمارەی ٧٢١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕیکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

# ڕۆژی گەشبینی بە داهاتووی خەباتی شوناسخوازیی کورد




**سمایل بازیار**

لەوەڕا کە ئەم ڕۆژە ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستانە و ڕۆژی یادکردنەوە و پیرۆزکردنی ڕۆژێکی نەتەوەییە نەک حیزبی، کەوابوو هەوڵ دەدەم بە کورتیش بێ، ئاوڕ لە دۆزی کورد لە بەشەکانی تری کوردستانیش بدەمەوە، هەرچەند لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان پتر هەڵوێستە دەکەم.

ئەگەر بۆ قسەکانم یان بۆ ئەو سیمینارە، عینوانێک دابنێم، ناوەکەی "ڕۆژی گەشبینی بە داهاتووی خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەی کورد"ە. ئامانجی وتارەکە چییە؟ هەوڵ دەدەم بیسەلمێنم دوای نیزیک بە سەد ساڵ لە خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەکەمان بەرامبەر بە داگیرکەرانی کوردستان، کورد لەو ململانێ و خەباتەیدا سەرکەوتووە و ئەوە داگیرکەرانی کوردستانن لە ستراتێژی خۆیاندا بەرامبەر بە کورد شکستیان هێناوە.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ەم و دەقیقتر بڵێم لەگەڵ بزاڤی مەشرووتە دەرکەوت، دەیاردەیەک کە پێشتر لە مێژووی ئەم وڵاتەدا نەبووە، بەرهەمی ناسیۆنالیزمی ئێرانی "نەتەوەی ئێران" کە لەگەڵ یەکەم قانوونی ئەساسیی ئەم وڵاتە (١٩٠٦) بە فەرمی ناوی هێنرا. "نەتەوەی ئێران" دەستەواژەیەکی فانتازی و دەستکرد بوو، کە بە مەبەستی سیاسی داتاشراو بوو، چونکە لەسەر بنەمای زمانی فارسی، کولتووری فارسی و مەزهەبی

شیعە دادەمەزرێ و هیچ تەعبیرێک یا گوزارشتێکی لە شوناسی نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێ لەم یەکە جوغرافیاییەی کە پێی دەگوتری ئێران نەدەکرد، کە کورد یەک لەو نەتەوانە بوو.

بیست ساڵ لەدوای لە دایکبوونی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و بەرهەمەکەی "نەتەوەی ئێران" بە چوونەسەر تەختی شایەتی ڕەزاخانی پەهلەوی، کە گوزارشتی لە دەوڵەت - نەتەوەی مۆدێرنی ئێران دەکرد، ناسیۆنالیزمی ئێرانی چووە قۆناغێکی تری ژیانی خۆیەوە، واتە دروستکردنی "نەتەوەی ئێران". نەتەوەی ئێران کە تا ئەوکات لەسەر کاغەز مابۆوە، دەچێتە قۆناغی پراکتیکەوە و دەبێ بە کردەوە درووست بێ. بەم جۆرە پرۆسەی نەتەوەسازی لە ئێراندا دەستی پێکرد.

پرۆسەی نەتەوەسازی لەسەر بنەمای یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە، یەک کولتوور دەستی پێکرد و، بۆ ئەم مەبەستە دەبوو نەتەوەکانی دیکە، کولتوورەکانی دیکە و زمانەکانی دیکە، لە نەتەوە و زمان و کولتووری فارسیدا بتوێنەوە و، ئەمەش لە ڕێگەی هێرش بۆ سەر کولتووری نەتەوەکانی دیکە دەستی پێکرد، بەهۆی ئامرازاەکانی دەسەلات وەکوو سوپا و بورۆکراسییەکی لە حاڵی پەرەسەندندا. بەم جۆرە پرۆسەی نەتەوەسازی لە ئێراندا بە شێوازێکی غەیرە دێموکراتیک و لە ڕێگەی زۆر و بە زەبری هێز و داسەپاندن و بە دوور لە ویست و ئیرادەی نەتەوەکانی ئێران دەستی پێکرد.

ئەمە سەرەتای دەستپێکی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی بە شێوازێکی مۆدێرن و سیستماتیک بوو لە ئێراندا، کە بە درووستبوونی دەوڵەت - نەتەوەی ڕەزاشای پەهلەوی دەستی پێکرد.

ناسیۆنالیزمی کوردیش لە پەرچەکردار بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە ناسیۆنالیزمێکی هێرشبەر بوو فۆڕمی گرت و بەگژ ئەم ناسیۆنالیزمە هێرشبەرەدا چووەوە و بە چالشی کێشا. بەم جۆرە ستارتی خەباتێکی درێژ خایەن لێدرا کە ئێستا ئەوە بۆ سەدەیەک دەچێ. کۆماری کوردستان، ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ و بزووتنەویەک بە تەمەنی ٤٠ ساڵ درەوشاوەترین دەرهاویشتەی ئەم خەباتە بوون.

نێوەرۆکی ئەم خەباتە چ بوو؟ نێوەرۆکی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ماوەی ئەم سەدەیە، خەباتی شوناسخوازی بوو. ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەدا هەست و بیر و هەڵوێستی خۆیان بە شێوازی فرەڕەهەند و جۆراجۆر دەربڕیوە بۆ ئەوەی شوناسی نەتەوەیی خۆی بسەلمێنێ و بە ئامانجێکی سیاسی بگا.

شێوازەکانی ئەم دەربڕینە لەم تەوەرانەدا پوخت دەکرێنەوە: خەباتی چەکدارانە، نافەرمانیی مەدەنی، خۆڵقاندنی هونەر و ئەدەبیاتی نەتەوەیی و چالاکیی مەدەنی.

خەبـاتی چەکدارانە؛ خەبـاتێکی سەخت و دژوار بـۆ مـاوەی پـتر لە ١٥ سـاڵ و بـێ پسـانەوە و چالاکییەکـانی ئەم سـاڵانەی دوایی، لە "گردینە"ی "هەمزە سارتکەیی" ڕا بگرە تـا "قەرەسەقەڵ"ی کەمـاڵ خزری، "سەقز"ی "شێخ غەریـب"، "کۆسـاڵان"ی مینبەرییەکان، "دەری ئارگەش"ی "مەریوان" و "کامیاران"ی "حەمەی کامیاران".

نافەرمانی مەدەنی؛ لە شێوەی خۆپێشـاندان و مـانگرتنی گشتی و داخسـتنی دووکـان و بـازار لە شـارەکانی کوردستان بەهـۆی تیـروری دوکتـور قاسملوو و شەرەفکەندی و دووپـاتبوونەوی لە سـاڵانی دواتـردا، ئیعتـراز بە کوشتنی شوانەی سەید قـادر، ئیعـدامی فەرزاد کەمـانگەر و هاوڕێیـانی و دەربڕینـی هەسـتی خەڵکـی کـورد لە ڕۆژهەڵات بە شـێوازی جۆراجـۆر وەک خۆپیشاندان، گردبوونەوە و هەڵپەڕکێ لە شین و شاییی بەشەکانی دیکەی کوردستان.

خۆڵقاندنی هونەر و ئەدبیـاتی نەتەوەیی؛ لە بوارەکـانی شێعر، ڕۆمـان، فیلم، پەیکەرسازی، شانۆ، چـاپەمەنی و موزیـک. شیعرەکانی مامۆستا ئاسۆ، سەلاحی ئاشتی، عەلی ئولفەتی، گەردیگلانی، مـارف ئاغـایی، ڕەزایـی، تابـاک، ناسـر ئاغـابرا و شوانە و زۆریتـر، ڕۆمـانی گـابوری هیـدایەتی، گـوڵی شـۆرانی عەتـا نەهـایی و بەرهەمەکـانی ئەمیـری، فیلمەکـانی قوبـادی وجەمیل ڕۆستەمی، پەیکەرەکانی هادی زیائەدینی  کە لە سیما و ڕەمزە نەتەوەییەکان درووستی کردوون، شـانوی قـوتبەدینی سادقی، مـوزیکی گرووپـی فـوول هـارمونیکی کـاوە فەقـێزادە تـا هونەرمەنـدانی نـاوچەیی و فولکلـوربێژ و دەرکردنـی دەیـان گوڤار، ڕۆژنـامە و وەرگێران .

چـالاکیی مەدەنـی؛ ئەو جـووڵەیەی سـەرەتا بە درووسـتکردنی ئەنجومەنەکـانی ئەدەبـی و یـادکردنەوی بۆمبـارانی شـیمیایی هەڵەبـجە لە تـاران و شـارەکانی دیـکە دەسـتی پێکـرد و، گەیشـتە بەڕێـوەبەردنی ڕێورەسـمە نەتەوەییەکـان و نەورۆزی جامانەکان و مەریوانی پێشەنگ لە خەبـاتی مەدەنی و شەهیدانی ژینگەی ئەم دواییە و هتد.

ئەم خەبـات وچالاکییـانەی ئەم سـەدەیە و بەتـایبەتی لە ٤٠ سـاڵی ڕابـردوودا کە مـن نموونەکـانم بەم قونـاغە هێنـاوە ناسیونالیزمی ئێرانییان بە چالش کێشاوە و بە تایبەتی لەم چەند دەیەی ڕابردوو بۆتە هـۆی ئەوەی کە کـۆمەڵگەی کوردی بنەماکـانی شوناسی خـۆی لەگەڵ ئەویتـر بە زەقـی ببینـێ و وەکوو داگیـرکەر لێی بڕوانـێ. هەر بـۆیەش دەبینـین وێژمـانی نەتەوەیی لە ٣٠ - ٤٠ ساڵی ڕابردوو بەملاوە لە کەش و هەوای سیاسیی کوردستاندا وێژمانی زاڵە، بە پێچەوانەی دەیەی ٤٠ و ٥٠ی هەتـاوی. هەڵوێستی ناسیونالیزمی ئێرانی بەرامبەر بە دۆزی کورد و پرسی نەتەوەیـی لە مـاوەیی١٠٠ سـاڵی ڕابـردوودا و تـا هەنـووکە چ بـووە؟ ڕوانینێکـی تەواو ئەمنییەتـی و وەک پرسـێکی سیاسـی و واقعییەتێکـی کـۆمەڵگەی ئێـران سـەیری نەکردووە. هەر بۆیەش هەرگیز بە جیددی لە ڕێگەی وتووێژ و دیالۆگەوە بۆ چارەسەری هەنگاوی نەنـاوە، بەڵکوو لە ڕێگـای هێرشی نیزامی، میلیتاریزەکردنی کوردستان، تێرور، ئیعدام، زیندان و دورخستنەوە ویستوویەتی چارەسەری ئەم قەیرانە



سەرچاوە
Serchawe

بکا و لە ڕاستیدا کۆتایی بە پرسی کورد بێنێ.

ئەم تێڕوانین و سیاسەتی ناسیونالیزمی ئێرانی لە ١٠٠ساڵی ڕابردوو لەلایەن سێ دەسەڵاتی ناوەندی بەڕێوە چووە، ڕەزاشای پەهلەوی، حەمەڕەزاشا کوڕی لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا وکۆماری ئیسلامی. ڕەزاشا سمکۆی شکاکی بە فێڵ و تەڵەکە و بە وتەی مێژوونووسانی ئێرانی بە (تدبیرکمند) لەنێو برد، حەمەڕەزاشای کوڕی قازییەکانی ئیعدام کرد، کۆماری ئیسلامی قاسملوو و شەرەفکەندیی لە جەرگەی ئورووپای موتەمەدینـدا! تیـرور کـرد. ئەگەر حەمەڕەزاشـا ١١ کەسـایەتیی فەیزوڵابەگیـی لە یەک ڕۆژدا بە پەتی سێدارەوە کرد، کۆماری ئیسلامی لە یەک ڕۆژدا ٥٩ لاوی لە شارێکی بچووکی وەک مەهاباد ئیعدام کرد. تا ئەو ڕۆژەی هاوپەیمانان ڕەزاشایان لە تەختی شایەتی هێنـا خوار و هەڵیانداشت بـۆ ئەفریقـای باشوور، سەرۆک عەشیرەی کورد کە ملی بۆ سیاسەتی سینترالیزەکردنی ئێران ڕانەکێشابوو، لە زیندانـدا بـوون (بیرەوەرییەکـانی گرووپـی ٥٣ کەسـی یـا گرووپی ئەرانی زانیاریی سەرنجڕاکێشی لەم بارەیەوە تێدایە). حەمەڕەزاشای کوڕی تا ئەو ڕۆژەی لە فڕۆکەخانەی تـاران بە چاوی گریانەوە بۆ هەمیشە ئێرانی بەجێ هێشت، زیندانیی ٢٥ ساڵەی کورد لە زیندانەکەیدا هەبـوون (عەزیزیوسفی، غەنـی بلووریـان و ڕەزا شـەلتوکی و عەلـی عەمـوویی کوردی کرماشانی) و لە ئێستاشـدا کـۆنترین زینـدانی سیاسی لە ئێرانـدا ژن وپیـاوی کـوردن. (زینـەب جەلالیـان ١١ سـاڵە لە زینـدان دایە وحـوکمی هەتـاهەتـایی بـۆ بـڕاوەتەوە. عوسـمان مستەفاپوور، محەممەد نەزەری و کەماڵ شەریفی بەڕێز ٢٧، ٢٥ و ١٠ ساڵە کە لە زیندان دان.)

ئامـاژەم بەوەکـرد کە داگیـرکەر هـیچ کـات بە جیـددی و لە ڕێگەی دیـالۆگەوە بـۆ چارەسـەری پرسـی کـورد هەنگـاوی نەنـاوە، بەڵکوو بە سەپاندنی شەڕ و گرتنەبەری ڕێگەی توندوتیژانە، بەرگریی چەکدارانەی بەسەردا سەپاندووین. هەنـدێک کەس پێیان وایە هەر لە سەرەتاوە دەستبردن بۆ چەک هەڵە بووە، وەک شێوازێک لە خەبـات لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و نەدەبـوو بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان ئەم شێوازە لە خەبات هەڵبژێرێرین. ئێمە شەڕ بە یەکێک لە دزێـوترین و قێزەونترین دیاردەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەزانین، هەر بۆیەش هەرگیز حەزمان نە لە شەڕ و نە لە چەک هەڵگرتن بووە. چ لەوی تاڵتر و ناخۆشتر کە منداڵ هەتیـو بکەوێ، دایـک جەرگـی بسـووتێ و عـافرەت بێـوەژن بکەوێ، جـا فەرق نـاکا چ عەرەب، چ فـارس، چ تـورک و چە کـورد، ئەمـانە هەمـووی دەرهاویشـتەی شـەڕن. لە ڕێوڕەسـمی پەردەلادان لە کتێبـی فەرماندەرانی شەهیدی حیزبی دێموکراتدا گوتم: بە شاهیدی بەشێک لە ئێوە کە لەو ڕێورەسمە دان و لە نێزیکەوە ئەو فەرماندەرانەتان دەناسی، بە جۆرئەتەوە دەڵێم هیچ کامیان نە پێیان خۆشبوو بکووژرێن و نە کەس بکووژن.

ئێمە وەک کـورد هەرگیـز هێرشـمان نەکـردووەتە سـەر هـیچ نەتەوەیەک و هەرگیـز خـاکی هـیچ نەتەوەیەکـی دیکەمـان داگیـر نەکـردووە. ئێمە چمـان ویسـتووە؟ بە ئـازادی لە سـەر خـاکی خۆمـان بـژین و مـافی بڕیـاردانمـان لەسـەر چارەنووسی سیاسیی خۆمان هەبێ، ئەمە تـاوانی ئێمەیە. ئێسـتا لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە چ ئاڵتەرناتیوێکیـان لە تێکۆشـان پـێ شک دەهـات بـۆ

دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان؟ مەگەر غەنی بلووریان و هاوبیرانی لە حیزبی دیموکرات جیا نەبوونەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خۆیان گوتەنی، "ئاشتیخوازانە"وە دۆزی کورد چارەسەر بکەن. مەگەر چەکیان دانەنا و تەنانەت پشتیوانییان لە کۆماری ئیسلامی نەکرد بە پاساوی "دژەئیمپریالیست بوونی خەتی خۆمەینی". ئایا توانییان لەم ڕێگەیەوە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد دابین بکەن؟ هەروەک بینیمان ئەوانیش کەوتنە بەر تیغی ڕەحمەتی کۆماری ئیسلامی و، قەدەغەبوونی چالاکی، زیندان، ئیعدام و ڕاودوونانی ئەندامانیان بە نەسیب بوو.

ئایا ئەحمەد موفتیزادە و ناسر سوبحانی دەستیان بۆ چەک بردبوو؟ ئەوان نە سێکۆلار بوون و نە چەپ و نە لە خانەی ئەحزابی "براندازً"دا بوون، بەڵکوو ئیسلامی، موتەدەین و تەنانەت لە مەفتەعێکدا بەرگریشیان لە کۆماری ئیسلامی کرد، کەچی چارەنووسی ئەوانیش هەر زیندان و کوشتن بوو. ئێمە هەمیشە پێمان وابووە چارەسەری پرسی کورد دەبێ لە ڕێگەی دیالۆگ و وتووێژ بێ، پێمان وابووە گرییەک کە بە دەستی دەکرێتەوە بۆ بە ددان بیکەینەوە، ئێمە هەرگیز وتووێژمان وەک پرەنسیپێک لە شێوازی خەبات ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵام ئەگەر لایەنی بەرامبەرت ئامادە نەبوو و یا نیاز پاک نەبوو، وتووێژ مانای هەیە؟

لە ٤٠ ساڵی ڕابردوو کۆماری ئیسلامی سێ جار لە گەڵ بزووتنەوەی کورد یا لەگەڵ لایەنێکی ئەم بزووتنەوەیە وتووێژی هەبووە. جاری یەکەم لە پاییزی ١٣٥٨ لە گەڵ دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد وتووێژی ئاشکرای بوو. دوای چەند مانگ وتووێژەکان گەیشتنە بونبەست. دواتر حیزبی دێموکرات یەکلایەنە درێژەی پێدا و هەر بۆیەش پێی دەگوترا سازشکار"، ئەم هەوڵە یەکلایەنەش گەیشتە بونبەست. لە ڕاستیدا ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە باوەڕی بە وتووێژ نەبوو و مەبەستی لە وتووێژ کرینی کات بوو بۆ پتەوکردنی بناغەکانی خۆی؛ چونکە ئەو کات هێشتا بە باشی جێی نەگرتبوو، بۆ سەلماندنی ئەم ئیدعایە و نیازپاک نەبوونی کۆماری ئیسلامی با لە قسەکانی هاشمیی ڕەفسەنجانی ورد ببینەوە:

لە "صورت جلسە"ی شورای ئینقلاب لە ١١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٨، لە زمانی ڕەفسەنجانیوە هاتووە، ئەوان (کوردەکان) بە هیچ شتێک ڕازی نین مەگەر وڵاتێکی سەربەخۆی غەیری ئیسلامی، پێتان وانەبێ بە وتووێژ چارەسەر بێ، بێگومان لە گەڵیان تووشی شەڕ دەبین. (سەرچاوە: مسعود رضوی روزنامەی همشهری سال ١٣٧٢)

جاری دووهەم، لە ڤییەن، پێتەختی وڵاتی ئۆتریش و ئەم جار وتووێژ بە نەهێنی، ئاکام: تیروری دوکتور قاسملوو.

جاری سێهەم: ئەم جارەش بە نەهێنی و ئاکامەکەی هیچ! وەزیری ئیتلاعات لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا دەڵێ، ماوەیەک لەوە پێش لە گەڵ "گروهکهای معاند" وتووێژمان هەبوو، تا زانیاریی خۆمانیان لەسەر بەڕۆژ بکەینەوە. ئایا ئەو نموونانە



سەرچاوە
Serchawe

کافی نیین بۆ ڕەوینەوی گومانی نیازپاکیی کۆماری ئیسلامی بۆ وتووێژ؟

ئێستا کە نیزیک بە ١٠٠ ساڵ لە دەسپێکی هەوڵی ناسیونالیزمی ئێرانی بە هۆی دەوڵەتی شێوە مودێرنی ڕەزاشای پەهلەوی بۆ دروستبوونی "نەتەوەی ئێران" و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەی فارسدا تێدەپەڕێ، بزانن ئایا داگیرکەر بە ئامانجی خۆی گەیشتووە؟ هەروەک دەزانن لە درێژەی هەمان ڕویکەرد و ستراتێژیی ناسیونالیزمی ئێرانی، واتە پەنابردن بۆ سەرکوتی هەوسارپچڕاو بەرامبەر بە گەلی کورد، سێ مانگ پێش ئێستا کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ئیعدامی سێ زیندانیی سیاسیی کورد، قەڵای دێموکراتی مووشەکباران کرد، کە لە ئاکامدا پۆلێک لە خەباتگێڕانی کورد گیانیان لەدەست دا و ژمارەیەک بریندار بوون.

وەڵامی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم هێرشکارییە و ئیعدامەکان چ بوو؟ وەڵام، مانگرتنی سەرانسەری لە ٢١ی خەرمانان لە شارەکانی کوردستان، مانگرتنێک کە لە ٤٠ و بگرە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، وەک گەورەترین نافەرمانیی مەدەنی، بەم پانتایە و ژومارەیە بێوێنە بوو.

ئەم مانگرتنە میلیۆنییە، شارستانییە، کۆمەڵایەتییەی کوردستان دوو دەرهاویشتەی گرینگی هەبوو: یەکەم، پەیامێک بوو بۆ داگیرکەر کە لە دوای ١٠٠ ساڵ بەتایبەت لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، لەگەڵ ئەوەی پەنای بۆ هەموو ئامرازێک بردووە، هیچ پێگە و جێگەیەکی لە کوردستاندا نییە و لە سەر خاکی کوردستان بێگانەیە و بوونی ئەو تەنیا بەهۆی هێزی سەربازی و میلیتاریزەبوونی کوردستانە. دووهەم، ئەم مانگرتنە ئەزموونێک بوو، تاقیکارییەک بوو، کە لە ئەنجامیدا دەرکەوت کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەدوای ١٠٠ ساڵ هەوڵدان، لە ئامانجی خۆی واتە دروستکردنی "نەتەوەی ئێران" و پێدانی شوناسی ئێرانی بە کورد سەرکەوتوو نەبووە و بەپێچەوانە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندی کە پێداگرە لەسەر شوناسی نەتەوەیی خۆی.

### ئاستەنگەکانی بەردەم خەباتی شوناسخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کورتخایەندا

١- یەکریزی و یەکگرتوویی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت لەم دۆخە هەستیارەی ئێران و ناوچە کە تێیدان زۆر لەوەی کە دەبێ بێ کەمترە و، لەو نێوەدا بە تایبەتی هیچ پاساوێک نییە بۆ یەکنەگرتنەوەی دێموکراتەکان، وەک دوو هێزی سەرەکیی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە میراتێکی هاوبەشی ٦٠ ساڵە، کە لەم خەباتە شوناسخوازییەی کورد لەم بەشەی کوردستان پشکی شێریان بەردەکەوێ. وەدوادان و سەرنجنەدان بە ویستی کۆمەڵانی خەڵک و بەهەندنەگرتنی ئەو کەمپەین و واژۆیانەی کە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێن، لەبەر چاوی وشیاری کۆمەڵانی خەڵک ون نییە و

خۆدزینەوەیە لە ئەرکی نیشتمانی.

٢- ئەو ناسیۆنالیزمە کولتوورییەی کە لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان (کرماشان و ئیلام) لە ساڵانی ڕابردوودا دەرکەوتووە، دەبێ گرینگی پێ بدرێ و ڕەهەندی سیاسی بەخۆیەوە بگرێ، تا کۆتایی بە ناهاوسەنگی تێکۆشانی شوناسخوازیی ناوچەکانی کوردستان بێ.

٣- پێکهاتەی کۆمەڵناسیی سیاسیی کوردستان تووشی گۆڕان هاتووە و لە ئەنجامیدا چینێکی ناوەندیی نوێ دەرکەوتووە. ئەم چینە کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە و بە زمان و ئەدەبیات و مێتۆدی دەیەی ٦٠ ئاخاوتنی لەگەڵ ناکرێ.

### باشووری کوردستان

لە پاش کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، لەسەر خواستی هێزە سەرکەوتووەکانی ئەم شەڕە لە سەر میراتی ئەو ئیمپراتۆرییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، چەندین وڵاتی تازە کە ئەفسەرانی ئینگلیسی بە خەتکێش سنووریان بۆ دیاری کردن، هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیا. یەک لەو دەوڵەتانە عێراق بوو، کە لە ڕاستیدا میعمارەکەی خانمێکی ئینگلیسی بوو بەناوی "گرتروود بیل".

عێراق چوارچێوەیەکی دەسکرد بوو کە هەم شا و هەم خاکیان بۆ قەرز کرد. شایان (فەیسەل) لە سعوودی و خاکیان لە کوردستان بۆ قەرز کرد - کوردستان لە ساڵی ١٩٢٤ بە عێراق لکێندرا - . ئەو چوارچێوەیە وەک موزاییک لە چەندین نەتەوە و کەمەنەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاواز پێک هات، کە یەک لەوان کورد بوو، کە بەپێچەوانەی حەز و ویستی خۆی لەو چوارچێوەیان پەستاوت.

هەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی سوننە کە خۆی کەمینە بوو لە ئاست عەرەبی عێراق، دەستی بە سەر هەموو کاروباری دەوڵەتدا گرت و هەوڵی دا لە ڕێگەی سیستمێکی کارگێڕی و خوێندن و پەروەردەی مەرکەزییەوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە نەتەوە و ئێتنیکی جیاواز لە عێراق دەژین، ناسنامەی عەرەبی و زمانی عەرەبییان بە سەردا بسەپێنێ و بەکورتی و بە پوختی هەوڵی هاوشوناسکردنی عێراقی دا. کورد بەرامبەر بە هەوڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بۆ هاوشوناسکردنی عێراق وەستایەوە و ئامادە نەبوو ناسنامەی عەرەبی قبووڵ بکا و بۆ سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی خۆی دەستی کرد بە خەبات و تێکۆشانێکی فرەڕەهەند. لووتکەی ئەم خەباتە شوناسخوازییە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ بوون کە سەرجەم نیزیک بە ٣٠ ساڵی خایاند.

هەرچەندە هەموو دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەوڵی سڕینەوەی شوناسی کوردیان داوە، بەڵام ئەو هەوڵە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ەوە گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی. داگیرکەر بە گرتنەبەری سیاسەتی تەرحیل، تەهجیر، تەعریب و تەبعیس و هەروەها پاکتاوکردنی ڕەگەزی (ئەنفال و کیمیاباران) و سیاسەتی زەوی سووتاوە - کە بریتی بوو لە وێرانکردنی گوندەکانی سنووری کوردستان لەگەڵ تورکیە و ئێران بەقووڵایی ٢٠ کیلۆمیتر و لەگەڵ خاک یەکسانکردنی شار و شارۆچکەکان (قەڵادزێ و سەنگەر)- کەمەری بە خاپوورکردنی کوردستان بەستبوو. بەڵام ئێستا کورد لە چ دۆخێکدایە لە باشووری کوردستان؟ ٧٠ ساڵ سیاسەتی داگیرکەر بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد بە کوێ گەیشت؟

**یەکەم**: ٢٧ ساڵە کورد لە باشووری کوردستان خۆی، خۆی بەڕێوە دەبا لە ڕێی هەموو ئەو دامودەزگا و دامەزراوانەی کە پێویستن بۆ بناغەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و، بەکورتی هەموو واژۆیەک لە کوردستان بەدەست کوردە.

**دووهەم**: ٢٧ ساڵە لە کوردستان، زمانی ڕەسمی زمانی کوردییە. ئەو زمانەی کە لە ڕۆژهەڵات خوێندن و نووسین و، لە باکووری کوردستان ئاخاوتنی پێ قەدەغە بوو. گرینگی ئەم دەسکەوتە نەتەوەییە کاتێک دەردەکەوێ کە دەبینین بەسەدان زمان لە جیهاندا لە نێوچوون و چوونەتە خانەی زمانە مردووەکان، واتە ئەو زمانانەی کە کەس قسەیان پێ ناکا. بۆ تەنزی تاریخیش بێ با نموونە بە "ساطع الحصری" بێنمەوە کە لە ئەندازیارانی سەرەکیی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو لە عێراق، کە لایەنگری قوتابخانەی ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی (فیختە و هێردر) بۆ نەتەوە بوو، کە زمان بە توخمی سەرەکیی نەتەوە دادەنێن. حوسەری دەیگوت: "نەتەوەکان تەنیا بەهۆی زمانیان لێک جیا دەکرێنەوە". ئێستا نیزیک بە ٣٠ ساڵە کە زمانی نەتەوەکەی حوسەری زمانی ڕەسمی نییە و وەچەی نوێ لە باشووری کوردستان تەواو لەگەڵی بێگانەیە.

**سێهەم**: لە باشووری کوردستان پارەکە لە مانگی ئەیلوولدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورد، ئەو هەلە بۆ کورد ڕەخسا کە بڕواتە سەر سندووقی دەنگدان تا لە سەر گرینگترین پرسیاری سیاسیی ژیانی خۆی بڕیار بدا، ئەوە ئامانجی ستراتێژیکی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازە کە هەوڵ دەدا پێی بگا. کورد لە باشووری کوردستان ئەم فورسەتەی وەدەست هێنا.

### ئاستەنگەکانی بەردەم خەباتی شوناسخوازیی کورد لە باشووری کوردستان لە کورتخایەندا

**یەکەم**: نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان چینەکانی هەژار و دەوڵەمەند، کە گەندەڵییەکی سەر سووڕهێنەر پەرەی داوەتێ، یەکێک لە خاڵە لاوازەکان و لە ڕاستیدا پاشنەی ئاشیلی خەباتی شوناسخوازییە لە باشووری کوردستان. بەڕێکەوت نییە کە جووڵانەوەیەکی ئیعترازی بە هەڵگرتنی دروشمی دادپەروەرانە لە ماوەیەکی کورتدا و لە مەقتەعێکدا، نیو میلیۆن دەنگ بۆخۆی مسۆگەر دەکا. ئەم جووڵانەوەیە بەرهەمی ئەم کەلێنە چینایەتی - کۆمەڵایەتییەیە. ئەم دۆخە بەجۆرێک کارتێکەریی

کردووەتە سەر ئینتمای نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان کە "د.سەلاحەددین خەدیو"، کارناسی مەسایلی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێتە سەر ئەو باوەڕەی کە قۆناغی "پسا کوردی" لانیکەم لە دەڤەرێکی ئەم بەشە لە کوردستان دەستی پێکردووە.

**دووهەم**: نەبوونی گوتاری هاوبەش و هاوهەڵوێستی لە نێوان هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستان لە بەرامبەر بەغدادا کارەساتبار دەبێ، هەر وەک کارەساتیشی لێ کەوتەوە.

## باکووری کوردستان

ئەگەر ناسیۆنالیزمی ئێرانی کوردی وەک عێل و عەشیرە و قەوم ناو دەبرد، یا لە عێراق لە دەستووری کاتیی ١٩٥٨ سەردەمی عەبدولکەریم قاسم دانی بە نەتەوەی کورد هێنابوو و بەگشتی لەم دوو وڵاتەدا (هەڵبەت عێراق زۆرتر) لە چوارچێوەی کولتووریدا مەجالی دەرکەوتنیان بە کورد دابوو، لە تورکیە دۆخەکە بە جۆرێکی تر بوو. لە تورکیە نە تەنیا فورسەتی ئەم دەرکەوتنە کولتوورییە سنووردارەش نەبوو، بەڵکوو لە بنەڕەتدا، حاشا لە بوونی کورد وەک عێل و عەشیرەش دەکرا و شوناس و ناسنامەی ساختە و تەزویری دەدرایە وپاڵ و بە "تورکی چیایی" دەناسێندرا. بۆ وێنە: مادەی ٨٨ی دەستووری تورکیە (١٩٢٤) دەڵێ: "هەموو دانیشتووانی تورکیە بەبێ جیاوازیی ئایینی و نژادی گشتیان تورکن". مادەی ١٩ی هەمان دەستوور دەڵێ: "هەموو تورکەکان بەرامبەر بە یاسا یەکسانن". ئەمە یانی بێجگە لە تورک هیچ نەتەوە و ئێتنێکی تر لە تورکیە نییە. لە تورکیە هەر کە کۆمار ڕاگەیەندرا (١٩٢٣) سیاسەتی توانەوە و لە نێوبردنی کوردان وەکوو نەتەوە بوو بە ئامانجی کاربەدەستانی دەوڵەت. هەوڵی ناسیۆنالیزمی تورک بۆ سڕینەوەی شوناسی کورد لە ڕێگەی سەرکوتەوە بە ڕادەیەک بوو کە "نادر ئینتسار"، مامۆستای زانکۆ لە ئەمریکا و بەڕەگەز فارس دەڵێ: "لە سەدەی بیستەمدا هیچ وڵاتێک بە ڕادەی تورکیە بۆ لە نێوبردنی شوناسی نەتەوەیی کوردان هەوڵی نەداوە".

سێ ڕاپەڕینی (شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥)، (ئاراڕات ١٩٣٠) و (سەید ڕەزای دێرسیم ١٩٣٦)، کاردانەوەی کوردبوون بە سیاسەتی لە نێوبردنی شوناسی کوردان کە بەتوندی سەرکوت کران. کوودەتا یەک لەدوای یەکەکانی سەربازیی لە تورکیە (١٩٨٠، ١٩٧١، ١٩٦٠) و ڕۆڵی گرینگی سوپا لە ژیانی سیاسیی تورکیە لەو ساڵانەدا، نەیتوانی خەباتی شوناسخوازیی کورد کپ بکا و لە دەیەی ٨٠ی زایینییەوە، بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد، لە بەگژداچوونەوە بە ناسیۆنالیزمی تورک چووە قۆناغێکی نوێیەوە و لە شێوازی خەباتی چەکدارانە، بۆتە یەکێک لە درێژترین جووڵانەوە چەکدارییەکانی مێژووی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی جیهان.

ئەم بزووتنەوەیە هەر لە شاخدا قەتیس نەماوە و بە کەڵکوەرگرتن لە زەمینەی ڕەخساو، خەباتی مەدەنی لە شارەکانیش

هاوتەریب و پشتیوانییەتی، کە زۆر دەسکەوتی لێ کەوتۆتەوە.

ئێستا لە دوای ١٠٠ ساڵ ناسیۆنالیزمی تورک، توانیویەتی بە ئامانجی خۆی کە کۆتاییهێنان بە بوونی کورد بوو بگا؟ وڵامی ئەو پرسیارە نەخێرە، بەڵگە بۆ ئەم ئیدیعایە چییە؟

لە چەند ساڵی ڕابردوو لە هەڵبژاردنی پارلمانی لە تورکییە (HDP) ئەو حیزبەی کە نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەکا لە دوو هەڵبژاردنی (٢٠١٥ و ٢٠١٨)دا بەشداری کردووە. دەوڵەتی تورک لە ساڵی ١٩٨٠ بەدوای کوودەتا سەربازییەکەی "کەنعان ئیڤرێن" بەربەستی ٥ لەسەدی کردە ١٠ لەسەد، تا بەم ڕێگەیە بەربەست دابنێ لە بەردەم هەر پارتێکی کوردی بۆ چوون بۆ پارلمان. بەڵام لەم دوو هەڵبژاردنەدا کورد بە شکاندنی بەربەستی ١٠ لەسەد و بگرە پتریش بە دەیان کورسیی پارلمان مسۆگەر دەکا. لە ڕاستیدا ئەم هەڵبژاردنانە پێش ئەوەی دەنگدان بێ بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری پارلمان، دەنگدانە بە شوناسی نەتەوەیی و دەنگدانە بە ئەوەی کە من کوردم و تورک نیم.

کاتێک نیزیک بە شەش میلیۆن دەنگدەری کورد دەنگ بە ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆی دەدا، نیشانەی شکستی ستراتێژی ناسیۆنالیزمی تورکە لە ئاست کورد. با لە وتەکانی وەزیرێکی دەرەوەی سەردەمی ئاتاتورک (١٩٢٣ -١٩٣٨) کە ڕەشترین قۆناغی مێژوویی کوردەکان بوو لە تورکیە، لە زمان کریس کۆچێرا، ورد ببینەوە، ئەمجار قووڵایی شکستی ناسیۆنالیزمی تورک لە کوردستانمان بۆ دەردەکەوێ. وەزیرێکی دەرەوەی تورک لە میواندارییەکی سیاسیدا بەڕاشکاوی دەڵێ: "حکوومەتەکەی دەیهەوێ هەر چۆنێک بێ کوردەکان لە ئانادۆل دەر بکا، ئێستا کەمتر لە ٥٠٠ هەزار کورد لە تورکیە دەژین، ژمارەیەکی زۆر بۆ عێراق و ئێران ڕادەکەن، ئەوانەی ماون تووشی ئەو چارەنووسە دەبن، کە خۆیان نەگونجاندووە و لە نێو دەبرێن".

### ئاستەنگەکانی بەردەم خەباتی شوناسخوازیی کورد لە باکووری کوردستان لە کورتخایەندا

سەرەڕای بەرەو پێش چوونی خەباتی شوناسخوازیی کورد لە باکووری کوردستان و شکستی ستراتێژیکی تورک لە بەرامبەر کورد کە بەرهەمی خەباتی شاخ و شار بە مانای واقعی وشەیە، هێشتا دەنگدەری کورد هەیە کە دەنگ بە حیزبی تورکی دەدا و ژمارەشیان گەلێک زۆرە. ئەم دیاردەیە دەبێ خەسارناسیی جیدی بۆ بکرێ و ئەو دەنگدەرانە دەبێ تێ بگەیەندرێن، ئەم دەنگدانەیان بە مانای پشتکردنە لە نەتەوەکەی و حاشاکردنە لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی.

### ڕۆژئاوای کوردستان

دەوڵەتی سووریەش لە دابەشکردنی میراتی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی بەهۆی فەڕانسە و بریتانیا لە دوای شەڕی یەکەمی



سەرچاوە
Serchawe

جیهانی هاتە سەر نەخشەی جوغرافیا. لەگەڵ دروستبوونی ئەم دەوڵەتە بچووکترین بەشی کوردستانی پێ بڕا. ئەم وڵاتە تا لە ژێر قەیمومییەتی فەڕانسەدا بوو، کوردەکان هەندێک دەرفەتی چالاکیی کولتووریان هەبوو، بەڵام بە هاتنە سەر دەسەڵاتی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، نە تەنیا ئەو دەرفەتانەش نەمان؛ بەڵکوو لە مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکانیش بێبەش کران.

لە درێژەی سیاسەتی دژبەکورد لە سووریە بە هۆی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب لەساڵی ١٩٦٢ لە سەرژمێرکردنی پارێزگای حەسەکە، ١٢٠ هەزار کورد لە ئامار حەزف و لە ناسنامەی سووری و مافەکانی هاووڵاتی بێبەش بوون. هەر لە هەمان ساڵدا دەوڵەتی ناوەندی دەستی کرد بە دروستکردنی پشتێندی عەرەبی. بەپێی ئەو پرۆژەیە دەبوو تەواوی کوردەکانی سنووری تورکیە بۆ ناوچە عەرەبییەکان ڕابگوێزرێن و لە شوێن ئەوان عەرەبەکان نیشتەجێ بکەن. کە ئەمە شتێک نەبوو، جگە لە سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی"ئاپارتاید". بە هاتنە سەر کاری بەعسییەکان سیاسەتی لەنێوبردنی کوردەکان ڕەچاو کرا، بە جۆرێک یەکێک لە ڕێبەرانی بەعس بەناوی "محەممەد تالب هیلال" لە نامیلکەیەکدا بەرنامەی لەنێوبردنی نەتەوەی کوردی لە سووریە داڕشت. بەڵام ئێستا کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە چ بارودۆخێک دایە؟ سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی "ئاپارتاید" و پرۆژەی "محەممەد تالب هیلال"ی بەعسی بە کوێ گەیشت؟

لە ڕابردوودا لە ڕۆژئاوای سووریە جووڵانەوەیەکی سەربەخۆ و گشتگیری کوردی لە ئارادا نەبوو، تەنیا پارچەیەکی کوردستانە کە خەباتی چەکداری بەهۆی سروشتی جوغرافیایی (زۆرتر پێدەشت) تێیدا ئەنجام نەدراوە و هەر بۆیەش پرسی کورد لەم بەشەی کوردستان بەو جۆرەی کە دەبێ بە ڕۆژەڤ نەبووە و تەنانەت لە کتێبە کلاسیکەکانی مێژووی کورد، هێندێک لە مێژوونووسانی بیانی ئاوڕیان لەم پرسە نەداوەتەوە. بەڵام ئێستا کورد بە قۆستنەوەی ژێرانەی ئەم هەلومەرجەی کە لە ساڵی ٢٠١١ەوە، سووریە تووشی هات، توانیویەتی پرسی کورد لەم بەشەی کوردستان بە جۆرێک بەڕۆژەڤ بکا کە بە واقعی پێی بگوترێ "شۆڕشی ڕۆژئاوا". ئێستا کورد لە سێ پارێزگا (کانتۆن) دوو کانتۆنی خۆی ئیدارەی دەکا. دەسکەوتەکانی دیپلۆماسی و سەربازیی کورد حاشاهەڵنەگرە. لە کاخی ئێلیزە لەلایەن سەرکۆماری فەرانسەوە میوانداری لە ئاسیە عەبدوڵڵا و نەسرین عەبدوڵڵا وەک نوێنەرانی کوردی ڕۆژئاوا دەکرێ، بە وتەی "هێمن سەیدی" نیزیک لە ناوەندەکانی ئاکادێمی لە ئینگلیستان پتر لە ١٠٠ تێزی ماستەر و دوکتورا و سیمینار لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵات لەسەر ڕۆژئاوا نووسراوە و بەڕێوە چووە. ئێستا ئیتر زاراوەی "ڕۆژئاوا" لە چاپەمەنی و میدیای دەرەوەدا وەها جێی گرتووە کە کەمتر باکووری سووریە بە کاردەبرێ. هەروەها ڕۆڵی سەرەکیی کورد لە تێکشکانی گەورەترین و مەترسیدارترین گرووپی تیرۆریستیی جیهان "داعش" لە سووریە و گرتنی پێتەختی دەوڵەتی ئەو گرووپە، پرستیژ و ئیعتباری کوردی لە بیروڕای گشتی جیهاندا بردە سەر. هەمووی ئەم دەسکەوتانە وایکردووە کە بە جیهانی نیشان بدرێ کە سەتی ١٠ی سووریە کوردن و لە دارشتنەوەی سووریەی نوێدا لە بەرچاونەگرتنی شوێن و پێگەی کورد غەیری مومکینە.



سەرچاوە Serchawe

### ئاستەنگەکانی بەردەم خەباتی شوناسخوازیی کورد لە ڕۆژئاوا لە کورتخایەندا

ئەگەر لە شەڕ لەگەڵ "داعش" دا پاساو هەبوو کە یەکدەست نەبوونی هێزی سەربازیی کورد، دەرهاویشتەی نگەتیڤی لێ دەکەوتەوە. لە قوناخی "پساداعش" دا ئەم پاساوە لە جێیَ خۆیدا نییە و بەرفراوانتر بوونی بەرەی کورد، قورسایی پتر دەبەخشێتە کورد لە موعادلاتی ئەم وڵاتەدا.

### ئاکام

ئێستا لە دوای ١٠٠ ساڵ ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان وەدیهاتنی ستراتیژیی ناسیونالیزمی عەرەبی، ئێرانی و تورکی بەرامبەر بە کورد و خەبات و تێکۆشانی کورد بۆ شکست پێهێنان بەم ستراتیژییە، دەبینین ئەوە داگیرکەرانن کە شکستیان هێناوە، و نەیانتوانیوە ئەم ستراتیژییە وەدی بێنن، چونکە نەیانتوانی کورد لە ناو بەرن، نەیانتوانی ناسنامەی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن و لە کولتوور و نەتەوەی خویاندا ئاسیمیلەی بکەن و لە هاوشوناسکردنی وڵاتەکەیان ناکام بوون. ئەو ستراتیژییە بۆیە شکستی هێنا، چونکە کورد نەیهەویست ببێ بە تورک، بە ئێرانی و بە عەرەب و خۆی پێ لەوان جیاوازە. لە بیرمان نە چێ لە ڕێرەوەی مێژوودا چەندین نەتەوە لە ناو چون و شوێنەواریشیان لە پاش بەجێ نەما، هەر لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە نەتەوە هەبوو کە سەردەمێک گەورەترین ئیمپڕاتوریی ناوچەکە بوو، بەڵام ئێستا گوندێکی بەدەستەوە نییە. ئەوە کوردە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی خۆی پێداگرتر و سوورترە و زۆرسەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێناوە. ئەوە بۆ یەکەم جارە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا هاوکات لە هەر چوار پارچەی کوردستان خەباتی شوناسخوازی لە ئارادایە.

## دوا وتە

هێگل فەیلەسوفی ئاڵمانی سەردەمێک بەو ئامانجە گەیشت، هیچکەس، هیچ کات لە مێژوو شتێک فێر نەبووە و دەرسی وەرنەگرتووە. ڕەنگە ئەو وتەیە وەک حوکمێکی ڕەها و موتڵەق بێتە بەرچاو، بەڵام لانیکەم لەسەر داگیرکەرانی کوردستان سادقە. ئەگەر سەیرێکی پرۆسەی بە دەوڵەتبوونی نەتەوەکان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بکەین دەرس وەرنەگرتنی داگیرکەرانی کوردستان لە مێژوو دەردەکەوێ.

لە ساڵی شۆڕشی فەڕانسە (١٧٨٩) لە هەموو جیهاندا ٢٣ دەوڵەت هەبوو. لە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤) ژمارەی

دەوڵەتانی قارەی ئەفریقا نەدەگەیشتە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک، هەموو ئەم قارەیە موستەعمەرەی وڵاتانی بەریتانیا، پورتەقاڵ، بلژیک، فەرانسە و و هولەند و... بوون؛ ئێستا ژمارەی وڵاتانی ئەم قارەیە پتر لە ٥٠ وڵاتە. لە کاتی درووستبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥ ژمارەی ئەو وڵاتانەی بوون بە ئەندام لەو ڕێکخراوە نەدەگەیشتە ٦٠ وڵات لە دەیەی ٥٠، ٦٠ و ٧٠ی زایینی پتر لە سەد وڵاتی تازە هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیا، ئێستا ١٩٧ وڵات لە ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەنی کورسین.

داگیرکەرانی ئەو وڵاتانە ناچار بون لە ئاست ئیرادەی نەتەوە سەربەخۆخوازەکان هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشە بکەن. داگیرکەرانی کوردستان نە لە بەریتانیا، نە لە فەرانسە، نە لە ئامریکا و نە یەکێتی سۆڤییەت بە هێزتر نین کە ناچار کران هیندوستان، ئەلجەزایر، ڤێتنام و ئەفغانستان بەجێ بێڵن.

--------------


لە ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەدا ئارەزووی سەرکەوتن بۆ چەکداری بە بیرو باوەڕی کورد لە بەرگری لە شوناسی نەتەوەکەمان دەخوازم، چ پێشمەرگە، چ گریلا، و چ شەڕڤان. هیوادارم ڕۆژێک بێ "پەشێو"ی شاعیر چیتر ئەو چیرۆکەی بۆ منالان نەگێڕێتەوە کە چۆنیان بەسەردا قیژاندووە: **بۆ دەرەوە ئەی بێ وڵات، ئەی بێ ئاڵا، چون ڕەشی بینی ئاڵای هەبوو، سپیی بینی ئاڵای هەبوو و هەر چی بینی بووی ئاڵای هەبوو.**

ئۆمێد دەخوازم کە هەموو هاونیشتیمانێکی کورد بە ئایدولوژیای جیاواز، دنیابینیی جیاواز و بە ڕۆئیای جیاواز لە ژێر یەک ئاڵادا کۆ بێتەوە. هەر کوردێک ناسیونالسیت یا ئینترناسیونالیست، لیبراڵ یا سۆسیالیست، موحافزەکار یا شۆڕشگێر و بە گشتی چەپ، ڕاست، میانە و موتەدەین دەتوانێ نیشتمانی خۆش بوێ. چون خۆشەویستیی نیشتمان لە پاوانی کەسدا نییە.

*** ئەم وتارە لەلایەن نووسەرەوە لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان لە قەڵای دێموکرات پێشکێش کراوە**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠١٨

# خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک



د. قاسملوو و سمایل بازیار

## نێوەڕۆک:

* سنووربەندییەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک

* سۆسیالیزم و کۆنگرەکانی حیزب
* سۆسیالیزمی دێموکراتیک

یەکەم؛ سنووربەندییەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک
دووهەم؛ گرینگترین خاڵەکانی ئەو خوێندنەوە لە سۆسیالیزم

ئایا سۆسیالیزمی پێناسەکراو لە "کورتە باس" دا، سۆسیال دێموکراسییە؟
تایبەتمەندییەکانی سۆسیالیزمی پێناسەکراو لە "کورتەباس"دا
خاڵە جیاکەرەوەکانی لەگەڵ کۆمۆنیزمی ڕووسی، یان سۆسیالیزمی ئارایی

* نیزامی سەرمایەداری و ئابووریی پلانمەند و سێنترالیزە

- نیزامی سەرمایەداری

- ئابووریی پلانمەند و سێنترالیزە

- سیستمی ئابووریی بازاڕی ئازاد

* سۆسیالیزم وەک نیزامێکی ئابووری - کۆمەڵایەتی

یەکەم، ئازادی

دووهەم، دێموکراسی

سێهەم، یەکسانی

* سنووربەندییەکانی خوێندنەوەی نوێی سۆسیالیزمی دێموکراتیک

ئەلف: نیولیبڕالیزم

ب: هەڵوێست بەرانبەر بە نیولیبڕالیزم

ج: چەپی ڕادیکاڵ

دوا وتە!

## خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک

### (سنووربەندییەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک)

### ١

لەو کاتەوەی کە بیرۆکەی سۆسیالیزم هاتۆتە نێو بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کەم و زۆر ئەم بابەتە جێگای مشتومڕ و ڕاوبۆچوونی جیاواز بووە لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا و ئەمەش ئەگەر لە لایەک بەڵگەی زیندووبوونی قەوارەی ئەو حیزبە بووە، بە جۆرێک کە لە ئاست بابەتە فیکری و سیاسییەکان بە خەمساردی تێنەپەڕیوە؛ لە لایەکی تر



سەرچاوە Serchawe

نیشانەی هەستیار بوون و گرینگیی ئەو مژارەش بوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەڕێوەچوون و چارەنووسی دواڕۆژی کۆمەڵگەکەمانەوە بووە.

لوتکەی ئەو باس و گەنگەشانە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٤ی زایینی)دا بوو، کاتێک دوکتور قاسملوو بیرۆکەی «سۆسیالیزمی دێموکراتیک»ی هێنایە گۆڕێ. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە لەوکاتدا لە باری نەزەری و تیۆرییەوە، چەپی کلاسیک بە سەر فەزای فیکری کوردستاندا باڵی کێشابوو؛ ئەم بیرۆکەیە وەک مەلەوانی کردنی بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕووبار بوو.

لە ڕەوتی کاری کۆنگرەی سێزدەیەمی حیزبدا لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤ی زایینی) و ئەم جارە لە سۆنگەی ئەوەی کە سۆسیالیزمی ئارایی (مەوجوود) لەبەریەک هەڵوەشابوو هەڵبەت ماوەیەکی زەمانی لێ تێپەڕیبوو - بەرەی چەپیش تووشی شکست و سەرلێشێواوی هاتبوو، جارێکی تر مشتومڕ لەسەر ئەم بابەتە گەرم بۆوە. هەر بۆیە یەکێک لە بڕیارەکانی پەسەندکراوی ئەو کۆنگرەیە بریتی بوو لە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک. مخابن بەهۆی ئەو قەیرانە نێوخۆییەی کە لە پاش کۆنگرەی سێزدە تووشی حیزب هات ئەم پرۆژەیە وەدوا کەوت و لە کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبدا، دەستەی نووسینەوە و پێداچوونەوەی بەرنامە و پێڕەو، خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک کرد. کە لە چەند خاڵدا فۆرموولە کرابوو کە پاش باس و موناقشەیەکی زۆر لە کۆنگرەدا پەسەند کرا.

**ئەم نووسراوەیە هەوڵێکە بە مەبەستی تیشک خستنە سەر و ڕوونکردنەوەی ئەم ڕوانگە نوێیە کە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:**

١) سۆسیالیزم لە بەرنامەی حیزبدا (سووکە ئاوڕێکی مێژوویی)
٢) خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک
٣) سنووربەندییەکانی خوێندنەوەی نوێی سۆسیالیزمی دێموکراتیک

ئەم نووسراوەیە پاش «نامیلکەی کورتە باس» دووهەمین هەڵوێستی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، لەسەر سۆسیالیزم، چون لەم بارەیەوە هیچ دەق و هەڵوێستێکی تری ڕەسمییان نەبووە. ئەم دێڕانەش تەنیا وێنای چوارچێوەی گشتیی ئەو بیرۆکەیە دەکا و دیمەنێکی گشتی وێنا و بەدەستەوە دەدا و بێگومان وردەکارییەکانی بۆ پیادەکردنی لە دواڕۆژدا لە کۆمەڵگە پێویستی بە شارەزایانی بواره جۆراوجۆرەکانی زانستی ئابووری و بەڕێوەبەریتی (مودیرییەتی) هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

## سۆسیالیزم و کۆنگرەکانی حیزب

پاش ئەوەی بەیاننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ی زایینی لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە دەرکرا و لە ئەنجامدا بەشێک لە تێکۆشەرانی سیاسی و یەک لەوان دوکتور قاسملوو لە دەرەوەی وڵات ڕا گەڕانەوە باشووری کوردستان و وەرزێکی نوێ لە خەبات و ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی پێکرد. حیزب بۆ یەکەم جار لە کۆنفرانسی سێیەمدا (١٣٥٠ی هەتاوی) (١٩٧١ی زایینی) بوو بە خاوەن بەرنامە و پێڕەوێکی کۆنکرێت. لە بەرنامەی حیزبدا و لە فەسڵی یەکەم (ئامانجە گشتییەکان)، مادەی دووهەمدا سۆسیالیزم هاتە نێو بەرنامەی حیزب. ئەوە بۆ یەکەم جار بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕاشکاوی لە بەرنامەی خۆیدا باس لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستی دەکا و سۆسیالیزمی وەک ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی و وەک فۆرموولێک بۆ دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا هەڵدەبژێرێ. ئەم پرۆژەیە لە هەڵوێستی باڵی چەپی حیزبەوە سەرچاوەی دەگرت کە تازە لەگەڵ باڵی ناسیۆنالیستیی حیزب لە سەر داڕشتنەوە و بونیاتنانەوە (بازسازی)ی حیزب ڕێککەوتبوون. ئەمە ئاشت بوونەوەی حیزب لەگەڵ هزری چەپ بوو کە نیزیک بە دە ساڵ دەبوو لێی دوور کەوتبۆوە.

ئەو سۆسیالیزمەی کە لە کۆنفرانسی سێیەم (١٣٥٠ی هەتاوی) (١٩٧١ی زایینی) و دواتر لە کۆنگرەی سێیەم (١٣٥٢) (١٩٧٣)دا پەسەند کرا، «سۆسیالیزمی دادپەروەرانە» بوو، دیارە خودی لایەنی چەپیش کە پرۆژەی سۆسیالیزمی هێنابووە نێو بەرنامەی حیزب، لەسەر چەشنی سۆسیالیزم کۆک نەبوون و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ سۆسیالیزم هەبوو، بۆ وێنە لە کۆنگرەی چوارەمدا (١٣٥٨) (١٩٨٠) کە لە شاری مەهاباد پێکهات، بە هۆی زاڵبوونی ئاخێو (گفتمان)ی چەپی ڕادیکاڵ بەسەر فەزای سیاسیی ئەو کاتی کوردستان و بوونی برشت و دەسترۆیشتوویی حیزبی توودە لە نێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتدا، سۆسیالیزم بەبێ پاشگر و پێشگر پەسەند دەکرێ؛ واتە «سۆسیالیزمی زانستی». کۆنگرەی پێنجەمی حیزب (١٣٦٠) (١٩٨٢) لە هەلومەرجی دژواری خەباتی چەکداریدا پێک دێ و لەم کۆنگرەیەدا «سۆسیالیزمێک کە وەڵامدەری هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێ» پەسەند کرا. بێگومان جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی کە بە شوێنپێی حیزبی توودەدا ڕۆیشتن (١٣٥٩) (١٩٨٠)شوێنەواری هەبوو بۆ ئەوەی کە «سۆسیالیزمی زانستی» پاش گوێ بخرێ. سەرەنجام لە کۆنگرەی شەشەمدا (١٣٦٢) (١٩٨٤) «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» کە لە سەرەتای نووسینی بەرنامە و پێڕەو لە کۆنفرانسی ساڵی (١٣٥٠) (١٩٧١)دا دوکتور قاسملوو لە سەری پێداگر بوو، بە زەحمەت و پاش باس و مونافقشەیەکی زۆر پەسەند دەکرێ. ئەم خوێندنەوەیە لە سۆسیالیزم سەرەنجام پاش ١٢ ساڵ خەباتی فیکری و هەڵکشان و داکشان بەهۆی پشوودرێژی و نفووزی مەعنەویی لایەنگرانی و لە سەرەوەی هەمووانەوە دوکتور قاسملووەدا سەرکەوت.



سەرچاوە
Serchawe

## سۆسیالیزمی دێموکراتیک

پێش ئەوەی کۆنگرەی شەشەم لە ڕێبەندانی ساڵی (١٣٦٢ی هەتاوی) (١٩٨٤ی زایینی)دا پێک بێ، دوکتور قاسملوو بۆ پێناسە کردن و ئاشنا بوونی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی بەو ئیدەیە دەستی دایە نووسینی نامیلکەیەک لەژێر ناوی «کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم». بەپێی ئەو پێناسەیەی کە لە کورتەباسدا هاتووە، دەکرێ وڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە:

### یەکەم، سنووربەندییەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک

* سنووربەندی لەگەڵ ئەو سیستمە فیکرییەی کە نیزیکەی ٤٠ ساڵ بوو لە کوردستان و ئێران باو بوو سیستمێکی فیکریی وشک و دوگم، کە ڕێگەی جیابیری، پێداچوونەوە و ڕەخنەگرتنی بە هیچ کەس نەدەدا.

* سنووربەندی لەگەڵ ئەو سۆسیالیزمەی کە هێزەکانی دیکە بە نیازی دامەزراندنی بوون.

* سنووربەندی لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەی کە بێ ئەملاوئەولا پێڕەوییان لە وڵاتانی سۆسیالیستی دەکرد.

* سنووربەندی لەگەڵ بیروباوەڕی توودەئیستی یا ئیستالینیستی کە لە نێوخۆی حیزبدا پاشماوەی مابوو.

### دووهەم، گرینگترین خاڵەکانی نەو خوێندنەوە لە سۆسیالیزم

* پێداگری لەسەر پێگەی دێموکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک لەژێر هەر ناوێکدا.

* دوورکەوتنەوە لە هەر چەشنە ئۆلگووسازییەک.

* لە بەرچاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردەواری واتە سۆسیالیزمێک کە وڵامدەری هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێ.

* گرتنە پێشی سیاسەتێکی سەربەخۆ لە بەرامبەر وڵاتانی سۆسیالیستیی ئەو کاتدا و دەسنیشانکردنی هەڵوێست و کەموکووڕی سیستمە سۆسیالیستییەکانی بەرەی ڕۆژهەڵات (سۆسیالیزمی ئارایی (موجود)).



سەرچاوە Serchawe

خستنە بەرباسی ئەو خوێندنەوەیە لە سۆسیالیزم بۆ یەکەم جار لە کوردستان کە تێیدا ئاخێو (گفتمان)ی باڵادەست لە فەزای سیاسیدا چەپی ڕادیکاڵ بوو، وەک مەلە کردن بە پێچەوانەی ئاراستەی ئاوی ڕووبار بوو؛ کە هەم ژیری دەویست و هەم بوێری. ئەو ڕوانگە نوێیە بۆ زۆر کەس و تەنانەت بۆ بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزب، حیزبێک کە مارکسیست ـ لێنینیستیش، نەبوو هەزم نەدەبوو. هەر بۆیەش دەبینین کاتێک کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم لە کۆنگرەی شەشەمدا دەخرێتە دەنگەوە، لە یەکەم دەوردا دەنگی پێویست ناهێنێتەوە. بەڵام هەر وەک دیتمان ڕەوتی ڕووداوە مێژووییەکان تێگەیشتنی دروست و واقیعبینانەی ئەو ڕوانگەیەیان دەرخست. ماوەی نێوان شەهید بوونی دوکتور قاسملوو (١٣ی ژوییەی ١٩٨٩) تا ڕووخانی دیواری بێرلین لە نوامبری هەمان ساڵدا (١٩٨٩) کەمتر لە ٤ مانگە، بەداخەوە چارەنووس وایکرد کە ئەو نەتوانێ ئەو ڕووداوە ببینێ کە مۆری تەئیدێکی مێژوویی بوو لەسەر ڕوانگە و بۆچوونەکانی لەمەڕ وڵاتانی سۆسیالیستی.

بەکگراوندی دروست بوونی ئەو ڕوانگەیە لەلای دوکتور قاسملوو ژیانی تاراوگەیی لە وڵاتانی سۆسیالیستیی پێشوو و لە نیزیکەوە ئاشنا بوون و هەست کردن بە کەموکووڕی و ناتەواوییەکانی سۆسیالیزمی ئارایی (مەوجوود)، بە تایبەتی لە بواری نەبوونی دێموکراسی و ئازادی و بوونی دەوڵەتانی تۆتالیتێر بۆ دوکتور قاسملوو زۆر پرسیار و گومانی لەسەر سیستمی سۆسیالیستیی ئەو وڵاتانە هێنایە ئاراوە.

ڕووداوەکانی لەهێستان لە دەیەی ٥٠ی زایینی و شۆڕشی ١٩٥٦ لە مەجارستان و بە تایبەتی ڕووداوی بەهاری پراگ لە ساڵی ١٩٦٨ لە چێکوسلۆواکی کە بۆخۆی نیشتەجێی ئەو وڵاتە بوو، شوێنەواری قووڵیان لەسەر دانا. ئەو ڕووداوانەی کە ئامانجیان سەربەخۆیی بڕیاردان لە سۆڤییەت و باڵکشانی دێموکراسی بەسەر گشت لایەنەکانی ژیاندا بوو. بۆ وێنە فەیلەسووف ئیڤان سڤیتاک (Ivan Svitak) بە کورتترین و کاملترین شێوە ئامانجەکانی «بەهاری پراگ» هەر لە سەرەتاوە ئاوا فۆرموولە دەکا: "جێگیرکردنی سۆسیالیزمێکی دێموکراسییانە لە جێگەی دیکتاتۆرییەکی تۆتالیتێرانە."

یان لە پرۆگرامی نوێی ڕیفۆرمخوازانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی چێکوسلۆواکی لە ١٠ی ئاوریلی ١٩٦٨ی زایینی ڕاگەیەندرا: "مۆدێلێکی نوێی سۆسیالیزم؛ ئێمە دەمانەوێ هەوڵی هێنانە کایەی مۆدێلێکی نوێی ئەوپەڕی دێموکراسییانە بدەین کە لەگەڵ هەلومەرجی چێکوسلۆواکیدا گونجاو بێ".

بەشداری کردنی دوکتور قاسملوو لە بزاڤی دێموکراسیخوازانە و سەربەخۆییخوازانەی ڕیفۆرمیستەکانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی چێکوسلۆواکی بە ڕێبەریی «ئێلکساندێر دۆبچێک» لە بەهاری پراگدا بە چەشنێک بوو کە پاش تێکشکاندنی ئەو بزووتنەوەیە بەهۆی دەستێوەردانی نیزامیی یەکیەتیی سۆڤیەتی و هاوپەیمانانی لە پەیمانی وەرشۆ و سەرکوتی لایەنگرانی

سۆسیالیزمی دێموکراتیک و هاتنە سەرکاری دیکتاتۆرەکانی سەر بە مۆسکۆ، دەرفەتی مانەوەی لەم وڵاتە پێنەدرا و دەرکرا.

هەمووی ئەمانە بوون بەهۆی ئەوەی کە دوکتور قاسملوو لە ڕوانینی خۆیدا لەمەڕ سۆسیالیزمی ئارایی (مەوجوود)، پێداچوونە بکا، بە جۆرێک بە تەواوی لەگەڵ ستالینیزم سنووربەندی بکا و لەگەڵ زۆر بنەمای لێنینیزم ماڵاوایی بکا و لە کلاوڕۆژنەیەکی نوێوە بڕوانێتە پرسە سیاسی و فیکرییەکان.

بۆ وێنە لە شیکردنەوەی کورتە باسدا دوکتور قاسملوو پێی وایە کوردستان دەتوانێ قۆناغی سەرمایەداری دەور لێبدا و بچێتە قۆناغی سۆسیالیستییەوە. هەمان تیۆری ڕێگەی هەڵدانی غەیرەسەرمایەداری (راه رشد غیر سرمایەداری) کە لێنین لەسەر ڕووسیەی ساڵی ۱۹۱۷ تاقی کردەوە.

## ئایا سۆسیالیزمی پێناسەکراو لە "کورتە باس" دا، سۆسیال دێموکراسییە؟

هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی "کورتەباس" دا تەیفی چەپی ڕادیکاڵ و بە شێوەی دیاریکراو «کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران» و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی کرێکارانی ئێران (راه کارگر) بەرامبەر بە کورتەباس ئەوە بوو کە ئەو سۆسیالیزمی دێموکراتیکە شتێک نییە بێجگە لە سۆسیال دێموکراسی و ئاو لە ئاشی سەرمایەداری کردنە. دیارە لە تێڕوانینی هێزێکی چەپی ڕادیکاڵ، ئەگەر ڕوانگەیەک دیکتاتۆریی پرۆلتاریا ڕەت بکاتەوە، بێئەملاوئەولا لە خانەی سۆسیال دێموکراسیدا جێی دەگرێت. هەروەها ڕوانگە و بۆچوونی دیکەش هەبوون کە هەر چەند خۆیان بە مارکسیست - لێنینیست نەدەزانی بەڵام پێیان وابوو ئەمە شتێک نییە بێجگە لە سۆسیال دێموکراسی.

بەڵام ئەو پێناسەیەی کە بۆ سوسیالیزمی دێموکراتیک کرابوو، پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەیە. ڕەنگە بە لامانەوە سەیر بێ ئەگەر بڵێین بە دەیان چەشن سۆسیالیزم هەیە. تەنانەت سۆسیالیزمی ئیسلامیشمان هەیە. مارکسیش بۆخۆی لە مانیفێستەکەیدا ئاماژە بە چەندین جۆر سۆسیالیزم دەکا. سۆسیالیزمی دێموکراتیکیش یەکێک لەو سەدان خوێندنەوە لە سۆسیالیزمە و تەنانەت خودی سۆسیالیزمی دێموکراتیکیش پێناسەیەکی ستاندارد و تاقانەی نییە و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە.

## تایبەتمەندییەکانی سۆسیالیزمی پێناسەکراو لە "کورتەباس"دا

لە ڕاستیدا هەروەک لە نامیلکەی کورتەباسدا بە ڕاشکاوی گوتراوە «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی

جیاوازی هەیە. بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم ئیدیعایە دەتوانین ئاماژە بەم ئیستدلالانە بکەین:

- سۆسیالیزمی دیموکراتیکی پێناسە کراو لە کورتەباسدا، ئانالیز و لێکدانەوەی مارکسیزمی لەسەر سەرمایەداری پەسەندە.

- سیستەم (نظام)ی سەرمایەداری ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ سەرمایەداری وەک نیزامێکی کۆمەڵایەتی لە لایەن مێژووەوە مەحکوومە.

- بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم وەک سیستمێکی ئابووری . کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدا کە تێیدا هەر کەس بە پێی لێهاتوویی کاری پێ دەسپێردرێ و بە پێی کارەکەی حەقی خۆی لە کۆمەڵ وەردەگرێ.

## خاڵە جیاکەرەوەکانی لەگەڵ کۆمۆنیزمی ڕووسی، یان سۆسیالیزمی ئارایی

* لەگەڵ ئەو پاوانخوازی و تۆتالیتاریزمەی کە کۆمۆنیزمی ڕووسی یا سۆسیالیزمی ئارایی بەڕێوەی دەبا لەگەڵ سۆسیال دیموکراسی هاودەنگە، هەر بۆیە جەخت لەسەر دیموکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک دەکا.

* تێڕوانینی مارکسیستی لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر نە هەمووی بەڵام زۆر بنەمای لێنینیزم وەلانراوە و ستالینیزم بە تەواوی ماڵئاوایی لێ کراوە.

* ئەم سۆسیالیزمی دیموکراتیکە شکڵێکە لە ئاکامی دوو خەت یان دوو نەریت، واتە هەوڵدانێکە بۆ تێکهەڵکێش کردنی حەرەکەتێکی واقیعی بەرەو سۆسیالیزم بە دیموکراسییەکی ڕاستەقینە.

ئەم خوێندنەوەیە لە سۆسیالیزم تا ئێستا دەرفەتی پیادە بوونی نەبووە.

------

## نیزامی سەرمایەداری و ئابووریی پلانمەند و سێنترالیزە

**٢**

پاش پەسەندکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک ئێستاکە لە بەرزایی چارەگە سەدەیەکەوە دەڕوانینە ئەو سەردەمەی کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک ئامانجی درێژخایەنی حیزب پەسەند کرا. زۆر ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەر لە هەموو بوارەکانی سیاسی، فیکری، ئابووری، تێکنۆلۆژیک، کۆمەڵایەتی و نەخشەی سیاسیی لە جیهاندا هاتوە. لەبەریەک هەڵوەشانی سۆسیالیزمی ئارایی، کۆتایی شەڕی سارد، خێرابوونی ڕەوتی جیهانیبوون، سەرکەوتنی ئابووریی بازاڕ، شۆڕشی تێکنۆلۆژیی زانیاری و پێوەندی گرتن، پەرەسەندنی دێموکراسی، پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم و دەرکەوتنی دەیان وڵاتی تازە لەسەر نەخشەی جوغرافیا و زۆر ئاڵوگۆڕی دیکە. «ئێریک هابز باوم» دەڵێ: «هیچ کات مێژووی ژیانی ئینسان و ئەو کۆمەڵگەیانەش کە تووشی ڕووداو بوون لە دەورەیەکی زەمەنیی کورتدا ئەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانەیان بە خۆوە نەبینیوە و سەیر ئەوەیە کە ئەو ئاڵوگۆڕانە لۆکاڵی و ناوچەییش نین، بەڵکوو جیهانین و سیمای جیهان بە تەواوی گۆڕاوە.»

هەمووی ئەمانە لە ئێمە دەخوازن کە خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک هەبێ و بە ڕوانینێکی سەردەمیانە لەگەڵ ئەو پێناسەیە بەرەوڕوو بین، کە ٣٦ ساڵ لەوە پێش و لە گەرمەی شەڕی سارددا کراوە و بۆ سەردەمی خۆی لە فەزای سیاسیی کوردستاندا، خاڵی وەرچەرخانێکی نوێ، ژیرانە و بوێرانە بوو کە ئێستاش هێندێک پرەنسیپی لەگەڵ ئەم سەردەمە دەگونجێ.

هەر بۆیە لە شرۆڤەی نوێمان بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە جۆرێکی دیکە دەڕوانینە هەندێک چەمک و واتا کە جیاوازن لە هەڵوێستی پێشوومان و لەم سێ تەوەرەیەدا پوخت دەکرێنەوە.

**١- نیزامی سەرمایەداری**

**٢- ئابووریی پلانمەند و سێنترالیزە**

**٣- سۆسیالیزم وەک نیزامێکی ئابووری - کۆمەڵایەتی**

## نیزامی سەرمایەداری

ئێمە بە چاکە یان خراپە، باشە یان باش نییە لەسەر نیزامی سەرمایەداری هەڵوێست ناگرین، ئێمە سەرمایەداری وەک چۆن هەیە هەڵدەسەنگێنین. بەپێچەوانەی ئەو پێشبینییانەی کە نەیارانی ئەم سیستەمە دەیان کرد، نیزامی سەرمایەداری لەنێو نەچووە و ئەو گۆڕهەڵکەنە واتە پرۆلیتاریا کە ڕەسالەتی بە خاک ئەسپاردنی ئەو نیزامەی لە ئەستۆ بوو هیچی بۆ نەکرا و ئەو سیستەمە هەروا درێژە بە ژیانی خۆی دەدا.

### ڕازی ئەو تەمەن درێژییە سەرەڕای زۆر هەوراز و نشێو و چەندان قەیرانی گەورە کە تووشی هاتووە چییە؟

ئەو سیستەمە بە پێچەوانەی سیستەمە ئابووری - کۆمەڵایەتییەکانی پێش خۆی لە نێو شوێنگەی خۆیدا ناخولێتەوە (واتە لە نێو بازنەیەکی داخراودا ناخولێتەوە)، بەڵکوو ئەو سیستەمە داینامیکە و بەردەوام خۆی تێپەڕ دەکا و هەر وەک بینیومانە لە چەند قۆناغێکدا گەشەی کردوە و یەکێک لە داینامۆ سەرەکییەکانی ئەم گەشەکردنە بریتییە لە داهێنانی تێکنیکی، کە بەردەوام سیستمەکانی بەرهەمهێنانی نوێ کردۆتەوە.

کۆمەڵگەی سەرمایەداری سێ شۆڕشی تێکنیکی بە خۆیەوە بینیوە، شۆڕشی سەنعەتی (١٨٧٥ - ١٧٦٠)، شۆڕشی کارەبا (١٨٩٠ تا ١٩٦٥) و شۆڕشی ئەنفۆرماتیک (١٩٧٠ - ...) کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەستی پێکردوە و بە تێکنیکی تازەی ڕاگەیاندن و پێوەندی کردن دەست پێدەکا و هەر ئێستاش بەردەوامە و دوورەدیمەنی تەواوبوونی جارێ زۆر دوور لە چاوەڕوانییە.

شایانی باسە کە تەنانەت کارل مارکسیش وەک یەکێک لە گەورەترین ئانالیزۆر و ڕەخنەگرانی نیزامی سەرمایەداری دانی بە تایبەتمەندیی پێویستی بەردەوامی و ئەمرۆیی بوونی سەرمایەداری و داهێنان و ئاڵوگۆڕ بۆ وەدەسهێنانی سوود و قازانج داناوە. بێجگە لەمانە بەهۆی پێشکەوتنی سەرسوورهێنەری زانست و تێکنۆلۆژی کە بەرهەمی دنیای سەرمایەدارییە، گەورەترین یارمەتیدەری سەرکەوتنی ئینسان بووە بەسەر سروشتدا کە سەدان و بگرە هەزاران دەسکەوتی بە نرخی بۆ مرۆڤایەتی لێ کەوتۆتەوە.

هەروەها سیستمی ئابووریی سەرمایەداری لە ئاکامی ئەم تایبەتمەندی و سروشتەیدا و بە تایبەتی بە دوای لە شانۆ چوونەدەرێی ڕکابەرەکەی واتە سیستمی ئابووریی سۆسیالیستی، ئەمڕۆ لە کردەوەدا بۆتە سیستمێکی ئابووریی بێ ڕکەبەر و

زاڵ بەسەر جیهاندا و باڵادەستیی خۆی لە وڵاتان، کولتوورەکان و لایەنەکانی ژیاندا قووڵتر دەکا.

ئەوە تا ئێرە نیوەی درەوشاوەی مانگەکەیە، چون سەرەڕای هەمووی ئەمانە، ڕێساکە لە سیستمی سەرمایەداری هەر لە شوێنی خۆیەتی. ئێستاش بەرهەم بۆ وەدەستهێنانی سوود و قازانجە و وەدەستهێنانی ئەو سوودە لەسەر بنەمای خاوەنایەتی تایبەتییە کە بە بناخەی سەرمایەداری دەژمێردرێ. سەرمایەداری لەسەر بنەمای وەدستهێنانی لانی زۆر و ئەوپەڕی سوود و قازانج و کەڵەکە کردنی سەرمایە و سامان ڕاوەستاوە و مەبەستی سەرەکی و هاندەر و ئەنگیزەی هەر خاوەنکار و سەرمایەدارێک بریتییە لە زیادکردنی سامان بە هەر نرخێک و بە هەر فرت و فێڵێک. بۆیە دەکرێ بڵێین تیۆری زێدەبایی (ارزش اضافی) کارل مارکس هەر وەک لە سەرمایەداریی کلاسیکدا هەبوو، هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

بەمجۆرە دەگەینە ئەو ئاکامە کە سەرمایەداری وەک سیستمێکی ئابووریی بێ ڕکەبەر و زاڵ بەسەر جیهاندا و ئەوە کە جیهانی بوونی سەرمایەداری، واقعیەتێکە لە بارودۆخی بە جیهانیبوونی ئابووریی سەرمایەداری و هەروەها لە دنیایەکدا کە سیاسەتەکان لە خزمەت ئابووری دان، ئێمە ناتوانین دوڕگەیەکی بچووک بین لە پاناو (ئۆقیانووس)ێکدا و بەتاک و تەریکی بژین. وتەکانی گۆرباچۆف لە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٨٩ی زایینی) ئاماژەیەک بۆ ئەم حەقیقەتەیە: «ئابووریی جیهان ئۆرگانیزمێکی یەکگرتووە و هیچ دەوڵەتێک یان هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی یا ڕەوشێکی ئابووری ناتوانێ لە دەرەوەی ئەودا بە شێوەی سروشتی پەرە بستێنێ.»

بەمجۆرە دەبینین کە سەرمایەداری بۆتە ئەمرێکی واقیع و نە ئێستاکە ئاڵترناتیڤێکی هەیە و نە لە ئاسۆی ئێستادا کۆتاییەک بۆ ئەو نیزامە بەدی دەکرێ. کەوابوو ڕووخانی سەرمایەداری ئەمڕۆکە ئیدی دروشمێکی واقیعبینانە نییە. با ئەووەش بڵێم کە ئەووەش وا لێک نەدرێتەوە کە ئەمە بە مانای پشتڕاستکردنەوەی وتەی فوکۆیاما واتە «کۆتایی مێژوو»ە. هەر ئەوەندە بەسە بڵێم کە بۆخۆیشی دە ساڵ دوای نووسینی ئەو کتێبە پاش ئەو قەیرانەی کە تووشی ئابوورییەکانی ناسراو بە بەورەکانی ئاسیا هات خەریکی پاشگەز بوونەوە بوو. بە وتەی چینییەکان سەرەتا بە نرکەی شێرێک هاتە مەیدان و دواتر بە نەرم ون یانی مارێک پاشەکشەی کرد. بەڵام ئەگەر ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری دروشمێکی واقیعبینانە نییە، بەو مانایەش نییە کە جڵەو و پێشی سەرمایەداری ئاوەڵا بکرێ و بە شێوەیەکی ڕەها ئازاد بێ و سنوورێکی بۆ نەبێ. سەرمایەداری ئەگەر پێشی کراوە بێ تا دەتوانێ دەچەوسێنێتەوە و تا بۆی بلوێ لە چاوچنۆکی و کۆکۆدنەوەی سەروەت و سامان ناوەستێ و سنووری بێعەداڵەتی دەگەیەنێتە ئەوپەڕی خۆی. سەرمایەداری هیچ کات پەرۆشی ئەوەی نییە کە خەڵک لە برسان دەمرێ، بێ سەرپەنایە و بەگشتی لە ئیمکانات و نیعمەتە مادییەکان بێبەشە. (لە هێندێک کردەوەی سەمبولیکی چەند سەرمایەدار دەگەڕێین بۆ ژمارەیەک کاری خێرخوازانە).

کەوابوو ئێمە لەگەڵ ئەو هەوسارپچڕاویەی سەرمایەداریدا نین و پێمان وایە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی و دێموکراتیکی خەڵک سنوورێکی بۆ دابنێ، ئەم سنووره بۆ چ مەبەستێک؟ بۆ جێگیرکردنی هاوسەنگیی ڕێژەیی کۆمەڵایەتی و پاراستنی دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و دێموکراتیکەکان و دەبێ بۆ وەدیهاتنی ئەم پرۆژەیە سەندیکاکان، یەکیەتییە کرێکارییەکان و دامەزراوە جۆراوجۆره مەدەنی و کولتوورییەکان هەرچی زۆرتر ڕێک بخرێن.

ئەمە ڕاستییەکی روون و مێژوویە کە ئەو دەسکەوتە دێموکراتیکانە و ئەو دێموکراسییە کۆمەڵایەتییەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا وەدەست هاتوون و پیادە کراون، سەرمایەداری لەسەر کەشەفی زێڕین پێشکەشی نەکردوون، بەڵکوو هەمووی ئەوانەی بە سەردا سەپاوە: بوونی یاسای کاری پێشکەوتوو، بیمەی کۆمەڵایەتی، مووچەی خانەنشینی، پشووی ساڵانە، کەمکردنەوەی ساعەتی کار بۆ ٨ ساعەت، مافی مانگرتن، مافی دامەزراندنی سەندیکا و یەکیەتییە کرێکارییەکان و... ئەگینا هیچ خاوەن کار و سەرمایەدارێک ئامادە نییە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هێزەکانی خوارووی کۆمەڵ پێک بێنێ. بەکورتی و بەپوختی بە قەولی ئانتۆنی گیدێنز، کۆمەڵناس و داهێنەری ڕێگەی سێیەم: «چیتر کەس هیچ جێگرێکی باشی لەمەڕ سیستمی سەرمایەداری لە لا نییە، ئەوەی ئێستا قسەی لە سەر دەکرێ، ئەو بەڵگانەی دەهێنرێنەوە ئەوەیە کە تا چ ڕادەیەک و لە چ ڕێگایەکەوە، دەبێ سەرمایەداری کۆنتڕۆڵ و ڕێک بخرێ».

## ئابووریی پلانمەند و سێنترالیزە

ئێمە ئەگەر لە ڕابردوودا لەگەڵ ئەم شێوەیە لە ئابووریدا بووین، ئێستا بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم شێوەیە لە ئابووری، ئەزموونی خۆی داوەتەوە و سەرکەوتوو نەبووە. هۆکارەکانی ئەم سەرنەکەوتنە چ بوون:

- لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە نەبینراوە کە خێرایی کاری دەوڵەت زۆرتر بێ لەو کەسانەی کە بە دوای کاری تایبەتی خۆیانەوەن و بەرەنجامی کارەکەش زیاتر بێ.
- بوونی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئابووری لە دەستی دەوڵەتدا ئاکامی ئەوە دەبێ خەڵکی کۆمەڵگە لە هەموو لایەکەوە چاو لەدەست و دیلی دەوڵەت دەکا و بچووکترین هیوا بۆ دەسوێڕاگەیشتن بە دەسەڵاتێکی خەڵکسالار و ئازاد ناهێڵێتەوە.
- لەم ئابوورییەدا بەکردەوە سەرمایەی دەرەکی بەهۆی قان و پوانی دەوڵەت ڕادەکا.
- لەم ئابوورییەدا خەڵک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و یا ناڕاستەوخۆ دەبن بە خزمەتگوزاری (نانخۆری) دەوڵەت، بەستراوەیی ئابووریی خەڵک بە دەوڵەت دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەوان بە ناچار ملکەچی ئیرادەی حاکمان بن، هەر بۆیەش دەبینین کە هەموو حاکمانی دیکتاتۆر و ملهوڕی مێژوو مەیل بە دەوڵەتی کردنی ئابووری هەیە، چونکە ئەمە دڵنیاترین ڕێگەیە بۆ لەنێو بردنی دەرەتانەکانی وەدیهاتنی ئازادی و دێموکراسی و لە یەک وتەدا جێگیرکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی. بۆ وێنە هەر



سەرچاوە
Serchawe

لە دەوروبەری خۆمان دەتوانین ئاماژە بەو نموونانە بکەین:

تورکیە لە سەردەمی کەمال ئاتاتۆرک، (١٩٢٣ - ١٩٣٨ی زایینی). ئێران چ لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی (١٩٢٥ - ١٩٧٩ی زایینی) و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی (١٩٧٩ - ...) میسر لە سەردەمی عەبدولناسر (١٩٥٤ - ١٩٧٠) عێراق لە سەردەمی بەعس (١٩٦٨ - ٢٠٠٣) سەلماندوویانە کە دەوڵەت یا گرووپی دەسرۆیشتووی نێو دەوڵەت و یان بنەماڵە چەند بە خەستی کۆنترۆڵی بازاڕ بکەن ئەوەندەش کەمترین بڕی ئازادی و دێموکراسی بە کۆمەڵ دەبەخشن.

ئەزموون نیشانی داوە کە ئەو ئابوورییانەی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراون، نە خۆشگوزەرانی مادی لەگەڵ خۆیان دێنن و نە پێداویستییەکانی بەکارهێنەران دابین دەکەن و نە بواریش بە نۆشار و ئافراندنی بەرهەمهێنەران دەدەن. لەوێڕا کە هەموو ئیمکاناتی بەرهەم و دابەشکردن (تولید و توزیع)ی مادی و مەعنەوی دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی ناوەندی بەرنامەڕێژێکی دەوڵەتیی بەهێز، بمانەوێ و نەمانەوێ بە سەرەڕۆیی هەمەلایەنە دەگات.

سیستمی پلاندانان هیچ حیسابێک بۆ زەوق و سەلیقە و ئارەزووەکانی مشتەری ناکەن. ئابووریی بەرنامەداڕێژراوی دەوڵەتی لە کردەوەدا ناکارامەیی خۆی سەلماندووە، لەم ئابوورییەدا بۆ پێکهێنانی ئازادی ئەرێنی هەوڵ دەدەرێ،

**بەڵام پێداویستیی ئازادیی نەرێنی یا ئازادیی هەڵبژاردن لە بەرچاو ناگیرێ.**

لە سەر یەک بەرنامەڕێژیی سێنترالیزە و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا بە بەستێنی پەیدا بوونی تۆتالیتاریزم و لەنێو چوونی ئازادیی تاک دەزانرێ و ئیمکانی دامەزراندنی دێموکراسی نییە.

لەم سیستمەدا بەڕێوەبەرانی وڵات نە تەنیا ئامرازەکانی دەسەڵاتی سیاسی بەڵکوو هەموو ئیمکاناتیان لەبەر دەست دایە و ئەوەش باشترین هەلومەرج بۆ بێعەداڵەتی دەڕەخسێنێ. کەوابوو بە لەبەرچاو گرتنی ئەو فاکتانەیە ئێمە ئابووریی پلانمەند و سێنترالیزە لە لایەن دەوڵەتەوە ڕەت دەکەینەوە و پێڕەوی لە سیستمی بازاڕی ئازاد دەکەین.

## سیستمی ئابووریی بازاڕی ئازاد

ڕکەبەرایەتیی ئازاد دەبێتە هۆی چوونەسەرێی کارامەیی، بازاڕ پەرە بە کارامەیی دەدا و وڵامی ویست و داخوازەکانی مشتەری دەداتەوە و سەربەستیی ئیختیار و ئازادیی سیاسی دەپارێزێ.



سەرچاوە Serchawe

- دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان.

- دەبێتە هۆی پەیدابوونی کەلوپەلی نوێ.

- ئەوە شتێکی ڕوون و سەلمێندراوە کە دەبێ لە پێشدا لە نێوخۆی کۆمەڵگەدا سەروەت و سامانێک بەرهەم بێ، تا بۆ دابەشکردنی عادڵانەی هەوڵ بدرێ. ئەگەر هەوڵ و تەقالا بۆ دابەشکردنی وەک یەک و دامەزراندنی یەکسانیی ئابووری بە جۆرێک بێ کە ئەسڵی بەرهەمهێنانی سەروەت لەنێو ببا، دەبێ تەسلیمی دابەشکردنی هەژاریی بەکۆمەڵ بین، کە تەنانەت ئەوەش واتە ئەو دابەشکردنە وەک یەکەش بوونی نابێ هەر وەک لە سیستمی سۆسیالیستیی پێشوودا دیتمان ژمارەیەک دەوڵەمەندتر دەبن.

بەڵام سەرنج بدەین کە دەڵێین پێڕەوی لە سیستمی ئابووریی بازاڕی ئازاد دەکەین لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەو سیستمە دەبێ لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و دێموکراتیکی خەڵکەوە چاودێری بکرێ، بۆ؟

سەرەتا لێمان تێک نەچێ ئێمە پێمان وایە دەوڵەت خاوەنایەتی نییە، سەروەری (حاکمیەتی) هەیە. کاری دەوڵەت بەرهەمهێنان نییە. چون بۆ بەرهەمهێنان پێویستی بە سەربەخۆیی بەرهەمهێنەران و کێبەرکێ لە نێوانیاندا هەیە. لە هەر کوێ دەوڵەت بە نیاز بێ وەک بەرپرسی بەرهەم دەربکەوێ، پەرەستاندن ڕاوەستاوە، بەڵام دەوڵەت ئەرکی دیاریکردنی ڕێوشوێنی گونجاو و کۆنترۆڵ کردنیانی لە ئەستۆیە.

ئابووریی ئازاد بە مانای لاچوون و وەلانانی چاودێری یا کۆنترۆڵی دەوڵەت نییە، ئەوەی کە نامێنێ هەڵاواردن لە بەڕێوەبردنی یاساکان و دابەشکردنی ئیمکاناتە، مەبەست ئەوەیە کە لەو چاودێرییەوە کە هەموو ئاسانکارییەکان، پشتگری و پشتیوانیکردنەکان دەبێ بۆ هەموو لایەک وەک یەک بێ. ئەگەر بەشی تایبەتی پشتگری لێ نەکرێ ئابووری بەرەو ناستێنێ.

لەم سیستمەدا واتە ئابووریی بازاڕی ئازادی چاودێریکراو لە لایەن دەوڵەت و ئۆرگانەکانی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە، دەوڵەت نەخش و دەوری دەبێ، بەڵام ئەو دەور و نەخشە سنووردار و کەمترە و ئەوە تەنیا کەلوپەلی گشتی دەگرێتەوە. بەڵام لە سیستمی ئابووریی دەوڵەتیدا، دەوڵەت سەرەڕای بەڕێوەبردنی کەلوپەلی گشتی، بەڕێوەبردن و حاکمیەتی خۆی بۆ کەلوپەلی تایبەتیش پەرە پێدەدا.

پشتیوانی لە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی لە بەرامبەر بەرهەمی دەرەکیدا (ئەمریکا کە خۆی نموونەی ئابووریی بازاڕی ئازادە، بۆ داکۆکی لە کەلوپەلی نێوخۆیی، یاسا و ڕێسای بۆ ئەو کەلوپەلانە داناوە کە لە دەرەوە دێن).

بازاڕ دەتوانێ زانیاری لەمەڕ گۆڕان و ڕەوشی ئابووری بخاتە بەر دەست، بەڵام ناتوانێ بهتهواوی دەرفەتی کار «اشتغال» پێک بێنێ و ناشتوانێ دابەشکرنی دادپەروەرانە بکا یان ژینگە بپارێزێ. تەنیا ئەوە دەوڵەتە دەتوانێ بە دەستێوەردان یا قەدەغەکردن یا فشار خستنە سەر بازرگانەکان ناچار بکا بەرامبەر بە وێران بوونی ژینگە پارە بدەن، چون خۆیان هۆکار و بەرپرسی وێران بوونن.

هێندێک شتی دیکە هەن کە ئابووریناسان ناوی لێ دەنێن «کاڵا گشتییەکان» کە لە لایەن بازاڕەوە دابین ناکرێن وەک کارەبا، چاودێریی تەندروستی، گوازتنەوە و پەروەردە و، ناکرێ خەڵکی لە قازانجی کاڵا گشتییەکان بێبەش بکەی. ئەگەر بازاڕ هەروا بەری ئاوەڵا بکرێ، نایەکسانیی قووڵی کۆمەڵایەتیی لێ دەکەوێتەوە. ئەگینا کەم کەس هەیە گومان لەوەی بکا کە میکانیزمی بازاڕ زۆر پڕبەرهەمتر و کارامەترە بۆ پێکهێنانی سەروەت و سامان.

بەڵام هەمووی ئەمانە بەو مانایە نییە کە ئێمە بازاڕ بە بایەخێک لە قەڵەم بدەین، لێرەدا مەبەست بایەخی مەعنەوی ئینسانییە. بازاڕ ئامرازێکی کاریگەر و بەنرخە، بەڵام لە ئامرازێک زیاتر نییە کە دەبێ ڕێک بخرێ و لە خزمەت کۆمەڵدا بمێنێتەوە، بازاڕ بۆ خۆی ناتوانێ ڕێباز و بەرنامە و پرۆژە دابنێ، ئێمە باوەڕمان بە خوڕافەی دەستی نادیاری بازاڕ نییە کە پێی وایە هاوسەنگیی ئابووری پێک دێنێ. ئەزموونی کۆمۆنیستی دەریخست کە ناکرێ هیچ شتێکی تر جێنشینی هاندەری بەرهەم لەسەر بنەمای قازانجی شەخسی بێ، ئەو هاندەرە دەبێ کۆنترۆڵ و بەربەست بکرێ بەڵام وەلانانی لە ڕاستیدا بە مانای فەلەج کردنی هەموو کۆمەڵگەیە.

-------

## سۆسیالیزم وەک سیستمێکی ئابووری  کۆمەڵایەتی

## ٣

ئێمە ڕوانینمان بۆ سۆسیالیزم نە وەک سیستمێکی بەرهەمهێنانە و نە وەک سیستمێکی ئایدۆلۆژییە. کێشەی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کە تەوەر و مەبەستی سۆسیالیزمی دێموکراتیکە، وەک یەکێک لە پرسە ئەخلاقییەکان باس دەکەین، نە ک وەک یەکێک لە پرسە ئابوورییەکان و نە وەک پێویستییەک کە لە بنەماکانی ماتریالیزمی مێژووییەوە سەرچاوە بگرێ.

ئێستا بەو بەرچاوڕوونییەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم پێناسە نوێیە لە سۆسیالیزمی دیموکراتیک، تێکەڵاوییەک و ئاوێتەیەکە لە بەها و بایەخەکانی لیبراڵی و سۆسیالیستی. نموونەی ئەم مۆدێلەش لە دەورەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە نێوان ئەم دوو ڕوانگەیەدا پێک هات، کە چەشنێک سازان بوو لەسەر بنەمای تیۆری ئابووریی دەوڵەتی کە لە «جان مینارد کینز» «دا دەرکەوت و بە » خۆشگوزەران سەردەمی زێڕینی سەرمایەداری ناوبانگی دەرکرد. دەرکەوت کە تێیدا پشکوتنی ئابووریی بازاڕ، دیموکراسی و خۆشبژێوی زۆر سەرکەوتوو بووە، هەڵبەت ئێستا ئەو مۆدێلەش بەرەوڕووی زۆر دیاردەی تازە بۆتەوە و تووشی ململانێ هاتووە و بەرەوڕووی پرسیار کراوەتەوە، وەک بە جیهانیبوون، نیولیبراڵیزم، ژینگەپارێزی و سەرمایەداریی پاش سەنعەتی. ڕێگای سێهەمی ئانتۆنی گیدێنز ئاڵتێرناتیڤێکە بۆ ئەم هەلومەرجە نوێیە.

ئەم نەریتە واتە تێکەڵکردنی بایەخەکانی پۆزەتیڤی سۆسیالیزم و لیبراڵیزم شتێکی نوێ نییە و ئەو مەسەلەیە لە سەدەی ەوە «جان ستوارت میل» نۆزدەیەم بە دەستی پێکرد و لە سەدەی ٢٠ دا بەهۆی و «بێرتراند ڕاسێل» کەسانێک وەک درێژەی پێدراوە و لەم » کارلۆرۆسلی «سێ دەیەی دواییشدا کەسانێکی وەک و... «مەک فێرسۆن» و «جان ڕاڵز» هەوڵیان بۆ داوە. دیارە تێکەڵکردنی بایەخەکانی لیبراڵیزم و سۆسیالیزم کارێکی زۆر دژوارە، چون لیبراڵیزم لە تاک و سۆسیالیزم لەکۆمەڵەوە دەست پێدەکا.. «هەڵبەت لیبراڵیزم لە مانای سیاسیدا» بیرمەندانی لیبراڵ پێیان وایە مرۆڤ تەنیا و خۆخوازە و ناکۆمەڵایەتی، بەڵام سۆسیالیزم پێی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.

## ئێستا تیشک دەخەینە سەر گرینگترینی ئەو بایەخانە:

### یەکەم. ئازادی

ئێمە لە بایەخەکانی پۆزەتیڤی لیبراڵی بۆ دابینکردنی یاسایەکی بۆ ماف و ئازادییە کانی تاک و هەروەها، لە ئازادییە نێگەتیڤەکان کە دەور و نەخشی هەرە پێویست و تەواوکەری ئازادییە پۆزەتیڤەکان داکۆکی دەکەین و، پێمان وانییە کە ئازادیی پۆزەتیڤ و ئازادیی نێگەتیڤ بەستراوەیی دوو لایەنەیان نییە و پێمان وایە ئازادیی تاک لێرە دەبێ ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییانە لە بەرچاو بگرێ کە تێیدا کار دەکا، چون تاک لە نێو کۆمەڵدا دەژی و ناتوانێ دوورگەیەکی سەربەخۆ و بێ نیاز بێ. هەروەها پێمان وایە بەبێ ئازادی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کە جەوهەری سۆسیالیزمی دیموکراتیکە و ئامانجی ئێمەیە، دابین ناکرێ چون تەنیا لە سێبەری ئازادیدایە کە بە ڕێکخستنی جەماوەر، چ لە شکڵی سەندیکا و یەکیەتیی کرێکاران و چ لە شکڵی دامەزراوە جۆرواجۆرە مەدەنی و کولتوورییەکاندایە کە دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و دیموکراتیکەکان لە هێرشی ڕاستی نوێ و کۆنسێرڤاتیڤەکان دەپارێزرێن.



سەرچاوە
Serchawe

## دووهەم، دێموکراسی

ئەوە ڕاستە کە هەم جووڵانەوەی لیبراڵ و هەم جووڵانەوەی سۆسیالیستی ئارمانی دێموکراسییان پەسەند کردوە و ئەمەش خۆی لە حکوومەتی لیبراڵ دێموکرات و سۆسیال دێموکراتدا دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەوەی ڕاست بێ لیبراڵیزم خۆی لە ئاست دێموکراسیی کۆمەڵایەتی گێل دەکا و چەپی ڕادیکاڵیش لە ئاست دێموکراسیی سیاسی (مافی تاک). ئێمە دێموکراسی تەنیا لە دابینکردنی نان و خانوو و لەشساغی و فێرکردن و ئاو و برقدا نابینین واتە دێموکراسیی کۆمەڵایەتی و ئەگەر ئەرکی دێموکراسی ئەوە بێ، ئەوە دووپات بوونەوەی ئەزموونی سۆسیالیزمی ئارایی (مەوجوود)ە و ئەگەریش بە مانای مافی دەنگدانی هەمووانە و لە ئاکامدا ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ئازادانەی ئیرادەی هەر تاکێک ئەوە سەقەت و نەقوستانە. کەوابوو دەبێ هەر دووی ئەو دێموکراسییانە لە بەرچاو بگیرێن، دەنا دێموکراسییەکی سەقەت دەبێ. ئێمە پێمان وایە مافی مەدەنیی سەدەی ١٨ و سیاسیی سەدەی ١٩ و کۆمەڵایەتیی سەدەی ٢٠ تەواوکەری یەکترن.

## سێهەم، یەکسانی

یەکێک لەو بایەخانەی کە ئێمە لە سەری پێداگرین و بە بەهایەکی سۆسیالیستی دەژمێردرێ؛ یەکسانییە و ئێمە لە پێناسەی یەکسانیدا لەگەڵ لیبراڵەکان جیاوازیمان هەیە. یەکسانی لە ڕوانگەی ئێمەوە وەک لیبراڵەکان دەخوازن هەر ئەوە نییە کە هەموومان تەنیا لە بەرانبەر یاسادا وەک یەک بین. یەکسانی واتە شانسی وەک یەک بۆ بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هەلی وەک یەک بۆ بەشداری و کێبەرکێ، ئیدی ئەوە خەڵک چۆن کەلک لەو هەل و شانسە وەردەگرێ پێوەندی بە خۆیانەوە هەیە. یەکسانیی شانسی ژیانی وەک یەک بەو مانایە نییە کە هەموو کەس دەبێ هەموو شتێکیان بە یەک ڕادە هەبێ، بە مانای یەک شکڵ بوون نییە، بەڵکوو بە مانای مەیدانی پەرەپێدانی داخواز و بەهرەکانی تاکە. لەوانەیە یەکسانی دابەش کردن لە ڕووی ئیدۆلۆژی و ئەخلاقەوە و سەرنجڕاکێش بێ، بەڵام کارێکی ئەوتۆ ناکا بۆ برەوپێدان بە بەرژەوەندیی ئابووری.

## سنووربەندییەکانی خوێندنەوەی نوێی سۆسیالیزمی دێموکراتیک

ئەگەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە پێناسەی کورتە باس، لە ) ١٩٨٣ی زایینی(ڕێگەی سێیەم بوو لە نێوان سۆسیال - دێموکراسی و کۆمۆنیزم (سۆسیالیزمی مەوجوود) واتە سنووربەندی هەم لەگەڵ سۆسیال - دێموکراسی هەبوو و هەم لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجوود و هەوڵێک بوو بۆ دابینکردنی سۆسیالیزمێکی واقیعیی تێکەڵ بە دێموکراسییەکی حەقیقی. ئێمە لەم



سەرچاوە
Serchawe

خوێندنەوە نوێیەدا لە نێوان سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە لایەک و نیولیبڕالیزم و چەپی ڕادیکاڵ لە لایەکی دیکە سنووربەندی دەکەین.

## ئەلف: نیولیبڕالیزم

ئێمە سیاسەتی نیولیبڕالیزم ڕەت دەکەینەوە. نیولیبڕالیزم کۆمەڵێک ڕوانگە و بۆچوونی ڕۆژئاواییە لە بیرکردنەوەیسیاسی و ئابووری کە لە بنەڕەتدا دژکردەوەیە لە ئاست دروستبوون و چێبوونی قەوارەی دەوڵەتی خۆشگوزەران. ئەو دەوڵەتەی کە بەدوای قەیرانی گەورەی ١٩٣٣ی زایینی(و بە - ئابووری) ١٩٢٩ تایبەتی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە سەر بنەمای بۆچوونەکانی ئابووریناس پێک هات.(سەیر «جان مینارد کینز» ئەوەیە کە چەپی ڕادیکاڵیش ڕەخنە لە دەوڵەتی خۆشگوزەران دەگرێ چون پێی وایە بە سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەران ئاشتیی چینایەتی پێک دێ و تیۆری شەڕی چینایەتیی ئەو سەر ناگرێ).

### لیبڕالیزمی نوێ لە سەر ئەم خاڵانە پێداگری دەکا:

- چوارچێوە و سنووری چالاکیی دەوڵەت تا ئەو جێگەیەی دەلوێ کەم بکرێتەوە و یاساکانی بازاڕ بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەموو بوارەکانی ژیان و ژیانی کۆمەڵایەتی بالادەست بن.

- دەوڵەت شەیتانێکی پێویست و لازمە کە تەنیا ئەرکی پشتگری لە تاکەکان و سەروەت و سامانی هاوولاتیانە. هەروەها، پێشگیری لە دزی و ساختەکاری دەکا و گەڕەنتی بەڕێوەچوونی ڕێکەوتنەکان دەکا و ئەگەر بە ڕادەی سەری نووکە دەرزییەک لەوەی بترازێ ئەوە مافی خەڵکی سەربەستی پێشێل کردوە.

- لە هەمووان گرینگتر هێرشکردنە سەر دەسکەوتەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانە، بە بیانووی ئەوەی بڕەو بە تەمبەڵی دەدا و پشت بەخۆ نەبەستن دروست دەکا.

- هێرشی هەوسارپچڕاو بۆ تایبەتیترین لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ، ئەمە بێجگە لەوەی کە دەخوازن تەنانەت پۆلیس، دەزگای قەزایی و بەرگریی نیشتمانی (دفاع ملی)یش بە تایبەتی بکرێن و تەنانەت سیستمی قوتابخانە و پەروەردە و فێرکردن، تایبەتی بێ و نابێ خوێندن ئیجباری بێ، چونکە پێچەوانەی ئازادیی سروشتی مرۆڤە.



سەرچاوە
Serchawe

- ماڵیات دەبێ تەنیا بۆ دابینکردنی نەزم و ئاسایش بێ، نە بۆ خزمەتە کۆمەڵایەتی و خۆشبژێوی (رفاهی)یەکان و نابێ دەوڵەت هێندێک مەجبوور بکا بە هێندێکی دیکە یارمەتی بدەن.

## ب: هەڵوێست بەرانبەر بە نیولیبڕالیزم

**ئێمە لەگەڵ ئەم ڕوانگە و هەڵوێستەی لیبڕالیزمی نوێ نین و پێمان وایە:**

- دەوڵەتی خۆشگوزەران یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتییە و دەوڵەت نابێ تەنیا پارێزەری سەروەت و سامانی هاووڵاتیان بێ.
- دەوڵەتی خۆشگوزەران میکانیزمێکە بۆ دابەشکردنەوەی سامان لە دەوڵەمەندەوە بۆ هەژار.
- دەوڵەتی خۆشگوزەران نە ئامانجی یەکسانیی ڕەهای کۆمەڵایەتییە و نە دەتوانێ ئەمەش ئەنجام بدا.
- دەوڵەتی خۆشگوزەران بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانی هەوڵ دەدا، زۆر جار خەڵک بەهۆی جیاوازی وەک: نەخۆشی، بێکاری، پیری و... ناتوانن ژیانی خۆیان دابین بکەن، دەبێ ئەمانە ئاسایشیان دابین بکرێ. چون ناکرێ بەبێ دەستێوەردانی دامەزراوەیەکی ناوەندی، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری کەم بکرێتەوە.
- دەوڵەتی خۆشگوزەران هەوڵ دەدا لانیکەمی هەلومەرجێکی باشتر بۆ چینە بێبەشەکان دابین بکرێ تاکوو بتوانن لانیکەم لە ژیانێکی شیاو بەهرەمەند بن. بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەوەی لە بەرانبەر ئەم بەرپرسیارەتییە کۆمەڵایەتییەدا دەرووەستە، دەوڵەتە. دەبێ یەکێک لە بەرامبەر بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی بەرپرسیار بێ، ئەویش کەس نییە بێجگە لە دەوڵەت کە مافی کۆمەڵایەتیی هاووڵاتییان دابین بکا.

ئەوە ڕاستە کە لیبڕالیزمی ئابووری باڵادەستی تەواوی هەیە و کارامەترە بە سەر ئابووریی دەوڵەتی و بەرنامەڕێژی لە چەشنی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، بەڵام ئەو قازانج و سوودەی لیبڕالیزمی ئابووری بە شێوەی نابەرامبەر بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەگا، کەوابوو دەبێ ئەو داهاتە سەر لە نوێ دابەش بێتەوە، بە مەبەستی کەم کردنەوەی مەودای نێوان چینەکان و ئەمەش لە ئەستۆی کێیە و کێ دەبێ جێبەجێی بکا، کام دامەزراوە دەبێ بڕیاردەرانە و بە دەسەڵاتەوە بەجێی بگەیەنێ؟ ئەوە دەوڵەتە، ئەم سەرلەنوێ دابەشکردنە، نە دەبێ بە شێوەی یەکسان و نە هەمووی بڕواتە گیرفانی چەند کەسێکەوە.

## ج: چەپی ڕادیکاڵ

**هاوکات لەگەڵ ئەو سنوورکێشانە لەگەڵ لیبڕالیزمی نوێ، ئێمە لەگەڵ چەپی ڕادیکاڵیش سنووربەندی دەکەین.**



سەرچاوە
Serchawe

١- ئێمە لەگەڵ خۆگێل کردنی چەپی کۆن یان ڕادیکاڵ لە بەرامبەر مافی تاکدا نین (ئازادییە مەنفییەکان).

٢- چەپی ڕادیکاڵ لەسەر یەکسانیی ڕەها پێ دادەگرێ و ئەوە هیچکات نایەتە دی، مەگەر کەرتی تایبەتی لەنێو بچێ و ئابووریی پلانمەند و دەوڵەتی بەڕێوە بچێ و ئەوەش یەوکسانە لەگەڵ مالاوایی لە ئازادی و دێموکراسی و ئابوورییەکی گەشەکردوو.

٣- ئێمە لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبەری(مودیرییەت) و کارگێریی چەپی ڕادیکاڵ نین کە تێیدا تاقمێکی پێشڕەو و بژاردە لە جێی خەڵک بیر دەکەنەوە، چون پێیان وایە ئەگەر ئەو ئاڤانگاردەیە کە لە ڕاستییەکان تێدەگا، هەر بۆیە بێپرسی خەڵک کە چۆن بیر دەکەنەوە، بڕیار دەدەن و، بەناوی خەڵک دەستپێشخەری پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکان دەبن.

## دوا وتە!

لە کۆتاییدا پێویستە جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەینەوە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەبێ وەڵامدەری هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێ و پێش هەموو شتێک لەگەڵ بەرژەوندیی نەتەوەییمان بگونجێ. ئێمە دەتوانین لە زۆر بەرنامە و پرۆگرامی ئەو وڵاتانەی سۆسیالیزمی دێموکراتیکیان پێڕەو کردوە کەلک وەرگرین، هەڵبەت لە تەواوەتی خۆیدا، بەڵام نابێ هیچکات تایبەتمەندییەکانی وڵاتی خۆمان لەبیر بکەین کە لە زۆر لایەنی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی دیکە هەیە. بەرەی چەپ لە ئورووپا ئەمڕۆ کێشەی سیکۆلاریزمی نییە، هەروەها کێشەی پاشماوەکانی نیزامی فیئۆدالی و عەشیرەتی و دێموکراسی نییە، بەڵام ئەمانە هەموو کێشەی جیدین بۆ بەرەی چەپ لە وڵاتەکەماندا. سەرمایەداریی ئەمریکا لەگەڵ سەرمایەداریی ئورووپا جیاوازی هەیە و سەرمایەداریی ژاپۆن لە تەک هەردووکیان. هەر وەک سیستمی دەوڵەتی خۆشگوزەران لە نێو وڵاتانی ئورووپایی جیاوازە. خوێندنەوەی نوێی ئێمە لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەقێکی پیرۆز نییە، کە ڕەخنەهەڵنەگر بێ، نەگۆڕ نییە، ئەمە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە بە مەبەستی دابینکردنی هاوسەنگیی ڕێژەیی لەنێو کۆمەڵدا. ئەو ڕێککەوتنە بە دەستی مرۆڤ ئەنجام دەدرێ کەوابوو قابیلی گۆڕانە. ڕازی مانەوەی ڕێبازی سۆسیال - دێموکراسی لە چیدایە؟ خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێ. ئەگەر بەرنامەی حیزبی وەک (SPD) سۆسیال - دێموکراتی ئاڵمان کۆنترین حیزبی سۆسیال - دێموکرات لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لەگەڵ بەرنامەی ئەم حیزبە لە کۆتایی سەدەی بیستەم پێک بگرین، دەبینین مەودای جیاوازییان چەندەیە؛ ئەو کاتەیە ڕازی ئەو مانەوەیەمان بۆ دەردەکەوێ.

ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە هەوڵ بدەین و خەبات بکەین بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین لە چاو دۆخی ئارایی

یەکسـانتر بـێ. ئێمە لەو خوێنـدنەوە نـوێیەدا دەستمان هەڵگرت لە هێنـدێک خەون و ئـارەزوو، هەر چەنـدە مرۆڤدۆستانە، دادپەروەرانـە و جـوان دەهـاتنە بەرچـاو، بەڵام فکـری ئەوەی کە ژیـانی مـرۆڤ ئاسـوودەتر و یەکسـانتر بـێ هەمیشـە وەک ئەستێرەیەکی قـوتبی ڕێنوێنمـانە. کاتێـک یەکسـانی و بەرابەریـی ئـابووری سـەقامگیر نـابێ و تـا ئێسـتاش ڕێگەیەک بـۆ بەرقەرار بوونی ئەو یەکسانییە پەیدا نەبووە، لانیکەم دەتوانین هەلومەرجێکی باشتر بۆ چینە بێبەشەکان دابین بکەیـن کە تێیدا لە ژیانێکی قابیلی قبووڵ بەهرەمەند بن.

ئەوەش دەزانـین کە بە لەبەرچـاو گرتنـی واقعییەتـی جیاوازییەکـانی نێـوان مرۆڤەکـان و بەرژەوەنـدیی تایبەتیـان هـیچ سیستمێکی یەکدەست کە بۆ هەمووان ئیدەئال و دڵخواز بێ بەدی ناکرێ.

(لە ژمارەکانی: ٧٥٠ - ٧٥١ - و ٧٥٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە؛ ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٣مای، ٦ و ٢١ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# ئەگەر ڕاپەڕینەکەی ٥٧ ئیسلامی بوو، بەڵام لە کوردستان لەسەر بنەمای ماف و ویستی نەتەوەیی بوو



**دیمانە: هەردی سەلیمی**

ڕێبەندانی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ چلویەکەمینساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، جیا لەوەی کە ئاکامی ئەم شۆڕشە چی بووە و چ دەسکەوتێکی بۆ خەڵکانی بەشدار لە سەرکەوتنەکەیدا هەبووە و، ئێستا بە چ ئاقارێکدا ڕۆیشتوە؛ ئاوڕدانەوە لە مێژووی سەرهەڵدانەکە و بەستێنەکانی خوڵقاندنی ئەم ڕووداوە گرینگ و پێویستە.

ئەم مشتومڕە هەمیشە لە نێوان خاوەنڕایاندا بووە کە چ پاشگر و ئاوەڵناوێک بۆ شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە ئێران هەڵبژێردرێ، کە پێناسەیەکی دروست بێ. ئەوەی کە ڕوون و حاشاهەڵنەگرە ئەوەیە کە زۆرینەی چین و توێژ و بیرۆکەکانی نێو کۆمەڵگەی ئەو کاتی ئێران ئامادەیی شۆڕشیان هەبوو و، بە تایبەتی لە نیزیکە و کۆتاییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی داوای ڕووخانی ئەم سیستمەیان دەکرد.

ئێستا پرسیارەکان ئەمانەن، ئایا ئەم شۆڕشە دزرا؟ لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی داینەمۆی شۆڕش کامانە بوون؟ زۆرینەی خەڵک لە بەرەی کام یەک لەم ڕەوتە سیاسییانەدا جێیان دەگرت؟ ڕەنگە بنەڕەتیترین پرسیاریش ئەمە بێ کە خاوەنە سەرەکییەکەی کێ بوو و کێیە؟ کوردستان چ ڕۆڵێکی هەبوو و چ ڕوانگەیەکی سیاسی ڕێبەرایەتیی ویست و داخوازییەکانی ئەوێی دەکرد؟ وە کۆمەڵێک پرسیاری تر. "کوردستان" بۆ باس و تەتەڵەی ئەم بابەتە دیمانەیەکی لەگەڵ دوکتور سمایل بازیار، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی کۆیە پێک هێناوە.

**هەردی سەلیمی**: لە دەورانی دەسەڵاتداریی سەفەوییەوە شێعە بووە بە مەزهەبی ڕەسمی لە وڵاتی ئێران، کەسایەتییە مەزهەبییەکان - ئەوەی کە پێیان دەڵێن ڕۆحانییەت - زیاتر لە هەوڵدان بۆ ئەوەی بەشداریی سیاسی کە بەجێی خۆی تەنانەت دەسەڵاتداریش بن؛ جێگە و پێگەی ڕۆحانییەتی شێعە لە ئێران چۆن دەبینن؟

**د. سمایل بازیار**: ڕۆحانییەتی شێعە پاشخانێکی سیاسی - کۆمەڵایەتیی چەند سەد ساڵەی هەیە ئەگەر دەقیقتر بڵێم بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی سەفەوی و بەڕەسمی کردنی مەزهەبی شێعە؛ دەتوانێ سەرەتای ئەم پاشخانی سیاسی - کۆمەڵایەتییە بێ. لەو کاتەوە هەتا ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، دوو کۆڵەکەی گرینگی کولتووری سیاسیی ئێران بریتی لە؛ دەسەڵات (دەوڵەت یا سەڵتەنەت) و دووهەمیشیان مەزهەب بوو. پێوەندیی ئەم دوو کۆڵەکە -کە هەر دووکیان لە ماوەی ئەم چەندسەد ساڵەدا خاوەن پێگە و نفووز بوون و جەماوەری خۆیان هەبووە-، چۆن بوو؟ ئەم پێوەندییە کە بە مەوازاتی یەکتر هاتوون زۆر جار دۆستانە بووە و، زۆر جاریش خەسمانە بووە؛ زۆر جار پێکەوە سازاون و زۆر جاریش لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون و تەقابولیان هەبووە. ئەم تەقابولەش لەسەر بەرژەوەندییەکانیان بووە، واتە بەرژەوەندییەکانیان دەبووە هۆی ئەوەی کە لە بەرامبەر یەکدا ڕابوەستن. ئەو بەرژەوەندییانە کێشەی سەرەوەری بووە، ململانێی عورف و شەرع و یا بەرژەوەندیی ئابووری بووە، بە گشتی لەسەر ئەمانە پێکەوە ململانێیان هەبووە. یا زۆر جاریش پێکەوە ڕێککەوتوون، بۆ نموونە لە سەردەمی سەفەوی دۆستانە بووە بە ڕێکەوت نییە کە عەلی شەریعەتی کە خوێندنەوەیەکی نوێی لە مەزهەبی شێعە خستە ڕوو دەیگوت: "تەشەییوعی سەفەوی لە مزگەوتی جامع دەرکەوت بەڵام مەنزڵی بردە مزگەوتی شا لە تەنیشت عالیقاپوو." هەروەها لە دەیەی بیستیشدا بەدوای نەمانی دەسەڵاتی ڕەزاشادا - دوای ئەوەی کە هاوپەیمانەکان هاتن (١٣٢٠) - ئەو دوازدە ساڵە بەناوبانگە واتە تا کوودتای ١٣٣٢ کە دێموکراسییەکی ڕێژەیی لە کەشوهەوای سیاسیی ئێراندا حاکم بوو، ئەوکات پێکەوە ڕێک کەوتبوون، ئەمەش لە ترسی نفووزی کۆمۆنیزم بوو، لەبەر ئەوەی حیزبی توودە لەو سەردەمەدا حیزبێکی بەهێز و بەنفووز بوو.

دەتوانم بڵێم لە نزیک بە ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا، واتە لە شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی قاجارەکان لەگەڵ ڕووسیە، لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم بەملاوە کە لە ڕاستیدا بە هۆی ئەم شەڕانە بوو واتە لە ڕێگای ڕاگەیاندنی جەهاد بەدژی ڕووسەکان پێگەی خۆیان لە نێو دەسەڵاتدا پتەو کرد؛ هیچ ڕووداوێکی سیاسیی گرینگ نییە کە مۆرک و نیشان یا کاریگەریی ڕۆحانییەتی شێعە بەسەر ڕووداوەکەیەوە نەبووبێ. هەڵبەت ئەوە بەم مانایە نییە کە ئەم کاریگەری و مۆرک و نیشانە پۆزێتیڤ بێ، بەڵکوو زۆرتر نێگەتیڤ و یا دواکەوتووانە و لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بووە؛ بەڵام لەم ڕووداوانەدا هەمیشە ئەکتەرێک بوون. لە شەڕ لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، لە ڕێککەوتننامەکاندا، لە هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی سیاسی و ئابووری، لە کوودتاکاندا، لە بزووتنەوەکاندا. لێرە دەرفەتی ئەوە نییە نموونەی زۆر بێنینەوە، بەڵام ئەگەر گرینگترینیان ئاماژە پێبکەم؛ هەر لە بزاڤی تووتن یا ڕووداوی ڕێژی (١٨٨٠) کە یەکەم بزاڤی سیاسیی مێژووی هاوچەرخە، ڕۆحانییەک

بە نـاوی میـرزای شیـرازی بە حەرام ڕاگەیانـدنی بەکارهێنـانی تـووتن و تەنبـاکۆ دەوڵەتـی ناچـار بە هەڵوەشـاندنەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیای تاڵبۆتی بریتانیا کرد.

ڕۆحانییەت لە بزاڤی مەشرووتەشدا ڕۆڵی بەرچاویان بینی، وەک ئەوەی شێخ فەزڵوڵڵا نووری بە هێنانە ئـارای "مەشرووتەی مەشرووعە" هـاتە گۆڕەپـانەکە. ڕۆحـانییەت ئەو کـات مەبەستیان ئەوە بـوو کە یاسـاکانی شەرع لەنێو کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکرێ، کە بە هۆی وشیاریی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم سەری نەگرت. بە ڕێکەوت نەبـوو خومەینی دەیگوت "شۆڕش" عولەمـا کردیـان و ڕووناکبیران لێیـان دزین! لە سـاڵی ١٣٠٣دا، ئەم وڵاتە لە یەکهەنگـاویی گـۆڕینی سیستمی پـادشـایی بـۆ کۆمـاری بـوو، بەڵام دژایەتیـی ڕۆحـانییەتی شێعە لەگەڵ سیستمی کۆمـاری - چـونکە لە تـورکیە ڕۆحـانییەت لە سیسـتمی کۆمـاریـدا زەرەرمەند ببوون - ڕەزاخانی نەخوێندەوار بەڵام زیرەکی لە هەڵگرتنی ئەم دروشمە پاشگەز کردەوە. ڕۆحـانییەتی شێعە لە قۆنـاغی ١٣٢٠ - ١٣٣٢ لە پشتی پەردەی "ڕێکخـراوی فیـداییـانی ئیسـلام" بـوون، ئەو گـرووپەی کە تێـرۆرە سیاسـییەکانیان دەکرد. لە بزاڤی خۆمـاڵیکردنی نەوتیشدا، حەمەڕەزاشـا لە ڕێکەوتـی ٩ی ڕەشەمەی ١٣٣١ ئێرانـی بەجێ دەهێشت، چونکی موسەدیق قەناعەتی پێ هێنابوو کە بۆ ماوەیەک ئێران بەجێ بێڵێ؛ بەڵام ئـایەتوڵڵا بێهبەهـانی و کـاشـانی نەیانهێشت. لە ڕاسـتیدا لەو قۆنـاغەدا (١٣٢٠ - ١٣٣٢) پێوەنـدیی ڕۆحـانییەت و سـەڵتەنەت کەمتـر گرژیـی تێکەوتـوە، چـونکە مەترسیی کۆمۆنیزم، ئەوانی هـان دەدا بـۆ پاڵوێکدان. هـاندانی خەڵـک بـۆ ڕاپەڕینـی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٣١ و پشتیوانی لە کوودتـای حەمەڕەزاشا لەدژی موسـەدیق و دواجـار ڕاپەڕینـی ١٥ی جۆزەردانی ١٣٤٢ کە ئیتـر بۆخۆیـان بەتەنیـا ڕێبەرایەتییـان کـرد و دیاردەی خومەینی لێ کەوتەوە و بەدوای مردنی برووجێردیدا مەرجەعی گەورەی شێعەکان - کە بە پێچەوانەی "مودەڕڕیس" و "کاشانی" سیاسەتپیشە نەبوو - ئەستێرەی بەختی خومەینی درەوشایەوە. لە ڕاستیدا وەک چۆن "ڕووداوی تووتن" تەمرینێک بوو بۆ بزاڤی مەشرووتە، ئەم ڕاپەڕینەش خۆ ئامادە کردنێکی ڕۆحانییەت بوو بۆ شۆڕشی ١٣٥٧.

کەوابـوو ئەمـانە پاشخانێکی سیاسـی - کۆمەڵایەتییـان هەیە و، بە دەسـەڵات گەیشـتنی ئەوان لە سـاڵی ٥٧دا ڕووداوێکـی تەسادوفی نییە. ئەوان سواری شەپۆلی شۆڕشیش نەبوون. لەو پێوەندییەدا وەبیر قسـەیەکی ئەحمەد کەسرەوی کەوتـمەوە کە بۆخۆیشی بـوو بە قوربـانیی فتـوای تێرۆری ڕۆحـانییەتی شێعە کە دەیگوت: "ئێمە دەسـەڵاتێک بە ڕۆحـانییەت قەرزدارین." دەسەڵاتێک کە بە نرخێکی گران بۆ گەلانی ئێران تەواو بوو.

**هەردی سەلیمی**: ئایا ڕۆحانییەتی شێعە لە پشتگیری لە ئاڵۆگۆڕی سیستمی پاشایەتی بۆ کۆماری یەکدەست بوون؟

**د. سمایل بازیار**: نەخێر یەکدەست نەبـوون. بـۆ وێنە ئەگەر مودەڕڕیس لەدژی ڕەزاشا و سیستمی کۆمـاری بـوو، ئـایەتوڵڵا کاشانی لە موافقانی سیستمی کۆماری بوو و، تەنانەت بە وتەی سەید ڕەزا زەنجانی: "میتینگیشی بە قـازانجی کۆمـاریخوازی

و لەدژی مودەڕڕیس بەڕێوە برد و لە مەجلیسی موئەسسان دەنگی بە گۆڕینی دەسەلات لە بنەماڵەی `قاجارەوە بۆ ڕەزاشا دا و، وتارێکی ئاگرینیشی لەم بارەوە دا." حوسێن مەککی، نووسەری "تاریخ بیست سالەی ایران"؛ بەوردی ئاوڕی لەم بارەوە داوەتەوە.

**هەردی سەلیمی: باست لە پێگەی ڕۆحانییەتی شێعە کرد و ئەوەی کە کاراکتێرێکی بەهێزن و، بەشێکی حاشا هەڵنەگر و گرینگن لەو ڕووداوە سیاسییانەی کە لە ئێران ڕوویان داوە. بەستێن یا هۆکارە مێژووییەکانی سەرهەڵدان، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆحانییەت، بە بڕوای جەنابت ئەی ئەو هۆکارانەی دیکە چی بوون کە شۆڕشی ٥٧ی لێکەوتەوە؟**

**د. سمایل بازیار**: چەندین هۆکاری جۆراوجۆر بۆ بەرپابوونی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ لە لایەن لێکۆڵەران و خاوەنڕایان هاتۆتە بەر باس، وەک پەرەسەندنی نارێک، ئیستبدادی نەوتی، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بە بۆچوونی سەڵتەنەتتەڵەبەکان پیلانی دەرەکی (کۆنفرانسی گوادلوپ) بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی سەربەخۆخوازانەی حەمەڕەزاشا، کە ئەمەیان کەمتر لە ئەقڵدا دەگونجێ. بێگومان شۆڕشێکی لەم چەشنە بەربەرین و جەماوەری وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی مێژوویی ناتوانێ "تەک سەبەبی" بێ و، هەموو هۆکارەکانی کە ئاماژەیان پێکرا کەم و زۆر ڕۆڵیان هەبووە لە بەرپابوونی ئەم شۆڕشەدا.

لەنێو ئەم فاکتۆرانەدا، فاکتۆری تەزادی سوننەت و مۆدێرنیتە لە کۆمەڵگەی ئێراندا یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانە، بەم چەشنە کە پرۆژەی مۆدێرنیزاسیۆنی شا بە خێرایی دەرگای بە تەواوی بە ڕووی والا کرا، بەبێ دیقەت و زەرافەت، لەگەڵ ستراکتۆرە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیی (ئیسلامی - شێعە) کە پێک کەوتن و ئەمە کێشەی گەورەی نایەوە. ڕۆحانییەتی شێعە لەم تەزادە گەورەترین کەلکی وەرگرت و بە شێوەیەکی لێزانانە ئەم پێکدادانەی قۆستەوە و لە هەستی ئایینیی خەڵک بۆ مەرامە سیاسییەکانی خۆی کەلکی وەرگرت. ئەگەر لەبیرمان بێ لە ڕەوتی شۆڕشدا خۆپیشاندەران پێش لە هەموو شوێنێک هێرشیان دەکردە سەر سینەماکان، مەشرووب فرۆشی، باڕ و کابارەکان، وەک شوێنگەلێک کە هەڕەشە بوون بۆ کولتوور و فەرهەنگی ئیسلامی. لە ڕاستیدا ئێستاشی لەگەڵ بێ تەزادی سەرەکیی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەر ئەمەیە و "ئیسلامی سیاسی". ش بەرهەمی ئەم تەزادەیە. "ئیسلامی سیاسی" دژکردەوەیەکە بە هاتنی کولتوور و فەرهەنگی ڕۆژاوا و ڕۆحانییەتی شێعەش دروشمی پاراستنی کولتووری ئیسلامی کە کەوتووەتە بەر هێرشی کولتووری بێگانە و کافرانی بەرز کردۆتەوە، هەروەک ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە وڵاتانی دیکە کە ئەمە بە ئەرکی خۆیان دەزانن.

ئەمن با ئاماژە بە نموونەیەک بکەم، فێستیڤاڵێکی هونەری لە شیراز بەڕێوە دەچوو، کە لەژێر سەرپەرەستی و چاودێریی فەرەحی دیبای شاژندا بوو. لە یەکێک لە خولەکانیدا لە ساڵی ١٣٥٦دا گرووپێکی ئەمریکایی شانۆیەکی سەرشەقامیان

پێشکەش کرد، ئانتۆنی پارسۆنز دوایین باڵوێزی بریتانیا لە ئێران دەڵێ: ئەم ڕووداوەم لەگەڵ شا باس کرد و پێم گوت ئەگەر شانۆی وا لە شاری وینچێستێری ئینگلیس بەڕێوە دەچوو؛ دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی سەریان تێدا دەچوو. شا هیچی نەگوت و بەمە پێکەنی.

بێجگە لەمانەش ڕۆحانییەت بۆخۆی هەندێک ئیمتیازی تایبەت بە خۆی هەبوو، بۆ نموونە، ئەمەش خۆی لە دروشمەکانیان کە یەکگرتوو و بە بەرنامە بوو وەک "استقلال، آزادی، جمهوری اسلامی"، "نهضت ما حسینیه، رهبر ما خمینیه"دا دەدیترا؛ ئەم کۆمەڵە یەک ڕێبەریشیان هەبوو ئەویش خومەینی بوو هەر، بۆیەش پرشوبڵاو نەبوون و ڕێبەرەکەشیان لێبڕاو بوو و سازشی نەکرد. بەرەی نیشتمانی (جبهەی ملی) ئەگەر دەسەڵاتی هەبایە و ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبا سازشی دەکرد چونکە ئەم ئامادەگییەیان هەبوو؛ بەڵام خومەینی بە هیچ شێوەیەک لەگەڵیان نەسازا و مەبەستی ڕووخانی ڕژێمی شا بوو. هەروەها ئیمکاناتی ماڵیی بەرفراوانیان لە بەردەستدا بوو. ڕۆحانییەتی شیعە بە هۆی کەلکوەرگرتن لە داهاتی وەک "سهم امام" یا "وجوهات شرعی" هەمیشە بێنیاز بووە لە دەوڵەت و هیچ حەوجێیەکی پێ نەبوو. بازاڕی شارە گەورەکانیش وەک تاران، تەورێز، ئیسفەهان و... پشتیوانێکی بەهێزی ئابووری بوون بۆیان و، ڕۆحانییەت و بۆرژوازیی بازاڕ هەر لە ڕابردووەوە بەرژەوەندیی یەکتریان پاراستوە، ژن و ژنخوازییان لە نێواندا هەبووە.

هەروەها تۆڕێکی پێوەندیی بەربڵاویان لە بەردەستدا بوو و قسە و گوتاریان بە هۆی مزگەوت و مەلاکان کە دەگەیشتە هەموو شوێنێک تەنانەت کوێرە گوندەکانیش، بە سەرتاسەری ئێراندا بڵاو دەبۆوە. لە شوێنە یاساییەکانی وەک مزگەوت، حوسەینییەکان و دامەزراوە خێرخوازییەکان، بۆ ڕێکخستن و کۆبوونەوەکانیان کەلکیان وەردەگرت. کەلکوەرگرتن لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی ئایینی و هەروەها ئۆستوورە و سیمبولەکانی ئایینی شیعە، فاکتۆرێکی دیکەی بەهێز بوونی ئەوان بوو. لە بەرامبەردا گرووپەکانی دیکەش پرشوبڵاو و بە دروشمی جیاواز و تەنانەت دژبە یەک بوون.

**هەردی سەلیمی**: ئێمە دەزانین ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی شا تەنیا ڕۆحانییەت نەبوو؛ بەرچاوترین ئۆپۆزیسیۆنەکان کامانە بوون و دەور و کاریگەریی ئەوان هەتا چ ڕادەیەک بوو؟

**د. سمایل بازیار**: ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی پەهلەوی دەتوانین بە سێ دەستە دابەش بکەین؛ دەستەی یەکەم لیبێڕاڵ یا نەتەوەییەکان کە خۆی لە بەرەی نیشتمانی (جبهەی ملی)دا دەدیتەوە. دەستەی دووهەم چەپەکان بوون، کە حیزبی توودە و ڕەوتی چەپی نوێ نوێنەرایەتیی دەکرد و دەستەی سێهەمیش ڕۆحانییەتی شیعە بوو.

بەرەی نیشتمانی لە ڕاستیدا ئەو توانا و هێزەی نەمابوو هەرچەند دوو جاریش بازسازیی خۆی کردبۆوە، جارێک لە دوای

ساڵی ٤٢ کە پێیان دەگوت بەرەی نیشتمانیی دووەم و جاری دووەمیش هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکان بەرەی نیشتمانیی سێهەمیان پێک هێنا. بەڵام ئەو نفووز و پێگەیەی کە لە سەردەمی موسەدیق و لە ساڵەکانی بە نیشتمانی کردنی نەوتدا هەیانبوو؛ بۆیان نەمابۆوە. لە ڕاستیدا بەرەی نیشتمانی کێشەی لەگەڵ مانی سەڵتەنەت نەبوو، بەڵکوو... دەیهەویست ئیختیاراتی شا لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیدا بێ و دەسەلاتەکەی زیاتر نمادین بێ وەک سیستمە سەڵتەنەتییەکانی ئورووپا.

**هێزە چەپەکان:** حیزبی توودە وەک بەتەمەنترین حیزبی چەپ لە ئێران لەدوای کوودتای ساڵی ٣٢ تەقریبەن پشتی ڕاست نەبووەوە و وەکوو تارماییەک وابوو، لە ڕاستیدا سەرکردایەتیی حیزبی توودە لەو ساڵانەدا وردە وردە ئێرانیان بەجێ هێشت و لە لایپزیک لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات باروبنەیان بەعەرزدا دابوو و زۆرتر لە دووڕا تەماشاوان بوون، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو. بەڵام چەپێکی نوێ لەدایک ببوو لە دەیەی چلدا، چەپێکی نوێ کە جیاواز بوو لە حیزبی توودە. شێوازی خەباتی ئەم چەپە نوێیە زۆر جیاواز بوو لەگەڵ شێوازی حیزبی توودە، ئەوان باوەڕیان بە بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە ڕێگەی پارلمان و هەڵبژاردنەوە نەبوو - هەمان شێوە بۆلشویکییە کە حیزبی توودە ڕەچاوی دەکرد -، ئەوان پێیان وابوو لە ڕێگەی توندوتیژی و کۆمەڵێک ڕووناکبیری ئاوانگاردەوە، لەژێر کاریگەیی ئەو فۆرمولانەی لە تێزەکانی "ڕێژی دێبری"- یان وەرگرتبوو وەک مۆتۆڕێکی بچووک دەتوانێ مۆتۆڕێکی گەورە وەجووڵە بێنێ و، بە ئۆلگووبەرداری لە ئینقلابی کووبا و لە شەڕی پارتیزانیی لە وڵاتی چین شێوازێکی نوێیان لە خەبات خستە ڕوو. ئەم چەپە نوێیە لە ڕاستیدا گاڵتەی بە مەرگ کرد، خۆی لە ئاو و ئاگر دا، زۆرتریش ڕووناکبیر و خوێندکار بوون. لە ڕاستیدا خەسارلێکەوتنی چەپەکان لە چاو هێزی سێهەم (ڕۆحانییەت) یەک بە دەیە. یانی لە ڕەوتی سێهەم ئەگەر کەسێک لە خەبات بەدژی ڕێژیم کوژرابێ، دە کەس لە چەپەکان کوژراوە، ئەوان لە خاکریزی یەکەمی خەبات لەدژی ڕێژیمی حەمەڕەزاشادا بوون؛ بەڵام نفووز و کارتێکەریی ئەوان زیاتر لە زانستگەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە ڕووناکبیرییەکاندا بوو و ئێمە دەزانین کە کۆمەڵگەی ئێران تەنیا لە زانستگەکان پێک نەهاتبوو؛ بە تایبەت لەو سەردەمەدا کە پێکهاتەی جەماوەریی خەڵکی ئێران زۆرتر لە دێهات بوون نەک لە شار. سەرەڕای ئەمانە، ئەو کاردانەوە توندوتیژانەی حەمەڕەزاشا کە بەرامبەر بە ڕەوتی چەپی نوێ لە خۆی نواند، زۆر کاریگەر بوو. لە ساڵی ١٣٥٥ تەقریبەن ئەم گرووپە چەپانە (چەپی نوێ) کە بە شێوازی چریکی خەباتیان دەکرد؛ پتر لە ٩٠ لە سەدی ڕێبەرەکانیان یا کوژرابوون، یا لە زیندانەکاندا بوون یا هەڵاتبوون، دەتوانین بڵێین ڕێژیمی شا تەقریبەن لەنێوی بردبوون. زۆر بە توندوتیژییەکی ڕووت لەگەڵیان بەرەوڕوو بوونەوە، شا نیگەرانی ڕەوتی سێهەم نەبوو و پێی وابوو مەترسیی سەرەکی کۆمۆنیستەکان و چەپی نوێیە. لێرەدا پێم خۆشە وتەیەکی مارکس بە نموونە بێنمەوە، دەڵێ: "شۆڕش وەکوو مشک وایە، تونێل لێدەدا ئەگەر کونێکی لێ داخەی لە کونێکی دیکەوە سەر دەردێنێتەوە." شا ڕێگای لە چەپی نوێ و بە چەپی چریکی و ڕادیکاڵ داخست، بە جۆرێک کە دەکرێ بڵێین تەفروتووناای کردن؛ بەڵام ئەو مشکەی تونێلی لێدەدا لە مزگەوتەکانەوە سەری دەرهێنا. شا ترسێکی وای لەوان نەبوو و پێی وا نەبوو کە هێزێکی وەها کاریگەرن.

ڕەوتی سێهەم کە ڕۆحانییەت بوو - ئەڵبەت ئەوەش بڵێم کە ڕۆحانییەتیش ڕەوتێکی یەکدەست نەبوو - تەنانەت بەشێکیان لەگەڵ ڕێژیم بوون، بەشێکیش کاری بە ڕێژیم نەبوو و لە کاری سیاسیدا هیچ دەور و دەستێوەردانێکی نەبوو. ئەو شتانەی بۆ ئەوان لە سیاسەت گرینگتر بوو بریتی بوون لە ئەخلاق لە کۆمەڵگە، بەجێ هێنانی فەرزیاتی دینی و شەرعی و شتی لەم چەشنە. بەڵام بەشێکیش لە ڕۆحانییەت بە تایبەت لەدوای ١٥ی جۆزەردانی ٤٢ ئەوەی کە خومەینی ڕێبەرایەتیی دەکردن، ئەوان لە سەنگەری خەبات بەدژی ڕێژیمدا هەبوون، زیندانی دەکران و تەبعیدیش دەکران. کە وابوو ئەم سێ بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن هەبوو.

**هەردی سەلیمی**: کە باس لە شۆڕشی ئیسلامی دەکرێ، عەلی شەریعەتیش دێتە بەرباس و تەنانەت بە مامۆستای شۆڕش دەناسرێ؛ دەور و نەقشی ئەو لەم شۆڕشەدا چی بوو؟

**د. سمایل بازیار**: لە ڕاستیدا ئەمن پێم وایە، شەریعەتی ئاوی لە ئاشی ڕۆحانییەتی شێعە کرد، هەرچەند بۆخۆی لەگەڵ ڕۆحانییەتی سوننەتی نەدەسازا. دەتوانین بڵێین شەریعەتی دیاردەیەکە، بۆ خۆی لە باری فکرییەوە ئاوێتەیەکە لە مارکسیسزم، ئێگزیستانسیالیزم، کاریگەریی فرانتس فانۆنی فەڕانسەوی زمانی بەسەرەوە، لە تێکەڵکردنی ئەمانە بە خوێندنەوەیەکی نوێی شۆڕشگێڕی لە دین و بە تایبەتی ئیسلامی شێعە گەیشتبوو. ئەو بە سوخەنڕانییە بەناوبانگەکانی لە حوسەینییەی ئیرشاد و بەکاربردنی دەستەواژەی وەک "تشیع علوی"، "تشیع صفوی"، "تشیع سرخ و تشیع سیاه"، "مذهب شهادت و مذهب ماتم" و بە باسکردن لە ململانێی چینەکان - ڕوون و دیارە کە لە مارکسیزمی بە قەرز وەرگرتبوو بەڵام بە ئەدەبیاتێکی مەزهەبی دەیگوتەوە -، کاریگەرییەکی بەربڵاوی لەسەر چینی خوێندکار و لاوی ئێران دانا. بە گشتی ئەم خوێندنەوە نوێیە لە دین بە تایبەت بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕی و ئینقلابی، توانی بۆشایی ڕۆحانییەتی سوننەتی لەنێو زانستگەکان و لەنێو ڕووناکبیرەکاندا پڕ بکاتەوە. بەمەش یارمەتییەکی زۆری بە ڕەوتی ڕۆحانییەت کرد و ئەوەیە کە دەڵێم شەریعەتی بەبێ ئەوەی بیهەوێ ئاوی لە ئاشی ئەوان کرد.

ئەمن گوێم لە وتووێژی یەکێک لە ڕێبەرانی چریکە فیداییەکان دەگرت، دەیگوت: "ساڵی ١٣٥٠ لە زانستگەکاندا ئێمە [چەپی نوێ] لە باری پێگە و نفووزەوە باڵادەست بووین، بەڵام دوای چەند ساڵ و لە ساڵی ٥٥ کە لە زیندان بەربووم، دیتم نا هێزە مەزهەبییەکان لەگەڵ ئێمە بەرابەری دەکەن." ئەوانە هەموو کاریگەریی شەریعەتی بوو، ڕۆحانییەتی شێعە لەوێ و لەنێو ڕووناکبیران و چینی خوێندەواردا نفووزی نەبوو؛ بەڵام شەریعەتی ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ کردنەوە و بۆخۆی لەگەڵیان نەدەسازا بەڵام ناڕاستەوخۆ خزمەتی پێکردن.

**هەردی سەلیمی**: ڕوانگەیەک هەیە کە پێی وایە شۆڕشەکان لە ئاکامدا دەچنەوە سەر دیکتاتۆرییەت، بۆ نموونە شۆڕشی

**فەڕانسە کە ناپیلیئۆن بووە میراتگری، شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ کە دیکتاتۆرییەکی کۆمۆنیستیی لێکەوتەوە و شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران؛ ئایا ئێوەش لەسەر ئەم باوەڕەن؟**

**د. سمایل بازیار**: نا ئەمن پێموایە هەموو شۆڕشێک ئیلزامەن بە دیکتاتۆری ناگا و ئەم سێ نموونەیە و تەنانەت نموونەی زۆرتریش هەن بەڵام ناتوانین بیانکەینە پێوەرێک بۆ پێناسەی هەموو شۆڕشێک کە سەرەنجام بەرەو دیکتاتۆری دەڕوا. بۆ وێنە شۆڕشی ئەمریکا (١٧٧٦)، شۆڕشی پورتەغال (١٩٧٤) کە بە شۆڕشی مێخەک ناسراوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی کۆنترین دیکتاتۆری لە ئورووپا هێنا، شۆڕشی فیلیپین (١٩٨٦)، هەروەها ئەو شۆڕشانەی کە دژی ڕێژیمی کۆمۆنیستی لە ئورووپای ڕۆژهەڵات ڕوویان دا (لە کۆتایی هەشتاکان وە سەرەتای نەوەدەکان). ئاکامی هیچ کام لەم شۆڕشانە دیکتاتۆری لێ نەکەوتەوە.

لە ڕاستیدا کێشەکە لە نەفسی شۆڕشدا نییە بەڵکوو لە ڕێبەرانی شۆڕشە کە دوای بەدەسەڵات گەیشتنیان لە بەڵێنەکانیان پاشگەز دەبنەوە. واقعییەتەکان نابینن و تووشی خۆبەزلزانی دەبن، خولیای کورسی و دەسەڵات دەبن و وازی لێ ناهێنن. هەر وەکوو چۆن خومەینیی پاش شۆڕش بەتەواوی لەو بەڵێنانەی کە لە نۆفل‌لۆشاتۆی پاریس بە خەڵکی دابوو کە بۆخۆی دەچێتەوە قوم و بە دەرس وتنەوە سەرقاڵ دەبێ، هەروەها ڕۆحانییەت لە ئیدارەی وڵاتدا بەشدار نابن. بەپێچەوانە ڕێبەرانی شۆڕش ئەگەر کەسێکی وەک ماندێلا بکەن بە ئۆلگوو کە لە پاش سەرکەوتن ئارەزوومەندانە وازی لە دەسەڵات هێنا و، یا لە دوو جار زیاتر نەتوانن ببنە ڕێبەر و سەرۆک؛ ئاکامی ئەو شۆڕشە بەرەو دیکتاتۆرییەت ناچێ.

ئەگەر پێشمان وایە شۆڕش ئاوێتە بە توندوتیژی دەبێ، هەروەک لە هەندێک لە شۆڕشە کلاسیکەکاندا دیتراوە؛ نموونەی پێچەوانە ئەمانەش هەیە. هەروەک لە دوو دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵێک شۆڕشمان بینی کە بە شۆڕشی مەخمەلی (چێکسلڤاکیا، ١٩٨٩؛ گورجستان، ٢٠٠٣؛ قرقیزستان، ٢٠٠٥) نارنجی (ئۆکراین، ٢٠٠٤) و... ناسراون؛ کە لە هیچ کام لەم شۆڕشانەدا توندوتیژییەک ڕووی نەدا و دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەستاودەست بوو.

ئەگەر لە بنەڕەتڕا باوەڕمان بە شۆڕش نەبێ و ڕیفۆرمیست بین، ئەمەش گوناح نییە؛ بەڵام پرسیار ئەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرانەی کە هەن، ئایا هیوایەک بە ئاڵوگۆڕی ئەو ڕێژیمانە لە ڕێگای ڕیفۆرم و چاکسازییەوە هەیە؟ ئەوە نییە هەندێک لە چاکسازیخوازەکانی نێو کۆماری ئیسلامی کە ساڵانێک بانگەشەی ڕیفۆرمیان دەکرد، ئێستا هیوایەکیان بە ڕیفۆرم و چاکسازی نەماوە.

**هەردی سەلیمی**: **لەم بەشەدا دەمانهەوێ باس لە کوردستان بکەین لەو سەردەمەدا، ئازاد بوونی کاک عەزیز یووسفی لە**



سەرچاوە
Serchawe

**زیندان و دواتر کۆچی دواییەکەی و سێڕۆژەی ماتەمینی بووە هۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندان لە شاری مەهاباد؛ ئایا بە ڕای بەڕێزتان خاڵی دەسپێکی نارەزایەتییەکانی کوردستان لەوێوە بوو یان نا؟ بەگشتی باسێکمان لە کوردستان بۆ بکە.**

**د. سمایل بازیار**: کە باسی کوردستان هاتە پێش ئەمن پێم خۆشە هەر باسی بابەتێکی دیکە بکەم. بۆ یەکەم جار خۆپیشاندانەکان لە ١٩ی بەفرانبار لە قوم ڕووی دا، بە نارەزایەتی دەربڕین بە وتاری "استعمار سرخ و سیاه" کە "احمد رشیدی مطلق" ناوێک نووسیبووی و کەسیش نەیوێرا وەئەستۆی بگرێ کە تێیدا بێڕێزی بە خومەینی کرابوو، هەرچەند "داریوش همایون" تۆمەتبار کرا؛ بەڵام گرینگ ئەوەیە چراسەوزی بڵاوبوونەوەکەی لە دەربارەوە لێدرابوو. ئەوە بوو بە بیانوویەک بۆ دەسپێکی نارەزایەتییەکان کە سەرەتا لە قومەوە دەستی پێکرد و چەند کەس لە لایەن حکوومەتەوە کوژران، دەنا بەستێنەکان لەبار بوون، ئەو کۆمەڵە هۆکارەی باسمان لێکردن دەستیان دابووە دەستی یەک کە شۆڕش ڕوو بدا. دواتر لە چلەی کوژراوانی ئەم خۆپیشاندانەدا لە تەورێز لە ٢٩ی ڕێبەنداندا خۆپیشاندان کرا و لەوێش خەڵکانێکی تر کوژران، دوایی ئەم نارەزایەتییانە چلە بە چلەی ماتەمینی کوژراوەکان بەردەوام بوو. لە کوردستان و لە شاری مەهاباد یەکەم خۆپیشاندان لە ١٥ی جۆزەردانی ساڵی ٥٧ و لە سێڕۆژانەی کاک عەزیز یووسفی دەستی پێکرد.

**هەردی سەلیمی**: **کاک سماییل بۆخۆت لەوێ بەشداریت کردوە، دەمهەوێ بزانم دروشمەکان ئیسلامی بوون یا نەتەوەیی یاخود چینایەتی؟**

**د. سمایل بازیار**: بەڵێ لەوێ بەشداریم کردوە، لەم یەکەم خۆپیشاندانەوە هەتا ٢٢ی ڕێبەندان ئەمن پێم وانییە یەک خۆپیشاندانم لەکیس چووبێ و تێیدا بەشدار نەبووبێم. کوردستان جیاواز بوو، ئەگەر لە شارەکانی دیکەی ئێران وەک تاران، تەورێز، مەشهەد، ئیسفەهان، قوم، یەزد، ڕەشت و... دروشمی "نهضت ما حسینیه، رهبر ما خمینیه" یا "استقلال، آزادی، جمهوری اسلامی" دەگوترایەوە؛ ئەمن لە یەک خۆپیشاندانی شاری مەهابادا هەرگیز یەک دروشمی لەم جۆرەم نەبیستوە. لە ڕاستیدا سەرەتا لە دروشمەکاندا داوای ئازادیی زیندانییە سیاسییەکان دەکرا، دواتر مەسەلەی نان و مەسکەن هاتە ئاراوە و دوایی دروشمەکان بەدژی ڕێژیمی شا ڕادیکاڵتر بوو. ئەوەش بڵێم زۆر جار دروشمەکان چەپی بوون بۆ نموونە "داس و چەکوچ، سەرنێزە مەحکووم دەکا"، "بژی هێزی کرێکار، با برووخێ ئیستعمار"؛ ئەمانە ئەو دروشمانە بوون کە لە خۆپیشاندانەکانی کوردستاندا دەگوتراوە. دروشمی ئیسلامی لە هیچ خۆپیشاندانێک نەدراوە، لەم پێوەندییەدا با ئاماژە بە خاڵێکی مێژوویی بکەم، ئێمە زیندانیی سیاسیی ئیسلامیمان لە کوردستان نەبووە؛ زیندانیانی سیاسی کە لە ساڵی ٥٧ لە زیندان بەربوون یا نیشتمانی بوون یا چەپی بوون. هەر خودی ئیسلامی سیاسی بەهۆی ڕەوانشاد "ئەحمەد موفتیزادە"وە لە کوردستان لە ساڵەکانی ٥٤ هەتا ٥٦ و بە دامەزرانی مەکتەبی قورئان سەری هەڵدا. ئەحمەد موفتیزادە کە بۆخۆی لە سەرەتای ساڵەکانی چل لە زیندان بووە، لەسەر حیزبی دێموکرات کە حیزبێکی نەتەوەییە گیراوە. ئەمن بە

بەرپرسایەتییەوە دەڵێم یەک زینـدانیی سیاسـی کە بیـری ئیسلامیی - نەک موسوڵمان بەڵکوو خـاوەنی بیـرۆکەی ئیسـلامی سیاسیی - بـووبێ لە کوردسـتان نەمـابووە. هەمـوو زینـدانییەکان یـا نەتەوەیـی بـوون یـا چەپ بـوون. تەنـانەت گرینگتـرین ڕۆحـانیی شـاری مەهابـاد مامۆسـتا شێخ عیـزەددین حوسێنی کە لە خۆپیشـاندانەکاندا دەوری بەرچـاوی هەبـوو، ڕۆحـانییەکی پێشکەوتوو و سێکۆلار بـوو و بـاوەڕی بە مـافی یەکسـانیی ژن و پیـاو هەبـوو و، تەنـانەت زۆر جـاریش نیسبەتی هۆگری بە بیرۆکەی چەپی لێ دەدرا.

بۆ یەک جاریش لە خۆپیشاندانەکان نە هێرش کرا سەر بار و کـازینۆیەک و سینەمایەک، بـۆیە دەڵێم شـۆڕش لە کوردسـتان جیاواز بوو. تەنانەت بیژەن جەزەنی لە کتێبی مێژووی سی‌سـاڵەی ئێرانـدا کە لە زینـدان نووسـی، کاتێک کە باسـی هەرای ١٥ی جۆزەردان دەکا، دەڵێ دوورخستنەوەی خومەینی و ئەو هەرایەی لێی کەوتەوە هیچ کاردانەوەیەکی لە کوردستان نەبـووە. ئەوە کەسێکە کە پێشگوویییەکی زۆر جوانی هەر لەو کتێبەدا کرد و دەڵـێ: "ئەگەر ئێسـتا دەرفەتێـک هەبـێ، هەلـومەرجێکی ئازاد هەبێ، بتوانن هەڵبژاردنێک بکرێ خومەینی لەگەڵ پێشوازییەکی بـێوێنە بەرەوڕوو دەبـێ." ئەم وتەیەی هیـی شەش - حەوت سـاڵ پـێش لە سـەرکەوتنی ئیـنقلابە. شـایانی باسـە لەم پیوەنـدییەدا کـاک هێمن سـەیدی چەنـد سـاڵە خەریکـی توێژینەوەیەکی وردە لەم بـارەوە، تێزی دوکتوراکەشی هەر لەسەر ئەم مژارەیە.

**هەردی سەلیمی**: ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەم نێوەدا چی بوو؟

**د. سمایل بازیار**: کـومیتەی زاگـرۆس کە هـاتەوە شـاری مەهابـاد لەوێ کـار و بەرپرسـایەتییەکانیان دابەش کـرد، دوکتـور قـاسملوو بە نـاوی کـاک شەریف، مامۆسـتا عەبـدوڵڵا حەسەن‌زادە کە بەرپرسـی مەهابـاد بـوو. بە هـاتنەوەی ئەم کـومیتەیە دروشمە نەتەوەییەکان ئیدی وردە وردە هاتنە نێو خۆپیشاندانەکانەوە.

دروشمەکان کە پێشتر باسم کرد لەو چوارچێوانەدا بوون، بە هاتنەوەی کومیتەی زاگرۆس دروشمەکان ڕەنگی نەتەوەییـان بە خۆیانەوە گرت، سروودی ئەی ڕەقیب دەگوترا، ئەم گۆڕانە ڕووی دا.

ڕاسـتە چەنـدین هێـزی کـۆمەڵایەتیی جۆراوجـۆر و هێـزی سیاسـیی دیکەش بەشـداری شـۆڕش بـوون، بەڵام ڕۆڵ و نەقشـی ڕۆحانیەتی شێعە و شەخسی خومەینی و جەماوەرێکی زۆری پشتیوانیان بەرچاوتر بوو.

جـا بـۆیە دەڵێم ئەگەر لە ئێران ئینقلابـی ئیسـلامی بـوو، بەڵام لە کوردسـتان وانەبـوو؛ کوردسـتان جیـاواز بـوو؛ کوردسـتان شۆڕشی نەکرد کە خومەینی و ڕۆحانییەتی شێعە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، بەڵکوو لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی شۆڕشی کرد.

**هەردی سەلیمی**: سپاس کە لەم وتووێژەدا بەشدار بوون.

**د. سمایل بازیار**: سپاس بۆ ئێوەش.

(لە ژمارەی: ٧٦٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

**سەرچاوە؛ ماڵپەڕی کوردستان کورد - ڕێکەوتی: ٢٣مای، ٦ و ٢١ی جوونی ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

## تاوتوێی تێزی دوکتۆرای بەڕێز سمایل بازیار، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات



تێزی دوکتۆرای بەڕێز سمایل بازیار، مامۆستای زانکۆی کۆیە، لە ژێر ناوی "کاریگەریی ئەندێشەی چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نموونە ١٩٤٥ - ١٩٩١ "(١٣٧٠ - ١٣٢٤) لەلایەن لێژنەیەکی ٦ کەسی لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر گفتوگۆی لەسەر کرا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢١ی نوامبێری ٢٠١٩ی زایینی، لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیریی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، تاوتوێی تێزی دوکتورای بەڕێز سمایل بازیار، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مامۆستای زانکۆی کۆیە، لە ژێر ناوی "کاریگەریی ئەندێشەی چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەلاتی کوردستان"، لە لایەن لێژنەیەکی پێکهاتوو لە شەش پرۆفیسۆری بواری مێژوو و بە ئامادەیی ژمارەیەک لە مامۆستایان، خوێندکارانی زانکۆ و تێکۆشەرانی دێرینی حیزبی دێموکرات، گفتوگۆی چڕوپڕی لەسەر کرا.

**لەم دانیشتنەدا، هەرکام لە بەڕێزان:**

* پرۆفیسۆر د.خەلیل عەلی مراد: لە زانکۆی سەلاحەدین.
* پرۆفیسۆر د.عەبدولفەتاح عەلی یەحیا: لە ئەکادیمیای کوردی.
* پرۆفیسۆر د.سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: لە زانکۆی سلێمانی.
* د.ئەحمەد حەمەدەمین عومەر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر: لە زانکۆی سەلاحەدین.
* د.هیوا حەمید شەریف، پرۆفیسۆری یاریدەدەر: لە زانکۆی کۆیە.
* پرۆفیسۆر د.ئیسماعیل محەممەد حەساف: لە زانکۆی سەلاحەدین.



سەرچاوە Serchawe

بەشدار بوون کە سەرەتا پرۆفیسۆر د.عەبدولفەتاح عەلی یەحیا پرۆفسۆر د.سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، تێبینی و نرخاندنەکانی خۆیان لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی تێزی دوکتورای تێکۆشەر سمایل بازیار دەربڕی و دواتر مۆڵەت بە بەڕێز بازیار درا کە تێبینی و ڕوونکردنەوەکانی بخاتە بەرباس.

پاشان پرۆفیسۆر د.ئەحمەد حەمەدەمین لە زانکۆی سەلاحەدین، لەسەر جۆری داڕشتن، زمانەوانی و ڕێزمان، پەراوێزەکان و وەرددانەوەی بەشێک لە ڕووداوە مێژووییەکان لە تێزەکەدا، نرخاندنەکانی خۆی خستەڕوو.

لە درێژەی هەڵسەنگاندن بۆ تێزی دوکتۆرای بەڕێز بازیاردا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.هیوا حەمید شەریف، مامۆستای زانکۆی کۆیە، خوێندنەوەکانی خۆی بۆ تێزەکە و بەتایبەتی گەشەی بیری چەپ لە کوردستان لەباری پراکتیکەوە خستەبەر باس.

دواتر پرۆفیسۆر د.خەلیل عەلی موراد، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین، پلان و سەرچاوە و زانیارییەکانی تێزەکەی بە دەوڵەمەند و پڕناوەرۆک ناوبرد و تێبینی و هەڵسەنگاندنەکانی خۆی بۆ دەقەکە دەسنیشان کرد.

پێویستە بگوترێ، کە تێزەکەی بەڕێز سمایل بازیار، لە ژێر ناوی "کاریگەریی ئەندێشەی چەپ لەسەر بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک نموونە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٩٩١ - ١٩٤٥" (١٣٧٠ - ١٣٢٤) لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل و هەمەلایەنە بوو لەمەڕ کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی مێژووی ٤٦ ساڵەی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" ی لە ساڵی ١٩٩١ - ١٣٢٤ وەک نموونە خستبووە بەر شرۆڤە و لێکدانەوە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بە وردی دەسنیشان کردبوو.

**لە کۆتایی باسەکەدا، لیژنەکە بڕوانامەی دوکتۆرای بە بەڕێز سمایل بازیار بەخشی.**

لەلایەن ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی بەڕێز دوکتۆر ئیسماعیل بازیار تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنی لە ژیان و کار و ئەرکەکانیدا بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

# "بازیار" ئەمرۆ دەگاتە لوتکە!



**قادر وریا**

ئەمڕۆ ٢١ی نۆڤەمبری ٢٠١٩ لە زانکۆی سەلاحەدین، لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان، هاوڕێی خۆشەویست کاک سمایل بازیار، بە ئامادە بوونی ژمارەیەک لە کەسایەتییە زانستی و فەرهەنگییەکان و چەندین کەس لە تێکۆشەرانی دیاری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان داکۆکی لە تێزی دوکتۆراکەی خۆی دەکا. تێزەکەی کە لە بارەی "کاریگەریی ئەندێشەی چەپ لە سەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"(حیزبی دیموکرات بە نموونە)یە، چاوەڕوان دەکرێ لە لایەن لێژنەی هەڵسەنگاندن بە پلەیەکی زۆر باش لێی وەربگیرێ.

زیاتر لە ١٠ سال لەمەوبەریش، کاک سمایل قۆناغی ماستەر(ماجستیر)ی لە خوێندنی بەرز بە داکۆکیی سەرکەوتوانە لە توێژینەوەکەی لە بارەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کۆتایی پێ هێنا و، سەرکەوتن و شانازییەکەی دیکەی خستە سەر کارنامەی پڕ لە تێکۆشان و خزمەتی فرە ڕەهەندی خۆی بە نەتەوەکەی.

کاک سمایل، ساڵی ٢٠٠٢ کە بۆ درێژەی خوێندن ڕووی کردە زانکۆ، بە گوێرەی حەزی لەمێژینەی، بواری "مێژوو"ی بۆ خویندنی بەرز هەڵبژارد. ئەو، تەنانەت نامەی ماستەر و تێزی دوکتوراکەشی بردەوە سەر ئەو ڕێچکەیەی، خۆی ٤٠ ساڵی تەواو و، حیزبەکەی، حیزبی دیموکرات نزیکەی ٧٥ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. "بازیار" خۆ پێگەیاندنە زانستییەکەشی خستووەتە خزمەت پرسی ڕەوای نەتەوەکەی لە ئێران کە خەباتە لە دژی بندەستیی ناسیۆنالیزمی ساختە و بە درۆی ئێرانی و، گەیشتنە بە ڕزگاریی نەتەوەیی بە ئامانج و نێوەرۆکێکی ڕزگاریخوازانە، دیموکراتیک و دادپەروەرانە.

بەدەستهێنانی پلەی دوکتورا لە خوێندنی بەرزدا، بە واتای گەیشتنە بە لوتکە. بەڵام "بازیار" یەکەم جاری نیە دەگاتە لوتکە. لە ڕاستیدا ژیانی پێشمەرگانەی ئەو، شتێک نەبووە جگە لە بڕینی ماندوویی نەناسانەی شیو و دۆڵەکان و سەرکەوتن و وچاندان لە لوتکە و ترۆپکەکان. ئەو لە بەرگی پێشمەرگەیەکی سادە و خاکیدا، ملی ڕێگای تێکۆشانی گرتەبەر. لە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و بۆزی سینای سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، تا دالاهۆ و ناوچەکانی دیکەی ئیلامی بە پێشمەرگایەتی، سەرلکی و وەک فەرماندەری هێز پێوا. کەم هێزی پێشمەرگە و ناوچەی کوردستان هەبوون ئەو پێشمەرگە و فەرماندە لێهاتووە و، ئەو ڕووناکبیرە شۆڕشگێڕە چاوکەم سۆما و شەونەبینە بە خۆیانەوە نەبینن و، شانازی بە ناسینیەوە نەکەن. بەڵام "بازیار" هەر تەنیا پێشمەرگەیەکی نیزامی نەبووە. ئەو چ ئەو کاتەی ئەرکی نیزامی و فەرماندەیی لە سەر شان بووە، چ ئەو کاتەی بە دوای سەلماندنی لێهاتووییەکانی خۆی چووە ڕیزی ڕێبەریی حیزبی دیموکرات و بەرپرسایەتیی ناوەندە حیزبییەکان و کۆمیسیۆنە سەرەکییەکانی حیزبی پێ سپێردرا، هەمیشە فێرکار و مامۆستا بووە. ئەگەر چی بە ڕەسمی ١٠ - ١٢ ساڵە بووە بە مامۆستای زانکۆ و لە زانکۆی کۆیە، وانەی مێژوو دەڵێتەوە، بەڵام لە ماوەی ئەو ٣٤ سالە دا کە من ناسیومە، لە زانکۆی شۆڕش و قوتابخانەی بەرخۆداندا، بەردەوام وەک مامۆستا و وانەبێژ، دیتوومە و، وانەی شۆڕشگێڕی و سیاسیی کوتووەتەوە. "بازیار" لە مەیدانی نووسین و نووسەرییش دا کەمی نەهێناوە و، لە مێژ ساڵە ڕۆژنامەی "کوردستان"، ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، گۆڤاری "تیشک"، تەلەڤیزیۆنی "کوردکانال" و ڕاگەیەنەکانی دیکەی حیزبی دیموکرات، بە خۆشحاڵییەوە دەرگای خۆیان بۆ نووسین و وەرگێڕان و وتار و باسەکانی ئەو خستووەتە سەر پشت.

خۆزگەم دەخواست لەم ڕۆژەدا، لە لای"بازیار" بوایەم، بە داخەوە بۆم نەرەخسا. بەڵام لەوێ نەبوونم تۆسقاڵێک لەو شادی و هەستەمی کەم نەکردووەتەوە کە لە منیشدا وەک یەکە یەکەی خۆشەویستانی ئامادەبوو لەو کۆڕەدا هەیە. لێرەوە ماندوونەبوونی و پیرۆزبایی بە کاک سمایلی خۆشەویست و لێژنەی هەڵسەنگاندن و سەرپەرستیاری تێزەکەی دەڵێم. پیرۆزبایی لە بنەماڵە و هەموو ئەو کەسانەش دەکەم کە بەم سەرکەوتنە زانستییەی پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی لە مێژینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆشحاڵن.

لە گەرمەی قوربانیدانی ئازایانەی ڕۆژهەڵاتییەکان لە سەر شەقامەکان بەرامبەر ڕێژیمی ستەمکار و داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە دەستهێنانی سەرکەوتنێکی زانستیی لەم چەشنە، بۆ پێشمەرگە و فەرماندە و سەرکردەیەکی ڕۆژهەڵات کە تەمەنی خۆی بۆ خەبات لە پێناوی ڕزگاریی ئەوان تەرخان کردوە، بێگومان مایەی شانازییە.

لێرەوە و دووراودوور وەک دیاری و خەڵات بۆ کاک سمایل بازیار لەم بۆنەیەدا، هیچی دیکەی جوانتر لەم کۆپلە لە شێعرە بە ناوبانگەی سوهراب سپێهری شک نابەم تا وێڕای ئارەزووی تەمەندرێژی و سەرکوتنی زیاتر، پێشکەشی بکەم:

**"بزرگ بود**
**و از اهالی امروز بود**
**و با تمام افق های باز نسبت داشت**
**و لحن آب و زمین را چه خوب می فهمید.**
**صداش**
**به شکل حزن پریشان واقعیت بود.**
**و پلک هاش**
**مسیر نبض عناصر را**
**به ما نشان داد.**
**و دست هاش**
**هوای صاف سخاوت را**
**ورق زد**
**و مهربانی را**
**به سمت ما کوچاند."**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩**

# فەرماندەیەکی زانا



**مەجید حەقی**

**به دانش گرای و بدو شو بلند**
**چو خواهی که از بد نیابی گزند**
**ز دانش در بی نیازی بجوی**
**و گر چند سختیت آید به روی**

سالّی ١٩٨٩ بوو، کە یەکەمجار لە گەلّ کاک سمایل بازیار لە ئینتشاراتی حیزب لە قەندیل ئاشنا بووم. بۆ ئەوکات گەنجێکی خاوەن باوەڕی بەهەست و رەخنەگرێکی جیددی وەزعی ئەو کات بوو. رۆژێک لە ژووری ئینتشارات دانیشتبووین باسی جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی هەشتمان دەکرد. ئەمن بەهۆی تەمەنی و ئەزموونی کەمی خۆمەوە زۆرجار زوو وەلاّمم دەدایەوە هەستم دەکرد دەبێ لە هەموو باسیک بەشدار بم. کە باسی جیابوونەوە کرا وتم: "ئەمە شۆرشی ناو شۆرشە". کاک سمایل بازیار وتی ئەمە قسە ترۆسکی بووە. منیش بە غرووریکی زۆرەوە وتم بەخوا هەر ناویشم نەبیستووە. لەوێ بووم کاتێک دیواری بێرلین رووخاو و هەلّوێستی رەخنەگرانە و توندی ئەوکاتی کاک سمایلم بینی، بۆم دەرکەوت جیهان ئەوەندەش رەش و سپی نیە وەک من بیرم لێدەکردەوە. دوای ئەوەی لە ئینتشاراتی حیزب دوور خراومەوە درامە لکی دووی هێزی ئاگری. بۆ خۆش شانسی من کاک سمایلیش بوو بە سەرلک و فەرماندەمان. هەر دوای هاتنی بۆ مەلّبەندی شیمال باسی رووداوەکانی ئینتشاراتمان پێکەوە تاوتوێ کرد. ئەو تەنیا کەسێک بوو کە گوێی بە قسەکانی منی گرت، هەر



سەرچاوە
Serchawe

لەوکاتەشدا ئەو و حەسەن کتابی بۆ من بوونە مامۆستا بۆ گێرانەوەی ئەزموونەکانی خۆیان و کارکردن لە هەلومەرجە سەختەکاندا.

بەهاری ١٩٩٠ کە گەراینەوە بۆ کوردستان، دوای تێپەربوون لە هەڵگورد و گەیشتن بە ناو ئاوەکانی چل کانی لە ناوەچەی پیرانشار، کاتی تێپەربوون لە چۆمەکە کەوشێکم کەوتە ناوئاو و من لەو بەفرەدا بێ پێلاو مامەوە. هەرکەس گاڵتەیەکی پێدەکردم، لەو نیوەدا کاک سمایل بازیاری فەرماندە هات و وتی: "رۆڵە تۆ بۆ ئێرە نابی، برۆ بۆخۆت لە ئورووپا دەرس بخوێنەوە". رۆژێک کە تەسفیە حیسابم کرد و بە مەبەستی خوێندن رووم لە هەندەران دەکرد، بەرپرسی مەڵبەندی ئەوکات هەردوای ئەوەی کە باسی ئەوەم کرد دەمهەوێ بە مەبەستی خوێندن روو لە هەندەران بکەم، سەرەتا هانی دام بمێنمەوە و قەوڵی ئەوەی پێیدام بمنێرنە دەورەی کادری و خوێندن لە هەولێر و... کە دیتی سوورم لەسەر بڕیاری خۆم. دەست بەجێ چەکەکەی لێ ئەستاندم. لەو کاتەدا کاک سمایل هاتە لام و لێی پرسیم کەسوکاری خۆت ئاگادار کردۆتەوە؟ کەسێک هەیە یارمەتیت بدات؟ کە رەوشەکەم بۆی وت. چەکەکەی خۆی بەمنی دا تا ئەوکاتەی لە ماڵی ئێمە کەسێک یارمەتیم بۆ بێنێت بۆ ئەوەی روو لە هەندەران بکەم. کاتی دوایین ماڵ ئاوایی، سمایل بازیار وتی: "برۆ بخوێنە نەچی جەهاد بکەی!" (رۆژێک باسی ئەو جەهادە دەکەم).

سمایل بازیار بەهۆی چەپ بوونی لە سەردەمی لاویدا زۆر دەرفەتی پیشوە چوونی پێنەدرا بەڵام ئەو چاوەڕێی ئەوە نەما دەرفەتی پێبدرێت و هەڵاوردنی شاراوەی کردە دەرفەتێک بۆ خۆپێگەیاندن، بەخوێندن، نووسین و پەروەردەی خۆی و هاندانی پێشمەرگەکان بۆ پەروەردە بوون. لەو سەردەمی دوای راگیرانی چالاکی پێشمەرگایەتی، سمایل بازیاری سەرکەش ئەو سنووردارێەی کردە دەرفەت بۆ خۆپێگەیاندن، ئەم جار نەک تەنیا لە کاناڵی حیزبیەوە بەڵکوو لە رێگای زانکۆ و لێکۆڵینەوەی زانستی و بەخۆدا چوونەوەی زانستیانە. بەرهەمی ئەو خەباتە دوور و درێژ و ماندوونەناسانە بەدەستهێنانی پلەی دۆکتۆرا لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر کە یەکێک لە باشترین زانکۆکانی کوردستان و عێراقە بەدەستەوە هێنا. دکتۆر بازیار تەنانەت لە خوێندنەکەشی نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستانی لەبیر نەکردووە و تێزی دۆکتۆراکەی وەک بەرهەمی ژیان و خەباتی خۆی لە ژێر ناوی "کاریگەری ئەندێشەی چەپ لە سەر بزاڤی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان"(حیزبی دیموکرات بە نموونە)" پێشکەش کردووە.

سمایل بازیار یەکێک لە شوێندانەرترین رێبەرانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، نەک لە رووی پلە و پایە و پۆستی تەشکیلاتی بەڵکوو لەرووی هزر و نووسینەوە. بۆیە بۆ ئەو تا ئەو جێگەیەی من بزانم پۆست و پلە هیچکات ئامانج نەبووە و قۆناغێک بووە بۆ خزمەت و شوێندانەری.

ئەم سەرکەوتنە بە فەرماندەی زانا پیرۆزبایی دەکەم و هیوادارم نموونەیان زۆر بێت. خۆم بەختەوەر دەزانم کە قوتابیی کەسانێکی وەک ئێوە و هاورێیانی دیکەی جەرگەی خەبات بووم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# پەیڤێکی کورت لە بارەی تێکۆشانی ڕەحمان نەقشی

## وەڵامی نامەی ڕەحمان نەقشی

یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم مێژوو نووسی نەتەوەکەمان هەژاری بەڵگە و دیکۆمێنتە و چیرۆکی ئەم هەژار بوونەش وەباڵەکەی بۆ خەم ساری تاکی کوردو بێ دەسەڵاتەی نەتەوەکەمان کە دەبوو مشووری لێخواردبا دەگەڕێتەوە. ئەگەر لەم دەلاقەوە بڕوانینە هەوڵەکانی ڕەحمان نەقشی، ناوبراو وەباڵی خەم ساردی و بێ تەفاوەتی بەرامبەر بەم مژارە گرینگە لە ئەستۆی خۆی دارنیوە.

ڕاستە مێژووی سیاسی تەنیا ڕەهەندێکە لە ڕەهەندەکانی مێژووی ئابووری، کۆمەڵاتی و کولتووری(کە لەمەیان دەیان لق و پۆپی لێدەبێتەوە) نەتەوەیەک و کارەکانی ڕەحمانی نەقشی دەچنە خانەی یارمەتیدان بە مێژووی سیاسی، بەڵام لە بیرمان نەچێ مێژووی هاوچەرخی کورد، بەبێ نووسینەوەی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ئەو نەتەوەیە نوقوستانە.

لایەنیکی تری تێکۆشانی ڕەحمان نەقشی کە جێی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیەکە ناوبراو ئەم چالاکیانە بێ گومان ئاوێتەیە بە ماندوو بوون و شەونخۆنی و هەزینە هەلگرە بە خۆبەخشانە و بەبێ چاوەڕوانی پاداشتێک ئەنجام دەدا و ئەم لە زەمانەیەکدایە کە سیستەمی سەرمایەداری بە پێی سروشتی خۆی کە بریتیە لە کالا کردنی هەموو شتێک و بگرە ڕۆژێک "هەناسە دانیش" بکات بە کالا و بیفرۆشێ.

کاک رحمانی بەرێز!

هیوام بەردەوامی لە تێکۆشان و تەمەندرێژ بێت بۆ خزمەتی پتر

سمایل بازیار

کۆیە. ڕەشەممەی ١٣٩٧ = فێبریوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe




د.قاسملوو بۆ چەپ بوو؟ لەو کاتەوە کە مرۆڤ خۆی ناسیوە هەمیشە دەغدەغەی یەکسانی و عەداڵەتی بووە. مرۆڤ هەموو کاتێ عەوداڵی عەداڵەت بووە. هەر ئایدۆلۆژییەک بانگەوازی یەکسانیخوازیی کردبێ و خۆی بەوە باسەوە خەریک کردبێ، لای خەڵک سەرنجڕاکێش بووە و خەڵک وەدووی کەوتوون. چەپیش یەکێک لەو ئایدۆلۆژیانەیە کە نە تەنیا خۆی بە مەسەلەی یەکسانی و عەداڵەتەوە خەریک کردوە، بەڵکوو بانگەشەی عەداڵەت و بانگەشەی یەکسانی و بەرابەری دەکا، هەر بۆیە جەزابییەتی زۆرە بەتایبەت بۆ ڕوناکبیران و بە تایبەتیتر بۆ کورد. چونکی کورد هەمیشە و بە درێژایی سەدان ساڵە زوڵمی لێکراوە و کەوتۆتە بەر تیغی غەدر، بۆیە هەمیشە عەوداڵی ئایدۆلۆژیایەک بووە کە بتوانێ ئەو یەکسانییە و ئەو بەرابەرییەی بۆ دابین بکا و ئەو زوڵمەی لێی دەکرێ، ئەوەی لەسەر بڕەوێنێتەوە.

**سمایل بازیار**

---

**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەشەمە ٢٧١٩ی کوردی - فێبریوێری ٢٠٢٠ی زایینی**

سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ د. سمایل بازیار بۆ نووسین و ئامادەکردنی  دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

